سێکیولاریزم بە مانای ئازادی دینەکان دێت لە ئەمریکادا..

نوسینی: ڤاسیو مورتی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ئارام حەمە ساڵح

هەندێ ولات وەکوو یەکێتی سۆڤیەتی جاران ڕاستەوخۆ دژایەتی دینی دەکرد لە کاتێکدا هەندێ ولاتی تر وەکوو ئێران دین و حکومەتیان پێکەوە گرێدابوو، ئەمریکا ژیرانە لە ناوەڕاستی هەردوکیاندا وەستا نەدژی دین بوو نە حکومەتیشی تێکەڵ بە دین کرد، هەبەتە وەستان لە نێوان ئەم دوو بژاردەیەدا و بڵایەنی هێرش نییە بۆ سەر هیچ کەسێك و هەموو کەسێکیش دەپارێزێ .

بەبێ گومان بە بیروباوەڕی ئاینیی تایبەت بە تاکەکانی کۆمەڵگا ، هێنانە پێشەوەی تێکستە دینیەکان وەکو ئینجیل و تێکەڵکردنیان بە دونیای سیاسەتی سێکولار کارێکی لە ڕادەبەدەر نەشیاوە ، ئەمریکا نەلەسەر بناغەی کریستیانێتی دامەزراوەو نە ئەوانەی ئەمریکاشیان دێزیوەتەوە هەمویان کریستتیان بوون.

بە ڕای ئیسحاق کرامنیك کە پرۆفیسۆر بوو لە زانکۆی کۆرنێل ؛ ئەمریکا لەسەر بناغەی سێکولار دامەزراوە کە بەتەواوی بڵایەن بووە لە بەکار هێنانی هەموودەربڕینێکی دینیدا ، لەساڵ 1787 دا کرامنیك وتی : کاتێك خاوەن مەك و جوتیارەکان هەستیان کرد کە ناوی (خودا) بە تەواوی لەناو دەستوری ئەمریکادا ڕیشەکێش کراوە بە شێوەیەکی بەرفراوان دژی وەستانەوەو وەکوو دەکومێنتێکی بێڕەوشت و بێ خودا ئەژماردیان کرد ، کە لە ڕاستیشدا وا بوو.

لەهەموو هەرێمەکاندا ئەوانەی دژی ئەم دەستورە بوون بەرەنگاری بوونەوە و نەیاندەویست جێکەوت بکرێ بە تایبەتی ئەو بۆگەیەی کە دەڵێ : هیچ بیروباوەڕێکی دینی لەتاکەکانی کۆمەڵگا داوا ناکرێت کاتێك کە دەیانەوێ کاروباری حکومەت بگرنەدەست یان بێ ئەوەی متمانەی خەڵکی بەدەست بێنن .

کەسێك لەوانەی دژی سیستەمی فیدراڵی بوو لە هەرێمی کارۆلینای باکوور وتی : دەرکردنی دین لە دەستووردا زۆر مەترسیدارە و نا سیاسیە چونکە پاگانەکان و دایەستیەکان و محەمەدیەکان دەتوانن

خۆیان هەبژێرن بۆ هەموو وەزیفەیەکی ولات لەگەڵ ئەمەدا .
ئامۆس سینگلاتۆری لە هەڕەمی ماساچوستس کە یەکێك بوو لەوانەی زۆر بەسەرسەختی هێرشیان دەکردە سەر دەستوور دەیگوت : ئومێدەوارم کە کرسیتیانەکان لە دەسەڵاتدا ببینم چونکە بە پێی دەستوور باپتیست و بۆ باوەڕەکان هەمان مافیان هەیە .
دەستووری ئەمریکایی بە تەواوی دەستورێکی سیاسی و سێکولارە، بە تێرمی (ئەمەی مرۆڤ) دەست پێکات و بەهیچ شێوەیەك ناوی خوداو مەسیح و کریستانێتی تێدا نەهاتووە، تەنها ئاماژەیەك بە دین درابێت ئەوەیە کەلە دەیڤ (هیچ بیرو باوەڕێکی دینی) ، کۆنگرێس نابێ هیچ یاسایەك دابڕێژێت کەبیرو باوەڕی ئایینیی یان دژە ئاینیی پێوە دیاربێ .
تێکستی سوێندانی سەرۆك کۆمار تەنها تێکستە کەبە درێژی لە دەستووردا ساغکراوەتەوە و دەستەواژەی (خودا یارمەتیم بدەیت) یان ئامادەکردنی ئینجیل و دەستخستنە سەری و سوێند خواردن پێی تێدا نییە ، دەستەواژەی لەژێر ناوی خوادا تاکو ساڵی 1954 بوونی نەبوو، کۆنگرێس بە کاریگەری بیروبۆچوونی ماك کارتیزم ئەو دەستەواژەیە ی خستە ناو تێکستی سوێندخواردنەوە ، بەهەمان شێوەش دەستەواژەی (باوەڕمان بە خودا هەیە) کەلەسەر پارەی کاغەز نوسراوە پێش ساڵی 1956 بوونی نەبوو، بەلام لەسەر هەندێ پارەی مێتال هەبوو، دروشمی ئەسڵی ئەمریکا لەلایەن جۆن ئادەمز وبنیامین فرانکلین و تۆماس جیفرسۆنەوە نووسراوە و دەیڤ : ئەمە پێکەوە بەتاك و بەکۆ ئاهەنگی کلتوورو بیرووباوەڕی جیاواز دەگێڕین .

لەساڵی 1797 دا ئەمریکا پەیمان نامەیەکی لەگەڵ تریپۆلیدا مۆرکرد ، تێیدا هاتووە دەیڤ ؛ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهیچ شێوەیەك لەسەر بناغەی ئاینیی مەسیحی دانەمەزراوە ، ئەم دۆنیاکردنەوەیەی ئیسلام لەسەردەمی سەرکایەتی جۆرج واشینگتۆندا دابڕژراو لەسەردەمی جۆن ئادمزدا لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە پەسەند کرا .
ئەمە لەلایەن جادانی سەربەخۆییەوفەرمانەوایی ناکرێین، کە مەبەست لێی هەلوەشانەوەی وابەستەیی سیاسی بوو، بۆ ئەوەی گەلێکی مەزهەبیی سازنەکرێت ، کە دەسەلاتەکەی لەسەر بناغەی ئەو بیرکەیە دامەزراوە کەدەیڤ ؛ حکومەتەکان لە نێو مرۆڤەکاندا سازکراوە کە دەسەڵاتی خۆیان لە دادپەروەرێتی حکومەتەوە وەردەگردن کە تەوو پێچەوانەی ئەو بیرکەیەیە کەلە ئینجیلدا هاتوەدەیڤ دەسەلات لەلایەن خوداوە وەرگیراوە.
جاردانی سەربەخۆیی بە هیچ شێوەیەك باسی دین ناکات بە لکو زیاتر

باسی یاسا، سیسەتەمی باج ، نوێنەرایەتیکردن ، جەنگ ، پەنابەر و کۆچبەران ....هتد دەکات .
لە جێدانی سەربەخۆییدا ئاماژە بە خودای سروشت ، خالق و خوداوەندی هەرەم کراوە بەڵام ئەمە بەمانای هەواییەتیدان بە کریستیانتی یان دینی مەسیحی نییە نووسەری ئەم بابەتە خودی تۆماس جیفرسۆن بووە کە باوەڕی پێ نەبووەو دژی کریستیانتی و هێزی سەروسروشتەوە بووە، لەهەمان کاتیشدا دەڵێ: لەو سیستەمانەدا کەبەهاو هەوشتی باشی تێدایە لە کۆن و نوێدا کە سەرنجی خەڵکی راکێشا بێت هیچ کامیان هێندەی مەسیح پاك نەبوون ، هەرچەندە ئەمە دانپیانانی خودی جیفەرسنیشە ، بەڵام جیفرسۆن درێژە بەقسەکانی دەداو دەڵێ: کاتێك کە لەناوەخنی ئینجیل ورد دەبینەوە بڕمان روون دەبێتەوە کەهەندێ بۆگەی سەرنج ڕاکێشەری تێدایەو لە قسەی کەسێکی زۆر بەتوانا دەچێت لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ بۆگەشی تێدایە کە زۆر لاوازەو پێدەچێ کەسێکی بێ توانا دایشتبێت .
ئیسحاق کرامینك دەڵێ ؛ ئەوە خودی تۆماس جیفرسۆن بوو کە دینی لە دەوڵەت جیاکردەوە چونکە زۆر بەگومان بوو لە ئایین و پیاوانی دینی کە دەسەلاتی سیاسی بگرنە دەست .

تۆماس جیفرسۆن لە سالی 1786 دەستی هەبوو لەداڕشتنی یاسای ئازادی ئاینەکاندا لە هەرێمی ڤێرجینیا ، هەبەتە هەر لەهەمان یاسادا پشتگیری لە ئازادی هەوای بۆچوونەکان و ئەتایستەکانیش کردبوو .دەسەلاتی شەرعی حکومەت تا ئەو ئاستە دەڕۆشت کە بڕیندار کەر بێت بێ هەندێك بەلام دراوسێکەم بڕیندار ناکات ئەگەر بە 20 خوا هەیە یان هیچ خودایەك نییە! نە گیرفانم دەبڕێ و نە قاچیشم دەشکێنێ !

تۆماس ژیفرسۆن بەرگری لە جیاکردنەوەی دین و دەولەت دەکرد، نەك هەر لەبەر ئەوەی حکومەت دەست بکڕشتە کاروباری کڵساوە بەکو بێ ئەوەش ئازادی خەڵکی بپارێزێ ، من وایدەبینم کە فەلسەفەی مەسیح بەهای بەرزو هەوشتی باشی لەخۆی گرتبێت ، بەڵام بەدووری نازانم ئایین لە ژێر دەستی پیاوانی ئاینیی و دەولەتدا بێتە ئامرازێك بێ چەوساندنەوەی مرۆڤ و پاشانیش زەوتکردنی مافە مەدەنیەکان و ئازادی ئایینیی هەموو کەسێك .
جیفرسۆن و ئەوانی تر کە ئەمریکایان دا مەزراند لە چەرخی ڕۆشنگەریدا چاویان هەڵهێنابوو ، کە بیرو بۆچون و جیهان بینیان لەسەر بناغەی سکولارو عەقل و مەعریفە داڕشتبوو نەك لەسەر بناغەی ئایینیی .
جیفرسۆن دەڵێ : پیاوانی سەر بە ئایینە جیاوازەکان وەکوو خۆو

سەیری زانست و پێشکەوتنە زانستیەکانیان دەکرد، ڕۆژێك دادێ کە خورافەی نەوەکانی مەسیح وەکوو چیرۆکی ئاژەلانی لێدێت کاتێك کە دەڕۆن دایکی مەسیح بە هۆی فوکردن بە ناوهەناویدا سکی پێبووە لەکاتێکدا کە پەردەی کچێتی نەدڕاوە ، هیوادارین کاتێك کە هزرو ئازادی بیرو ڕا فەراهەم دەبێت بێ هەموان ئەم بیرو بۆچوونە خورافانە لەناو بچێ .
بە کۆتایی ساڵی 1820 جیفرسۆن توانی قەناعەت بە تێکڕای گشتی خەڵك بکا کەلە ئەمریکادا هەموو کەسێك بە خوادایەکی تایبەت بەخۆیەوە دەمرێ . جیفرسۆن و هاوکارەکانی جەختیان لەسەر ئەوە کردێتەوە کە هەرگیز نابێ ئەمریکا بەرەو دەسەڵاتێکی تیۆکراتی کریستایانێتی بڕوا. هەروەها دەیانگوت ئێمە دوژمنایەتی هەموو جۆرە زۆرداری و فشارێك بێ سەر مرۆڤ دەکەین .

ڕوونکردنەوە:
١.پەیگان anPag : بیروباوەڕێکی دینییە ،باوەڕیان بە چەند خودایەك هەیە نەك تەنها یەك خوا .
٢. دیەست Deist: بیروباوەڕێکی دینییە ،باوەڕیان بە خودایەکی سروشتی هەیە کە دەخالەت لەکاری مرۆڤدا ناکات .
٣. ماکارسیزم : Joseph McCarthy 1908-_1957 سیاسەتمەدارێکی ئەمریکی بوو کە زۆر سەرسەختانە دژایەتی کۆمۆنیزمی دەکرد ، لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا زوو هەستی بە بلابوونەوەی کۆمۆنیزم و بیروباوەڕی مارکسیزم کرد لەسەرتاسەری دونیادا، بۆ ئەوەی بەربەستێك بێ تەشەنەکردنی بیرباوەڕی کۆمۆنیزم دابنێ دەستیکرد بە تێکەڵکردنی دین و سیاسەت و توانی کۆنگرەس رازی بکات و چەند دەستە واژەیەکی ئایینیی بخاتە ناو دەستوورو تێکستی سوێندخواردنی سەرۆك کۆمارەوە،ئەم بابەتە لە ئەمریکادا بە ماکارثیزم دەناسرێ . —

نامۆیکی کراوە دەربارەی

دژجووگرایی و کتێبی کۆمەناسی ئازادی.. سەلاحەدین ئەحمەد

کتێبی کۆمەناسی ئازادی لە نووسینی عەبدوڵا ئۆجالانەوە و تەرجەمەی ئینگلیزییەکەی لە ساڵی ٢٠٢٠دا لە لایەن پێی ئێم پرێسەوە بڵاوکراوەتەوە.

دژجووگرایی (یان ئینتایسەمتیزم) یەکێ لە بەربڵاوترین دیاردەکانی ڕەگەزپەرستییە و ریشەکانی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمە تاریکەکان. ئەم دیاردەیە هەکاری سەرەکی ژمارەیەکی زۆری هەمەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزییانە و ستەمکاری و تاڵانکردن و ئاوارەکردنی خەڵکانی بێ جووناسراو بووە لە میزۆپۆتامیا و باکووری کیشوەری ئەفریقیاوە بە زەبڵی ناوچەکانی کیشوەری ئەوروپا. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و بریا دووپاتکرنەوەی پێویست نەبوایە.

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە و لە پای تاوانی نازییەکان دژی جووەکانی ئەوروپا، دژجووگرایی وەکو قەیرانێکی جیهانی ناسەندراوە بەنام دیاردەکە هەشتا زەر دوورە لە بنبڕکردنەوە. لەکەینەوە لە دژجووگرایی کایەیەکی بەرفراوان و ئاڵۆز؛ دیاردەکە هی ئەوە نییە بکرێ لە چەند دەڤەکدا کورتبکرێتەوە یان شێوازەکانی لە لیستەکی نیمچەئاساییدا خاببەند بکرێن. بە داخەوە لە ناوچەکانی ڕژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقیا، بە هەی زاڵبوونی نەتەوەپەرستی و تووندەوی مەزهەبییەوە، کردار و گوتاری دژجووگرایی بە رادەیەکی ترسناک بەردەوامن. تا ئەم ساتەوەختەش زەربەی جووەکانی ئەم ناوچانە بەبەشکراون لە مافی نیشتەجێبوون لە زەدەکانی خۆیان.

ئەو بەرخودانە دژفاشیستەی کە لە باکووری کوردستان دروستبوو ڕەشنگرییەکی بەوەنەی لە هوشیاری گشتییدا دروستکرد و بەشکیش لەو هوشیارییە نوێیە پشتیوانیکردنە لە پرسی میللەتانی دیکەی داگیرکراو و خەڵکانی بەدەنگکراو لە ناوچەکەدا. لەبەر ئەوە، جیاواز لە زەر شوێنی دیکە، بە شێوەیەکی گشتی هەر وەکو چۆن ڕووبەووبوونەوەیەکی ئومێدبەخش دژی دیاردەی دژیەزیدیگرایی بەرپا بووە، دیاردەی دژجووگراییش بە بەراورد بە ناوچەکانی تری

ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕوو لە کەمبوونە. بەڵام ئەو کارەساتانەی کە بەهۆی ئەو جۆرە ڕەگەزپەرستیی و مەزهەبییەوە قەوماون پەویستی و ئەرکی زیاتر دروست دەکەن بە بزووتنەوە ڕەشنگرییە دژەفاشیستەکان.

لەو گۆشەنیگایەوە، نووسەری ئەم نامەیە پێشنیار دەکات کە وەکو هەوڵستێکی ئازایانە و لە بنەمای خەڵاتکردنەوە نووسەری کتێبی کەمەناسیی پێشیمانی خۆی رابگەیەنێ لە هەموو ئەو بڕیارانەی کە دەربارەی جووبوونن، بە تایبەتی ئەو بڕیارەی کە لە ژێر ناونیشانی "ئایدیالەجی جووبوون"دا چاپکراوە. بە ڕانەگەیاندنی پێشیمانییەکی وەها، بە داخەوە دەرگای تەماتیی دژەجووگرایی دژی کتێبەکە بە هەمیشە بە ئاوەڵایی دەمێنێتەوە، بەدەر لە سووکایەتی ئەم ڕۆشنبیرانە، هەڵەخسان بە ڕوونکردنەوەدان، چ ناحەزیبوونی خوێنەران، یان نییەتباشی نووسەری کتێبەکە.

لە نامەیەکی لەم چەشنەدا باسی ئەوە ناکرێ ئاخۆ ئەو بڕیارەی کتێبەکە و هەندێ نووسینی تری نووسەر دژەجووگەران یان نا و ئەگەر دژەجووگەران بە پێی چی جۆرە پێوەر و خوێندنەوەیەک. ئامانجی ئەم نامەیەش ناوزەدکرن نییە. لە هەموو حاڵەتێکدا، مادام لانی کەم یەک جوو دەڵێت ئەو نووسینە دژەجووگرایە، کەس ڕەوایەتی ئەوەی نییە بەو جووە بڵێت ئەو نووسراوە دژەجوو نییە. هەڵەیەکی کوشندەیە بە قوربانی بگوترێ قوربانیبوون چییە یان چی نییە. خودی دەرسدادانی ستەمدیدە دەربارەی ستەم ستەمە. بڕێکی ناوەکی لە چەوساندنەوە بریتییە لە بەکەمگرتنی هەستەنگاندنی قوربانییەکان و بەڵاواکردنی هەستەکانیان.

بە هیوای ئەوەی ئاپۆ و هەموو زیندانیانی ڕژەمە ڕەگەزپەرست و مەزهەبیی و دژەکوردەکان ئازاد بن، بەڵام با ئەگەری ئەوە دانەین کە ئاپۆ ئازاد ناکرێ وەڵە لە ئایندەدا توانای پەیوەندیگرتن بە ئاپۆوە دروست دەبێتەوە. کە دەرفەتی پەیوەندیگرتن ڕەخسا، با ئەم پێشنیارەشی بە بکرێ وەکو یەکێ لەو پرسانەی کە بڕگەی دواخستن ناگرن، بە پلەی یەکەم لەبەر قوربانیانی دژەجووگرایی، بە پلەی دووەم بە بڕگرتن لە دروستبوونی نیگەرانی لە ناو پشتیوانانی ئەو بڕخودانەی کە ئێستا قورسایییەکی جیهانیی هەیە و بە ناوی ڕژئاقا و ئاپۆوە ناسراوە، و بە پلەی سێهەمیش لەبەر شایستەیی ناوبانگی خودی ئەجالان وەکو بیریارێکی شۆشگێڕی نەوەتەوەیی ئەم سەردەمە.

سەلاحەدین ئەحمەد
٢٠٢١\١\٣٠

کتێبی (ئۆگەر مردن شتێکی بردوویت بۆی بگەڕێنەوە - کتێبی کار) چاپ و بڵاوکراوە

وشانی نووسیار لە وەرزی نوێی کتێبکانیدا بەمزوانە کتێبی (ئۆگەر مردن شتێکی بردوویت بۆی بگەڕێنەوە- کتێبی کار) چاپ و بڵاوەکاتەوە. ئەم کتێبەلە نووسینی خانمە نووسەری دانیمارکی: نایا ماریا ئایت و ئالان پەری کاری وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە بۆ کردووە.

ئەم کتێبە بە فرۆشراوترین کتێبی نۆدەوەتی ناوبانگی دەرکردووە The international bestseller کە پتر بە ١٣ زمان وەرگێڕدراوە و خاوەنی دوو خەڵاتی جیهانییە. نووسیار مافی وەرگێڕانی بە کوردی وەرگرتووە و بە ئەزاموندی نووسەر چاپ و بڵاوکراوە.

لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠١٥ دا کار، کۆی خانمە نووسەری دانیمارکی (نایا ماریا ئایت) لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا بە کارەساتکی دەتەزڕن گیان لە دەست دەدات.
(ئەگەر مردن شتێکی بردوویت بۆی بگەڕێنەوە) باس لە دووەمین ساڵی دوای بیستنی ئەم هەواڵە جەرگبڕە دەکات. ئەم هەواڵە بە جۆرێک کار لە نووسەر دەکات، شکی دەکات و دواتر بە نووسینی ئەم کتێبە وردە وردە هەور دەبەستێ. سەرلەبەری ئەم کتێبە باس لە چنیەتیی ژیان لەدوای لەدەستدانی منداڵێکەوە دەکات. هەروەها باس لەوەش دەکات کە چۆن لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، خەم پەیوەندیی نێوان دوو کەسی لێکنزیك لە واقیعدا دەگۆڕێت. ئەم کتێبە لەبارەی لەدەستدان و خۆشویستیەوە دەدوێت.

لەبارەی ئەم کتێبە ئالان پەری دەڵێت:
”کاتێک بە یەکەم جار ئەم کتێبەم خوێندەوە، سەرنجی ڕاکێشام. ناونیشانی ئەم کتێبە شێوازی پێوە دیارە وەک چۆن ناوەڕۆکی کتێبەکەش فراوان و واتایە. ئەم کتێبە زۆرترین ژانری ئەدەبی دەگرێتە خۆی: تاوێک شیعرە و تاوێک گۆرانیەوە و یاداشتە، تاوێکیش

ەمانە. بەگشتی زیاتر دەنووسە گۆرانوی دەقی وادا خەی دەبینتەوە. خوێنەر دەتاسێنە و بەر هەستیارترین بابەت بارگاوی دەبەت، ئەویش بابەتی (مردن) ـە. نووسەر بە شێوازی خەی شیۆن و ماتەمینی خەی دەنووستەوە، کە دەکرەت سود لە ئەزموون و شێوازی تەکنیکی ئەم کارە ئەدەبییە وەربگرین . ئەمە بەجگە لەوەی ئامادەبوونی دەقی چەندین نووسەری تر لە بارەی لەدەساتدنی کەسانی ئازیزانی خەیان. ئەم کتەبە بە من زەرترین کات و وزە و چەژی پە بەخشیم و دەتوانم بەم دەبەتە دەخوازترین کتەب کە کاری وەرگەانم بە کردبەت"

پەرەگرافیک لە کتەبەکە:
"پەرداخەکەم بەرز دەکەموە و لەگەە کوەە گەورەکەمدا لەکیان دەدەین. لە سەرەوە ژنە دووگیانەکەی لەگەە کچەکەیدا خەوتوون. کچەکەیان تازە بووەتە سێ ساە. شەوەکی مارسە. دەرەوە سارد و سایەقەیەە. "بە خەشی ژیان!" من وتم، کاتێک پەرداخەکان بە دەنگەکی ناسک و کپ بەر یەک دەکەوتن. دایکم شتێک بە سەگەکە دەەت. زەنگی تەلەفۆنەکە دەت و هەی ناگرین.
کێیە بەم شەوە درەنگەی شەمە تەلەفۆنمان بە دەکات؟!"

نایا ماریا ئاییت:
نایا ماریا ئایت Naja Marie Aidt خانمشاعیری دانیمارکی؛ لەدایکبووی ساەی ١٩٦٣یە. یەکەمین دەفتەرشیعری لە ساەی ١٩٩١دا بە ناوی (هەتا ئەو کاتەی گەنجم)ـەوە بەاو کردووەتەوە. ئەو چەندان کتەبی لە بوارەکانی: شیعر، کورتەچیرۆک، ەمان، کتەبی منداە و دەقی شانۆییدا نووسیوە. ساەی ٢٠٢٠ خەاتی ئەکادیمیای دانیمارکی پە بەخشراوە. هەروەها خاوەنی خەاتی ئەنجوومەنی باکوورە بە کەچیرۆکی (پاقیان، ساەی ٢٠٠٨)

ئالان پەری:

شاعیر و وەرگە نیشتەجەی دانیمارک. تا ئەستا دوو کتەبی شیعری خەی بەاوکردەتەوە (سەراپام خەونە، ٢٠٠٩) و (جەنگاوەرکان پشیان مردنە ٢٠١٩) هەروەها ئەمساە نوەترین کەمە شیعری خەی بە زمانی دانیمارکی لە کەپنهاگن بەاوکردەوە. خاوەنی سێ کتەبی وەرگەانە لە زمانی دانیمارکییەوە. ئەندامێکی چالاکی پەن-ی دانیمارکییە و چالاکوانێکی بواری ەشنبیرییە، بەشداری چەندین کەی شیعری کوردیی و دانیمارکی کردووە و لە ئەستادا سەرقاەی دەرکردنی ئەنتەلەژیای شیعری نوەی کوردییە بە زمانی دانیمارکی..

مـن خـم دزم، لـه مـاـی خـم..
ئـحمـد مـتـ.. و. سالار سـفی

جارـك دزـك بـ خشكه‌یی،
هاتـ ماـكـم بـ دزی.
سـعاتـكـم،
گوـدانی گوـه‌كانم و
ملوانكه‌كه‌میشی دزی.

شوـنـك نه‌ما من نه‌گهـم،
بـ ئه‌و دزه‌ی
شته‌كانی منی دزی.
گهـام لـناو
زیندان و بازاـ كانیش،
بـ گهـاندنه‌وه‌ی سامانـك،
كه ئه‌و دزی.

نـمدـزییه‌وهـ و بـیارم دا
بچمـ پـلیس بـ سكاـا،
بـ دـستگیركردنی دزـك،
كـ ماـكـی منی دزی.

چوومـ ژوورـ،
ـقـبـری پـلیسم دی.
سكاـاكه‌م پـشكه‌ش ده‌كرد،
سه‌عاتـكی وه‌ك ئه‌وه‌ی خـم
لـه‌ده‌ستی دی.

وتم ببوورـ گـورـی من؛
وای پـ دـچـ
ئـو دزـ ده‌ستگیر كرابـ،
كـ ماـكـی منی دزی.
ئـو سـعاتـی لـ دـستایـ،
لـ باوك و باپیرانمـوـ

ماوەتەوە بۆ میراتی.

زۆر بە پیسی
لێمی ڕوانی،
ئینجا وتی:
پاسەوانان؛ وەرن بیبەن
بۆ زیندانی تاکەکەسی.

دوای ساڵێك منی ئازاد کرد.
ئینجا منیش بەیارم دا و
ڕووم لە جێنابی دادوەر کرد،
بە سکاڵا لە ڕەفتاری پۆلیس و
لەو دزێی کە
ماڵەکەی منی تاڵان کرد.

بە گەیشتن بەمافی خۆم
کەوتمە گەڕان.
پاش ڕاوێستان
لەپێش سەرکی دادوەران،
بینیم گوێدانی گوێەکان،
دانرابوو
لەپێش سەرکی دادوەران.

وتم گەورەم دادوەرێکم؛
ئەڕێ ئایا
ئەو دزە دەستگیر کراوە،
کە دزیی کرد لە ماڵەکەم؟
ئەم گوێدانەی لە پێشتانە،
من خاوەنیم،
گوێەکانم تیای دادەنا، لە ماڵەکەم.

گشت بێدەنگ بوون، منیش هەر وا،
کاتێ هاواری کرد، دادوەر:
پاسەوانان؛
ئەم شتە لەپێشم لابەن،
فڕیشی کەن،
کە چەن ڕۆز بگرێت لە دادوەر.

دوای ساڵێك بوو، یاخود دوو ساڵ

هاتە بیرم، کە لەوبەر
من چووبووم
خزمەت دادوەر.

بەپەلە، بۆ فریاکەوتن؛
خەم گەیاندە خاوەنشکۆ، سەروەری من.
زۆر بە وردی گوێی لەوە:
خاوەنشکۆ؛
ئەمە بوو بەسەرهاتی من.
دز و پۆلیس لەگەڵ دادوەر،
هەموو لە من بوون بە دوژمن.

خاوەنشکۆ بە خەندەوە سەیری کردم.
ئینجا وتی:
ئێستا من ترسم لە تۆیە،
کەوا بێی؛
ملوانکەکەی خاوەنشکۆش لەملیەتی،
هەر هی تۆیە.
سەرنجم دا؛
ملوانکەکەی خەمم بینی،
لە ملی خاوەنشکۆیە.

لەدواییدا لە پەندەکە تێ گەیشتم.
نێك هەر سامان،
منیش بۆ خەم،
هەر سامانی خاوەنشکۆم.
بۆیە هەرگیز
دز نەهاتبووە ماڵی من.
من خەم دز بووم
لە ماڵی خەم.

ئەحمەد مەتە
و. سالار سەفی

سەد دۆلارێ گوچک بۆ!..
ن/جڤلال قادر

ساڵی 2000, بۆ مەبەستی سوپرایز کردنی دایک و باوکم بڕیتی
(تەرەنتە، ڤیینا، هۆلەر)م بۆی. بڕیارەوەی سەفەرکەم، کەسێک
لێشارەکەم زۆنگی لێدا و وتی : بیستوومە سەردانی کوردستان دەکەیت،
تکایە ٣ گۆپاڵ دۆدەمە بیگەیەنە دەستی ماموەمان.

- گۆپاڵ چیە؟
- لە کوردستان بە سەد دۆلاری دەڵێن گۆپاڵ.

ئەم برادەرەی کەنەدا، (کەریم)ی ناوبوو کە چەندین ساڵ بوو نەمبینی
بوو، ئیتر نازانم لە کوێ زانیبووی کە من سەفەردەکەم، بەڵام وەک
دەڵێن ئەم کەریمە گوچکی ئاداری هەیە و ئاگای لە جمووجۆڵی هەموو
پەناهەندێک هەیە!

بەهەربار کەریم سێ سەد دۆلارو نامەیەکی دایە دەستم و وتی : ئەوە
ژمارەی تەلەفۆنەکەی (مویەد)ی برامە لە شاری هۆلەر دژێت، ئەمەش
دۆلارەکان کە نوێن و تازە لە بانک وەرمگرتووە.
پێمگووت : خەمت نەبێت، من دۆلاری دەاو وکێن لەگەڵ خۆم هەلناگرم.
بەڵام یەک تکام هەیە : جارە خەبەر بە ماموەتان نەدەیت، چونکە
دەموێت (دایک و باوکم) سوپرایزکەم!
– بەسەرچاوەوەدەکەم.

لەپاش چەند ڕۆژێک، بەیانییەکی زوو گەیشتمە فڕۆکەخانەی هۆڵەر،
بەسواری پاسێک لەگەڵ چەند گەشتیارێک لە گۆپانکی خەلاوی
دابەزین. لەوەوەش تەکسییەکی تایبەتم گرت، کە شوفێرەکەی تەمەنی چە
ساڵ دەبوو، کەپوو خرو سەرکۆچێیکی قسەخۆشبوو. هیوادارم ناوی ئەم
شوفێرەتان (خاڵە مەجید) تا کۆتایی بەسەرهاتەکە لەبیر نەچیتەوە!.

شەستی و شەستی بڕەو گۆپانکی (ئیسکان) کەوتینە ڕێ. گزنگی بەیانی
بوو،دوکانداڕەکان دەڵاپەکانیان هەڵدەدایەوە، خەلکی
نانەواخانەکان ریزیان بەستبوو.
بە خاڵە مەجیدم وت : لەبەرئەوەی هەشتا زووە دەکرێت بڕۆین لە

چایخانەیەک دوو چای گەرم بنێشین.

- بەسەرچاو…دیارە زەرت برسیەو پارەت نییە..
- ئۆگەرچی دەزانم دایک و باوکم تا ئێستا دەجار نوێژو کاتیان خوێندووە، بەڵام من حەز بە چای چایخانە دەکەم.

لەسەر شەقامی شەستی لە چایخانەیەک نانی بەیانی و سێ چوار چای گەرممان خواردەوە. بەتەنشت چایخانەکەوە دوکانێکی بەقاڵی لێبوو کە تازە خاوەنەکەی شتەکانی دەهێنایە دەرەوە و پێکی دەخست. بە شوفێرەکەم وت : دەمەوێت فەردەیەک و شەکرو برنج و ڕۆن و ئاوتەماتە بکەم بە ماڵەوە.
شوفێرەکە پێکەنی و وتی : برا پارەت چییە؟
بە پێکەنینەوە وتم : بەخوا..خاڵە دوای چەند جارێکتر ماڵەوەمان پەمدەکەن و براکەم گیرفانم بەتاڵ دەکات!.

- زەرچاکە تۆ دانیشە، خەم معاملە لەگەڵ دوکاندارەکە دەکەم، چونکە ئۆگەر بزانێت خارجیت قازانجەت!.
زەخیرەی یەک دوو مانگم بە ماڵەوە کەی، شوفێرەکە خستیە سنووقی تەکسیەکە و بەڕێکەوتین!
کاتێ گەیشتینە بەردەم ماڵ، بینیم پیرەمێردێکی درێژ و ڕەقیتە لەگەڵ گەنجێک لەبەردەم دەرگە، لەگەڵ دایکم گفتووگۆیانە. هەرکە دایکم گوێی لەدەنگی ماشێنەکە بوو، خێرا هاتە پێش و باوەشی بە کردمەوە.
تا چەند خوولەکێک لەباوەشی دایکم بووم، دەستی بەسەرما هیناو تەر بەنیکردم.
لەم کاتە پێشکابووم نەمزانی کاکی شوفێر چەنچەنی جانتای سەفەریەکەی داگرت و خستیە حەوشەوە، بەڵام لەبیرم ژمارەی تەلەفۆنەکەی پەمدا و بەدایکمی وت : پێ چاوت ڕۆشن.
لەبەرچاو ون بوو!.
لەپاشئەوەی باوکشم لەباوەشکرد، باوکم وتی : کوێی خەم، ئەو پیرەمێردە لەگەڵە کوڕەکەی چەند جارێ هاتوون لە دەرگە دەدەن و دەڕۆن کوڕەکەتان لەخارج دەگەڕێتەوە و پارەی بەمان هێناوە، تکایە هەرچی ئامێرێتکی ئەم ماڵەت لایە هەر ئێستا بیاندەرێ.
وتم : کەواتە ئەوە دەتانزانی من دەگەڕامەوە، من دەمویست سوپرایزتان دەکەم.
دایکم وتی : ماوەکەیە خەونم بە تۆوە دەبینی و دەمزانی دەگەڕێیتەوە، بەڵام ئەم پیرەمێردە سێ چوار جارێ هەردەت و

دڕوا و دڵڕ کوڕکەتان نەهاتەوە، بڕاستی ئەمشی نیگەران کردبوو، زۆر دەترسام لەو ڕێگەیە شتێکت بەسەر هاتبێت.
ناچار چوومە بەردەگە و وتم : فەرموو خاڵە؟

- کەریمی کوڕم لە کۆنەدا لەگەل تۆ دەژیت،ئامانەتی بۆ تۆ ناردووە.

فەرمووم لێیانکرد کە بۆنە ژوور دانیشن، بڕام وتیان پێلەمانە ئامانەتەکەمان بۆڕە و دەڕۆین.
لەداخا چوومە ژوور و لەناو جانتاکە زۆرفی نامەکەم دەرهێناو سەد دۆلارم دایدەستیان و وتم : جوان بیژمێرن و سەیری بکەن، کوڕکەتان سێ سەد دۆلاری بۆ ناردوون!.
براکەی کەریم کە ناوی (مویەد)بوو، دۆلارەکانی خستە گیرفانی و بەپێلە تێیان چەقاند و دوورکەوتنەوە.
بۆ ماوەی نیو کاتژمێرک دەبوو هەشتا دەستم لەناو دەستی باوکم بەرنەدابوو. لەپڕ لەدەرگە درا، بڕا بچکۆلانەکەم پێیوتم : کاکە...دیسان ئەو پیرەمێرد و کوڕکەیەتی دەیانەوێت قسەت لەگەل بکەن.
هێشتمە بەردەرگە و وتم : فەرموون...
مویەد وتی : لەیگە نامەکەمان خوێندەوە براکەم نووسیوویەتی ٨ گۆلام ناردووە، کەچی تۆ ٣ گۆلات پێداوین!
لەپاشئەوەی چاوم بە نامەکە خشاند بینیم ڕاستدەکەن، کەریم ٨ ی نووسیوە. بە لەپی دەستم ناوچەوانم سەیرەوە و ڕووی دەمم لە پیرەمێردە ڕەق و قیتەکە کرد وتم : مامی خەم.. من زۆر باش لەبیرمە کە کوڕکەتان سێ سەد دۆلاری پێداووم...بەڵام خەم چەند هەژدەکیتر تەلەفۆن بە کەریمی کوتان دەکەم، بزانم بە لە نامەکە نووسیەتی هەشت سەد!.
باشبوو بە مشتوومە دوور کەوتنەوە، ئەوەی جگەی سەرسوومان بوو، ئەم پیرەمێرد وکوڕکەی ڕێگەکردنەکی سەیریان هەبوو بەمرۆڤی ئاسایی ناچوون، هەنگاوەکانیان وەک بازدانی (کەنخەر) وابوو، لەپڕەکا وەک فریشتە ون دەبوون.
ئاوەکم بۆخەمداکرد و لەپاش چەندین ساڵ لە غەریبی بە یەکەمینجار لەگەل مالەوە دانیشتم بە شادییەوە نانی بەیانی و چایی دەستی دایکم دەخواردەوە، لەپڕ سێ بارە لەدەرگە درا، برا بچووکەکەم وتی : کاکە دیسان پیرەمێردو کوڕکەیەتی دەیانەوێت بتبینن.
هەناسەیەکی قوومم هەلمژی، گومم ڕێبوو دایکم وتی : ڕێبی خوایگیان ئەم کوڕەم لە دەردوبڵا بەدوورکەیت...
هەستام و چوومە دەرەوە و دەرگەی حەوشەم داخست و بە تووڕییەوە وتم

: فەرموون..
مویەد وتی : داوای لێبوردن دەکەین ئەوە بەزارتمان کرد، بەڵام ئەو سەد گەلایەی تە پێتدام یەکیان لا گوڵچکی دڕاوە.
سەد دۆلارە دڕاوەکەی دایە دەستم، تەماشایەکیم کرد و وتم : برا ئەم سەد دۆلارە هی من نییە، کوڕەکەتان دۆلاری نوێی پێدام و دۆلاری کۆنیشم لەگەل خەم نەهێناوە…
پیرەمێردەکە وتی : باشە ئێستا ئەمە چیبکەین؟

- نازانم چی دەکەن، بەڵام سەد دۆرسەد بە دەنیایییەوە ئەم پارەیە هی من نەبووە، پاشان من لەبەرچاوی خەتان ژماردم و دامە دەستتان؟
هەستیانکرد من تووڕەم و ئاگرم لێدەبارێت، بە خۆن ساردییەوە، وتیان باشە تۆلەفۆن بە کوڕەکەمان دەکەین!
بە خواحافیزی دوورکەوتنەوە، منیش ئارەقی شین و مەرمکردبوو گەڕامەوە باوەشی دایکم.
ئینجا براکەم جانتای سەفەرییەکەی کردەوە و هەرچی دیاری جوان بوو بۆ خۆی هەڵیگرت و کراسێکی شینی ئاسمانیم بەدیاری بە باوکم هێنابوو، ئەوەشی قووتدا و وتی : کاکە، باوکمان قەمیسی قاوەیی دەپۆشیت، ئەم کراسەی تە هێناوتە (مارکەیە) و بە باوە نابێت!
پارچەیەک قوماشی هیندی گووڵدار و قاوەیەکی کاڵ لەگەڵ فەتیەکی سپییم بە دایکم هێنابوو، براکەم وتی : کاکە تە وادەزانیت دایکمان کچی چواردە ساڵە، ئەم قوماشە بە ئەو نابێت، من خەم لە بازاڕی (پیرێژنان) کراسی بە دەکرم!.
لەم کاتە دایکم تووڕە بوو، وتی : ئەو قوماشە جوانە بدەرەوە دەست خەم ، دیاری کوڕە خەمە جوان و ناشیرین من لەناو بوخچەکەم هەڵیدەگرم!.
لەم کاتە چواربارە، لەدەرگە درا. براکەم وتی ؛ مەترسە پیرەمێردەکە نییە، شوفێری تەکسییەکە.
چوومە دەرەوە، شوفێری تەکسییەکە داوای لێبووردنی کرد وتی : ببووڕە لێبار ژاوەژاو لێبیرمچووبوو تەنەکە ڕۆن و فڕدە شەکرو ئاوتەماتەکە لەناو سنووقی تەکسییەکە داگرم.
زۆر سوپاسیکردم.

- لێبیرت نەچێت بە هەژی گەانەوت بە فڕۆکەخانە زەنگم بە لێبدەیت!.

ویستم وەلامی بدەمەوە، هاتەوە یادم کە من کڕی تەکسییەکشم نەداوە. بەڵام لەم کاتە پیرەمێردە ڕەقیتەکەو مویەدی کوڕی

لە بەردەم دەرگە قیت وەستان.
- خەریت...ئەمجارە چییبووە؟
- هیچ نەبووە، بەلام بیرمانکردەوە، کە تۆ دەتوانیت ئەم سەد دۆلارە دەاوەمان بە بگەریت؟
- نەخێر...

پیرەمێردەکە وتی : کوێی خەم، بیستوومە لە خارج ئەگەر دۆلار دەاو و کەنیش بێت هەر معاملەی پێدەکریت!

- بەڵێ...بەلام ئەم سەد دۆلارە هی من نەبووە!.

مۆیەد وتی : تۆ بەمان بگەڕێوە، لە کەنەدا بیدە دەستی کەریمی برام و سەد دۆلاری تازەی لە وەرگرە!.

- نەخێر. ناتوانم.

پیرەمێردەکە وتی : ئەی بە هەشت وەرەقەکە چی بکەین؟.

_ پێتانم وت...خەم تەلەفۆن بە کوڕەکەتان دەکەم.

مۆیەد بە تووڕەیی وتی : برا..تۆ وەک هەشت گەلاکەمان پیناوەی، ئەم وەرەقەیە بگەڕێ.

تووڕەبوون گەیشتە نووکی لووتم ، بەڵام دانم بەخۆمگرت و وتم : کوانێ سەد دۆلارە دەاوەکە.

پیرەمێردە رەق قیتەکە، لەبەکێکی سەد دۆلارەکەی دەرهێناو دایە دەستم. تووند سەددۆلارەکەم لەناو لەپی دەستم هوولدا و ویستم بیدەنم، بەلام لەناکاو بیرچکەیەکم بە هات و وتم : گوێبگرن...ئەوە نەتان هەشت دایک و باوکم سوپرایزکەم، ئەوە گەشتەکەتان هەمکرد بە قووزەقوت...جوان گوێبگرن، لە ئاستیدا کەریمی کوەتان ٢ سەد دۆلاری ناردبوو، نەک سەد سەد، ئەم سەد دۆلارە دەاوە من بە هەڵە بە ئەوەم داوە.

مۆیەد دەستی نایە بانشانم و دەنەوایی دامەوە، لەم کاتە کابرای شوفێر هەشت و دایک و باوکم و هاوسێکان لە دەورمان کەبوونەوە و گوێیان لە مشتموومی ئەمە دەگرت.

پیرەمێردە هەقیتەکە دەستی مۆیەدی کوێی گرت و وتی : بە با بڕۆین....

نەختێکێک دوور کەوتنەوە، لەپڕ مۆیەد گەڕایەوە و وتی : باشە برا... سەد دۆلارە دەاوەکەمان بدەوە، خەم لەبازار بەنرخێکی کەمتر وردی دەکەمەوە.

_ نەخێر چاوتان پیناکەوێت، کەریمی برات تەنها دوو سەد دۆلاری ناردبوو.

دایکم وتی : بیدەرێ کوڕم...تا لە کەمان ببنەوە.

پیرەمێردەکە وتی : سەد دۆلارەکەمان بدەرێ ..

- نایدەمێ…چیتان پێدەکرێت بیکەن…لەرەش دوور کەونەوە تا گازی پێلیسم لێنەکردوون.
باوکە و کوڕە لەبەرچاو ون بوون.
بەداخەوە وەک گوویان کرد بە سوپرایزەکەم، ئەژدەکەمشیان تاقیکردا!.
برا بچووکەکەم وتی : بۆ ژوورەوە کاکە، هەشتا تێ چێت دیتیێ ئەمێ هەشتا ئێیە، لەلەش ماوە…
گویم لێبوو، پیرەژنەکی هاوسەمان بە دایکمی وت : چاوت ڕۆشن، سەوخان، کوڕت لەخارج گەڕایتەوە، ئاگات لێبێت گورگ وتوا نێیخوات.

بەهەربار بە ئەوارێ، سەد دۆلارێ گوێچک بەاوکەم خستێ گیرفانم و بگەڵ برا بچووکەم بەرەو بازاڕی دەڵارفرۆشان ڕۆیشتین. لە ڕێگە لە مەکتەب (هەڵەبجێ) زەنگەکم بە کەریمی (کەنەدا) ڕێدا و لێمپرسی : بڕچی لێناو نامەکە نووسیووتێ هەشت سەد دۆلار، کەچی تێ سێ سەد دۆلارت بەمن داوە؟
وتی_ داوای لێبوردن دەکەم. ڕاستێ من نووسیبوم ٨، بەڵام بەخوا ئەو کاتێ هەر سێ وەرەقەم لە توانابوو…ئیتر لێبیرم چوو ٨ بسەمەوە و بیکەم بە ٣…

- ئێ برا ئەو هەشتێ بوو سەرەشێ بە من.
_ ئەگەر لەتواناتدایە… بڵیان بکێ بە هەشت، کە گەڕایتەوە من پێنج وەرەقەکەت دەدەمەوە!.
- نەخێر. ناتوانم…بڕچی من میلیۆنەرم… هەروەها ئەی من بڕتم نەگووت خەبەر بە ماڵتان مەدێ و بەکەس مەڵێ کە من دەگەڕێمەوە دەمەوێت دایک و باوکم سوپرایزەکەم.
_ ببورێ، من بە مویەد برام وت، کە هەفتەیەکیتر سەردانیت بکات، من چووزنم ئەوان وادەکەن.
- وەلا برا هەمووی خەتای تێیە… خواحافیز..
_ نا..نا ڕاوەستێ ئیشیەکی بچووکم پێتێ، بیستوومێ دۆلارەکی دەاوت داوەتێ باوکم، ئەگەر زەحمەت نەبێت بڵیان بگەڕێ!
- کورێ بۆ هەی گەمژە… من چۆن شتی وادەکەم. من دۆلاری تازەم پێبوو، تەش دۆلاری نوێت پیدام.
_ ئاخر لێوانیە… برا بچووکەکەت لەمالەوە دەستکاری دۆلارەکانتی کردبێت!.

لەم کاتە لە تووڕەییە گەشی تەلەفۆنەکەم داخست و ئیتر تێگەیشتم (کەر بچێتە بەغدا نابێت بە ئەستر).
گەیشتینە بازاری دەلارفرۆشان، کابرایەکی سمێڵ زۆ لەسەر تەنەکەیەک دانیشتبوو مەزەکی لەبەردەمدا بوو پێ لە دراوی جۆراوجۆری وڵاتان، دۆلاری دەگۆڕییەوە.
سەد دۆلارە دەاوەکەم پێ نیشاندا و وتم : ئەم سەد دۆلارە گۆڕچک بەاوە دەتوانیت ورد کەیتەوە.
پارەکەی لەوەرگرتم ئەم دیو ئەو دیوی پێکرد و وتی : ئەم سەد دۆلارە دەاوە ماوەی شەش حەوت مانگە دێت و دەڕوا و معامەلەی پێوە دەکرێت. ئەوە تەنها یەک کەس هەیە بە نیوە قیمەت لێت وەردەگرێت، ناوی (مویەد).

لەگەل برا بچووکەکەمان بەسەرسووماوە سەیری یەکترمانکرد و لە کابرای دۆلارفرۆشمان پرسی : ئەستا مویەد لەکوێ ببینین؟
_ مویەد شوێنی نییە، وەک جنۆکە وایە دیارنییە کەی دێت وکەی دەڕوا!.

سەد دۆلارەکەم ورد نەکردەوە و گەڕامەوە ماڵەوە، چەند هەفتەیەک بەسەر گەشتەکەم بەسەرچوو. ڕۆژێکیان پیرەمێردە ڕەق وقیتەکە و کوڕەکەی لەدەرگەی حەوشەیان داو براکەم وتی : خەیانن.
من وتم نامەوێت بیانبینم.
لەپاش چەند خووڕەکێک براکەم وتی : دەڵین ئەمە ڕازین و داوای لەبوردنەکەین، با سەد دۆلارە دەاکەمان بداتەوە.
لە کۆتایقیمدا و وتم : سوێنم خواردووە نایاندەمەوە، دەمەوێت ئەم سەد دۆلارە لە کوردستان دەرهێنمە دەرەوە!.
باوکم ئحمەکیرد و بە پێکەنینەوە وتی : کوێی خەم کوردایەتی بە دۆلارەوە مەکە، بەو دۆلارە دەا کەشکە چارسەر نابێت...مرۆڤ چاوی قایمە دوور نییە لەسەر دۆلار بکوژرێت...
_ باوکە گیان ... حەزم پێیان نییە و نامەوێ چاریان ببینم، پێیان بڵێن دوورکەونەوە!.

دۆلارە دەاکەم پێیان نەدا، بەڵام شەوان وەک کچێک چووبێتە لەشمەوە سەرتاپای بەدێنم دەخووڕا. ویژدانم ئازاری دەدام. بەیارمدا چەند ڕۆژێک پێش گەڕانەوەم زەنگیان بە لەدەم دۆلارە گوێ پچاوەکیان بدەمەوە.
لەپاش ماوەیەک کاتێ گیرفانم بەتاڵ بوو، ئیتر هەستمکرد ژیان ئاسایی بوەتەوە و شتەکان بوونەتە ڕەتین و وەک جارانیش خزم و کەس ناهاتن بۆ پێشوازی و پێوەندییەکان پچڕانەیە، دەبێت من یەک بە

یەک سەردانییان بکەم و کاتەکانم لەگەل بەرادەر خۆشویستەکانم کەمترکەموو. لەناکاو خاتو (مەجید) شوفێری تەکسییەکەم هاتەوە یاد کە کرێکەم پێنەداوە. لە برا بچووکەکەم پرسی : ئایا ئەو کرێتان بە کابرای تەکسی بەخشی؟
_ نەخێر..بە ناشێت کرێت نەدابێت؟

- من نایەتەوە یادم کرێم پێدابێت!.
برا بچووکەم وتی : کاکە... تۆ دڵڕەقی لە گوێی گا نووستووی، ئاگادار کرێت پێنەدابێت تا ئێستا سەدجار لە دەرگای ماڵمانی دابووا!.
_ برا ..دونیا یەکجار وانییە، هێشتا مرۆڤی باش ماوە...
براکەم پێکەنی و وتی : دە وەلایی ئاگادار کرێت پێینەدابێت، تا ئێستا داوای نەکردبێت ئەوە بە دنیاییەوە سەد دینارکی لێت دزیوە...
- وانییە، ئەی هەر ئەو نەبوو، زۆخیرەکانی بەمان گێڕاندەوە!.
بەراکەم وتی : ئەها...کەواتە کە گێڕایەوە بە جاری دووەم، بۆچی داوای کرێکەی نەکرد؟ ها...بەخوا ئەو شتانەشی بۆیە گێڕاندەوە تا ئەمە موتمانەی پێبکەین و گومانی لێنەکەین!.
هێستام لەناو بوخچەکەی (داکم)، پاسپۆرتەکەم دەرهێناو ژمارەی کابرای تەکسیم دەزییەوە، زەنگەکەم لێدا : خاتو مەجید، برا چۆنی؟ من سبەی کاتژمێر ۹ی بەیانی فڕینم هەیە و دەگەڕێمەوە...دەتوانیت بێیت بەدوام.
_ بەسەرچاو...کاتژمێر شەشی بەیانی لەبەردەم دەرگای ماڵتان دەبم!.
- بۆچی شەشی بەیانی؟
_ مەگەر تۆ نازانیت، لەم وڵاتە چی دەگووزەرێت، لەوانەیە فڕۆکەکە بۆجێت بهەڕێت.
- باشە ..دەتبینم...
برا بچووکەکەم پێگووتم : من بە (ساڕی) برادەرم گووتوە و بەڵێنم پێداوە کە تۆ بگەیەنینە فڕۆکەخانە!.
_ ببورە...تازە بەڵێنمان بەم کابرایەدا!.

براکەم تووڕەبوو وتی : دە تۆ ئەو ژمارەیەم بدەرێ خەم تەلەفۆنی بۆ دەکەم، دەزانم ئەوەی خارجی شەرمدەکەن.
_ نایدەم و قسەم کردوە بەایەوە.

لەگەل سپێدەی نانی بەیانییەم لەگەل دایک و باوکم خوارد و لەپاش گریان و فرمێسک ڕۆژان لە یەکتر جوودا بووینەوە.

برا بچووکەکەم. لە باوەش گرت و وتم : ئاگات لە دایە و باوە بێت.
ئەویش چەند دەقە پەرمەسکی هشت و وتی : منیش تا فڕۆکەخانە لەگەڵت دێم.
_ نەخێر... بەڵام من دیناری عێراقییم پێ نەماوە، ئەگەر دەکرێت کەمێ دووسەری ئێم کابرا شوفێرەم بۆ بدەیت.
_ بەخوا کاکە... منیش پارەم لا نییە... خۆت لە هەگبە بیست دۆلاریەکی بدەرێ!.

بەهەرحاڵ خەم و شوفێری تەکسی شەستی بەرەو فڕۆکەخانە کوتینە هەڵ.

بە چەند خوولەکێک بەدەنگ بووبووم و خەیاڵ بردمیەوە، کە ئەم خەڵکە چەند خراپ گەراون. لەپڕ هاتەوە یادم، لەبیرمچوو زەنگ بە (موید) بکەم و سەد دۆلارە دەاوکەی بە بگەینمەوە. بە کابرای شوفێرم وت برا کاتمان هەیە لە شونێک دۆلار بگۆڕینەوە، چونکە وابزانم کەمێ بەیزتانشم نەداوە.
شوفێرەکە کە هەرگیز ناویم لەبیرناچێتەوە خاڵە (مەجید)، بە بزەخەندەوە وڵامیدامەوە ؛ تە باسی چی دەکەیت... تە ئەستا لەگەڵ پیاو دانیشتوویت، سوحبەتی دۆلارودینار مەهێنە گۆڕێ!.
_ئاخر حەقی خۆتە کرێ وەرگریت...

- گوێی مەدێرە... با بگەینە فڕۆکەخانە و بزانین چی دەبێت، خوا کەریمە!

زەرجار مرەف دەی تەنگ دەبێت لەپڕێکا تووشی بە کەسێکی جوان دەکەوێت و بە ئاخاوتنێک خەمکانی دەڕەوێتەوە، ئەم شوفێری تەکسییەش پیاوچاک و مەردانە دیاربوو، کاتێ بۆتەنیشتییەوە دانیشتبووم هەستم بە بەختەوەری دەکرد.
خاڵە مەجید بە سوحبەتەوە وتی : دەتەوێت جارێکیتر گوێ لە (خاڵقی) بگریت. کە دەڵێت دەگەڕێمەوە بە ولاتەکەم.. دەگەڕێمەوە بە نیشتمانەکەم...
پێکەنیم و وتم : ژیانێکی سەیروسەمەرە، مرەف بەدرێژایی تەمەن خۆن و هیواکانی لەبەرچاوی خۆی دەبینێت دەبێت بە تەم.

لەیگە بەدەم بەخۆینەوە مەجیدی شوفێر لەمیپرسی : ئەرێ ئەو پیرەمێردە هەقیەیە لەگەڵ کوڕەکەی چییان ڕیت دەویست؟
سەد دۆلارە گوێ پچاوەکەم لەسەر دەشبووکە داناو پیشانمدا و تەواوی بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە.

خاڵ مەجید بەدەم پێکەنینەوە و وتی:
کاتێ مرۆڤ هووبوونی ئەم جۆرە بڕیارانە دەبێتەوە، دونیای لەبەرچاو دەکوژێت!

لە کتایبدا گەیشتینە گۆڕەپانێ تەزاویەکەی فڕۆکەخانەکە. دەستمبرد لە باخەڵم پەنجا دۆلاریەکم دەرهێناو بە شوفێرەکەم وت : تکایە گۆڕبگرە..دەزانم تۆ پیاوەتی خۆت کرد. ئەم پارەیە وەک دیاریەک لە برای خۆت وەرگرە.
_ بەسەری تۆ وەریناگرم… من ئەوەندەم لێتدەوێت کە گەڕایتەوە خارج لەناو برادەرەکانت ئەم بڕزم و ڕێزمێت گەڕایەوە، پێیانبڵێت دەنا هەشتا لە کوردستان یەک پیاو ماوە ئەویش مام مەجید شوفێری تەکسیەکەیە!.

مەجیدی شوفێرم لە ئامێزگرت و وتم : زۆر دڵتەنگم…بەم شێوەیە ئەو خەڵکە دەبینم لەبەر تەماحی چاوچنۆک بوونە!.
_خەمی مەخۆ…برا دونیا چ نیە، کەس لەگەڵ خۆی چ نەبردیە گۆڕێ، بەڵام تکات لێدەکەم ئیتر ئاگاداری خوتبە ئێستا ئەمە لەسەردەمی بە شەرمی بە ڕێزیدا دەژین!

جانتاکەم دایە بانشانم، سواری پاسی فڕۆکەخانەکە بووم و لە دەروازەوە بەگەڵ گەشتیارەکانیتر چوونە ژوور.
لەپاش پشکنین و لێپرسینەوەو دوو کاتژمێر چاوەڕوانی لە ترانزێت، بە کاتژمێر هەشت سواری فڕۆکە نەمساویەکە بووم. بەتەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتم و کەوتمە داغلێدان، هیواش هیواش فڕۆکە کەوتە جووڵە و چوو بە ئاسمان و باڵەکانی چەماندەوە بە ئەوەی بە دواجار قڕاتی هەوڵێر ببینین و خواحافیزی لە نیشتیمان بکەین. تەماشایەکی سەرزەویم کرد لە دوورەوە خاڵە مەجیدم بینی لە گۆڕەپانی فڕۆکەخانەکە، چووبوە سەر بەنیدی تەکسیەکەی دەستی دابەتەکاند و شتەکشی بەدەستەوە بوو، لاموابێت سەد دینار گوێچک دەاوەکەبوو کە لەسەر دەشبووڵەکە لەبیرمچوو بوو، هەلیگرمەوە!.

لە ئاوێنەی خەیاڵدا.. شیعری: ستیڤان شەمزینی

من
لە قەسیدەیەکی بە ناونیشان دەچم
ڕۆژگار ئەمنووسێتەوە
لە ئاوازێکی غەمگین ئەچم
مەسیقارەکی سەرکێش دەیژەنێ
لە گوڵێکی سوور ئەچم
لە باخچەی عەشقدا سەوز بووە
لە گەرانیەکی نامراد دەچم
لە قورگی تاساودا نایەتە دەرەوە
لە کەترەکی تەریک و باشکاو ئەچم
هەلانەکەی بە ئەبەد لە ون بووە
لە شاعیرێکی بە هیوا و شەت ئەچم
تەنیا چیرۆکی نامەیی خەی دەنووسێتەوە
لە قەڕاجێکی ئەسمەری بە نیشتمان ئەچم
چوون لەم غەریبییە سەر ئەنەمەوە

ئەم غوربەتە
هەر ڕۆژەی پارچەیەک لە ڕەحم دەوەرێنێ
ئەم غوربەتە
هەموو بەیانییەک گوڵایەک لە باخام دەکاتەوە
ئەم غوربەتە
هەموو عەسرێ خەندەیەک لە لەوم دەدزێ
ئەم غوربەتە
هەموو ئێوارەیەک شادی لە خەیاڵکانم دەتەرێنێ
لەم غوربەتەدا
چاوەڕوانم شەوێک تە بەی
لە دەی پەروانەیی خەتدا
گشت پارچە شکاوکانی ڕەحم کەبکەیتەوە

هەموو شەوکانم بۆ تۆ یەدایە
یەدای من هەموو شەوکە
شەوک وەرە، کۆتایی بهێنە
بۆ شەوە درێژانەی بانوویان نییە
شەوی یەدایە
سەدان شەو لە یەدای خەمدا
بۆ دیار هاتنی تۆ
مەمی رەحم داگیرساند
شەوی یەدایە
سەدان شەو لە تاریکیی بۆ تۆیدا
بۆ کۆپەی پۆ گەی دەم
سەراپای جەستەی خەم سووتاند

گەر تۆ بەی، چراکان خامۆش نابن، ئەستێرەکان کڕچ ناکەن
ئەگەر تۆ بەی دەریاکان لە شەپۆل ناوەستن، دەرگاکان داناخرێن
گەر تۆ بەی، شەو ماڵی بۆ پشتی تیشکی هەتاو دەگوازێتەوە
ئەوارە زەرد هەڵدەگەڕێ و سەری بۆ تاریکی گەردون هەڵدەگرێ
گەر تۆ بەی، من بەر لەوەی کراسی کۆچکی سوور لەبەر بکەم
وەک مەم، بۆ رووناکی هەنگاوەکانت هەدی هەدی ئەتوەمەوە

لە پەنجەرەی ژیانەوە سەیری مەرگ ئەکەم
لە نزیکەوە گەی خەم دەبینم
بۆ خۆتکی درشت لەسەری نوسراوە
ئەم لە رووبووبوونەوەی مەرگدا ژیا
لە ململانێی ژیاندا مرد
دەمەوێ دوو دەی تریش زیاد بکەم
ئای چەند بارکی قورس بووم لە تابووتی ژیاندا
هەروەک رەشبا هاتم و بۆ چەشنی بروسکە تێپەیم
چەند سەفەرکی کورت بوو، ژیان!!

پچ‌ان.. شیعـر/ کـاو‌ عوسـمان عوم‌ر

(١)

پچ‌انی ه‌نگاو
ل‌ ح‌زی گ‌‌یدی‌ک
ب‌ مان‌و‌
باڵی م‌ل‌ک‌
گو‌اوی ه‌موو باخ‌کانی ه‌‌گرت..و..
وونبوو

(٢)

ه‌ر د‌‌پ‌
ل‌ چاوی ه‌ور
وش‌ی‌ک‌
ئاسمان
ب‌ ئ‌قین
ب‌ ز‌مین‌کی
د‌‌‌قی نوسی

(٣)

ب‌ پرسیار
د‌ربار‌ی ئازاری پچران
ل‌ گ‌‌ای و‌ریو
ببپرس‌
چ‌ن
شاخو‌نب‌ر‌کانی جـستـ‌ی
ت‌کشکاوو
و‌ریوی
ل‌ پ‌ڵی س‌وزی دار‌
ئ‌ب‌ت‌و‌

(٤)

پچ‌انی بیر‌و‌ری شار‌
ل‌و منداڵانی
ل‌ ز‌ریادا
نوقوم بوون
تا ئ‌ستاش
‌ای‌‌‌ی خ‌ونیان
ل‌ ق‌دی دارسن‌و‌بر‌
ش‌قار ش‌قار‌کانی چیاکان
ناپچ‌‌
پ‌رتر‌یتی
ئ‌و ئافر‌تان‌ش
م‌دالیای
پیاو‌ زیند‌ب‌چا‌‌کانیان
ل‌ ناپچ‌‌
ئ‌و کؤچ‌ران‌ش
ل‌ ژ‌ر پرچی
سپی خ‌و‌ن‌کانیان
ه‌ر‌چ‌ندیان کرد
پ‌ل‌ کتری ‌‌شی
‌‌حیان
ل‌ خاکی ز‌ی
و‌ران‌ فیرد‌وس
ناپچ‌‌

(٥)

ها‌و‌ام لگ‌‌ کازیو‌
نم‌ باران
ه‌‌می ئاو نی‌
ن‌ ه‌وریش
ت‌پ‌‌‌ ت‌م
ب‌ شیعر ب‌‌گ‌م ه‌ی‌
ه‌ر د‌‌پ‌ بارانی
چنگ‌ م‌وژی شیعر‌
ل‌ وورد‌ ه‌ور!

(٦)

لە زەمەنی پچڕانا…
با خەشبەختی بکەین
بە پیشە
بە خەشەویستیش
ئالوودە بین
لە عیشقیشا
وەک کەپە
لە کلە پشکەدا
بتوێنەوە

(٧)

تیشکە
کە ئە خزە
لە تاشە بەردی
ئەستێرەکانی خەو
ژەی گیتاری بارانەکە
پە بوو
لە خوێنی ژاوی با

(٨)

با چی ئەبە ببە
لە ژێر تەرزە مانگی ژوانت

(٩)

وەک خزانی ئەفسانەی
شەو
لە چیای خەیاڵا
بەدواتا گەڕام
بە ڕام وەک ئەوسا
پریاسکەکەم
گوڵە نەرگزی
خەری تیا نیە
نە چەاکانی ساڵەکانیشم
ڕەوشەنتر
.....
وێنەکە تابلۆیەکی نیگارکێشی سویدی

پەرتەت.. شیعری/ نەوزاد بەندی

تەنانەت
درەختیش بە موچەیی پەوە دیارە ..
گەڵا وشک و
گەڵا زەرد و
گەڵا چرچ و تەزاویی ..
تەنانەت
بارانیش بە موچەیی پەوە دیارە ،
نمە ووشک و
نمە وورد و
نمە کورت و قوەاویی ..
تەنانەت ،
چەلەکەیش بە موچەیی پەوە دیارە ..
بە جریوە و
بە هەڵانە و
بە زەنەقوتە و
خەماویی ..
تەنانەت پەنجەرەیش
بە موچەیی پەوە دیارە ..
بە ئوناکی و
بە بریقە و
لەە و تاریک و
تەماویی ..

بەەام گرنگ نیە سەرەک ..
گرنگ ئەوەیە
تە ماوی ..

خەونی موزیکژەنکی عیراقی لە رەمانکی عەلی بەدردا.. ئەردەلان عەبدوڵا

عەلی بەدر یەکێکە لە قەڵەمە جوانکانی ئەدەبی عیراقی، ئەم نووسەرە خاوەنی شەوازکی تایبەتی نووسینە و ناوەندکی رەمانکانیشی گوزارشت لە کۆمەڵگە و کۆسایەتی عیراقی دەکات. یەکێک لە رەمانە جوانکانی « هەورژن» کە لە لایەن کاک ڕەگەز ڕەشیدەوە کراوە بەکوردی و دەزگای سەردەم چاپیکردووە. ئەم رەمانە هەرچەندە کورتە، بەڵام نووسەر توانیویەتی لە نەڤەلەتکی 130 لاپەڕەیدا، باسی کۆمەڵێک کێشەی گەورە بکات، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی عیراقی دەبێتەوە، لەپێش هەمووانەوە «بەهەزبوونی ڕەوتی ئیسلامی تونددەو، پاشکێشەی مەدەرنە و عەقڵی کراوە، خێشەویستی، غەریبی، ڕژهەڵات و ڕژئاوا، فاشیزمی ئەوروپی» لەهەمووشی گرنگتر « موزیک» کە دەبێتە بەردی بناغەی ئەم کێشکە نوێیەی عەلی بەدر و پانتایی گەورە لەم نەڤەڵەتە داگیردەکات.

ناوەڕۆک

نەبیل کوەکی گەنجی عیراقییە لە بەغداد دەژی، ژنیاری چەلۆیە، لەقوتابخانەی باڵەی مەنسوور، خوێندنی موزیکی تەواوکردووە و پاشانیش دەبێتە ئەندامی تیپی سەمفۆنیای نیشتمانیی و ئامێری چەلۆ دەژنێت.
لەپاش داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە و بەهەزبوونی گرووپە ئیسلامییەتوندەوەکان لە بەغدا، موزیکژەنان و هونەردەستان ڕووبەڕووی ڕەوشکی خراپ بوونەوە، چونکە ئەوان پێیان وایە کە موزیک، کاری شەیتانە و حەرامە. وەکو نووسەر لە زاری نەبیلەوە دەڵێت: ژنیاری موزیکی کلاسیک لە خەرهەڵاتی ناوەڕاست، هەرگیز پیشەیەکی ئاسان نییە، ئەمە تەنها کارکی گران نییە و بەس، بەڵکو تراژیدیی و کۆمیدیی و ترسناکیش، ڕەنگ وەک ئەوە وایە ئاژەڵێک بەنی، کە هەموو ژیانی لە بەستەڵەکدا بەسەربردبێ، بیگوازیتەوە بە ناوچەیەک کە پلەی گەرمای لە هاویندا دەگاتە چل پلە. ل 24

پاش ئەوەی دراوسێکانی لە بیستنی موزیک بێزار دەبن، شتێ بە نەبیل دەفرۆشن، بەڵام ئەو هەندێ گۆیان پێ نادات و لەموزیکژەنین بەردەوام دەبێت. تا رژێکیان کاتێک دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لایان گرووپێکی ئیسلامی تووندڕەوە، لێی دەدەن و سووکایەتی پێدەکرێت و لە هەمووشی ناخۆشتر، چەکەی دەشکێنن. هەموو ئەم کارە قێزەونانەش بەناوی پارێزگاریکردن لە ئایین ناودەبرێت. پاشانیش هەر ئەو گرووپە دەیانەوێت بە زۆر پارەی لێبستێنن بە دروستکردنی مزگەوتێک لە گەڕەکەکەیان. لەرەوە نەبیل بە تەواوەتی بێزار دەبێت و بڕیار دەدات، وەک بەجێ بهێڵێت و بڕەو هەندەران کۆچ بکات.
نووسەر پانتایی باش بە کۆچ و هەندەران تەرخان دەکات و مەسەلەی غەریبیش دەکاتە تەوەرێکی تری ڕەمانە جوانەکەی، کاتێک نەبیل لە بەلجیکا دەگیرسێتەوە، لەوە قاچاخچییەکە لە گەڕەکێکی مسوڵماننشینی بروکسێل فڕێی دەدات و پاشانیش هەر لەوێندەر دەژی. گەڕەکەکە پڕیەتی لە تورک و مەغریبی. لەرێش دووبارە نەبیل ڕووبەڕووی ئیسلامی تووندڕەو عەقڵی دواکەوتووی ڕژهەڵاتی دەبێتەوە. کاتێک لەم گەڕەکەدا دەژی، دراوسێکەی کە ئاسنگەرێکی تورکی شەڕانگێز دەبێت، دژایەتی دەکات. ئەم جارە هەکارەکەی ئەوەیە، کاتێک نەبیل لەگەڵ « ڤانی « خۆشەوستیدا سێکس دەکەن، ڤانی دەنگ بەرز دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی بێزاری دراوسێ تورکە ئاسنگەرەکەی، ڕژێکیان کاتێک دەگەڕێتەوە، کەمەک تورک وەکو گورگ پێلاماری دەدەن و سووکایەتی پێدەکەن و دووبارە چەکەی دەشکێنن، ئەمەش دەبێتە مایەی ناڕەحەتی بە نەبیل و بە ناچاری ئەو گەڕەکە بەجێدەهێڵێت دەچێت لەگەڵ خۆشەوسیتەکەی دەژی.

ماوەیەک لای ئەم کچە بەلجیکییە دەژی، بەڵام لەرێش ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە بەتایبەتی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، لەوکاتەدا هەستی ڕژهەڵاتیی و ڕژئاوایی دروست دەبێت. ئەمەش بابەتێکی ترە کە نووسەر هەوێداوە لەم ڕمانەیدا جێگای بە بکاتەوە. هەتا کاتایی ڕمانەکەش نەبیل لەناو گژاوگۆڕی گەورەی ڕژهەڵات و ڕژئاوادا مەڵە دەکات، لە ڕژهەڵات و ڕژئاواشدا ئیسلامی تووندڕەو تەنگی پهەڵدەچنێت، لە هەمان کاتیشدا بیری تووندڕەویی و ڕاسیزمی ئەوروپیش بێزاری دەکات. لەکاتاییشدا لەم زەلکاوەی تووندڕەویدا نوقم دەبێت، کاتێک ڕژێکیان بەختی نازانێت چووتە ناو خێپیشاندانی گرووپە سەلەفییە تووندڕەوەکان و دواتریش لەو خێپیشاندانەدا بریندار دەبێت، لەکاتێکیشدا ئەو لە ڕژهەڵات لە دەست ئەوان ڕایکردووە، ئەمەش کاتایی ڕمانەکەیە.

موزیک

لەم کارێدا عەلی بەدر پانتایی باشی بە موزیک داناوە، کاریگەری بەسەر تاک و کۆمەڵگەدا دەرخستووە، لە هەمان کاتیشدا هەوێداوە، تیشک بخاتەسەر تۆڕێکی گرنگ و داهێنەری ناو کۆمەڵگە، کە ئەوانیش موزیکژێنەکانن. بەتایبەتی موزیکژێکانی عیراق کە چەن ڕووبەرووی ئاستەنگ و کێشەی گەورە دەبنەوە لەناو کۆمەڵگەدا. لەناو ڕەمانەکەدا، بە کۆمەڵێک وشە و ڕستەی جوان گوزارشت لە مەزنی موزیک دەکات.

(موزیک ئامرازێکی جادوویی و نزیکە لە نواندنی موگناتیسی، ئاخ ئەگەر خەڵکی لەبری دەم، بە موزیک، واتا بە زمانێکی بە دەم قسەیان بکردایە. ل 30)

ژیان لای نەبیل دەبێتە موزیک، لە ڕەگەی موزیکەوە بە جیهان و دەوروبەر و کۆمەڵگە دەڕوانێت.

-کۆمەڵگە وەکو ئۆرکێسترای لێی دێت، ژێدارەکان ڕۆژئاواییەیە قۆزکاوەکانن، بەبەڵێی پشتی ئۆرکێستران. وەکو کەمان، ڤیۆلا، کەنترباس و چەلۆ، ئینجا لاتینییەکان کە ئامرێ فوودارەکانن، وەک ئۆبوا، فلووت، کلارنێت و باسۆن، دواتر ڕۆژهەڵاتییەکان، عەرەب، فارس، کورد، ئەمانە بە ئامرێ مسیحیەکان دەچن وەک، ترەمپیت تیوبا، هۆرن، دواتر ئەفریقییەکان دێن بەشەوەی دەهۆڵ و درازن، هەرچی ئاسایییەکانە، ئەوا بەشێک لەجۆرەکانی سیمبالات دەگرنە ئەستۆ. ل 88

بیری تووندڕەوی ئیسلامی

دژایەتیکردنی فکری تووندڕەوی ئیسلامی، خاڵێکی سەرەکی ئەم نەقڵەتەیە، نووسەر هەوێداوە لەڕەگەی کۆمەڵێک ڤیگەر و ڕووداوەوە، ڕەخنەی توند لە ئەم ڕەوتە سیاسییە بگرێت، کە هەژموونی گەورەی بەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتییەوە هەیە. لە زەر شوێنی ڕەمانەکێدا ڕەخنەی تووندیان تیدەگرێت بەوەی کە تووندڕەون، شەڕەنگێزن، مەشك پووتن، دژی موزیکن. لەهەمووشی سەیرتر لە لاپەڕە 17 شدا دەڵێت: ئیسلامییەکان لە هەموو کەس زیاتر سەیری کەناڵەکانی پەرنە دەکەن، لەم دواییەشدا فەتوایەکیان دەرکردووە کە سەیرکردنی ئافرەتی نامسوڵمان حەڕامە.

لە هەمانکاتیشدا نەک تەنها لە ڕۆژهەڵات، بگرە لە ڕۆژئاواشدا نووسەر دژایەتیی ئەم فکرێیە دەکات، لە ڕاستیشدا کەم نووسەر هەوێداوە تیشک بخاتە سەر ئەم لایەنە، چونکە بەشێک لە ڕەوەندی

موسیقانان لە رۆژئاوادا، لەژێر هەژموونی فکری ئیسلامی تووندڕەودان، نووسەریش لەرێگەی باس کردنی کەمەک رووداو ڤیگێرەوە، هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر ئەم مەسەلەیە.

شاری خەونەکانی فارابی و ئەفلاتوون

لە سەرەتای نۆڤێلەکەوە هەتا کۆتایی، تارمایی شارە خیاڵاوییەکەی ئەفلاتوون و فارابی بەسەر نووسەردا دیارە، بەتایبەتی بەچوونەکانی فارابی. لە زاری نەبیلەوە دەڵێت:
(فارابی پێی وابوو موزیک ڕێگەزێکی گرنگە لەشاری خەونەکاندا، چونکە سەرچاوەی بیرکەی دادپەروەری، بیرکەی هارمۆنییە لە موزیکدا. ل 72 . فارابی موزیکی وەکو بەشێک لەچارەسەر دادەنا بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان هەتا کۆتایی نۆڤێلەکەی نەبیل خەون بەو شارەوە دەبینێت، کۆتیدا موزیک و موزیکژەنان هەژموونی گەورەیان هەبێت، لەمەدا تەنها خەونی موزیکژەنێک نییە، بگرە نووسەر هەوڵیداوە لەرێگەی ئەم موزیکژەنەوە خەون بە کەمەگەیەکی مرۆیانە ببینێت، کە دووربێت لە جەنگ و بیری تووندڕەویی و فاشیزم، جوانترین داهێنانی مرۆڤیش موزیکە. کەمەگەیەکیش موزیک تێیدا زاڵبێت، کەمەگەیەکی مرۆڤدۆستانەیە، بەپێچەوانەشەوە کەمەگەیەک دژی موزیک بێت، دژی مرۆڤیشە، ئەمەش پەیامی سەرەکی و گرنگی نووسەرە لەم نۆڤێتیدا.

خۆشەویستی و سێکس

وەکو هەموو کارەکانی تری خۆشەویستی و سێکس پانتایی باش لەم نۆڤێتشدا داگیر دەکەن، خاڵەکی سەرنجڕاکێشیش کە نووسەر تیشکی خستۆتە سەری مەسەلەی سەیرکردنی کەناڵەکانی پەرنەیە» ڕووت» لە عیراق، بۆتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەاوبوونەوەی سەتەلایت و ئینتەرنێت، وایکرد کە بینەری کەناڵەکانی پەرنە لە عیراق زیاد بکەن، بەپێی هەندێک ڕاپەرتی جیهانیش بێت، عیراق لە ریزی پێشەوەی وڵاتانی جیهان دادەنرێت لەم بوارەدا. ئەمەش گوزارشت لە زاڵبوونی چەپاندن و مەحرومکردنی خەڵکییە لە بواری سێکسدا. لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لەبەزاریی و نائومیدی تاکی عیراقیش دەکات، لە هەمانکاتیشدا فراوانبوونی سنووری «حەرام و قەدەغەکردن»یش ڕەچاو دەکات. وەکو لەزاری نەبیلەوە دەڵێت: کەناڵەکانی پەرنە تاکە شتێکن لەم وڵاتەدا بە ئاسانی دەستدەکەون. ل 17
چیرۆکی خۆشەویستی نەبیل بە ڤانی، کچە شەخی بەلجیکیش، جوانییەکی گەورەی بەم نۆڤێتە بەخشیوەو و نووسەر زۆر سەرکەوتوانە

توانیویەتی ئەم پرسە تەوزیف بکات.
(ڤانی بووبووە گەپەکی کاربایی بۆ کەسکی بیابانشین کە لە بیابانەکی تاریکدا دەژیا. ل108)
لەزەر شوێندا رستە و دەستواژەی ئەجگار جوانی تێدایە کە گوزارشت لە چیرۆکەکی جوانی خۆشویستی دەکات.

رەخنە لە فاشیزم و عەقڵیەتی رەژئاوایی

نووسەر لەم نەقڵەتەدا تەنها دژی تووندڕەوییی ئیسلامی ناوستەتەوە بگرە دژی فکری ناسیونالیستە تووندڕەوکانی ئوروپاش دەوستەتەوە، لە هەمانکاتیشدا رەخنەی تونديش ئاراستەی کەمەگە و عەقڵیەتی رەژئاوایی دەگرێت.
(نەبیل هەستی کرد لەو وڵاتەدا بۆی هەیە تەنها لەسەر دووشت قسە بکات:
یەکەم: کارەسات و تراژیدیای وڵاتی خۆی. دووەم: ئەو خۆشگوزارانییەی لەرە دەستیکەوتووە. ل 122)
پاشانیش دەڵێت:

(شۆڤێرکی تەکسی بەلجیکی جنۆ بە بەلجیکا دەدات، جنۆ بەمژوو، سیاسییەکان، خاکەکەی، تەنانەت خواردەمەنی و بیرۆ شکۆلاتەکەی، بەڵام لە پەنابەری چاوەڕوان ناکات، بەڵکە چاوەڕێیە بڵێت: بەلجیکا مەزنترین وڵاتە لەسەر زەوی، ئای بەلجیکا، چیم بەسەر دەهات ئەگەر باوەشت بەم نەکردایەتەوە، ل 124
ئەمەش تاکادیەک بەسەر بیری کەمەگەی رەژئاوایيدا زاڵە، من خەم لە ئەمانیا بووم، کاتێک لەناو چەپەکانیشدا رەخنەمان لە حکومەت دەگرت، هەستم دەکرد هەندێکیان پێیان ناخۆش رەخنە لە حکومەتەکەیان بگریت، جارێکیان رەخنەم لە سیاسەتی گەرهارد شرەدەر راوەژکاری پەشووی ئەمانیا گرت، یەکێکیان وتی: خەڵکی کوێیت، وتم کوردستان. وتی ئەی بۆ هاتوویت بۆ ئێرە؟ ئەوە باشترە یان ئێرە.
هەستم بەبێزاری دەکرد لە سیمایدا و دەویست بڵێت، تۆ کەسکی بێگانەیت بەم وڵاتە، بەڵام نایدەویست راستەوخۆ وا بڵێ، بەمشێوەیە تێگەیاندم کە من بێگانەم و مافی قسەکردنم لەبارەی بارودۆخی ئەم وڵاتەوە نییە.
لەهەمووی گرنگتر نووسەر رەخنە لەمژووویی خوێناوی بەلجیکا دەگرێت بەتایبەتی قەناغی داگیرکاری لەکەنگۆ، کە یەکێکە لەقەناغە ناشیرین و قێزەونەکانی بەلجیکا.
جگە لەمانە، نووسەر کەمێک بابەتی گرنگی لەم نەقڵەتەدا وروژاندووە، کە مایەی سەرنجی خوێنەرن.

دوا قسە

بەڵاستی کاروبارەکانی ئەم نووسەرە عیراقییە مایەی گرنگیپێدانە، ئەم نۆقڵتشی وەکو کارەکانی تری مایەی گرنگی پێدان و خوێندنەوەن، لەرەدا جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لە کاک ڕێگەز ڕەشید بکەم، بە وەرگێرانی ئەم نۆڤێتە و هیوای کاری جوانتر و باشتری بۆ دەخوازم.

سەرچاوە: عەلی بەدر. هەورژن. وەرگێرانی: ڕێگەز ڕەشید. چاپی یەکەم. دهۆک و چاپی پەخشی سەردەم. 2018. سلێمانی.

سەرگوزەشتەی لەشاوی شیعرەکانی ئەمە.. لەتیف حامید

وەکو چۆن مەحمود دەروێش لە وتەیەکدا دەڵێت قەسیدەی سیاسی بۆ من زیاتر لە وتارێك ناگەیەنێت ، یاخود لام جوانە یان نا.. هەرواش کاتێك شیعری ڕەمانسی و ئیرۆتیك دەخوێنینەوە یەکسەر دەمانباتەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاریی لای ئەو کەسانەی کە نەو واقیعێکی خەفەکراودا دەیانەوێت دەربڕین لە حەزە شەخسیەکانیان بکەن، ئەمەش گەورەترین پانتایی لە شیعری کوردی داگیرکردووە، بە کۆن و نوێوە، جا ئەم تیمایە کۆنەی شیعر هەندە سواوە کە هیچ مەودای نوێبوونەوەو داهێنانی تیا نەماوە، لە کاتێکدا ئەمە لە سەردەمێکی تازەو ئاڵۆزدا دەژین و هەندەی فراوانبوونی جیهان بابەتی زیندوو و کاریگەرو گرنگ هەیە بۆ کردنی بە هەوێنی پارچە شیعرێك گەر شاعیرەکە لە هونەری هەنینەوەدا سەلیقەکارو کارامەو ئەفرێنەر بێت و لە هەمووی گرنگتر لەگەڵ پینووسەکەیدا ڕاستگۆ بێت و ڕۆزی شیعر بگرێت، کە دەڵێین ڕۆزی شیعر بگرێت مەبەستمان ئەوەیە بەهەدەرنەدانی وشەو هەست و بیرەکە لای شاعیر لە خاڵە گرنگەکانی نووسین بێت، وەك چۆن ئەمانە گرنگن هەرواش (هونەرەکانی زمان) و (ئەندێشەکردنی ئەفرێنەرو نوێ) ئیستاتیکیای زیاتر دەدەن بۆ تێکستەکان، لەرەدا مەبەستمانە قسە لەسەر شیعری دلاوەر ڕەحیمی بکەین، ئەو وێنای ئەوەی وەك زەر لە نووسەرەکانی تر لە زەربەی

بوارە ئەدەبی و هونەری و کلتووریەکان و تەنانەت رۆژنامەوانییەکان دەربەین دەکات و من دەتوانم ئەم شێوازی نووسینەوە ناوبنێم (جۆکەرنووس) مەبەستیشمان ئەوەیە لەیەك کاتدا ئەوانەی ئەم ناوەیان بەسەردا دەبەدرێت هەم چیرۆك و هەم رۆمان و هەم پەخشان دەنووسن، لەولاشەوە رۆژنامەنووسن و لەکاتی سیاسیین، جگە لەوەش خەیان ناپارێزن لە بابەتی فیکری و فەلسەفی وەك بەختیار عەلی، تەنانەت هەندەکیان گرانیش دەڵێن و تابلۆش دەکێشن وەك فەرهاد پیربال، بە ئاستی ئەم گۆڕانکارییە بەس لە فەزاگەلێکی بە بەرنامەو بە روئیا و بە بنەمادا سەرهەڵدەدات، کە هیچ چینێکی بناغەیی تیا نەبێت بە هەڵچنینی ئەو کۆشکە قەشەنگەی ناونراوە وێژەو هونەری ئەفرێنەرو رەسەن، کە لەراستیدا رۆشنبیریی حەقیقی و دروست لەوەدا لەدایك دەبێت، زەرجار خوێنەران و نووسەران لای ئەمە فاکتەرێك دەیانجوڵێنێت کە ئەویش حەماسەت و عاتیفەو سادەبینییە، ئەگینا ئەمە کە لە سەردەمی تایبەتمەندییەکاندا دەژین، تەنانەت لە یەك هشتەی ئەدەبیشدا لقی تری لە جیادەبێتەوەو لە ناو میللەتەکانی تردا کەسانی پسپۆڕ هەن کە بەس تایبەتمەندی یەك بوارن و گەر پرسیاری لایەنەکی تریان لە بکرێت دەڵێن ببورە تایبەتمەندی من نییە، کەواتە کێشەی ئەمە ئەوەیە کە نەك بەس زەربەی خوێنەرانمان خوێنەرانی تەنزی فەیسبووکن، بگرە زەرینەی زەری نووسەرەکانیشمان نووسەرانی فەیسبووکن، ئیتر هەردووکیان تەواوکاری یەکن، نووسەرەکە کە پێگەیەکی بەربڵاوی لە دەستخۆشکەران دەبینێتەوە؛ بەیان دەنووسێت، ئەوانیش زیاتر بە گوێ و دەستخۆشی لە خشتەی دەبەن و لە گۆڕاوی پاشکەفتندا جێدەهێڵن، ئەمە لە کاتێکدایە هەمیشە نووسەری سەرکەوتوو قەزیەی هەیە کە شایستەی لەسەروستان بێت، ئەمە وەك ئەوەی دیدو تەوانینی شەخسی جیاوازی هەیە بە ئەو بابەتگەلە کە پاشخانێکی مەعریفی و رۆشنبیریی قووڵی هەیە، لە لایەکی تریشەوە خاوەنی شەوازی تایبەت بە خۆیەتی کە جیای دەکاتەوە لە زەرینەی قەڵەم بەدەستان، هەر لەبەر ئەمەشە سەروختێك قسە لەسەر ئەو جۆرە نووسەرانە دەکرا پێیان دەگوترا راگوزەرو سادەنووس، واتا رەسەنایەتی و هەناسەی راستەقینەی داهێنان لە جەستەی نووسینەکانیان دابەاوە.

گەر بگەڕێینەوە سەر خاڵی مەبەست و تەوەری ئەم شرۆڤەیە دەتوانین بڵێین کە بگومان دلاوەر رەحیمیش یەکێکە لەو دەیان و سەدان نووسەرانەی کورد کە هەموو دیدو هەوە و دەربڕینی خۆی وەك ئیپیوکریزمەکان لە چەژی لاشەییدا کەردووەتەوە، ئەو چەژەی کە زەرجاران وەك تابوو تەماشاکراوەو داب و کولتوور بەربەست بووە لە فراهەم هێنانیدا، ئەویش لە ژێر رۆشنایی پاراستنی بەهاکاندا

بووە، ئیتر دیانگۆنتۆس سەر ئەو خیالە پۆشوختەی کە تینوویەتی چێژی لا دروستکردووە، بەڵام ئەم لە راستیدا Epicureanism, نییە، چونکە فەلسەفەی ئیبیکۆریسم لەسەر بنەمای بەختەوەری دادەمەزرێ کە دوو کۆکەی دنیایی و ئاشتی تێدا هەیە، بەڵام لە پانتایی بەرهەمکانی دلاوەردا ئەو دوو خاڵە بزرن، ئەو جۆرە نووسینانە زیاتر لا دەکەنەوە بەلای ئەفرەدیتی (Aphrodite) وا پێلێن دەکرێن، لەم بارەدا نووسەر بە ئەوەی بیر لە پاشخانی ئایدیاو بونیادی چەمکە شیعریەکان بکاتەوە، بە زمانێکی فەیسبووکئاسا رێژانە خەی دووبارە دەکاتەوە، بە ئەوەی شتێکی نوێ بیستین و هەرواش لە بەهای بابەتی رەمانسیەتی شیعر هەندەی تر کاڵ دەکرێتەوە، لەم جۆرە هەوڵانەشدا داهێنان و جیاوزنووسین هیچ مەبەستێك نییە جگە لە دەربڕین لە دیوە خەفەبووکانی ناخ، ئەمەش بە گەشتنە ترپکی چێژ، تەنانەت لەم حاڵەتانەدا هەندە زمان سادە دەبێتەوە کە هیچ جیاوازییەك ناکەین لە نێوان زمانی قسەکردن و زمانی شیعردا وەك ئەو لە (بەقەرە)دادەنووسێت:

25 لە زوو خەوتن و زوو لە خەو ەابوون
بگرێ تا
وەرزشکردنی بەربەیانیان و
هەواپرسین و دەست بەرزکردنەوە بە
هاتووچۆکەرانی کەانان و سەر شەقامان.
لە کتێب نەخوێندنەوە و
گوێ نەگرتن لە حەسەن زیرەك و گلەن گەلد،
تا تێرککردنی جگەرە و مەشروب.
ەژی دووجار دووش گرتن و
سێ ژەمە فرشلێدان لە دەم و ددانەکانم،
وازهێنانی یەکجارەکی لە دەستپەلێدان
تا
لەبەرکردنی چاکت و پانتەلێکی ەساسی و
بەینباخێکی سوور.

ئەمەیە وا لە بەشێك لە خوێنەران دەکات گومان لە زەربەی شیعری ئەمە بکەن و بایەکتی تەنانەت بکەن، چونکە خوێنەر نێك هیچ چێشێی وەژەو ئیستاتیك لەم نووسینە بە ناو شیعرە ناکات، بەکو ئەو پرسیارەی لا دروست دەبێت کە ئایا بەچی شیعر هەندە سادە و بە ئەرزش بووە، خە لە ەاستیدا هەموو جۆرە وشە ێیزکردنێك ناکرێت ناوی شیعری لە بنرێت و ئەمەش بووتە هەی کەمبوونەوەو نەمانی خوێنەرانی

راستەقینەو داپسانی ئەو چوارچێوەی لە پێشدا بوونی هەبوو، بەم هەوڵانە تەواو داروپاردووی ئەو ماڵوێرانکەیەی شاعیرە ناودارەکان بنیاتیان نابوو درز دەبات و لە شوێنیشیدا کەلاوە جەماوەرییەت بە نەوکانی داهاتوو، ئیتر هەر ئەمانەش بەس نییە، بەڵکو گەر کەمێك وردبینەوە لە ماناو وشەسازیی نەو رستەکان بەمان دەردەکەوێت تەنانەت وردبیریان لە نەکراوەتەوە، پێش ئەوەی بخرێنە سەر کاغەز، لێرەدا نموونەیەك دەنێنەوەو هەر لە کۆتایی هەمان تێکسدا دەنووسێت:

دەنەوایی بەشینەوە بەسەر خاوەن مردووەکاندا و
شەستوشەش جاریش لەبەرکردنی
سووڕەتی بەقەرە.

بەڵام لە ڕاستیدا دەرخکردن و لەبەرکردن هەر یەك جارەو بەمشێوەیش سووڕەتێك یەکجار لەبەر دەکرێت نەك شەستوشەشجار، بەڵکو گونجاوتر دەبوو گەر بینووسیایە:

شەستوشەشجاریش گوێگرتن یان خەتمکردنی سووڕەتی بەقەرە، ئەم نموونەیە و دەیان نموونەی تر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە دوماهیدا پەیام و پاشخانی شیعریی ئەم تێکستانە یەکسان دەبێتەوە بە هیچ، باشتریش وایە خوێنەر پێش ئەوەی بەیاری زویربوونی لە شیعر ڕابگەیەنێت، جیاوازی بکات لە نێوان ئەو هەموو دەقە کاوکرچی ڕۆژانە بە ناوی شیعرەوە دەنووسرێن و دوورن لە بنەماو بەهاو تەکنیکەکانی شیعرەوە ، بە بەراورد بەو هەندە کەمەی جاروبار لەڕەو لەوە شیعری نایاب دەنووسرێت و دەریدەخات کە نووسینی شیعری جیددی هەشتا تەواو نەمردووە.

هەرواش لە دواترین هەوڵی نوێخوازی ئەم شاعیرەدا چاومان دەکەوێت بە کەپلەیەکی تر کە ڕەنگە سەدان دەستخەشی و لایکی بە بکرێت و کاتێکیش کەمێك لێی وردبینەوە، ئەوا بەمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوە بەس لێکدانی وشە سادەکانی ڕۆژانەی قسەکردنە، بەڵکو بە دەربینێکی کێنی سەردەمی هەرزەکاریی زۆرێك لە مرۆڤەکان دەکات کە هەشتاچڵی ئەرگازم لای بەرجەستە نەبووە، خوێنەر لە کۆتایی ئەم کەپلەیەدا ڕەنگە بڵێت هیچ ڕەهەندێکی شاراوە لەم تێکستەدا نیە، و هیچ زاراوەو ئاماژەو سیمبۆ و گووتارو پەیامێکی جیاوازی لە خەدا گلنەداوەتەوە، ئیترە بە چ پەودانگیك بە شیعری دابنێت و لانی کەم بە شعرەکانی شارل بەدلەر بەراورد بکرێت، لە کاتێکدا بەو دەگوترێت و شیعر بەمیش شیعر! وەك تیایدا دەڵێت:

هەموو ڕۆژێ
بەیانی
نیوەڕۆ

ئەوارە
لەگەڵ ئەوەی بانگت دەکەم
بۆ دەنگی بەرزیش
دەڕۆم
خۆشمدەوێی کە

دەستەوەردانی هەرەمیی لە کاروباری عێراق و رێنگدانەوەی لەسەر کورد.. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

لەو ساتەوەختەوەی دەوڵەتێک بە ناوی عێراق لەسەر ئەتڵەس جگەیەکی گرتووە، وەاتانی ناوچەیی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر کەی ئەو رووداوە سیاسییانەی لەم وڵاتەدا سەریانهەڵداوە، ئەم کاریگەرییە لە سادەترین هاندانەوە دەستپێکردووە تا پشتیوانیکردنی بزووتنەوە چەکدارە یاخیبووەکان لە چەندین قەناغی جیاجیادا. هەموو ئەو رووداوانەی لە عێراقدا قەوماون و ئاڕاستەی سیاسیی و دەوڵەتداریان گۆیەوە بە پاپێشی دەرەکی و ناوچەیی نەبوون، هەر لە کۆتای چواردەی گەلاوێژی ساڵی (1958)ەوە بیگرە تا هاتنە سەرکاری بەعسییەکان و کۆتایی هاتنیان لە بەهاری ساڵی 2003دا. وردتر تەشخیسی حاڵەتەکە بکەین، بەدەر لە وەاتانی زلهێزی رۆژئاوایی و جیهانی، دەوڵەتانی نزیک و دراوسێ لە چەشنی تورکیا و ئێران و سوریا بەردەوام کارتێکردنیان لەسەر دەخی هەڵکشاو و داکشاوی ناوخۆی عێراق هەبووە و لە هەندێک ماوەشدا بە فەرمی راستەوخۆ دەستەوەردانیان کردووە لە کاروبارەکانیدا، بە وێنە ئێران لە ساڵانی 1961-1991 (جگە لە یەک دوو ساڵی دوای نسکۆی ساڵی 1975) یارمەتی راستەوخۆی جووڵانەوەی چەکداریی کوردی داوە لە دژی رژێمی عێراق، سوریاش هەر بە هەمان شێوە تا ئەو ئەندازەیەی پارتێکی بەهێزی وەک (ی.ن.ک) لەو وڵاتەوە یەکەمین مانیفێستەی دروستبوونی خۆی بڵاودەکاتەوە و هەر بە چەکی ئەو وڵاتە مەفرەز

سەرتایەکانی چەکدار دەکات بۆ جەنگێکی نابەرامبەری پارتیزانیی. دەستوەردانی هەرەمی لە ماوەی 85 ساڵی تەمەنی دەوڵەتی عێراقدا ڕووخسارێکی سیاسیی نامۆ نییە، تەنانەت هەر ئۆپۆزسیۆنێک بە پێی لاوازیی و بەهێزیی دەوڵەتی لەسەر کاری عێراق گۆڕان بەسەر ڕژێم و قەبارەی دەستوەردان و کارتێکردنی وڵاتانی دراوسێدا هاتووە.

حکایەتەکانی پارت دروستکردن لە عێراقدا لایەن دەزگای ساواکی پێشوو و ئیتلاعاتی هێنووکە و میتی تورکی و هاوکارگریی سوریاوە حکایەتێکی دوور و درێژ و لە چیرۆکی هەزار و یەک شەوە دەچێت و هێندەش وتراوتەوە زانیارییەکە گێشتەتە لای منداڵان یان نەوەی تازە پێگەشتووش. بەنام دەستوەردان لە دوای ساڵی (2003)ەوە هەموو سنووورێکی عەقڵانی و هەموو لۆژیکێکی سیاسیی تێپەڕاندووە، ئەمەش بەهۆی ئاوەڵای عێراق سیادەی خۆی لە دەستداوە و دەستاتێکی داگیرکاری نامۆ بە فەرهەنگی عێراق سەرکردایەتی وڵاتی وئاستاوە گرت. ئەم دەرفەتە زیاتر دەرگای خستە سەر پشت بە دەزگاکانی هاوکارگریی وڵاتانی هەرەمیی تا ڕادەیان هەبێت لە عێراقدا و لە ڕێگای باند و پارت و دەستە و تاقمی جەربەجەرەوە مەرامە سیاسییەکانیان لەسەی ململانێکردن لە بەستێنی عێراقدا مسۆگەر بکەن. هەر لە سەرەتاوە و بە پلەی یەکەم ئێران و سوریا هاوکەی دەستوەردانیانداە، تورکیا و سعودیەش بە پلەیەکی دواتر کەوتنە خەئامادەکردن بە خەهقورتاندنە کاروباری ناوخۆی عێراق و ڕاگرتنی باڵانسی سیاسیی و هێز لە ڕێگای ئەو هاوکێشانەی لە ناو عێراقدا دەبێت هاوسەنگ بکرێنەوە.

ڕێنگبە دەستوەردانی ئەو وڵاتانە و یارمەتیدانی یاخیبووە چەکدارەکان لایەن ئەو دەوڵەتانەوە فاکتەری هەرە سەرەکی ئەو خوێنبڕبوونە سامناکە بێت لە لاشەی عێراق و فاکتەری بنەڕەتیش بێت لە زیاتر بەهەزبوون و هورژمەنانی ئەو بزووتنەوە ڕەگەزپەرست و تیرۆریستەی لە ژێر ناوی مقاومەدا خۆی بەیان دەکات، ڕووکەی تری ئەم پرسەش ئۆپۆزسیۆنی شەقام و ئاستەی سیاسیی عێراق دابەشبووە بەسەر ئەجیندای وڵاتانی دراوسێ و هەر لایەنێکی سیاسیی کارەکتەرێکە ئەدای بەرژەوەندیی و سیاسەتێکی دەوڵەتێکی ناوچەیی دەکات وەک لاوەی خۆی جووانەوەیەکی سیاسیی سەربەخۆ و خاوەن بڕیاری خۆی بێت. بە گشتیی لاوەتی عێراق هەیە هیچ کات هێندەی ئەمڕۆ جادەی عێراقی نەبووەتە مەیدانی تڕاژدیی دەزگا هاوکارگرییە بیانییەکان و هێندەش دەستی دەرەکی ئاوەڵا نەبووە لە وێرانکردنی وڵاتەکەیدا، چوون بەدەر لەو قەیرانە مرۆییەی لە ڕەی کوشت و بڕەوە دروست بووە، کەچ لە عێراقدا

گەشتە رادەی سیحر و کولتووری وەلات وەران کراوە و ژەرخانی ئابووری هەتەکنراوە، کتێبخانەکان سووتێنران، زانکۆکان پەکیان کەوتووە، فەرمانگە دەوڵەتییەکان و مزگەخانەکان تاڵان کراون، هەرچی شوێنەواری عێراق هەیە هەر لە سەمەریێکانەوە تا دەگاتە چاخی تازەکان هەموو دزراون، بەم هەکارەش گەلانەوەی عێراق بە دەخی پێش جەنگ دەکاتە ئەرکەکی قورس، قورستر و سەرکەشانتر لە دەزینەوی ئەمەریکا لەلایەن دەریاوانی چەلەنگ (کریستۆفەر کۆلەمبەس).

ئێران

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئێران هیچ کات بە تایبەتی لە دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوو بە دواوە بە رادە نەبووە لەسەر بارودۆخی سیاسیی و ئابووری لە عێراقدا. لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق- ئێران (1980-1988)، ئێران پەرەشانتر لە جاران بیری لە رادەی خۆی کردەوە لە عێراقدا بە تایبەتی کاتێک عێراق وەک نەیارێکی سەر سەخت بەرەو رووی دەوەستەتەوە، یارمەتیدانی بزووتنەوەی چەکداریی کورد بە درێژایی دەیەی هەشتا و نەوەدەکان و دروستکردن و بەهێزکردنی ئۆپۆزیسیۆنی شیعە مەزهەب لە خواروووی عێراق دەچنە ناو چەوەی هەمان ئۆو ئەجێندایەی ئێران لەماوە عێراق هەیبووە. لە قۆناغەکانی دواتریشدا کاراتر لە قەبارەی دەستوەردانی عێراقی لە کاروباری ناوخۆی ئێراندا، ئێران بەردەوام چەندان کارتی بەدەستەوە بووە بە دەستوەردان لە عێراقدا یان هەر هیچ نەبێت بە کێشە خوڵقاندن بە رژێمی بەعس و سەدام حسێن. لەگەڵ ئەوەی ئەو شانیەیی لە 9/4/2003دا لە ناوجەرگەی بەغدادی پایتەختی عێراقدا نمایشکرا، مەرگی دوژمنێکی لە مژێنە و ترسناکی ئێران بوو، بەڵام ئێران جیا لەوەش ویستی رادەی هەبێت لەسەر لەنوآ داشتنەوەی عێراق تا دەساتێک لەم وڵاتەدا بێتەسەر شانەی سیاسیی لانیکەم دەستی ئێران بێت و تاران لە پێنایدا هەست بەدەنیایی و ئارامیی بکات، لە هەمان کاتدا رادەی ئەمەریکا لە عێراق و دروستکردنەوەی دەوڵەت و دامەزراوە عێراقییەکاندا لاواز بکات. ئێران جگە لەوەی دەستە دەرینەکانی (جەعفەری- مالیکی) یەک لە دوای سەرکایەتی عێراق بەدەستەوە دەگرن، هەشتا بەشەوەی جیاواز بەردەوام لە هاریکارییکردنی بزووتنەوە تووندەوە شیعەکان بە تایبەتی باڵی سەدر بە سەرکایەتی موقتەدا سەدر، کە دەکرێت بەپێین ئەم بزووتنەوەیە نوێنەر و پارێزگاری شەلگیری بەرژەوەندییەکانی ئێرانە لە عێراقدا.

پێش چوار مانگ سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نێویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئاماژە بە ئەوە دەکات چەندین کەسایەتی ئاینیی غێرە عێراقی دەستیان هەیە لە پێکهێنان و دروستکردنی چەندین گروپی ئاینیی تووندڕەو لە باشووری عێراق و هاوکاریی دارایییان دەکەن و چەک و تەقەمەنییان بۆ ڕەوانە دەکەن و بیری نەخوازراویان لێنواندا بۆ ئاو دەکەنەوە. سەرچاوەکە دەڵێت: گروپە ئاینییە تووندڕەو شیعە مەزهەبەکان لەلایەن کەسایەتییە ئاینییەکانی دەرەوەی عێراقەوە هاندەدرێن، بەمەبەستی نانەوەی پشێویی لەناو عێراقدا بۆ ئەوەی پرسەی سیاسیی هەرێس بهێنێت و شێوەی مەزهەبی و تائیفی لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی عێراقدا بڕپابێت. چەندان بەڵگەی دروست لە بەردەستی (CIA) و هێزەکانی هاوپەیمانانەدان دەربارەی قەبارەی یارمەتیدانی یاخیبووە چەکدارەکانی ناو عێراق لەلایەن ئێرانەوە، تا ئەوەی لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا (2007) ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمریکی ڕاپۆرتێکی گرنگی بڵاوکردەوە لە ژێر تایتڵی (یارمەتییەکانی ئێران بۆ چالاکییە کوشندەکانی ناو عێراق)، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: ئێران ئامێری تەقینەوەی TNT و ڕۆکێت و جۆرەها چەکی تر دەداتە عێراقییە یاخیبووەکان بۆ کوشتن و بریندارکردنی سەربازەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر ئەوەی: ڕۆکێتی (میساق 1)ی ئێرانی کە لەسەر شان دژ بە فڕۆکە دەتەقێنرێت، دوای هەوڵێکی سەرنەگرتوو بۆ خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەک لە فڕۆکەخانەی بەغداد لە ساڵی 2004دا دەزرایەوە، هێرشەها خستنی شەش هلیکۆپتەری ئەمریکیی لە ماوەی سێ هەفتەی ڕابردووەدا دەریدەخێن ئێران چەند ڕۆکێتی دژە ئاسمانی سەرشانی داوەتە یاخیبووە عێراقییەکان و لەم هێرشانەدا بەکارهاتوون. ئامانجی ئێران جیا لە خۆنیشاندانی فراوانخوازیی و سەپاندنی هژموونی شیعەگەریی بەسەر عێراقدا، لەدانیشە لە پەگەی ئەمریکا، چوونکە ئەمە ئێران لەبەردەم گەلەکەمەکییەکی نەوەوەتیدایە بە ڕەبەریی ئەمریکا ئۆیش بەهای سووربوون لەسەر سیاسەتی پیتاندنی یەرانیەم. ئەم دژایەتییەش وەهای لە ئەمریکا کردووە بە پێی پلانێکی دوورماوە بیر لە گۆڕینی ڕژێم لە ئێران بکاتەوە هێرشێک پێشتر لە عێراقدا دەستی بە بردە. نووسەر و پسپۆڕ لە کاروباری خێرهەڵاتی ناوەڕاست (تۆماس عتریشی) دەنووسێت "سیاسەتی ئێرانی لە عێراق بەو مەبەستەیە نیەیەت وەاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەست بە ئارامی و ئاسایش بکات". نووسەر درێژەی دەداتە و دەنووسێت "ئێران هەوڵ دەدات حکوومەتێکی عێراقی سەر بە ئەمریکا

نەیتە ئاراوە و پشتگیریی لە حکوومەتکی عێراقی دەکات کە دژایەتی تاران نەکات". بگرە زیاتر لەوەش هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتک دەدات لە عێراق لە تارانەوە ڕێنوونی بکرێت. وەک خەیشم پەموایە هەموو ئاستەکان بڕەو ئەوە دەدەن تاران دەیەوێت، نەک ئەوەی واشنتۆن نەخشەی بۆ داشتووە!.

ئێران لە ڕێی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە عێراقدا و هاوکات بە قورمیشکردنی چەند هێزێکی وەک سەدر و مالیکی و هەندێ لایەنی تری شیعەی تونددئاژۆ، ئەو سەرچاوەیە وشک دەکات کە کانی ئومێدی ئەمریکایە تا عێراق بکاتە بنکەیەکی سەربازیی بۆ لەشکرکێشیەکانی داهاتووی یان هەر هیچ نەبێ بۆ لەباربردنی خەونی ئەمریکا لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتکی عێراقی کە بۆئیحای ئەو نیازیی لەگەڵ ئێران بکات. لە ڕەهەندێکی تریشەوە، ئێران وەرەقەی ئەمنی عێراقی کردەتە مەرجێک بەسەر ئەمریکاوە بۆ پێیدی دەتوانێت ئەرکی سەرشانی ئەمریکا سووک بکات لە هەورکردنەوەی بارگرژیی و ناجێگیریی ئاسایشی عێراق، بۆیە هەرشکردنە سەر ئێران بە هەموو مانایەک زیاتر شێواندنی دەخی عێراقە و بەنزینەکە لە هەموو لایەکەوە ئاگری جەنگی تیرۆری تیرۆریستە دەمامکدار و دیار و نادیارەکان جێش دەدات. لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی (رسالت)ی ئێرانی لە ڕۆژی 14/3/2007 لەسەر وەختی کۆنگرەی ئەمنیی بەغدادا دەنووسێت "جەرج بوش چەند پەیامێکی لە ڕێی زاماوای خەلیلزاد و دایڤید ساترفیلدی گەورە ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە هەواڵ کرد، بەو مانایەی ئەمریکا پێویستی بە ئێران هەیە، لە دەمە دەمی دەستپێکردنی کۆنگرەی بەغدادیشدا زاماوای خەلیلزاد ئەوەی ئاشکرا کرد ئەمریکا خوازیاری دەستپێکردنی دایەلۆگێکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ ئێراندا". ئەمەش ئەو ئەگەماسە گرانبەهایە ئێران دەیخواست، لە بری پلانی ئەمریکا بۆ دەستگرتن بەسەر ئێراندا، کار بەوە گەشتووە ئەمریکاییەکان بیر لە هەماهەنگی لەگەڵ ئێران بکەنەوە هیچ نەبێت لە عێراقدا.

هەر لەو پێویستییەی ئەمریکا و تەنگژەی سوپاکەیەوە بوو، ئێران زیاتر پێداگریی کرد و بە ڕوونی داوای کرد بیر لە کشانەوەی هێزە بیانییەکان بکرێتەوە و بۆپەی جەدەلێکی ئاشکرا شێوازی پاشکشێیان دیاری بکرێت. ئەم وردە بەرزییە (عەباس ئەرەکچی) جێگری وەزیری دەرەوەی ئێرانی گەیاندە متمانەیەک لە ڕۆژی 10/3/2007 لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە بەغداد و بە ئامادەبوونی باییزی 61 وەڵاتی دراوسێ و ناوچەکە و جیهان، لە میانەی کۆنگرەیەکی

ڕۆژنامەنووسیدا بڵێت: ئێستا پێویستمان بە داشتنی خشتەیەکی زەمەنییە بۆ کشانەوەی هێزە بیانییەکان، چوونکە مانەوەی هێزە بیانییەکان یارمەتیدەر نییە بۆ چەسپاندنی ئاسایش لە عێراقدا!. لەگەڵ ئەوەشدا بە تووندی ئاوڕی ڕەت کردەوە ئێران دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات لە ژێر هەر پاساوێکدا. ئیدی دەستوەردانی ئێران لە عێراقدا بە ئەندازە و قەبارەیەکە کە وەاتانی عەرەبی سوونە ترسیان لێنیشتووە، هەر بۆیە لە کاتی دیمانەیەکی هاوبەشی تەلەفزیۆنی جەزیرەدا لەگەڵ ئایەتوڵڵا عەلی ئەکبەر ڕەفسەنجانی و دکتۆر یوسف قەرەزاوی، سەرۆکی زانایانی ئایینی سوونە. (قەرەزاوی) ڕووی دەمی کردە ڕەفسەنجانی و وتی "مەرجەعەکانی شیعە لە ئێران کلیلی چارەسەری بارودۆخی عێراقیان لە دەستە". ئێران بە سیاسەتێکی وردبینانە و نەرمەبانە توانی لە عێراقدا ببێتە دیفاکتۆ تا لە قۆناغێکی تردا ئەمریکا ناچار بکات لەگەڵیدا ببێتە سەرەزی گفتوگۆ. عێراق ئەو یانسیبە بوو ئێران توانی بیباتەوە و دەستکی تر ئامادە بکات بۆ یارییەکانی داهاتوو لەگەڵ ئەمریکا و کەی ڕۆژئاواییەکان، بەو پێیەی ئەوەی ڕووداوات پەماندەت ڕۆژ بە ڕۆژ دەستاتی ئێران لە عێراقدا زیاد دەکات.

سوریا

لە سوریا سەرسەختترین دوژمنی ستراتیژیی سەدام حسێن و هاوپەیمانی ستراتیژیکی ئێران بوو، وەاتەکەشی لانەی بەرهەستکارانی کورد و عەرەبی ئەو ڕژێمە بوو بە ماوەیەکی ئێجگار دوور و درێژ، بەڵام ڕوخانی ڕژێمی بەعس نەک خۆشحاڵی نەکرد، بەڵکو زەنگێکی مەترسی بۆ لێدا کە ئەویش لەسەر لەواری تیاچوونە و ئەمریکا خستوویەتییە ڕۆژهەو بۆ ئاوگەڵی سیستمی دەسەاتی تیایدا. دەوەتی عەرەبی سوریا بە باشی لە نیەتی ئەمریکا گەیشت، لەوەی عێراق خاڵی سەرەتا و کەتایی لەشکرکێشی و لێدانە سەربازییەکانی نابێت، بەڵکو لیستێکی دوور و درێژ لە دەوەت و ڕەکخراو لە پلاتفۆرمدا دانراون بۆ تەفروتوناکردنیان، لەوانەش دەوەتی سوریا. سوریاش دوو خاڵی لاوازی داوەتە دەستی نەیارەکانی، یەکەمیان بریتییە لە سەرکوتی سیاسیی و پەیەوکردنی حکومی دیکتاتۆریی و تۆتالیتاریی و گوشینی ماف و ئازادییەکانی جەماوەر و ستەمکاریی لە بەرامبەر کورد و سوونە و قەرخکردنی دەسەاتی سیاسیی بەشەوەی بەماوەیی. دووەمیان تێوگلانی دەوەت و دەزگای هەواگریی سوریایە لە دەزی تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری سەرۆکی پێشووی لوبنان، کە بەشکی زۆری دیکەمەنتەکان دەریدەخەن سوریا لەو کردەوەیدا بە ڕەی نەبووە، بەڵکو پلاندانەری سەرەکی بووە یان هاوکارێکی باشی ئێران و حزبوڵا بووە لە پرسەی

کوشتنی حەریریدا.

لە بەرامبەردا سوریا بە دەستوەردانە کاروباری عێراق و خوقاندنی کێشە و گرفت بە هێزەکانی ئەمریکا دەیەوێت ئاگرە سوورە لە خێی دوور بخاتەوە و ئۆگری دەستبردن بە گۆڕینی سیستم و دەسەڵاتی سیاسیی لە وڵاتەکەیدا بکاتە موستەحیل و کاری نەکردە. وەک ئازادکردنی سنووردارەکانی لەگەڵ عێراق کە لەوانەیە شانە تیرۆریستییەکان و خە تەقەنیەرەوە ناعێراقییەکان دەنە ژوورەوە، بۆگەی سەلمێنراو لە بەردەستدان نیشانی دەدەن هەواگریی سوریا بەشدارە لە مەشقپێکردنی دەیان تەن و یەکێی تیرۆریستی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق بە تایبەتی لە دەوروبەری شارەکانی موسڵ و رومادی. هەر ئەو بۆگانە هەمان دەکەن بە هەبوونی چەندان حەشارگەی تیرۆریستان لە نەو خاکی سوریادا، لە هەموو ئەمانەش بترازێ ئەو دەوڵەتە لە ڕێی هێندآ دامودەزگای تایبەتەوە لە هەوڵی دروستکردنی چەندان حزبی کۆپی و کارتێندایە تا لە کردەی سیاسیی عێراقدا ڕۆڵ بگێڕن بە ئاڕاستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی. لەگەڵ ئەمشدا دەکرێت بڵێین سەرنجی سەرەکی هەواگریی سوریا لەسەر خەتەقەنیەرەوە و گروپە چەکدارە یاخیبووەکانە ئەویش لە ڕێی پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی و شەوازەکانی مەشق و پڵاماردان و دەستیشانکردنی ئامانجە گرنگ و بایەخدارەکان بەیان. بەمە بە پلەی یەکەم تەرکیزی ئەمریکا لەسەر سووریا کەم دەکاتەوە، بە پلەی دووەمیش یارمەتی ئێران دەدات بە هێنانەدی ئەجێندای دەستبەراگرتنی عێراق و دەرپەڕاندنی هێزەکانی هاوپەیمانان.

نووسەری ئەمریکی (کیت کرین) لە ڕاپۆرتەکدا بە ناوی (پێنج هێنگاو بە کەتایی هێنان بە یاخیبوون لە عێراق) ئاماژە دەکات بە (ئەو میلیشیا و گروپە یاخیبووانەی عێراقیان گۆڕی بە شانەیەکی نائارام و پە ئاژاوە، ناتوانن هێروا بەردەوام بن لە چالاکییەکانیان بە بێ دەستبەرکردنی تەمویلێکی بەردەوام بە خەیان، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر جۆرج بوش سەرەکی ئەمریکا کە دەیەوێت ستراتیژێکی نوێی پتەوتر لە عێراقدا پیادە بکات مەسەلەی سنووردانان بە هێقووڵانی دارایی بە ئەو گروپانە بکاتە یەکێک لە ئەولەویاتی پلانەکەی). دواتر نووسەر ڕاپۆرتەکەی بەم پەڕگرافە قفڵ دەکات "ئۆگەر بێتو ئامازەکانی فیشەک و بەمب شکستیان هێنا لە پرسەی لە ناوبردنی یاخیبووەکان و ئێندامانی میلیشیا چەکدارەکاندا، بەڵام لانیکەم وەستاندن و وشککردنی دارایی و پارەکان لە گیرفانیاندا باشترین ئامازە بە لەناوبردنیان". شتێکی شاراوەش نیە سوریا یەکێک لەو

دەوڵەتانەیە سەرچاوەیەکی نایابی دارایی و لۆجیستی ئەو گروپانەیە، بەبێ هەبوونی ئەم دەوڵەتە لە تەنیشتی عێراقدا دەکرا تیرۆر و کاری تێکدەرانە لە نیواونیو زیاتر لەوەی ئێستا هەیە کەمتر بوایە. بە لەوەش وەاتانی دەوروبەر لە ڕێی بازرگانیکردن و ئاوگۆی کاناوە لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکان یارمەتییەکی باشی مانەویان دەدەن، بە تایبەت ئەو میلیشیایانەی نزیک بە دەسەاتی سیاسیی عێراقن و لە هەمان کاتدا بەشێکن لە پرۆسەی توندوتیژیی سیاسیی و مەزهەبیی.

کیت کرین دەنووسێت (بەدەر لە یارمەتی حکوومەت بە میلیشیاکان لە ڕگەی کار و پێستەکانەوە، سەرچاوەی دووەمی یارمەتیدانیان لە ڕگەی ئاودیوکرن و فرۆشتنی سووتەمەنییەوە دەست دەکەوێت. کاتێک لە دەرەوەی عێراق دۆیفرۆشن و ملیۆنان دۆلار بە میلیشیاکان دەستبەر دەکات). ئەوەی لەم بازرگانییەدا لەگەڵ میلیشیاکان بە پلەی یەکەم دێت کەماری ئیسلامی ئێران، پاشانیش سوریا و تورکیا. قەبارە و بارستایی دەستەوەردانەکە هەرچی چانێک بێت هەندەی ئەوە گرنگ نییە، ئەوە سوریا ژێدەرێکی ترسناکی خوڕقاندنی پشێویی و نائارامییەکانی ناو عێراقە و لە چاندان کێنان و دەروازەی جیاجیاوە داخڵی عێراق بووە و لەسەر ساحڵی ئەو جەنگێکی دەاوی ناپیرۆز کە تەنها ووەاتیان و عێراقییەکان تیایدا زیانبارن بەوە دەبات. تا نهێش لە میحوەری عێراقەوە گوشارێکی جیددی لەسەر سوریا نەبووە بە ئەوەی ناچار بکرێت سنوورەکانی تووند و تۆ بکات و مقەست بدات لە داوی پێوەندییەکانی بە گروپە نەخوازراوە چەکدارەکانی ناو عێراقەوە، بە پێچەوانەوە ئەمریکا لە قۆناغی تروە مێدانی بەربەرەکانی لەگەڵ کردەتوە، ئەویش قۆناغی لوبنانە کە دوای ناچارکردنی سوپاکەی بە کشانەوە لەو وەاتە، تاوانباریشی کردووە بە تیرۆرکردنی ڕفیق حەریری و هاندانی گروپە یاخیبووەکانی ناو لوبنان و دەستوردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وەاتە. ڕاستە سوریا لەلای لوبنانەوە قۆناغی بەاوە و ڕگوێشەی دەرهێناوە، بەڵام قۆناغێکی تری لە عێراقدایە و خەریکە ڕگ دادەکوتێت.

تورکیا

بە هۆی پشکداریی نەکردن لە پرۆسەی روخانی ڕژێمی بەعس و ڕگریی دروستکردن لە بەردەم بەکارهێنانی ئاسمانی وەاتەکییان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لە جەنگی دژە عێراق، تورکیا کەنارگیر کراوە لە بەیاردان لەمە چارنووسی عێراق و هیچ کاریگەرییەکی جیددی و بەرچاویشی نەبووە لە عەمەلیەی سیاسیی سەرلەنوێ داشتنەوەی عێراقدا. تا وەختێک ئاوەی دایەوە دوژمنە لە مێژینەکەی

(کورد) لە چەپڵەپەی دەستپێکداتدایە و ئەکتیڤانە لە گەرمە و کۆشە و مڵمڵانێکانی عێراقی هەنووکەدا دەرکەوتووە. تورکیا چەندان جار هەوڕێدا لە ڕێی بەکارهێنانی کارتی (PKK)ەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەشکرکێشی بکاتە سەر خاکی باشوور، ئەم کارتە تا ئێم چرکەساتەش بەدەستێوەیەتی و دەیەوێت لەڕێگای ئەمریکاوە گۆڕینی سوزی ئەکەی بە هەڕەشەبکرێت و مەژووخەی دووبارە بکاتەوە چۆن لە شەوەکەدا (قوبرس)ی داگیرکرد کوردستانیش داگیر بکات!!. بەڵام تا بە ئەمڕۆ دەگات ئەمریکا ئەو مافەی بە تورکیا نەداوە بە ئەنجامدانی کارێکی لەو بابەتە، چۆن ئەو لەشکرکێشییە لەلایەک هەڕەشەکوتانە سەر ئەمریکایە بە دەلیلی ئەوەی دەستگاتی داگیرکەرە و وڵات لە دەستی ئەودایە، لەلایەکی ترەوە تێکدانی ئەو بڕە ئاسایشییە لە باشووری کوردستان هەیە کە وەک دورگەیەکی ئارامی لێهاتووە بە ئەرتەش و هەزەکانی هاوپەیمانان و جێبەجێکردنی هەندێ ئەجیندای خۆیان تیایدا.

پاشتر تورکیا لە ڕێی پاساوی ستەمکردن لە تورکمانەکان لە کەرکوک و بە بیانووی لەمپەردانان بە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی لە باکووری عێراقدا، چەندان هەوڵی سەرنەکەوتووی دا، بە قایلکردنی کۆشکی سپی تا لەشکرکێشی بکات، خۆشبەختانە هەموو هەوڵەکان ناکام مانەوە و هیچ هیوایەکیان بە تورکیا لە سووز نەبوو. تاکە میکانیزمێک بەدەستییەوە مابێتەوە هەندآ لایەنی وەک بەڕێی تورکمانییە، ئەویش بە هاندانیان بە کەسپ و تێگرە دروستکردن لە بەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی سەد و چل، بە تایبەتیی لە قووڵایی شاری کەرکوکدا. نووسەری تورک (سەمیح ئیدیز) دەنووسێت (بەهەی یەدەگە نەوتییە زۆر و زەوەندەکەیەوە کەرکوک هەمیشە خاڵی مڵمڵانێی نەودەوڵەتی بووە، هەروەک ڕابردوو دووبارە کەرکوک لە سایەی ترس و تۆندوتیژیدا دەژی). یەکێک لە نزیکترین ئەو وڵاتانەی چاوی لە نەوتی کەرکوک بڕیوە تورکیایە، هەر بۆیە لە ڕێی وروژاندنی هەستی تورکمان و شێواندنی زیاتری باری دیمۆگرافی کەرکوک و چەواشەکردنی ڕای گشتیی جیهانیی، باری گەڵاوی شارەکە وەک خۆی دەهێڵێتەوە و ڕێگریی دروست دەکات بە گەڵانەوەی بە ناو جوگرافیا ڕەسەنەکەی کە کوردستانە، ئەمەش ئەو ستراتیژییە تورکیا چەندان پلانی بۆی هەیە و دەیان کۆنگرەی لە وڵاتەکەیدا بە بەستووە و دەیەوێت زەرترین عێراقی لە دەور کۆبکاتەوە. هەرچەند هەوڵەکانی تورکیا هەندەی ئێران کاریگەر نەبووە، بە حوکمی ئەوەی کارتی دەستی تورکیا کە تورکمانە کەمینەیە لە عێراقدا، هەرچی کارتی ئێرانیشە کە شیعەیە زۆرینەی ڕەهان و لە نیوەی زیاتر دانیشتووانی وڵاتەکەی

تێپەڕاندووە، بەڵام هەشتاش ناکرێت حیساب لەسەر دەستوەردانەکانی تورکیا نەکرێت یان بەهند وەرنەگیرێت.

ڕەهەندێکی تری دەستوەردانی تورکیا، هاریکاریکردنە لەگەڵ هەندێ لە جاشە کوردەکانی باشوور و بەتایبەتی لایەنی سوننە و شیعەی ڕەگەزپەرست بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە دژی دەوڵەتی نوێی عێراق و خواستی فیدراڵیزمی کوردەکان و ماددەی سەد و چل. هەر لە خۆا نییە دوای متبوون و چوونە قاوغەکەی خۆیەوە جارێکی تر جاشی مژووی (ئەرشەد زێباری) سەر دەردەهێنێتەوە!!، ئەمجارە وەک سەرکەی پارتێکی بەکرێگیراو کە ئامانجی دژایەتیکردنی ماددەی سەد و چل و فیدراڵیزمە. دووبارە ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرا و شەفافە بۆ سەلماندنی دەستوەردانی وڵاتانی هەرێمیی لە کاروباری عێراق و کوردستاندا بە دیاریکراویی لە پرسەکانی گرێدراو بە چارەنووسی شاری کەرکووکەوە. تورکیا بە هەموو جۆر و لە هەر ڕەگەزێکەوە دەستبدات بۆی دەستوەردەداتە کاروباری عێراقەوە، ئامانجی ئەو جیایە لە ئامانجی ئێران و سوریا چون لەبەردەم تەهدیدی گەلان و ڕووخاندا نییە، بە قەدەر ئەوەی خۆنی لەباربردنی هەر نیمچە دەسەاتێکی کوردیی هەیە چوونکە هەر ڕەنیسانس و سەرهەڵدانەوەیەکی کورد لە باشوور بە سەرتایەکی مەترسیدار دەزانێت لەسەر خۆی بەو پێیەی هانی کوردەکانی باکووریش دەدات لە دژی دەوڵەت، لە هەمان کاتدا پاپشتێکی ماددیی و مەعنەویی دەبێت بۆیان لە خەباتکێیاندا بۆ ڕزگاریی کوردستان و دەرهەنانی لە ژێر چەپۆکی کەمالیزم و تەرانیزم.

وڵاتانی عەرەبی (سوننە)

لە بەرامبەر دەستوەردانی سوریا و ئێران وەک دوو دەوڵەتی شیعە، دەوڵەتانی عەرەبی سوننە کاردانەوەیان هەبووە و هەوڵیانداوە ڕەنگدانەوەیان لەسەر دۆزی سیاسیی و واقیعی ئەمڕۆی عێراق هەبێت. لە ڕیزی پێشەوەی ئەم وڵاتانە هەریەک لە عەرەبستانی سعودی و میسر و ئوردون و قەتەر هەن. ئەم دەوڵەتانە ترسیان لەنیشتووە لەوەی یەک پارچەیی خاکی عێراق لەبەردەم هەڕەشە و ترازاندایە و ئەگەری پارچە پارچەبوونی لە هەر ئەگەرێکی تر بەهێزتر و نزیکترە، ئەوان لە ڕێی دەستگیرێییکردن و یارمەتیدانی عەرەبی سوننەی لەسەر کار لابراوەوە خوازیارن زامنی یەکپارچەیی خاکەکەی و ناسنامەی عەرەبێتی عێراق بکەن!!. (بەبی غوش) دەنووسێت: وڵاتە عەرەبییەکان ترسی ئەوەیان هەیە کەماری ئیسلامی ئێران ببێتە سەرکیترین دەسەاتداری ناوچەکە، سەبارەت بەمەش چەندین جار بەرپرسانی عەرەبستانی سعودیە و میسر و

قەتەر و ئوردون رەخنەیان لە بڕیارسانی وەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرتووە لە بڕامبەر بەدەنگی و هاوڕەستی وەرنەگرتن سەبارەت بە فراوانبوونی دەسەڵاتی کەماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا.

لە ساڵی 2004 شا عەبدوڵڵای پادشای ئوردون هەشداریی توندی دا بە بڕیارسانی کەشکی سپی لە مەترسی پەیدابوونی ئیمپراتۆریەتێکی شیعە کە ئێران و عێراق و سوریا و لوبنان بگرێتەوە. ئەمە یەکەمین لێدانی زەنگی مەترسیی دروستبوونی هیلاڵە شیعییەکە بوو لایەن سەرکەکی عەرەبی سوونەوە. حوسنی موبارەکی سەرکی میسریش ساڵی 2006 رایگەیاند (شیعەکانی عێراق ئەوەندەی خۆیستیان بە کەماری ئیسلامی ئێران هەیە، ئەوەندە خۆیستیان بە وەتانی خۆیان نییە کە عێراقە). بەم جۆرە وەتانی عەرەبی سوونەن لە ترسی دروستبوونی هەژموونێکی بەهێزی شیعیی و هاتنە کایەی ئاوەی پڕی دەوترێ (نیوە مانگی شیعیی) لە ناوچەکەدا بە هەموو هێز و توانایەکیانەوە پشتگیریی عەرەبە سوونەکانی عێراق دەکەن وەک ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی ئیمپراتۆریای شیعە و پارێزگار لە دیدی عروبە و شوناسی عەرەبەتیی دەوڵەتی عێراق. تەنانەت سعودیە کە خۆن بە سەرکردایەتیکردنی دنیای عەرەبیی و سیاسەتی جیهانی عەرەبەوە دەبینێت لە هاوڕەیی زیاتردایە و دیدارێت لە ناوخۆی خودی ئێراندا مادی سوونەی بجوڵێنێت (وەک جوانمەردیشی)، بەڵام ترسی لە پڕچەکرداری ئێرانە لە هەژاندنی ناوخۆی سعودیە لەڕێی ئاو ژمارگەلە زەرەی شیعەی وەتەکییەوە، ئەمەش سەرئێشەیەکی نەبڕاوە و ژانەکی ئەبەدیی بە عەرەبستانی سعودیە دەهێنێتە ئارا.

هەر بۆیە تا ئێستا عێراق مەزی دەست شکاندنەوە و قوماریان بووە و مەیدانی ناکۆکیی و کێشمەکێشکانیان نەگواستەتەوە بە ناوخۆی وەتەکانیان. هەر لەو میانەیدا ئەم وەتانە بەردەوام سەرقاڵی سازدانی کۆنگرە و کۆنفرانسی جۆربەجۆرن سەبارەت بە عێراق و چارەسەرکردنی دۆخی ناهەمواری ئاسایش، بەڵام لە واقیعدا ئامانجی هیچکامیان وەستاندنی نزیفی خوێنی عێراق نییە، بەڵکو ئەو کۆنفرانسانە تەنە دەرفەتێک بوونە بە دەزینەوەی سەردەوی بەرژەوەندییەکانیان لە عێراقدا و ئامادەکردنی ڕەوشەن بە پارێزگاریلەکردنی. هەروەک نووسەری عەرەب (غەسسان ئیمام) دەنووسێت (تراژیدیای عێراق هیچ چارەسەرێکی نییە لە ناوخۆی عێراق خۆیدا نەبێت، هەرچییەکی تر بکرێت دواخستنی چارەسەر و درێژدانە بە ململانێکان و درێ گەینەوەیە لە ناوەوە و دەرەوەی کۆنگرەکاندا).

گەپانی عیراق بوو بە مەیدانی دەستوەردانی وڵاتانی ناوچەکە و جەنگی یەکلاکەرەوەی ناکۆکییە قووڵەکانی هەریەک لە دوو دەوڵەتە هەرەمییەکان، ترسناکترین دیمەنیش ئەوەیە شەڕەنجەی عیراق شەڕەنجەکە بە شێوەی مەزهەبیی و مەژووییی نەوان وڵاتانی شیعە و سوونەن.

هەژموونستی ئەمریکا

ئەندریە باسیڤیچ لە (The Nation)دا دەنووسێت: هەموو سیاسەتمەدارێکی ئەمریکی بەردەوام ئەم پرسیارە لە خۆی دەکات (ئایا نەخشەی ئەمە لە عیراقدا چییە؟)! هەکاری ئەم پرسیارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شکستانەی لە نەو عیراقدا بەدی دەکرێن، لەو ساتەوەی عیراق ئازاد کراوە سەقامگیریی بەخۆوە نەدیوە، ڕۆژانە بەردەوام تەقینەوە ڕوودەدات، هەر پلان و نەخشەیەک پەیڕەو دەکرێت دەرئەنجامەکی نەگەتیڤتری دەبێت. ئەمریکا لە ڕووبووەوەی تیرۆریستان و قەڵاچۆکردنیان و جەنگیرکردنی ئەمنییەت بە بنبەست گەیشتووە و هەموو پلانەکانی یەک لە دوای یەک شکستیان هێناو و نەیتوانی کەمترین سەرکەوتن مسۆگەر بکات، تەنانەت جەنگی عیراق و ئەو بارە نەخوازراوەی لە بەغداد و شارەکانی تردا بوونی هەیە، ناڕازایەتییەکی تووندی لە ئاستی جیهانیدا لە دژی ئەمریکا دروستکردووە تا ئەو سنوورەی بزووتنەوەی ئەنتی ئەمریکایی لە بەهێزترین وەرزی تەمەنیدایە. ئاژانسی هەواڵی (فرانس پرێس) لەو بوارەدا و لە بارەی نیگەرانییەکانی وڵاتانی دنیا لەمەڕ ڕۆڵی پۆلیسی جیهانیی ئەمریکا ڕاپرسێکی ئامادە کردووە، ڕاپرسێکە هەما دەکات بە وتەی (کریستۆفەر وتینی) بەڕێوەبەری توێژینەوەکان لە ئەنجوومەنی شیکاگۆ بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، لەمە ڕاپرسییەک کە 18 وڵاتی گرتۆتەوە (ئارەزوویەکی ئاشکرا و ڕوون هەیە سەبارەت بە هەژموونستی زەر نەگەتیڤ و بەرجەستە بوو بەرامبەر بە ئەمریکا بە هەی شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی). لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا ئەمریکا کام ڕێگا دەگرێتە بەر؟ ئایا پلانی نوێی چییە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی عیراق؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ دەستوەردانی هەرەمیی دەکات؟ ئایا سیاسەتی توندوتیژ و زەبروزەنگ ئامێز دەگرێتە بەر یان گفتوگۆ و فەرمی ئاشتیانە؟.

ئەوەی لە ڕوشنی عیراقدا بەدی دەکرێت پێچەوانەی ڕوانینەکەی کەنەل (سام گاردینەر)ی کەنە ئەفسەری هێزی ئاسمانی ئەمریکا نیشان دەدات، کە پێیوایە عیراق و تەنگژە قورسەکانی ڕێگر نین لەبەردەم هەرشکردنە سەر ئێران، سەرقاڵبوونی ئەمریکا بە مانای

وازهێنان لە ئێران نایەت. هەموو ئاماژە و سەرداوەکان دەبن ئەمریکا خوازیارە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و سوریا گفتوگۆ بکات بە دەزینەوەی میکانیزمێکی چارەسەر بۆ دۆخی عێراق و ناجێگیریی ئارامیی و ئاسایش بە دیاریکراویی لە بەغدادی پایتەختدا. دانیاڵ سیرێیەر لە ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی فەڕەنسیدا دەنووسێت "وەڵامی نکۆڵیکردنی کۆشکی سپی لەگرتنەبەری هیچ سیاسەتێکی نوآ بەرامبەر سوریا و ئێران، بەڵام لەڕاستیدا سیاسەتی پێشووی خۆی دەستکاریی کردووە و دانوستانێکی چەند قۆناغی لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا دەستپێکردووە، دەیەوآ چیدی ئێران و سوریا کەسپ نەخەنە بەردەم کارەکەی لە عێراقدا..".

لەلایەکی تریشەوە (ئانی قیلادەرتی) لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا ئاماژە دەکات بە وتەی کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بارەی سازشکردن لەگەڵ ئێران و سوریا و لە زاری ئەوەوە دەنووسێت (ئیدارەی سەرۆک بوش خوازیارە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەی ئێران و سوریا بکات سەبارەت بە سەقامگیرکردنی بارودۆخی ئاسایش لە عێراق). قیلادەرتی جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە پسپۆرانی ئەمریکیی پێداگریی لە بارەی پێویستی دانوستان لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا دەکەن لەمڕۆ فایلی ئەمنیی لە عێراقدا. لەڕووەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی ئەمریکا ئامادەیە سازش لەگەڵ ئێران و سوریا بکات، بەڵام لە بەرامبەر چی و ئەو دوو دەوڵەتە بە چ مەرجێک هاوکاریی دەکەن؟ هەبەتە لای خۆیانەوە هەر لایەکیان مەرجیان هەیە، بەڵام ئاخۆ ئەو مەرجانە لەسەر حیسابی کێ بن؟ ئایا گۆڕەکە لەسەری کام لایەن و کام پێکهاتەی عێراقیدا دەشکێت؟. کارساتەکەش لەڕووەوە دەست پێدەکات، ئەمریکا نەک هەر ناتوانێت لەپرسینەوە لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە بکات، بەڵکو ئامادەیە نەرمی بنوێنێت لەگەڵیان بە ئەوەی یارمەتی سەرکەوتنی بدەن لە تەنگژەی عێراقدا، ئەو تەنگژە قورسەی لە دوای ڤێتنامەوە نە بۆخۆیەوە دیوە و نە لەوانەشە قەت جارێکی تر بۆخۆیەوە ببینێت.

دەزی کورد

دەستوەردانی هەرەمیی و کارتێکردنی وڵاتانی ناوچەکە لە دۆخی عێراق، زەرترین ڕەنگدانەوەی هەبووە لە فەرمانڕەوایکردنی عێراق بە شێوەیێکی تر، جیاوازتر لەو شێوەیەی ئەمریکا بە تاکلایەنە بیاری لەسەر دابوو. بەکارهێنانی کارتی ئاسایش لەلایەن سوریا و ئێرانەوە و دوورخستنەوەی تەواری شێ لە دەوڵەتکانیان نەک پاراستنی لە هەڕەشە و مەترسی داووخان بگرە ئەمریکاشی ناچار بە دانوستان و

گفتوگۆ کردووە لەگەڵیان. بەگومان لە حاڵەتێکی لەو شێوەیدا ئەمریکا لە هەندە داواکاریی خۆی دەتە خوارەوە و بەدیفاکتۆ هەندە سازش دەکات کە ڕەنگە لە دژی پێکهاتەیەک یان چەند پێکهاتەیەکی ناو عێراق بێت. لە دەستوەردانی هەرەمی نەیتوانی باری جۆگیری ئاسایش لە کوردستان بشێوێنێت "چوونکە ئامانجی نەبوو" بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە کورد یەکێک لەو پێکهاتانەیە باجی ئەو دەستوەردانانە دەدات. ڕەنگە گرنگترین باج دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بێت، تەنانەت دەنگەی ئەوە هەیە ئەمریکییەکان داوایان لە (جەلال تاڵەبانی) سەرۆک کۆماری عێراق کردبێت بە دواخستنی ئەو ماددەیە بە تایبەت لە شاری کەرکوک، ئەمە دیسان بەڵگەیەکە لە مەڕەمی دووڕوویی هەرەمیی لەسەر بیارە نوێیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان. کورد کە بەهرەمەند نییە لە هاوکاریی هیچ دووڕوێتکی دراوسێ و بنە و بارگەی لە هیچ کام لە وڵاتانی هەرەمیی نەخستووە، قوربانی سەرۆکی ئەو دەستوەردانانە بووە و دەبێت. لەلایەکی ترەوە پەداچوونەوە بە بڕگەکانی دەستووری عێراق و هەموارکردنی چەند بڕگەیەکی نوآ کە مافەکانی کوردی پەدەگەڵێت بە بآ مافیی، بڕگەیەکی تر و ئاوێنەیەکە پەمان نیشان دەدات ئەگەر بە دەستێک ماف بدرێت بە کورد لە عێراقدا سەدان دەست ئامادە کراوە بە لەسەندنەوەی.

کورد زەرەرمەندترین پێکهاتەی عێراقە و دواجار سەنگەرەکەی بەسەردا دەوخێت، شیعەکان بە پاڵپشتی ئێران و بە هەکاری زەرینەی دانیشتوان حاکمی جاویدانی عێراقن، سوونەکان بە هاوکاریی وڵاتانی عەرەبی و هەزی خۆتەقێنەرەوەکان بوونەتە ئەمری واقیع و ئەمریکییەکانیشیان ناچار بە دانوستان و سازش کردووە. لەو نەوەندەدا کورد بە تەنیا و بە هیچ دەست و پاڵپشتێک، بە دوای عەشقێکی وەهمی و تاکلایەنەی ئەمریکادا را دەکات!!، ئەو ئەمریکایەی لە ڕاسپاردەکانی بیکەر- هاملتنەوە یەکەم زەنگی پشتگەردنی بە لەدا و ئامانج خەریکە بە بەرچاوی هەموو دونیاوە ئەوەی دونە بە خوێن و ڕەنج بە دەستی هێناوە لە بەرداشی سازشکانیدا دەیهاوێت و لەناوی دەبات. کورد تاکە پێکهاتەیە بە قورسیی باجی ئەم دەستوەردانانە دەدات لە ئایندەدا. هەر لەڕوی جۆی خۆیتی ئاماژە بکەم، بە ئەوەی جگە لە کورد کەمینەکان بە هۆی بارودۆخی ناجۆگیریی عێراق و نەبوونی پشت و پەنای دەرەکییەوە لە توانەوەدان و خەریکە لە هەموولایەکەوە تیا دەچن.
بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی کەمینە نەودەوڵەتییەکان لە ساڵی 2007دا، کەمینەکانی نەو عێراق بەرەو لە ناوچوون دەچن، وەک

مندائییەکان کە پێش ساڵی 2003، ژمارەیان (30000) کەس بووە، بەڵام ئێستا لە (13000) کەس کەمترن، جولەکەکان پێش ساڵی (2003) سەدان کەس بوون، بەڵام ئێستا تەنها پێنج کەسیان لە عێراق ماونەتەوە، پێنابەرە فەلەستینییەکان ئەوانیش پێش ساڵی 2003 ژمارەیان (35000) کەس بوو، ئێستا لە (15000) کەس کەمترن. بەشار ئەلسەبتی وتەبژێی ئەنجوومەنی کەمینەکانی عێراق دەڵێت "گەورەترین مەترسی مەندائییەکان ئەوەیە ڕووبەڕووی نەمان دەبنەوە". ئەمەش لە دوای کوشتنی دوعای کچە ئەزدییەوە پەلاماردانی ئەزدییەکانیشی وەک بەشێک لە نەتەوەی کوردی هاتۆتە سەر، بەیە عێراقی نوێ، عێراقی زلهێز و خاوەن دەسەڵاتە لە بەن نەهاتووەکانە، ئەوانەی دەسەڵاتکانیان پشت ئێستوورە بەهێزی دڕێکی و ناوچەیی. کورد هیچ کەسی لە پشت نییە!، وا بزانم ئەوەندە تاوان و ڕەفتاری نەشیاومان ئەنجامداوە چیاکانیش پشتیان تێکردووین و چیتر دڵستمان نەماون.

چارەسەر چییە؟

ئەرکی ئێم نووسینە نییە وەڵام بە پرسیاری چارەسەر چییە بداتەوە؟ بەڵام هیچکات دیواری ئەعزەمییەی چەقی شاری بەغداد کە شارەکەی دوولەت کردووە چارەسەر نییە، بەڵکو هەڵچنینی شوریەک (مەبەستم دیوارێکی مەعنەویە نەک دیواری چین) پێویستە بە چوار دەوری عێراقدا، بەئەوەی لە پێش هەر کارێکەوە بەرەنگاریی سنوور بەزاندن ببێتەوە و پارێزگاریی لە سەروەریی خاکی عێراق بکات. لەگەڵ ئەوەشدا تا عێراق بەم جۆرە و بەم جوگرافیا دەستکرد و داسەپاوەوە بمێنێتەوە، کورد وتەنی (تا ئێم بایە لەو کوونەوە بێت) دەستەوەردانی هەرەمیی و نەودەوڵەتی لە عێراقدا هەر دەمێنێت. شیعەیەکی عێراقی ئەوەندەی ئینتیمای بە شیعەگەریی و ئێران هەیە چارەگی ئەوە عێراقی نییە، کورد دوای هەشتا ساڵ بە عێراقیکردن و کەمەکوژیی تا نهە بە چرکە ساتێکیش لە قەناعەتەوە خێی بە عێراقی نەزانیوە و نازانێت. دابەشکردنی عێراق بە سەر سێ دەوڵەت، کێشەکان لە بناغەوە چارەسەر دەکات و دەبێتە فاکتەرێک بە بەرقەراربوونی ئاشتی لە سەرجەم ناوچەکەدا.

ماکس ج. بووت نووسەر و توێژەری سیاسیی ئەمەریکی لە ڕۆژنامەی (لەس ئەنجلەس تایمز)دا دەنووسێت "زۆر کەس ئێستا دژی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی یەگسلاڤیایە لە عێراق، واتە عێراق دابەشبکرێت بە سێ دەوڵەتی سەربەخۆی سنوور جیاواز و سەروەرێتی سەربەخۆ و هاوبەش لە کەمەک مەسەلە کە تایبەتمەندێتی جۆپۆلەتیکی عێراق دەیسەپێنێت، بیرمان نەچێت لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووش هەمان بەرهەستکاریی

بۆ بیرکەی دابەشکردنی یەگسلاڤیا دەکرا و دەبینرا، بەڵام دواجار هەموو لایەک بەو قەناعەتە گەیشتن لە وەاتەکی پەکھاتە جیاواز کە بنەمای پەکەوە لکاندنیان بۆ یەکەوە ئارزووماندانە نەبووە، دابەشکردن و سەربەخۆبوونی هەر نەتەوەیەک لە پەکھاتەکانی ئەو وەاتە باشترین چارەسەرە بۆ سەقامگیربوون و پێشکەوتن، ئەم چارەسەرە بە رای من لەگەڵ چارتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا دەتەوە، بەو پێیەی سەرکیترین ئامانجی بریتییە لە دەستەبەرکردن و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان".

کورد بۆ زۆری زۆرداریی کراوە بە عەراقی بۆچی باجی عەراق بدات؟ بۆچی بۆ ئاگری شەڕی سوونە و شیعە بسووتێت؟ بۆچی باجی هەڵەکانی سەدام و جەعفەری و مالیکی و کۆ و کە بدات؟. شیعەیەکی خواروو عەراق و زەنگاوەکان چی دەبەستەتەوە بە شاخەکانی کوردستانەوە؟ کوردەکی کێڕیی کۆستانشین چی بۆ بیابانە کاکی بۆکاکییەکانی عەرەبستانەوە گرێی دەدات؟ جامانە و عەگال، شاڵ و دشداشە، خورما و گوڵز، کەوی کوردستان و هوشتری بیابان چی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە؟ جگە لە درۆ و وەهمی عەراقی داسپاو نەبێت !! باشترین چارەسەر و کارسازترین هەنگاو بۆ دەرچوون لەم قەیرانەی ئەمڕۆی عەراق دابەشکردنێتی بە سەر سێ وەڵات، ئاخر دەزانن ئەزموونی تاڵی یەگسلاڤیا وامان پێدەڵێت؟!.

*ئەم وتارە شیکارییە پێش یانزە ساڵ بە دوو بەش لە ژمارەکانی (228-229)ی ڕۆژنامەی (کوردستان راپەرت) لە ڕۆژەکانی 17-18 یونی 2007 بڵاوبووەتەوە.

تێبینی: کەی ئەم شیکارییە وەک بەشی سێهەمی کتێبی "گەمەی شەیتان" لە لاپەڕە 109-130 چاپ و بڵاوکراوەتە. کە ئەو کتێبەش بە چاپی کاغەز لە سەرەتای ساڵی 2018 لە ناوەوە و دەرەوەی وەڵات بڵاوکراوەتەوە

مەیڵەن بمرم، من بناغەی

سەرمایەکانتانم، بۆ ڤاکسینم مەکەن!.. عبدالرحمن محمد (مەلا ڕەحمان ئاوارەکان)

ئەمەی خەڵکانی ووڵاتانی تازەپێگەیشتوو، ئەگەر لە بەرەوو پێشچوونی زانستدا بەشدار نەبووینە، نموونەی ؛زانستی ئابووری و کشتووکاڵ و کارەبا و ئەستێرەناسی(ئەمەش دەتوانین بە وەرنەگرتنی هیچ یەک لە خەڵاتە جیهانیەکان بسەلمێنین،وەک خەڵاتی نۆبڵ) ، بەڵام لە دروست کردن و گەرم کردنی بازاڕدا بە شت و مەکی دروستکراوی وڵاتە پێشکەوتوو و پیشەسازیەکان سەرقاڵین! بۆ تایبەتی ووڵاتە بە ناو ئیسلامیەکان، کە تایبەتمەندن لە عیبادەت و خواناسیندا، ئەم ژیانەیان بە لاووە شتێکی کاتی و بە سەرچوو، بۆیە خەیان بە زانست و پیشەسازیەووە خەریک ناکەن! لە بەرامبەر ئەمەدا، سروشت کەمێک کانزا و سەروەتی ژێرزەمینی پێیان بەخشیووە، کە بریتین لە چەند چاڵێ بیرێک لە نەوت و گاز، کە تا ئێستاش ڕەواج وبازاڕی گەرمە وەووەی پەرەپێدانی گۆشەی پیشەسازی ئاوایی پێ دەچێت پێشووە، بەڵام وا کەمێک شەوازی تر لە ووزە، لە چێشنی ووزەیی خەر و ووزەیی با و ووزەیی ئەتەم خەریکە جێگەی دەگرێتەووە.

بە ئەمەی ئابووریناس جێگەی پرسیارە دواڕۆژی ئەو کەمەگا بە زانستانە، کە تەنها وەک گیاندارێکی کووی لە سەر سروشت دەڵەوەڕن، دەبێت دواڕۆژی نەوکانی داهاتوویان چۆن بێت!؟ بەڵام کەمەگا خەیان دەڕەن(خودا دەلیل و پشتیوانی خەکی داماوە و بە برسێتی نامانهەێتەووە!؟) ، کەواتە دەتوانم بەم ١٠٠٪ بازاڕین بە ساغ کردنەووەی کاکان، وە تا ئێستاش هیچ تروسکاییەک نیە، کە ڤاکسینەکی یا پەکووتەیەکی دژە ڤایرەس لە دواڕۆژدا، لە بەغدا و ەیاز و تاران و مەقادیشۆ و کابوڵەوە دروست بکرێت بە مرۆڤایەتی.

ڤاکسین یا پەکووتە، بە ماوەی چەند مانگێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە کار دەهێنرێت و هەندێکیشیان بە دووەم جار و سێهەم جار وەری دەگرن! تا ئێستا دەنگێک نیە لە کوتانی خەکانی کەمەگا تازەپێگەیشتووەکان !؟ ئایا ئەم هاوکێشە، لە کاتییدا کارساتبار نابێت؟ ئایا جیهانی بوون ناکۆکتە مەترسیەووە؟ ئایا ئاوستانی ژیان لە کەمەگا دواکەووتووەکان یا تازە پێگەیشتووەکان، چ کاریگەرێک لە سەر ئەوەووەی ئابووری و پیشەسازی، وڵاتە پێشکەوتووەکان دادەنێت؟ ئایا کێکەی سەرمایە لە جەسارێکی زەوی،

نەبەستراوەتەوە بە جەمسەرە هەژارەکەی تر؟ ئایا لەجیکە، نیوەمان بمرین لە بە ڤاکسینی، نیووەکەی تر خەیان بتوانن ، نان و جلو بەرگ بە خەیان دابین بکەن؟ سەدان پرسیاری تری وورووژێنەر!؟
با ئەمە، خەڵکی هەژاری کەمەگا، بە تەزبیحەکەی دەستمان بێت، یا بە کەمەڵک بەرد و زیخ و چەو بێت، چونکە نەخوێندەوارین! با بزانین بە نەمانی ئەم جیهان چی بەسەر دێت، یا وەاتە پشکەوتووەکان؛ هەژانە لە سایت و پێجە کوردیەکاندا، دەیبینین و دەیبیستین، سەدان ئەتەمبەل وەردەگەڕێن ، سەدان کەسی بریندار دەبڕێن بە نەخۆشخانەکان، ئەم تەنها لە کوردستان! کە وەاتەکی پە نەوت و قیر و دەوڵەمەندە، جا دەبێت لە بەنگلادیش و فلیپین و تەنزانیا چی کارساتێک بێت!؟ با بینووە سەر جادە و بانەکەی کەلار و کفری و دەربەندیخان و سلەمانی، ئەم ئەتەمبەلە وەرگەڕاوانە، چەند پارچەی یەدەکی دەوێت بە چاککردنەوە، ئەگەر بە تەواوی تێکشکابێت، ئەووە ئەتەمبەلەکی نوە دێتە جگەی! بریندارەکان، چەند خەرجیان دەبێت!؟ سندوقەکەکەی دایکم، لە لوقوم وبسکیت و شیرینیەکانی تر ووە، ئەگەر دروست کراووی دەرەوەی کوردستان نەبێت، بە دەنیایی، پێکهاتەکەی لە شەکر و ڕەن و ئەو تام و بۆنانەی تێیان دەکرێت لە دەرەوە هەنراون! تێقینووەی ئەو بەمب و مووشکانە، کە بەجگە لە خەرجی خەیان، ئەو وەرانکاریانە لە ژێرخانی کەمەگا لە جادە و کارەبا و تەلەفۆن و ئاو و ئاوەڕۆ، لە کاتێکدا کە خەمان ناتوانین وایەرێکی کارەبا دروست بکەین!؟ کەش و هەوای ژینگەی تاسلوجە و بازیان و لەیلان، کە هەزاران تووشبووی شەرپەنجە و نەخۆشیەکانی هەناسەی لە دەبێتەوە، کەواتە فرێشتنی هەزاران بگرە ملیۆنان تۆن لە داودەرمان! خەمان نووکی دەرزیەکمان بە ناکرێت کە شریقێت لە دەدات! مانگاکان، کە دەسوڕێنەوە بە گەڕەکەکاندا لە سەر زبڵ و خۆڵ و خاشاک، بە پارویەک دەگوزەڕێن، تا بیخۆن! کە سەدان جۆر میکرۆب و نەخۆشی دەگوازنەوە! من کەمم باس کرد، تە خێت، لای خەتووە، ئەووی دەیزانیت، بیخە سەر بەڵگەکانی من. ئەمەیی کرێکار و زەحمەتکێش بە لێش ساغی و بە بریندارێ و بە مردوویش ژمارەین وکەرقی قازانجکان بەرز دەکەینەوە لە بەرسەکانی جیهاندا!
با بینە سەر ژمارە ڕەسمیەکانی ووەاتە پشکەوتووەکان، لەکاتێکدا ئەگەر ڤاکسین نەدرێتە ئەو ووەاتانەی تازە پەگەیشتوو، خەڵکی چالاکی ئابووری و کەمەایەتی کەم بکەنەوە و لە ماڵەوە دانیشن، بزانین ، چەند زەرەرمەند دەبن؟ لە لەکەینەوەیەکدا هاتووە؛ ئابووری جیهانی زیاتر لە ۹ تریلیۆن دۆلار(۱یەک تریلیۆن= ملیۆن* ملیۆن) زەرەرمەند دەبێت بە هەی کەرناوە، کە دەکاتە داهاتی یابان و

ئەمانیا بە یەکووە لە ساڵکدا! ئەگەر نیووی ووڵاتە دواکەوتووەکان ڤاکسینەکەش بە کار بهێنن و ژیان و کەرتی ئابووری بگەڕێتەوە دۆخی جارانی، هەشتا ئابووری جیهانی، بڕی ١.٨ تریلیۆن بە ٣.٨ تریلیۆن زیادەمەند دەبن، کە زیادبڕی ئازارەکەی بەر ووڵاتە پێشکەوتووەکان دەکەوێت.
ووون و ئاشکرایە کە ئابووریەکان هەمووی پێکەوە بەستراونەتەوە"، بڵێ، لە دواڕۆژدا هیچ ئابووریەک ناتوانێت چارەسەر بکرێت، ئەگەر ئابوریەکانی تر چارەسەر نەکرێن. چونکە کۆڤید١٩ نە سنور دەناسێت نە ڕەگەز و نە جیاوازی چینایەتی، وەک دەبینین تا ئێستا کاری خێی کردووە لە هەموو جەگەیەک، لە داوخانی ئابووریەکانەوە بگرە تا مەرگی ملیونان کەس لە هەموو جیهاندا، هەرچەندەک زیادبڕی نەچیرەکانی خەڵکانی کرێکار و زەحمەتکێش بوونە، کە کاری دەستیان لە کارگەکاندا ئەنجامداووە، بە کەمەڵ، دەنا دەوڵەمەند و خاوەن پلە بەرزەکان، لە زیر شوێن توانیویانە لە ماڵەووە، لە ڕەگەی ئینتەرنێت و کەمپیوتەرەووە کارەکانیان هاپڕێنن و تەکەڵاوی کەسانی تر نەبن، ئەگەر زیریش دەوڵەمەند بێت، یا لە ناو بەلەمەکیدا زیان دەکات، یا لە دوورگەیەکی دوور دەست، کە کەسی تووش بوو ناتوانێت بچێتە ژوورەوە بە لایان.
لە ئەنجامدا، ئەگەر خەڵکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، لە ماڵەوە بمێننەوە تا قایرۆسەکە بڕاو نەبێتەوە، بێکاری بڕاو دەبێتەوە و خەڵکی تووشی بە پارەیی دەبن و لە کێتایدا، ناتوانن شتو مەک بکڕن، کە ئەم هاوکێشەیە، سەرچاوەی بەرهەم هێنانەکەی ئەمەریکا و ئەوروپا و کەمەڵک وڵاتی ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیایە وەک چین و تایوان و یابان، کەواتە ئابووری ووڵاتە پێشکەوتووەکانیش تووشی داوخان دەبن. تەنها ئەو پارچە یەدەکانەی کە ساڵی پار مامەڵەی پێووە کراووە لە نێوان وڵاتاندا بایی ١٨ هەزدە تریلیۆن دۆلار بووە.
دەبینین، زاناکان لە ماوەیەکی زەر کورتدا توانیان بەکی تەواو لە ڤاکسین دروست بکڕن ، مەزندە دەکرێت سێ جار لە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکانی خێیان زیاتر بێت، بەڵام تا ئێستا ڕەگەی ناردنە دەرەوەی پێ نەدراووە بە ووڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، ئەگەر وا بێوات هەندەک وڵات تاساڵی ٢٠٢٤ ڤاکسینی پێ ناگات!
وڵاتە پێشکەوتووەکان، بە ملیۆنها دۆلاریان خەرج کردووە لە پێناو ڕاگرتنی چوارچەووە ئابووریەکانیان، تا تووشی مایپووچی نەبن، بەڵام ووڵاتانێک کە تەنها داهاتیان ئەو کانزا وەمتریالە سروشتیانەیە لە چێشنی نەوت و مس و ئاسن، بە هەی وەستانی چالاکی کارە ناوخەیەکانیان بە هەی مانووەیان لە ماڵەووە بە هەکاری

وەستانی بەاووبوونەوەی ڤایرەسی کۆرۆنا و کەمی داوا لە سەر کانزاکانیان بۆ هەکاری وەستانی زۆر کارگە و ڕشتەی هەمەجۆر کە پشتیان بە نەوت و گازی هاوردەی وڵاتانی تازە پێگەیشتووو بەستبوو لە لایەن کەمەگا پێشکەوتووکانەوە، تووشی حاڵەتێک بوونە، خۆریکە شیرازەی بە تەواوی لە دەست دەدات و مایەپووچ دەبێت، نموونە عێراقە، کە خۆریکی بڕند و بەستە لە گۆڕ بانقی نەوودەوڵەتی بە قەرز، کە ئێم قەرزەش دەزانین چ داوەکە ووڵاتە تازەپێگەیشتووەکانی تەی دەکەون و لە کۆتاییدا بە سک هەڵگوشینی میللەتەکانیان تەواو دەبێت.

azzady22@gmail.com

25/01/2021

مەنگۆی یەکەم نووسەری کوردە لەسەر بیرۆا زیندانی کرابێت.. ەسۆ بەسکێنی

جیهان پێیەتی لەمۆژووی ژیاننامەی کەسانی دەگمەن، گۆ و بەندار و بەسوود لە گۆزار و چەمەن، مۆژووی نیشتمانی ئەمەش هەزارانی لێدەرکەوتووە، سەدان بەهرەمەند و داهێنەر و هونەر و بۆژی لێهەکەوتووە، دەك دەمێنێ و گۆ هەدەوڵ، تارمایی خۆ ون ناکا درەوشانەوی گەوهەر، ئەوان گەرچی لەناو بەهەشتی بیری خۆشنمادان، یەکك لەوان کەوتەتە بەریادان، مۆژووی نووسیووە، خەیاڵی چنیوە، شیعری هێندەتەوە، مۆژووی ژیانی بیر خەك و نەوەی نوێ دێنینەوە تانەۆن لەیادان چەتەوە، میرزا محەمەدئەمین مەنگۆی ناسراو بە (میرزا مەنگۆی)، دانا و بەهرەمەندکی گەلەکەمان، لەمردن بە باك، کەوتەبەر قەبەزەی تاوگەی پەراوێزخستنی بیرکی گەش و ووناك، لەلایەن کەمەگایەکی دواکەوتوو، لەۆژگارکی تاریك و ئەنگوستەچاودا، کەنەپەستی و خۆایەتی عەقڵی دواکەوتوو لە باودا، لەوویاندا دەوەستەتەوە و بەگژیانداەچەتەوە، وشکانی وەك چرا داگیرسان و کوردستانیان ڕشن کردەو. خاوەن بیروباوەڕی زانستی و

پشکەوتنخوازی و تەوانینەکانی هێندێ تازەو مودێرن بوون، دەستەبات و بەشێك لەکەمەگا پشوازیان لێنەکرد.

لە خوێندنی حوجرە و دەرسی مەلا نائومەد دەبێ

میرزا مەنگوڕی لە ساڵی 1910 لەدایك بووە، هەر بەمنداڵی لەخوێندنی حوجرە و دەرسی مەلا نائومەد دەبێ و ئاکامەکی لێ دەستگیرنابێ، لەژیان تووشی چەندین کێشە و دەردەسەری دەبێت، بەڵام نائومەد نابێ، نەخشەی ژیان دادەڕێژێ، هەنگاو بەرەو سەرکەوتن داوێژێ، لە سەرەتای لاوێتی دا، کە باوکی لەگەشتێکی بازرگانیدا لەبەغدا زەمێنتەوە، مەنگوڕی بێ پرسینی هەواڵی باوکی لەبەغدا، بڕیارێکی قورس و چارەنووس ساز دەدات، بەڕەزامەندی دایکی و بەنەشارەزایی بەرەو نادیار مل پێوەدەنێ، لەساڵی 1924 لە قەڵادزێوە بەرەو شاری کۆیە دەکەوێتەڕێ، ئەگەرچی کۆیە شارێچکەیەکی بچوك بوو، بەڵام بێ مەنگوڕی جێگای حەپەسان و سەرسوڕمان بوو، دواتر دەچێتە بەغدا وبەبینینی بەغدای فراوان و پشکەوتوو لەچاو قەڵادزێی دوور و لاچەپەك توشی شۆك دەبێت و ئەو ڕووداوەی لەلا وەك خەوێك بووە، لەو دەمەدا بەغدای پایتەخت لەچاو ئەو سەردەمە کەشکی جیاواز بوو، لەو بارودۆخەدا کە بەغدا ببووە ناوەندێکی گرنگی گەشەکردنی بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی و سەرسام بوون بە ڕۆژئاوا و هەنگاونان بەرەو مۆدێرن لەهەموو ئاستەکانی ژیاندا ڕەنگی دابووە وە، سەرەڕای ئەوەی مەنگوڕی تازە لاوێك بوو، بەڵام گرانکارییەکان سەرنجیان ڕاکێشا بوو، ڕاپەڕینی گەلانی عیراقی دژی ئینگلیز بەچاوی خۆی بینی بوو، لەهەمان کاتدا ئاگاداری کپ کردنی شۆڕشی شێخ مەحمود بوو، بە زەبری هێز و ئاگر و ئاسن سەرکوت کرابوو، لەلایەن ئینگلیز هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردی دەدا، لەناو دەوڵەتی تازە دروست کراوی عیراقدا، هەموو ئەمانە بۆچوونەکیان لە هەستی مەنگوڕی دا چاند، لەجیاتی تەسلیم بوون بەواقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دواکەوتووی ئەو سەردەمە، وای لێهات خەون بە داهاتوویەکی گەشەوە ببینێت، لەساڵی 1933 هاتەوە بۆ سلێمانی، کە لەو کاتەدا گوتارێکی نوێخوازی و ناسیۆنالیستی کورد لەناو ڕۆشنبیرو کەسایەتیە گەورەکاندا سەری هەڵدابوو، مەنگوڕی یەکێك بوو لەو ڕۆشبیرە دیارانەی ئەو کاروانەدا کە ناوەندەکەی سلێمانی بوو، بەو هۆیەوە مەنگوڕی هەنگاوێکی گەورەی نا لەبواری سیاسی و ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان دا.

قەڵەمێکی ئازا و بوێر

مەنگوڕی وەك ئەدیب و نوسەر و مۆژوونوس خزمەتی زۆری کرد، خاوەنی قەڵەمێکی ئازا و بوێرو بیرو تەوانینێکی پشکۆتنخواز بووە، لە

ساڵی 1938 کتێبی "هەنگاوێك بەرەو سەرکەوتن"ی چاپ کردووە، ئەم کتێبە کۆچەك و تێروانینی نوێی سەبارەت بەدەوڵەت و مافی وئازادییەکان لەخۆگرتبوو، ناوەرۆکی کتێبەکە کابەدەستانی ئینگلیزی توڕە کرد و (ئیدەندس) کە ئەو کات نوێنەری ئینگلیز بوو، لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق ڕاستەوخۆ بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری دادگا بڕیاری دەست بەسەردا گرتنی کتێبەکەی دا، ئەو کتێبە سەرئێشەی زۆری بۆ مەنگوێی دروست کرد، کتێبەکە قەدەغە کراو هەموو نوسخەکانی کۆکرانەوە و لەناو بران و لەسزای ئەو کتێبەش مەنگوێی شەش مانگ زیندانی دەکرێت، لەکارەکەشی دەردەکرێت، بەمەش مەنگوێی یەکەم نووسەری کوردە لەسەر بیروڕا زیندانی کرابێت. مەنگوێی خاوەنی دەیان کتێبی دیکەی چاپکرا و چاپ نەکراوە، لە کتێبە چاپ کراوەکانی وەك (هەنگاوێك بۆ سەرکەوتن، گەشتی ئەستێرەی مەریخ، زێرینای ئامێدی، دوو بڕگی بڕسەرهاتی سیاسیی کورد، حەقائقی بڕسەرهاتی شێخ مەحمود لە پەنای ئیستیقلالدا، بەهەشتی دێداری، جیهانی ئازاد، بوکێکی ناکام) و چەندانی تر.

دوا وێستگەی تەمەنی

مەنگوێی بەشکی تەمەنی لاوی خۆی بە خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی لەژێر ئاڵای حکومەتی کوردستان لە مەهاباد پێشکەش کرد و تا دوا وێستگەی تەمەنی هەر بەردەوام بوو، دواتر لەگەڵ قەتاری کێشە و مەینەتی نەتەوەیەکدا دووبارە لە ڕانیە گیرسایەوە و درێژەی بەژیانی ئاسایی خۆی دا، لەسەر هێوەست و بیروباوەڕی خۆی بەردەوام بوو، لەو سەردەمەشدا بێ تێگەیاندن و هوشیارکردنەوەی نەتەوەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە واقیعی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دەگرێت، ئیتر جەوی عەقڵ شل دەکات بۆ خەیاڵ و پەنا دەباتە بەر شێعر و لە خەودا "گەشتی ئەستێرەی مەریخ" دەکات، چونکە وادیارە بەدیهاتنی گەشتێك لەخەودا بۆ ئاسمان و سەر ئەستێرەی مەریخ، لەلای مەنگوێی ئاسانتر بووە، لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو سەردەمە، لەو گەشتەیدا بەشێوەیەکی سەرنجاکێش بەسەرهاتی پێشکەوتنی زیانی مەریخ دەگێڕتەوە، مایەی سەرسام بوونە، لەگەڵ ئەوە شدا دەڵێت: ئەوەی بڵاوی کردۆتەوە بەشکە و هەموو ئەوە نیە لە و خەوەدا بەچاوی خۆی بینیویەتی، هیچ دوور نیە یەکێك لەو هەکارانەی مەنگوێی بەپەنهانی هەشتۆتەوە هەکاری ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، گەشتەکەی هەنگاوێك بووە بەسەر وایعی سەردەمی خۆیدا.

نەخوێندەواری و دواکەوتویی

مەنگوی لە ساڵی 1971 کتێبی (گێشتی ئێستێری مێریخ)ی بڵاوکردەوە، کە چیرۆکێکی خەیاڵی زانستی بوو، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە بیرکردنەوەکەی لەلایەن کۆمەڵگای ئەو سەردەمەوە قبوڵ نەکرا و ڕەت کرایەوە، نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە جەڵەوی خەڵەتاندن و فریودانی پیاوانی ئاینی و سیاسی بەسەر هەستی خەڵکدا زاڵ بوو، بۆ خراپ بەکارهێنانی پێگەی دەسەڵاتی خۆیان، لە هەلچونێکی نەزانی و کوێرانەدا مەنگوی فتوای کوشتنی دراو کەوتە بەر پەلامار و بۆردباران و شار بەدەرکردن و گواستنەوەی بۆ شارۆچکەی تەوڵە، مەنگوی بۆ هوشیارکردنەوەی گەلەکەی پەنای بردەبەر شێعر، بۆ ئەوەی ئێمەش هەمان پرسیار دووبارە بکەینەوە، کە ئەم واقعە نالەبارە تاکەی دەبێ بەردەوام بێت، مەنگوی ڕێشت و لێدوای خۆی ناوبانگ و شانازی و نەمریی بۆجێهێشت .پڵامارداڕانیشی لە مێژووی ئێو شارێدا بێدناوی و ننگیان بۆ مایەوە، گیانی بەرزەفڕی بەرەو نەمری ڕێگای گرتبەر، خۆی ڕێیشت و هزری ڕووناکی ئەو ئێمەی لەناو پرسیاردا هێشتەوە، درودی ڕەزو وەفاو ئێمەکداری بۆ گیانی پاك و پیرۆزی مەنگوی ئێدیب و ڕوونناکبیر و پێشکەوتنخواز.
بۆداخەوە ئێم ڕوونناکبیرە گەورە و هەڵکەوتووی گەلەکەمان لە ڕۆژی 12ی کانونی دووەمی 1988 لەشاری سلێمانی بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد، ئەگەرچی وەستی کردبوو لەسەر چیای کۆوەەش بنۆڕێ، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئەوکاتە لەسلێمانی لەگردی سیوان بۆخاك سپێردرا. دوای ڕاپەڕینی ئازادی خەڵکی کوردستان وەستەکەی جێبەجێ کراو ڕۆژی 16ی ئێیلولی1992 تەرمێ پیرۆزکەی برایەوە بۆ شاری ڕانیە و لەئامێزی کۆوەشی سەرکەشدا بۆخاك سپێردرایەوە. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی میرزا محەمەدەمین مەنگوی و بیری ئازادی و پێشکەوتنخوازی ئەو بێت.

وێنە: میرزا مەنگوێ

ڕۆمان/ خۆنکانی کۆژاڵ.. جەلال

قادر

کتێب: خەونەکانی کۆژاڵ
بابەت: ڕۆمان
نووسینی جەلال قادر
لەبڵاوکراوەکانی خانەی کەلتور

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

ناونیشانی یادێکی کۆچکردوو.. جەلالی میرزا کەریم

گیانە! کاتێ تەم جێ هێڵا
دارەوەکان
هێشووە بەرسیلەی فرمێسکیان
زەرد نەبووبوو.
سەوڵی برژانگی چاوەکان
لە گۆژاوی ون و لێڵا
کلی زەماوەندی نوێیان
نەشتبوو.
هێشتا جریوەی مەلەکان
لە سێبەری گەڵا و چڵا
هێلانەی بێشکەی نەورزیان
نەچنیبوو.
کاروانچییان
لە ڕێگای بەرەو تەوێڵا
جێگای ئارەقەی تەمەنیان
نەسڕیبوو.

تەم جێ هێڵا..
مەگەر تۆ خۆت جێ نەهێڵا؟
ئاوێنەی ڕووی
داستانی پەریزادەی دڵت نەشێلا؟
مەگەر بۆ خۆت
ئازیزە خەوبینییەکەم!
هەر خۆت لاشەی ئەم ئەوینەت
بە گاسنی تاجی پەهلەوی نەکێڵا؟
تەم جێ هێڵا و گیانە ئەوسا
گوللە بەسەر چەکا گریا
چەك بە بنکەدا، هەڵشاخا.
هاوار! ئەوسا
پاسەپۆرتی تۆ جێهێشتن
گەرچی بۆ سنووڕ بوو: ون
بەڵام هێشتا
هاڵاوی خۆشەویستی تۆی لێ هەڵئەسا.

تەم جێ هێڵا و تازە زامی
تارای بووکی خەونەکانمان،
هەناسەی گوڵەپایزەی..
لێ ئەتکا
تازە گۆڕانی سۆڕی ناکامی
کۆی هیوای (فەرهاد)ی دێ،
شینی مەرگی..
(شیرین) بەهارەی لێ ئەژا.

تەم جێ هێڵا و
نەمئەزانی ڕوو لە کوێ کەم؟
ئازارێك بووم بەر بەرەڵا و
نەمئەتوانی پشتت تێ کەم.
خۆزگەم ئەخواست؛ بمتوانیایە
وەك مەڵەکەیەك بوومایە

لە باوەشتا بمردمایە
نەك شەتانە
بازم بەسەر
سێبەری خەما بدایە.

کاتێ دەیبینم.. گوڵەشەوبۆ
لێوی تینووی تەڕ نەکردم.
پەڕەی خەستی.. چاوی ئاسۆ
بۆ لا نیگای خۆی نەبردم.
بۆم نەکرا سەر لە ئارامگای
نەیێ.. پەرستگای
تاکە دڵدارەکەم بدەم
تا.. لە بەردەم کۆتی پێیا
لەبەر دڵچکەی خوێنی دڵیا
سەرم کەچ کەم.

جێت ئەهێڵم! ناچار.. ناچار
… چونکە بەهار
لە وەرزی شاری ژیانا،
بۆتە چەپکێ ژاڵەی پرسیار.
پرسیار لە: ناو
لە: هەڵسانی دڵژنەی بەتاو
لە: گیانی ئێقرە نەگرتووی
هەنگاوی دڵی بەرەو هەتاو.

دڵیم.. چڵ بزەی دڵگا
وەك پەپوولە
بە ووەمەتی خەمناکیما
پژا و سووتا
سووتا و پریشکێکی پشکۆ
لەناو دڵما بووە؛ چرۆ
پەڕەی ازی هەڵوەریوی بەر سێدارە
بووە هەڵسانەوەی ئەژنۆ.

: – بۆ کوێ ئەڕۆی؟
خەمی کام خەڵەمێش ئەخێی
کام سەنگەری جەماو ئەگری و
تەرمی کام شەهیدان ئەشێی؟.

- ئەڕۆمە ئەو ئاسمانانەی
بۆ سەرچاوەی
حەوتەوانەی
پشتاوپشتم ئەبەنەوە.
- ئەڕۆمە ئەو دۆزەخانەی
ژیانەوەی
لاوانەوەی
گۆمم بە گۆ ئەشێنەوە.
- ئەڕۆمە ئەو شەقامانەی
چاوی حەزم
ڕۆبوارێکی سەرگەردانە.
ئەڕۆمە لای ئەو دڵانەی
تاسەی هەزم
تاڵ تاڵ ئەگریجەی بارانە.

تەم جۆ هێشت و
ئاخ! کە تاڵاوی ئەم کۆچە هەشەم چێشت و
ئێخەی! پەلی منارە وردیلەکانم
نەء! کەژاوەی بەهەوارگەی شیعرەکانم
بۆ لێبووردن.. پێی گیرفان
نەبردە بەر کەشکی سوێتان.
تەم جۆ هێشت و
ئەم هەنسکەم
ئەم پریاسکە پێ لە زامەم
ئەتك نەکرد..
بۆ پێپەەی لووتەوانەی
جەژنەزێی حەوتی نیسان.

تەم جۆ هێشت و

سەرەتای ئەم جەهەنانە
لای من گیانە
پڕ گریانە
پڕ سووتانە
پڕ هەڵسانە
پڕ لە تەوری خوێن وەشانە
پڕ لە هەڵەی ئەشکەوت زانە
پڕ هێنراوەی سەرگەردانە
پڕ عیشقی تۆی کوردستانە.

1991

سێ دیوی ژیان.. مارف عومەر گوڵ

دیوی یەکەم :
پڕ لە خۆشی ، پڕ لە پێکەنین و چەپڵەزان،
پڕ لە دیمەنی جوان ، ئاهەنگی بووک گواستنەوە،
چۆڵ چۆڵ ، بەهرەو داهێنان،
خۆشەویستی و بە هاناوچوون، چیمەن و بەهارستان.
لەوێ ، بەیانیان زوو گوێ دەپشکۆ ،
مۆسیقایەکی دڵگیر لە خەومان هەڵدەستێنێ
نیشتمان ئەوەندە نازدارە ، بە تین و تاو خۆشمان دەوێ
کە خەم روخسار دادەپۆشێت ، بە ماچ دەیسڕینەوە
کە گوێ ماتەمینی دایدەگرێت ، هەراسان دەبێت،
بە هەناسەی ئەوین شنەبای بە هەڵدەکەین .
لەوێ، ئای لەوێ چی دەگوزەرێت ؟!
چوارچێوەیەک نیە ئازادیی گەمارۆ بدات ،
قوروچێپاوەک نیە لە قولەپەی مرۆڤ بئاڵێت،
کتێب لە بەرگێکی جواندا دەخوێندرێتەوە ،
گەرانی لە دەنگێکی ناسکدا شێپڵ دەدات
لە تینویەتی خاکدا ، ڕەوی باران ئەوەندە جوانە
لەماڵەوە خەمان بە ناگیرێ و دەینە دەرێ ،
دەستاتێک نیە توانای هەبێت ،

زەوی و باران لە یەک بکات، ئاوی ئاو بگرێت ،
دەستاتیک نیە تریقەی کوکا بدەنگ بکات
ئای لەو ژیان چەند خۆشە ؟!
مرۆڤ بە بە ، دەنگی تەقە و هاوار ڕانکردن دەستوتەوە
ئای لەو کەس ناگەی زیندان و
کۆشک و تەلاری فیرعەونەکان نازانێت.
ئای لەو پشیلە لە مرۆڤ ناترسێت ،
ئاژەڵی کەوی بە بە جەنگ و هەرا زاووزێ دەکات
ئای لەو ، شار و گوند شارستانیەتێک دروست دەکەن
هەووزن شەرمەزارە لە ئاستیدا،
هەووزن ریسوایە لە بە حورمەتیدا
ئای لەو ، لەو نیشتیمانە جوانەی ژیان
تریقەی خۆشیی دەگاتە کۆشکەلانی فەلەک
بەربەندێک نا لە ئەوین ناگرێت
بەڵێ ، بەربەندێک نا لە ئەوین ناگرێت !

دیوی دووەم:
پڕ لە دیوار ، پڕ لە کەت و بەند و سنوور
پڕ لە دەستاتی جەراو جەر ، تەر نەخەر و چاوبرسی
لەرە هەموو باخچەیەک تەلبەندی هەیە ،
هەموو ئاوێک پاسەوان ، هەموو نانێک جەردەوان
لەرە چاو هەڵکەین ، وەکو گوێ هەڵکەین وایە
خەرهەڵات لە تاریکیی دەچێت ، قەناغێکی تاڵ تەمەن
مین ناژە ژوانگە ، قسە لە ماچکیش نیە !
حوکمدارێک نامەی هیچ گوجاڵێک ناخوێنێتەوە،
بەری باران و هەتاو دەگرێت،
دونیا پەپولەیەکی تەدانیە بە دەوری گوڵکەوە ،
گوڵکی تەدانیە لە چاوانی پەپولەیەکدا !
بە دیداری گوڵکی ئەودیو کەوان دوو دارشەق دەدەنە باخەوان
ئەرە مەیدانی زەرانبازیکە
لەنەوانی خۆشی و ناخۆشیدا ، لە نەوانی مەرگ و ژیاندا
لە نەوانی بووملەرزە و زەمیندا ،
کەنار و لافاودا ، جەنگ و ئاشتیدا
لە نەوانی دەنەوایی و بەدادیدا ،
دە بە ئەوینی ژیانەوە لە بەختانەتی
لە دەمەو بەیاندا بای باران هەڵدەکات
لە خەرئاوابونیشدا شەوی یەدا کەماندەکاتەوە.

دیوی سێیەم:
ئاوابونەکە ، هەندە جار لێ ، هەندە جار گەش
لە ئایەتەکانی ئاسماندا هەم خەشیەو هەم ناخەشەش
لەو ئاوابوونەدا ،
نە دوعاخوازیی هەیە و نە پەکەنین
لەو ئاوابوونەدا ،
پشت لە ئاوەدانی دەکەیت و تەنیایی دەتکوژێت
لەو ئاوابوونەدا ،
دەستبەرداری هەورو هەناسەو هەتاو دەبیت
لەو دیو ئاوابووندا ،
دەست لەملانی تەنیایی و تەشقەڵەی ئەو دەبیت
دەتەوێت هەموو ئێرە لە بوخچەیەکدا بەریت، ئەویش نابێت
لێرە بە نیاز و مرازەوە بە ڕێگاوەیت ، لەوە بە ناسنامە تەکەڵە دەبیت
دیوی کۆتایی هەناسەیە ئەو ،
قەناغی ونبونەکی هەمیشەیی ، بە گەڕانەوە
لەنەوانی ئێرەو ئەوەدا ، مرۆڤ بەردەکی کەڵەک
ئاسەوارێک لە ڕووەوی سەفەری ئاوابوون نیە .
ژیان تارماییەکە لە نەوانی ئێرەو ئەوەدا ،
نە قەڵەمێک دەنوسێت ، نە نامەیەک دەخوێندرێتەوە .
لە ئایەتەکانی ئاسماندا ،
دەی ئەویندارانِ دوای دەبەر دەکەوێت و ناگەڕێتەوە
ماڵ بە پەنجەرەیە ،
مرۆڤ لە پشتەو پەرداخیدا کرپەیەکی ئان و ساتی لە دایکبونە
کورسی و تەلاری بە هەوا سپاردووە
لە نەوانی ئێرە و ئەوەدا ، بەراوردێک نیە
یا لە دونیادا قەڵەمڕەوی ئاوا دەبێت ،
یا بە ژێر ئاودا ئاوا دەبێت ،
لە نەوانی ئێرە و ئەوەدا ،
یەک سنوور هەیە هەموو شتێک دەستەتەوە.

سلێمانی
مانگی ١١ و١٢ /٢٠٢٠

هەڵهاتن.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

شارەکان ژەهراوی بوون
فریادڕەس

کاتێ
پشوویەک ئەدەی
لە ژێر سێبەری داربیە جەهەنەمیەکان!
کاتێ
کتێبەکانی ئەفسوون ئاخوێنیتەوە،
وەک خاخاڵکەیەک
سەرخۆش
بە جوانی گوڵە لێلەکەکی خۆتوو
پاشان لە بارانیش
هەر ناپرسی
کێبە ووردە لەم مرواریەکانی
خۆشبەختی کێبکاتەوە
یان لە چنگی هەورەکی گەینا
چی نهێنیەکی ئەفسونی هەڵگیرابێ
شارەکان ژەهراوی بوون
تەنها ژێر سێبەری
داربیە ئارخەوانیە
جەهەنەمیەکانێ
فریادڕەس
جەنگاوەرن چیاکان
بە گژ بای زەمانی پڵاو ئاسنا
لە ژێر داربیە جەهەنەمیەکان
تەرتیلەکانی خۆشبەختی
نزرگەیەکن بە خواوەند
گیاکان خوێنی شیعر
شەپۆل ئەدەن
لە پرچی خەیاڵیش
هەناوی بوونەکی ڕەها
ئەهەننەوێ

مەرگی هەواسراوی گزنگیش
میحرابی
ناو سەمای ئەون
ژانی دەرچوون
لەدەردە مەرگی مرۆڤ
تەنها هەڵهاتنە
بۆ ژێر داربیە ئەرخەوانیە
جەهەنەمیەکان
چی ستەمە
ژانی ئازگاربوون
لەو تەڵەی
دەی پێ گیرەدەیە
بۆ ناوی عیشق
با هەنگپرژانی ژیان
لە هەتاوەوە فڕ بین
با وشە وشە زەنگیانەی
ئەستێرە بوهەیمەیەکان
بۆ پەردەی هەورەکانا بدورینەوە!
هەرچی باڵەفڕەی کوکو ختیەکان
لە ئەژهەڵاتەوە هات
لە گەپرژەی ماشینەکانی
ئەژئاوا هەڵپەوکا
تەنها دڵۆپە بارانە
هەزاران کتێبی فەلسەفە دەنێ
تەنها کلیەک
بۆفری لەوی تە
بۆس بوو
جەنگەکان ئاگرێ
تەنها
وشەیەک
کانیەک درکانی
کەمپیوتەرە
دەوزمەکانی
لەکار خست
ئەو تەنها
لە بوونی خۆیدا،
لە بەردەم پەنجەرەیەک

لە سەراب
جوانی
ئەوارەیەکی پرتەقالی
وونکرد
بروسکەیەک
بە شەرمەوە چەخماخەی
بە هەوخساری چیا
بەندکان
پەخەیاڵ کرد
تەفانی ماشین
چارەکەی کەشتی ئەفسوون
ئەدەنە
ئەیهەنە و
ئەیبا
تەنها ژەر داربیە ئەرخەوانیە
جەهەنەمیەکان
باهەزی دەندەی ماشین
هەور ئەکاتەوە
پاشان دوای کەچی من
مرواریە وەریوەکانی
چاوی تە
کە کەیکاتەوە ؟
ئەو هەژنە حەزەی
هەحمان لە پەکرد
چی لەهات؟
گورگە ماشین ..و…
ماشینە گورگ
پەهو باڵی
تاوسەکانی خەشبەختیشی هەپەوکان
ئەوسا،
منداڵە ئاویەکانی هابردوو
یاریان بە پرچی ئەستێرە کرد و
بە بەرسیلە شینەکانی خەشبەختیش
زەردەخەنەیان هەچنی
ئەوسا شاعیریش هەبوو
بە پەی
هەنگاوەی ئەندەشە

سوەندیان ئەخوارد
کە گەردوون
لە سەمەرەیەکی
چرکە ساتی
هیچی تر نیە
تازە تەوی بیرەوەری
هیچ ژوانە
لە ژێر قەڵای هەڵهای ماشینا
سەوز نابە
فریادڕەس
تەنها ژێر داربیە سەرخۆشکانە !
درەخت وشەیە
لەسەر پەڕەی دارستانە
هەمانوسی تەم
نوسی
درەختی زمانیش
بەشایەکە
لەنەوان
خەوی تەنیایەک
و حەزی مەلەک
بە فەین
بەهام ئەو جوانیەی
لە تەنیاییدا
لە نامەییدا
لە بەدەنگیدا
لە ژێر دارئەرخەوانیە
جەهەنەمیەکان
گزنگی دە
لە عیشقیشا
بەی مەگەڵ
.....
وەنەکە تابلۆیەکی نیگارکێشی ڕوسی
Aleksey Savrasov/ Evening
.

تاوانکانی تورکیا لە دژی کورد لە ژینساییدی ئەرمەنییەکان کەمتر نییە.. رزا شوان

تورکیا رۆگەزپەرستترین و تیرۆریستترین دەوڵەتە لە هەموو جیهاندا. لە دەساتی عوسمانییە داگیرکەر و خوێنمژ و تاڵانکەر و کاولکارکانەوە، لە ئاتاتورکی ناسنامە گۆڕەوە، تا دەگاتە ئەردۆگانی دیکتاتۆری سیکۆپاتی. تاسەر ئەسقان دژایەتی ئەمەی کوردیان کردووە و دەکەن، کوردستانی نیشتمانمانیان داگیرکردوون چەند جارێک کاولیان کردووە. تا ئێستا چەندین کەمکوژیان لە گەلی کوردمان کردوون. تا ئەمڕۆش ئەم تاوانە رۆگەزپەرستی و قەزەوەنانیان رانەگرتوون، رۆژ لە دوای رۆژ تاوانی گەورەتر و قەزەوەنتر لە دژی گەلی کوردمان، مەدەرترین چەکی کوشندەی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە کوشتنی خەڵکی سڤیلی کورد بەکاردەهێنن. خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی بەگڕانن و هەگگری قایرۆسی رۆگەزپەرستین. لە تورک زیاتر هیچی نەتەوەیەکی تریان ناوێت و بە شایەنی ژیانی نازانن . رۆگەزپەرستی بووە بە گروپی خوێنیان. نەوەکانیشیان هەر بەم ئایدۆلۆژیا رۆگەزپەرستییە گڕش و پەروەردە دەکەن. هەر لە منداڵییەوە فێریان دەکەن، کە ببن بە دوژمنی کورد و رقیان لە کورد ببێتەوە. رقیان لە هەر کەسێک کە بە کوردی قسە بکا، بە کوردی گرانی بێ، بە کوردی فیکە بکا، یا بە کوردیش پێبکەنێ، ناوهێنانی کورد و کوردستان بە جوداخوازی و بە تاوان و بە ناپێکی گەورە دەزانن. کورد کوشتن گەر منداڵی ناو لانکیش بێ بە لایەنەوە ڕەوایە.

لە ئەمڕۆدا ئەردۆگانی ڕۆگەزپەرست و دڕندە و خوێنمژ کە دڕندەترین دیکتاتۆرە، زەر بەویژدانێ و بەزەیی بە منداڵانی کۆرپەی کوردی ناو لانکیشدا نایەتەوە و بە پێکەکیان دەزانێ. دەستە قەزەوەنەکانی بە خوێنی بێتاوانانی کورد سوورن. پارتەکەی پارتی ناداد و ناگرشەکردن، لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەپەرست و ڕۆگەزپەرستی گورگە بۆرە تۆرانییە مافیێکان کە جرجە قەزەوەنەکە (دەوڵەت

باهچەلی) سەرکیانە. هاوپەیمان و هاوپیلانن، لە دژایەتیکردنی گەلی کوردمان، مەرجی سەرەکی هاوپەیمانی و پێکەوە کارکردنیانە. بە هەموو رەگا و شەوازێک، بە کەمەکوژی و گرتن و کوشتن و راگواستنەوە و وێرانکردنی کوردستانە، دەیانەوێت ناسنامەی نەتەوەیی کورد بسڕنەوە. تا ئەمڕۆش دان بە بوونی (٢٥) ملیۆن کورد لە باکووری کوردستان و زیاتر لە (٥٠) ملیۆن کورد لە هەموو کوردستاندا نانێن. لە دەوڵەتی ئیمپریالیزمی عوسمانییەوە، تا ئەمڕۆ نزیکەی یەک ملیۆن سەرباز و جاشی بەکرێگیراوی تورکیا، بە قورسترین و کوشندەترین چەکی مەدەرزمی زەمینی و ئاسمانی بە گژی شۆڕشگێڕانی کورد دەچن. کەچی چەند جارێک ئەردۆگانی گیلەپیاو و سەد روو، دەڵێت: لە تورکیادا کێشەیەک نییە، بە ناوی کێشەی کوردەوە. دەک شەرمەزار و ڕووەش بێت.

تورکیا تووشی کوردفۆبیا بووە، دار و و دەوەن بەرد و دیوار و تەنانەت سەبەرەکانی خۆشیان لێبوونە بە کورد و رقیان لێیانە. ئەوەش دریژەکێشی شاخداری چواشکارییە، گوایە کورد مەترسییەکی گەورەیە بە سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. ئەمە بەختانەکی هەبەستراوەی دوور لە ڕاستییە، پاساوەکە بە دژایەتیکردن و کوشتنی کورد لە هەر شوێنکی کوردستاندا بێت. بوختانەکی بە بنەمایە بە پەردەپۆشکردنی تاوانە قێزەونەکانیان، کە بەرانبەر بە کورد کردوویانە و دەیکەن. تا ئێستا کورد پەلاماری خاکی هیچ وەتەکی نەداوە. بە چەکەکی ساکارەوە لە خاکی کوردستانی نیشتمانیدا، لە دژی هێشکانی داگیرکەران، تەنیا بەرگری لە مانەوەی خۆی و لە خاکی کوردستان کردووە و دەکات. ئەمەش مافێکی ڕەوای هەر گەلێکی ستەملێکراو و ماف زەوتکرا و نیشتمان داگیرکراوە.

ئەردۆگانی قورخکردووی دەسەڵات و بەیارەکانی تورکیا، نەک هەر کورد، بەڵکو هەر تورکەش لەگەڵیدا نەبێت، بە تیرەریست و بە لایەنگری پەکەکە یا لایەنگری فەتحوڵا گوێلانی دەزانێت، دەیگرن و ئیتر بە سەروشوێنی دەکەن و دەبێت هەواڵی رابردوو.

پێویستە جەخت بایدنی سەرکی ئەمریکاش ئاگای لەخۆی بێت. چونکە لەگەڵ تاوانە قێزەونەکانی ئەردۆگاندا نییە. پێتان سەیر نەبێت کە تورکیا، ڕەسەنی بایدنیان بە کورد گەیاندەتەوە. لە کاتێکدا کە ئەوان دان بە بوونی گەلی کورد دا نانێن؟!

سیاسەتمەدار تورکی (ئەرهان میر ئۆغلو) کە ئەندام پەرلەمانێکی پێشووی پەرلەمانی تورکیا بووە، سەر بە پارتی نەداد و ناگۆشکردنی دەسەڵاتدا، لە لاپەڕەی تویتەری خۆیدا

نووسیوەتی و دەڵێت:"هەندێک وا دەڵێن کە ناوی راستی جۆ بایدن "جیمی بەهادین ئاغا" یە، بەڵام سەرنجم کورد و لە خزانەکی کوردی سەر بە هەزی "بیرکی" کوردیە. خزانەکیان لە (یریقان)ی پایتەختی (ئەرمینیا) وە، کچیان بە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردووە" مەبەستی تورکیا لە رستەنی جۆ بایدن کە کوردە. روونە کە چیە؟ دیانەوێت لە ئەستاوە جۆ بایدن بوە تاوانبار بکەن، کە پشتی کورد دەگرێت. ئەمش بۆلای سوتان ئەردەگانی خونەڕێژی سەرکی ئیخوانولشیاتینەوە تاوان و ناپاکییە. چونکە هەرکەسێک نێک پشتگیری بکو ناوی کورد و کوردستانیش بهێنێت بۆ لای ئەرگانەوە تیرێریست و ناپاکە. گەر دەستیان پێی بگات تیرێری دەکەن.

نووسەری کوردمان کاک (پشکۆ ئیسماعیل عارف) پشتراستی رستنایەتی جۆ بایدنی کردووتەوە، بۆ راست دەزانێت، کە بۆ راستی جۆ بایدن کوردە و لە هەزی (جاف)ە لە باشووری کوردستان و ماوەیەکی زۆر بنەماڵەکیان لە دێی (هەڵەدن) ی سەر بە شاربازێر ژیاون و لەرەوە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کچیان بە ئەمریکا کردوون. ناوی "بایدن" یش، هەر لە ناوی دێ"هەڵەدن"وە هاتووە. تا ئێرە و ناچینە ناو درێژی ئەم باسەوە.
جۆ بایدن لە وتارکیدا، لە کاتی بانگشەکردنی هەڵبژاردنکان بۆ پستی سەرکی کەماری ئەمریکا، هەڵشی کردە سەر ئەردەگان و بەڵێنی ئەوەی دا، کە پشتگیری لە ئۆپسزیسنی تورکیا دەکات بۆ روخاندنی ئەردەگان. شایەنی باسیشە کە جۆ بایدن پێوەندییەکی باشی لەگەڵ بەشێک لە سیاستەمدارانی کوردا هەیە. خاوەنی بیرکەی دابەشکردنی عەراق بۆ سێ هەرێمی فیدرالی.
باڵیۆزی پشووی ئەمریکا (جەمس جێفری) لە تورکیا، وتی:"گشبین نیم بۆ پێوەندییەکانی نێوان واشنتن و ئنکەرا"
ئەمو دانانی (بریت ماکگورک) بۆ رێکخەری کاروباری ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا، لە لایەن جۆ بایدنەوە، بوو بۆ دەکەکی تر لە جستەی تورکیا.
بریت ماکگورک لە کاتی ئۆباما و ترامپدا کاربەدستێک باڵای ئەمریکا بوو. بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨) دا دەست لە کارکشانەوەی راگەیاند، لەسەر ئەو بیارەی کە ترامپ دای بۆ کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە سوریا و هێکردنی گۆپی سوز بۆ تورکیا بۆ ئەوەی رۆژئاوای کوردستان داگیربکات. بریت دژی داگیرکردنی رۆژئاوای

کوردستانە.

بەگومان جێ بایەدن، ئاگای لەهەموو ئەو تاوانانە هەیە کە تا ئێستا تورکیا لە کوردی کردووون. بایەدن کەسێکی ئازادی و دیموکراتیخواز و بەرەوای بە مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا هەیە. دوور نییە کە داکۆکی لە ئازادی و مافەکانی کورد بکات. لەوانەشە کە تورکیا ناچاربکات، کە گفتوگۆی ئاشتی لە نێوان تورکیا و کورد دا دەست پێبکاتەوە و شتێ لە دژی کورد رابگەیەنێت.
لە یەکەمین راگەیاندنی بەرپرسیارێتی سەرکەی تازەی ئەمریکا جۆ بایەدن، دەربارەی تورکیا، داوای ئازادکردنی سیاسەتمەدار و خەباتگێڕی پێشووی کورد بە سەرکەی کۆماری تورکیا سەلاحەدین دەمیرتاش" و چالاکوانی مەدەنی"عوسمان کافالا"یان کرد.
ئەردۆگانی دیکتاتۆر، کە لەلایەبیادا شکستیهێناوە، دەیەوێت هێرشێکی بەربڵاو بکاتە سەر رۆژئاوا و باشووری کوردستان بە بیانووی بوونی پەکەکە. وەزیری بەرگری تورکیا " خڵوسی ئاکار" بە ئاشکرا وتی کە لەگەڵ حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی باکووری عێراقدا ـ بە لاشەوە کفربوو کە ناوی کوردستان بهێنێت ـ لەسەر پێلاماردانی پەکەکە رێکەوتووین. ئەردۆگانی خوێنمژ وتی ئێمە لە ناکاوێکدا هێرش دەکەین.
هەر پارت و لایەنێکی کوردی هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیا و عێراقدا و ئێراندا، لە دژی پەکەکە و شەڕشگێڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان و شەڤانانی رۆژئاوای کوردستان بکات، لەپێناوی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا و قورخکردنی دەسەڵات لە بنەماڵەکانیاندا، سیخوڕی نەکەری بە تورکیا و عێراق و ئێران بکەن و دەربارەی هێز و بارەگاکان و شوێنەکانی پەکەکە و شەرقانان و پێشمەرگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زانیاری و نهێنی بە تورکیا و عێراق و ئێرانی داگیرکەرانی کوردستان بدەن، ئەوانە جاش و خۆفرۆشن، ناپاک و تاوانبارن. مەرکی ناپاکی بە خیانەوە دەنێن و شایانی ئەوە نین کە لە کوردستاندا بژین. ئەوەی تێکەڵ ڕەوشت و ئابووی هەبێت هاوکاری دوژمن ناکات لە دژی برایانی کوردی. کوردستان بە باکوور و باشووریەوە، بە رۆژهەڵات و رۆژئاواییەوە، نیشتمانی پیرۆزی هەموو کوردێکی دڵسۆز و کوردستان پەروەرە. بوونی پەکەکە و شەڕشگێڕانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستاندا، ناشەرعی نییە و نیشتمانی خیانەتە.
سوپا و جاشە بەکرێگیراوە ئیسلامیێکان و داعشکانی تورکیای ڕگەزپەرست، دوای ئەوەی کە لە لیبیادا شکستیهێنا و نیانتوانی پێگە و بنکەیەکی ئیخوانولشەیتین لە لیبیادا

بکەنەوە و دەست بەسەر سامانی لیبیادا بگرن.
ئەردۆگان بە مەبەستی سیاسی و بە دووبارە هەڵبژاردنەوەی بە سەرکی داهاتووی تورکیا، پیلانی هەڵشکردنە سەر رۆژئاوا و باشووری کوردستانی داشتووە، بە هاوپەیمانی لەگەڵ عێراق و پارتیدا، نیازی گاویان وایە کە لە بەهاری داهاتوودا هێش بکەنە سەر کورستان و بشکی تری لێداگیربکەن. هاتنی وەزیری بەرگری تورکیا " خڵوسی ئاکار" کە دەستکانی بە کوشتنی خوێنی سڤیلی کورد سوورە، بە بۆغدا و بە هەولێر، بە جۆبەجێکردنی پیلانە چەپەڵکەیان هات. کە بەرێکی شێوەی سەقەڵی لە دژی پەکەکە دروستبکەن و پەلاماری شەنگار و قەندیل و دیرەکی رۆژئاوای کوردستان بدەن. هەفتەیەک بەر لە ئێستا، ئەردۆگانی گیلەپیاو، رایگەیاند و وتی ئیمە لە ناکاویکدا هێش دەکەینە سەر پەکەکە. گەر وا تێبگات کە بە زەبری هێز دەتوانێت کورد ملکەچ بکات، زەر نەزان و گەمژەیە و باجەکی زەری ئەم رەقە رەشە و گەمژەیی و کەرایەتییەی دەداتەوە.
هەرگیز بەرپرسان و وەزیرانی تورکیا و ئێران بە کاری باش رووبان لە کوردستان نەکردوون و ناکەن، تەنیا بە پیلانگێڕی لە دژی کورد رووبان لە کوردستان کردوون. دەبوایە خێڵکی شاری هەولێر بە تایبەتی و شارکانی تری باشووری کوردستان لە دژی سەردانی خڵوسی ئاکار بە شاری هەولێر، خۆپیشاندانکی ناڕازایی گەورەیان لە ڕێی فرۆکەخانەی هەولێر و بارگای حکومەتی باشووری کوردستاندا سازیان بکردایە و سەرکەنەی تاوانکانی تورکیایان لە دژی کورد بکردایە. بە داخەوە لە ترسی ئاسایش و میتی تورکیا، کە بە پانی و درێژی هەولێردا تەراتێن دەکەن، نەیانوێرا خۆپیشاندان بکەن، دەسەڵاتدارانی دەسەڵاتی کوردی دەست بە سینگەوە پێشوازییان لە خڵوسی خوێنڕێژ کرد و بەنیان پێیدا کە هاوکاری سوپای تورکیای داگیرکەری کوردستان لە دژی برایانی کوردیان دەکەن. ئامادەن کە ببن بە کاوسووری پێش لەشکریان.
ناپلیۆن دەڵێت:" نەمتوانی ئیسپانیا بگرم، چونکە جاشیان نەبوو" بە داخەوە کە جاش و نۆکەر و خۆفرۆش و ناپک و نیشتمان فرۆش لەناو کورد دا، ڕۆگەکەش نەکراون. ئێگینا نەدەگەیشتن بەم تانگانەیەوە و بە رۆژە چارنووس نادیارە. لەگەڵ ئەوەشدا گەشبینم کە ڕۆژە دەسەزکانی گەلەکەمان، دەست لە خەبات و قوربانیدان و بەرگریکردن لە کوردستان هەڵناگرن و درێژە بە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری و دیپلۆماسی چەکداری دەدەن، زووبێت یا درەنگ داگیرکەرانی کوردستان ناچاردەکەین کە چەکیان دادەدەن و دان بە

مافی ژنواکانی گەلەکەماندا بنێن. هیچ مافێکیش وەن نابێت، گەر خاوەن ماف دوای بکەوێت.
ڕەزا شوان
٢٦/ یانوار/ ٢٠٢١

کاری ڕۆشنکاریی هونەری کاریکاتێر.. هەندێن خۆشناو

زۆرجار دەستەی نووسەران داوا لە هونەرمەندی کاریکاتێریستی ڕۆژنامەکەیان دەکەن، کاریکاتێرێکی تایبەت بە بابەتێکی دیارکراو بکێشێت، وا باوە کە ئەم بابەتەش تاڕادەیەك ئاسانز بێت، ئاڕاستەی بەشێکی فراوانی خوێنەران بکرێت، ئەگەر تەنیا ئاڕاستەکراو بوایە بۆ بەشێکی پسپۆر لە بابەتەکە، لەوانەیە پێویستی بە نیگارێکی ڕۆشنکار نەبوایە، بەڵام بەشە فراوانەکەی خوێنەرانی تر توانای کردنەوە و شیکردنەوەی ئاماژەکانی بابەتەکەیان نیە، بەبێ هاوکاری و یارمەتی ڕۆشنکاریی، بۆیە دەستەی نووسەران بۆیاری پشتگیریکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکە دەدەن، بە نیگارێکی کاریکاتێریی، یان گرافیکی یان هێلکاری یان هاوشێوەکانی تری ڕۆشنکاریی، زۆرجاریش کاریکاتێریستەکە هەمان ئەو زانیاریانەی بابەتەکە دەخاتە نێو کاریکاتێرەکەیەوە، هەروەها زۆرجار هێلکارییە بەیانیەکانیشی دەخاتەناو، کاریکاتێرەکەش فاکتەرێکی هاوکار دەبێت بۆ خوێندنەوەی ئەو هێلکاری و نیگارانەی بابەتەکە.
هەندێك جار کاریکاتێرەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ جێبەجێکراوە، و بە ڕکەوت بابەتەکەی لەگەڵ بابەتە ڕۆژنامەوانییە نووسراوەکە لەیەك دەچن، لە ئاکامی ئەو لەیەکچوونەش دەستەی نووسەران بۆیاردەدەن کە کاریکاتێرەکە لەگەڵ بابەتەکەدا بگاوبکەنەوە، بەڵام زۆربەی ئەو کاریکاتێرە ڕۆشنکارانە لەسەر داوای دەستەی نووسەرانەوە دروست دەکرێن، بۆیە کاریکاتێریستەکەش باش خوێندنەوە و لێکدانەوە بۆ بابەتەکە دەکات، لەسەر ئەم بنەمایەش کاریکاتێرەکەی خۆی دەکێشێت.

نیگارە کاریکاتێرییە ڕۆشنکارەکان بەتەنیا پەیوەست نین بە ڕۆشنکاریی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان، زۆرجار شتێکی دیکەش ڕوون و

ڕۆشن دەکەنەوە، وەکو ڕۆکارییەکانی خۆپاراستن لە پەتایەك یان نەخۆشیەك، یان چۆنیەتی دەنگدان لە هەڵبژاردنێکی دیارکراودا و چەندین شتی تریش، لەم حاڵەتەدا زۆرجار کاریکاتێر بە شێوەی پۆستەر بۆ دەکرێتەوە، کە مەبەست لێیدا بانگکردنە بۆ شتێکی دیارکراو، بۆیە دەچێتە خانەی پۆستەری کاریکاتێریی، بۆ نمونە ئەو پۆستەرە کاریکاتێرییەی کە لە باشووری ئەفریقیا بڵاوکرایەوە، کە ڕۆشنکاریی بۆ ڕۆکارەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەکات، لە کۆماری باشووری ئەفریقیا.

ئەوەی جێی باسە کە ئەم جۆرە کاریکاتێرانە دیاردەیەکی زۆر بەربڵاونیە لە ڕۆژنامەکاندا، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم دیاردەیە توانای بڵاوبونەوە و پێشکەوتنی نیە، چونکە داتا سەرژمێرییەکان زیاتر توانای تێگەیشتنیان هەیە، ئەگەر هاوپێچ بکرێن لەگەڵ چەند کاریکاتێرکدا، بۆیە زۆرێك لە ڕۆژنامەکان هانا بۆ ئەم شێوازە دەبەن، پێمانوایە کە لە دواڕۆژدا ئەم دیاردەیە پلەوپایەکی گرنگی دەبێت لە کاری ڕۆژنامەوانیدا.

بۆفرۆچاڵ لە "سنۆی کێن"دا.. نووسینی: جەمیل نەوزاد

بۆفرۆچاڵ لە«سنۆی کێن»دا

خوێندنەوەی هێژا، ئەم دەقەی لەبەردەستتدایە ، نووسینی کاک "جەمیل نەوزاد"یە. کاک جەمیل لەم نووسینەدا دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە "نیوسەدە" پێش و باسی سەردەمێک دەکات کە هێشتا "سەهۆڵی دەسکرد" و زۆر ئیمکانی ئاسان کردنەوەی ژیان سەریانهەڵنەدابوو، یا لانیکەم بۆ ناوچەی ژیانی ئێو نەگەیشتبوو. بۆیە ژیانیش بەم ئاسانیەی ئێمڕۆ نەبوو. کاک جەمیل باسی هاوینی گەرم و هێنانی بۆفر لە بۆفرۆچاڵکانی کێوی بۆناوبانگی "ئاویر"(لە تێنیشت شاری سنە) بۆ ناو ئێو شارە دەکات کە خۆک بۆ خۆ فێنک کردنەوە و فێنک ڕاگرتنی خواردەمەنی و... پێویستیان بوو. هەروەها باگوڕەی پێوەندیی بە باسکەیەوە، تا ڕادەیەک باسی چۆنیەتی ژیانی ئێو سەردەمەی شاری "سنە"مان بۆ تام و چێژکی تایبەتەوە بۆ دەکات. کاک جەمیل ئەم

دەقی بە "بەنزاراوە"ی ئەردەلان (سنە)یی نووسیوە، کە ئاوەش تام چێژکەی خۆشی داوە بە دەقەکە، بۆئەو کەسانەی کە بەو زاراوە دەدوێن.
من کە دەقەکەم خوێندەوە، بۆپەی ئاوە خەم زادەی ئەو دەڤەرەم، چووم‌ەوە بە ڕابردوو، و هاوکات چێنێتی ڕاگرتن و هێنانی بەفر بەهاویندا سەرنجی ڕاکێشام. ئاوەبوو پەم باش بوو، جیا لەو کەسانەی کە بە بن زاراوەی ئەردەڵانی دەدوێن و دەخوێننەوە، هاونیشتمانانی زاراوەکانی دیکەش لەگەڵ ئەو مەژووە و ئەو بیرەوەرییە ئاشنا بن.بۆیە بە ڕاوێژ لەگەڵ کاک جەمیل هێنامە سەر ڕێنووس و شێوەنووسینی باوی کرمانجی خواروو(سەرانی).
خەلیلی غەزەڵی

بەفرەچاڵ لە "سنەی کۆن"دا
نووسینی: جەمیل نەوڕۆز

لەکاتێوە لە دەرەوەی وڵات دەژیم، یەک لەو شتانەی بەرچاوم کەوتوون و حەزم لێکردوە، بایەخدان بەڕابردوو،فەرهەنگ و سەربەردەی خەڵکی ئەم وڵاتانەوە بوە لە هەموو بوارەکاندا. لەو سەردەمانەدا کە فیلمو وێنە باویان نەبوە، بە ڕەمان ، نەقاشی ، نووسینی بیرەوەریی و هەرەها بە هاتنی وێنە و فیلم هەویان داوە باش و خراپ، گەورە و بچووکی جموجووڵکانی نەو کەمەگەی خەیان تەمار بکەن؛ تاکوونەوە ، نەتیجە ، نەبیرە و هەرەها نەسلی پاش نەسیان بزانن باب و باوگەورەکانیان چۆن توانیویانەلگەڵ سەختەتکانیاندا ڕووبەڕوو بنەوە. یا چۆن ئەو کەلوپەلەی کە بە بەڕوچوونی ژیان پەویستیان بوە، بەدەست هێناوە.هەرەها چۆن ڕەسم و یاسا کەنەکانیان تەمار کردوە و هەموو ئەمانەلکتێبخانەکان، قوتابخانە و زانکۆ و موزەخانەکان و لەم دوایانەدا تەڕکەمەیەتیەکان لەبەردەس هەموواندان. بە هاتنی ئینتەرنێت و کەڵکوەرگرتن لەم ئیمکانە، تا بەڕادەیەکی کەرەسەی مەژوویی سیاسی، کەمەیەتی،فەرهەنگی بەشێوەی نووسراوە، بە دەنگ و ڕەنگ ئامادەکراوە و بە کەڵکوەرگرتن لەبەردەست هەمواندایە.
بەداخەوە ئەمەی کورد لەمبارەوە کارەکی وامان نکردوە و دەتوانم بڵێم زەر هەژارین. ئاگەرەش کارەک لەلایەن خوێندەوارە کەنەکانەوە کە زەربەیان مەلا بوون کراوە سەبارەت بە دین و ئیسلام بوە.
باسی مەژووی هەزاران ساڵە ناکەم. ئەمە تەنانەت مەژووی ٦٠، ٧٠ ساڵی ڕابردووشمان نەکردوەتە فیلم و ڕەمان و بەداکیومنت نەکراون. بەختەوەرانە بە چوونە سەری ئاستی وریایی کەسانی لەزان و

ئەوەڕاتانەی ئێمە ڕەخساوە، زۆرکەس لەم بوارەدا چالاکن کە هیوای سەرکەوتنیان بە دەخوازم وهیوادارم نموونەیان زۆرتر بێت.

من بەهەی ئەوەی کە نووسراوە یا فیلمێکم لە پەیوەند لەگەل "بەفرە چاڵ" دا نەدیتوە و نەبیستوە، بۆئەرکی سەرشانی خۆم زانی، ئەو شتانەی کە لەم بوارەدا دیتووم بنووسمەوە. بە ئەوەی کە نەسڵی ئەمڕۆلە گەل ئەو هەلومەرجەی کە دانیشتوانی شارەکەمان (سنە) تێدا ژیاون ئاشنا بن.

بەیانی زوو، پێش خەرەساتن، بەرهەمی ئەو زەحمەتە لە شاردا دەردەکەوت و زۆرکەس هەر ئەو کاتیش نەیاندەزانی ئەو بەفرەی کە لەو هاوینە گەرمانەدا دێتە بەردەستیان چۆن و لە کوێوە هاتوە. دڵنیام گەنجانێک هەن بپرسن: ئەڕە بۆچی پێش ئەوەی یەخچاڵ و بەفرگر(فریزر) بێت، باو باپیرانمان لەگەرمای هاوین بە ئاوەکی سارد، بەستەنی،سارد ڕاگرتن و پێشگرتن لە خراپ بوونی خواردەمەنیەکانیانچییان دەکرد؟ ئاخۆ هەر "بەستەنی"یان هەبوو؟

لە پێشدا پێویستە باسی ئەوە بکەم کە شاری "سنە" لەو کاتانەدا ئاوی لووڵەکێشیی نەبوو.ئاوێک کە بە"حەفت ئاسیاو" دەناسرا، بێشک بوو لە ئاوی شار کە لەگەڵ ئاوی کانیاوەکانی وەک: کانی دووشەم ،کانی شێخ هەتەم، کانی هانەکلی، کانیە پیرە، کانی مەڵا وەیسی، کارێز جەنەرباخی، کارێز پشتەعومارەت خەسراوا، کانی مزگەوتی ئەمین لە جەوراوا ، کانی مزگەوت ڕەشی قەڵابەگی، کانی دەواخانەلە گەڕەکی ئاغە زەمان وەو هەروەها "گونج فاتمە خانم" کە ئاوەکەی لە ئاوێرەوە سەرچاوەی گرتبو وبە لوڵەی گڵی(سوفاڵی)دەڕۆشت بە ماڵە دەوڵەمەندەکان، ئاوی شاریان دابین دەکرد.
بەفرەچاڵ: واتا ئەو ئەرک و زەحمەتەی کە لە دەرەوەی شار دەچوە پێش، بە ئەوەی بەشێکی زۆری خەڵک بتوانن لەم ئیمکانە بە ئاسانتر کردنی ژیانی خۆیان بکاری بهێنن. ئەم شێوە دروستکردنی بەفرە چاڵ ،تایبەت بە شاری سنە و دەور و بەری بوو؟ گەر سەرچاوەی شوێنی دیکە بێ؟!من ئاگادارنیم و نەشم بیستوە لە شوێنی دیکە ، بەو شێوەی کە پاشتر باسی دەکەم جیاجێ کرابێت.هەرچی بوو،هەر وەکوو سەرەتا باسمکرد، لە گەرمای هاوین دا هێنانی "فێنکایی"(ئیمکانی سارد کردنەوە) بە ناوشار کاریکی گەورە و پڕ زەحمەت بوو و ئەمەیش جگەی پێزانینە بو ئەوانەی وا زەحمەتەکە لە سەرشانیان بوو.دەکرێ بەم ێیگەکەش بوو کە جەماعەتێک (لە کرێگار، وەاخدار و ئەوکەسانەی کئەجاریان دەکرد) بە بژیوی ژیان، ئەم کەسپ وکارە هەڵبژێرن.

یادی بەخێر بابم دوای ئەوەی دیهات بە جی دێڵی ودێت بە شاری سنە (کورسان) پاش ماوەیەک، بەفرچاڵ و یەخچاڵی ئیجارە دەکرد و ئەم کەسپ و کارە هەگایک تر بە دابین کردنی ژیان بوو ، بەوبنەوە منداڵ بووم، لە زەر لایەنی ئەوکارانەی پەیوەندیی بە بەفرچاڵەوە هەبوو سەرمدەردەهنا. هاستیەکشتان دەوە، رەنگە ئەم شتانە وا من دەینووسم کامڵ و پوخت نەبن.
دەڵێن بەری منداڵی تەژە . هەوادارم بتوانم ئەوچتانەی کە دەومە بە جوانی بۆتان بگێڕمەوە.لە کۆیەوە ئەمچالانە هەڵکندرابوون چەند نەسڵ پێش ئیمە لەم شوێنە کارە کەڵکیان وەردەگرت، من نە بەستووم و نە لێشوێنەک خوێندووم تەوە.
لە شاری سنەدا چەند بنەماڵە هەبوون کە زەربەی ئەرکی ئەم زەحمەتانەیان لە ئەستۆ گرتوە. پێش ئەوەی بابم ئیجارەکردنی بەفرچاڵ دسپێبکات، بنەماڵەی "بەرفی" کە ماڵیان نزیک مزگەوتی داروغە، بەرەو مەیدانی"حە ەوانفروشکان" بوو، خەریکی ئەم کەسپ و کارە بوون. هەر بەم بۆنەوە شارەتیان" بەرفی" بوو. (ئەوانەی یا لە یەخچاڵ دا شارەزایان هەبو بە بنەماڵەی یەخچاڵی دەناسران) من ناوی چۆن کەسیکەڵەم بنەماڵانەم لێبیرە: ئا سەعی، ئا رەشی و ئا عەباس بەرفی کە سێ برا بوون و باوکیان ناوی"ئەسکەر"بوو (سەرچاوە کتێبی "شارەکەم سنە" مەحیەدێن حەقشناس).. دواجار بابم لە گەڵ ئا رەشی وئا سەعی بوون بە شەریک.
بنەماڵەی گەڵداری لە گەڕەکی "قەتارچیان"دا یەکەکتر لەوانە بوون. کەسێک بە ناوی "تاتەی گەڵداری" هەم بە فرە چاڵی دەگرتە ئیجارە و هەم هەنانی بەفر بە ناو شاریش لەسەر شانی بوو
باوکی منیش شەریک بە لە ئیجارەی بەفرە چاڵەکان دا و هەم ئیمکانی بە هەنانی بەفر و سەهۆڵ بە ناوشار فەراهەم دەکرد. واتا جگە و ئیمکاناتی بە وەاخەکان و گرتنی کرێکار بە بۆنەوە بردنی ئەمکارەشی لە ئەستۆ بوو.
بەفرچاڵ و یەخچاڵ سروشتی لە بنەڕەت دا خاوەنی ماڵە دەوڵەمەندەکان (بنەماڵەی وەکۆ و سادق وەزیری) بوون کە بە ئیجارەیان دەدا.
تا ئەوجگە من لە بیرم مابێ، ٣ (سێ) بەفرچاڵ لە دەوروبەری شاری سنە دا هەبوو. کە هەرسەکیان لە کۆی "ئاویرگەورە" دا بوون. رەنگە ئیستجگەکانیان بەهەی ئەوەی کە ساڵانەکی زەر تەپۆڵەوە، کۆرەوە بووبن.ناوی هەرسێ بەفرچاڵەکان ئەمانەن:
١ – "بەفرچاڵ بانتا" چکۆڵەتر لە ئەوانیتر بوو.
٢ – "بەفرە چاڵ ناوەاس"(نەوەاست)کە لەگەڵ بەفرچاڵ بانتا لە "دەشتی بانتا" بوون. خاوەنی دەشتەکە و هەردوو

بەفرچاڵکە "عەبدوڵا دانایان" ناسراو بە "عەبدەڵادرێژ" بوو، کە شەش کڵێی هەبوو) ناسر، شوکروڵا، فاتح، مەنسوور، یەدوڵا، ماشەڵا(شوکروڵایان کە لە بان پردموسایە کانی سنە قاوەخانەی هەبوو). لەگەڵ بابم دا لە دابەش کردنی بەفر و سەهۆڵ شەرێک بوو. دیارە " بەفرە چاڵ ناوراس" چکۆلەتر لە"بەفرچاڵ گەورە" و، گەورەتر لە "بەفرچاڵ بانتا" بوو، کەدەکوتە نێوان ئاویرگەورە و دەشتی بانتا.
٣ "بەفرچاڵ گەورە". لە نزیک لووتکەی ئاوڵەرگەورە دا بوو، خاوەنی ئەم بەفرچاڵە بنەماڵەی وەکیلبوون و ئێوان .دەیاندا بەئیجارە.
بەفرچاڵ: چاڵکی گەورە بە درێژایی ٢٠ تا ٣٠میتر وپانتایی١٠ تا ١٥ میتر و قووڵایی چەند میتریک بوو. بە چوونە
خوارەوەی نێو چاڵکە لە کاتی پاییزدا کە بەفر لە کەمی دەدا، دەبڵا بە چەند پلەکاندا بچوایتەخوارەوە.ئەم چاڵانە لەو شوێنانەی پێی دەگوترا "کەناو" (کەنداو)لەدەران. بەڵام "کەناو" چی بوو. کەناو بە جیگەهایەکی چاڵ کە بەفرەکەی زۆر تێدا کە دەبووە دەگوترا، کەبەفرەکەی دەرتر کەمی دەکرد و دەتوایەوە.
بە نزیک بوونەوەی بەهار و گەرم بوونی زەوی، بەفرەکە تزێک دەتوایەوە ودانەشت. بەمجورە سفت دەبوو ودەتوانرا وەک قاڵب دەریبێنی. کە دەگەشتە نێواست مانگی بەهار، بە جواڵ و ەە شکە (جواڵ وەک تەلیس دەچوو، بەڵام ەەشکە تێی بوو)هەردووکیان لە مووی بزن دروست دەکران.لەم دوو ئامرازە بە گواستنەوەی هەندێک بار وەک: سوخاڵ(خەووز) ، ئاڤ، کا، شووتی و کاڵک و …هەندێک شیتی دیکە کەکوردگیرا. بەئەوەی بەفرەکەی نێوبەفرچاڵ زوو نەتوتەوە، "کا"یان بار وەاخ دەکرد و دەیانهێنا بە بەفرچاڵەکان بە داپۆشانی بەفرەکە . تا گەرما کاری لە نەکات و نەیتاوێنێتەوە. هەر بەفرچاڵێک بە نزیک ١٠سانت کا دادەپۆشرا. ئەگەربارانێک ببارای لە "کا"کە تەدەپێی، ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کە بەفرەکە زیاتر بەواتەیەک، ئەوەشیارمەتی دەدا کە لە کاتی بەفن و دەرهێنانی بەفرەکە لە بەفرە چاڵ دا باشتر بە قاڵب بێتەدەر ،هەر بەمبەنەوە بارکردنەشی ئاسانتر دەبوو.

با ئەوەش بڵێم کە ئەم شێوە کارە بەوتەی ئیمە، بەهداشتی نەبوو ولە کاتی "بەفراو" خواردنەوەدا پووشیبەستووی ناو بەفرەکە ئەکەوتە ناو ئاوەکە و دەبوو بە فوو لێکردن یا بەقامک لە ناو ئاوەکە دەرت دەهێنا،پاشان ئاوەکە ئاوەکەت دەخرایەوە . زەرجار بوو کە شارەداری (بەلەدیە)پشی بە هێنانی بەفریبەنێو شاری دەگرت. بیانووشی بەهداشتی نەبوون ەادەگیاند. هەر بەم بەنەوە (بەهداشتی

نەبوون)زۆرکەس بەفریان بوفنک هەشتنەوەی ئاو و پشگرتن لە خراپ بوون و گەنیویی گشت ومیوە ،هەروەها بەدروسکردنی "بەستەنی" بۆ کاریان دەهێنا.
کە وەرزی هاوین دەستی پێدەکرد و گەرما سێری هەڵدەدا، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کە بەفرە کە ببێن ودەربێنن و باری بکەن بۆ شار.سەرەتا "بەرکان"ێک یان لە بەفرچاڵەکە هادەخست (بەرکان =هەڵپشتوە)، جا بەفرەکەیان بە "مشار"ێک کە تایبەت بۆ بەفربڕین بوو بە شێوەی قاڵبی گەورە دەردەهێنا وقاڵبەکانیشیان لە یەک مەزەندە و ئەندازەدا دەبڕی بە هەر قاڵبێک دەگوترا "تا" و بە نەوەکەیان دەوت"نیمە تا"(نیوە تا). چونکە بۆعزە مشتەریێک نیوە تایان دەوێست.(سفارشیان دەدا). مشاری بەفربڕینەکە لە ئاسنێک سخت پێکهاتبوو، بە شێوەیێک کە تەنیا بۆ ئەوکارە (بەفر بڕین)بۆ کار یان دەهێنا. دریژیی مشارەکە جگە لە دەسکەکەی، نزیک ٥٠ تا ٧٠ سانت دەبوو و دەندەی(ددانەکانی)مشارەکەش درێژتر لە مشاری داربڕین بوو.

لە هەر بەفرچاڵەکا چەن کرێکارێک کاری دەکرد، بەڵام بڕینی بەفرەکە کارێکی قورس بوو و کرێکارێک یپێویست بوو کە حەسابی بە خۆیانەوە بێن و هەزو قودرەتێکی زۆرتریان هەبێت. دیارە ئەو کرێکارانە کە بەفریان ئەبەی هەقدەستی زۆرتریان وەردەگرت. کرێکارەکان بۆ ئەوە هەم تەڵە نەبن و هەم لە سەرمای نەوبەفرچاڵە دا لە نەتەزن ، "موشەما"یەکیان کە لەسەر سنگەوە تا سەرپەنجەی پێ درێژ بوو (وەک بەروانکە)لەخەیان دەئاڵاند. پاش بڕین و حازر بوونی قاڵبە بەفرەکان، لە بەفرچاڵ دەریان دەهێنا دەری و دایاندەنا. تا ئەوکاتەی پێویستیی ئەوروژە ئامادە دەکرا ، بەفرەکە ئێتر لە بەفرچاڵ هاتە دەرەو کەم کەمدەتوایەوە وئاوی لە دەتکا.

پێش بارکردنی قاڵبە بەفرەکان، بۆ ئەوەی کەپانی وەاخەکان تەڵە نەبن ، موشەمایکی ئەستوور ئەدرا بەسەر کوپانی کەر ، هەستر و یابوەکاندا .پاشان ئەو کەسانە کە خاوەنی وەاخەکان بوون بەفریان باریوەاخ دەکرد بەرەو ناوشار لەدەخوڕین. جیا لە شوونخوونی ئەو شوە، لە ڕێگای پێچاو پێچی "ئاویەر" تانەو شار چەندە باری وەاخ بەلادا دەکەوت یا شل دەبوەوە و وەاخدارەکان چەن کارەکانیان بەدروستیجێبەجی دەکردبا بەمێنی بەکاتی خۆی.
بەیانی زوو، پێش ئەوەی خەر هەڵبێت، "تا" و "نیم تا" بەفرەکان یەکە یەکە لە بەردەرکەی ئەو دووکانانەدا کە زووتر داوای بەفریان کردبوو، لە سەر وەاخەکان دادەگران و لە پێش دوکانەکاندا دادەنران.خاوەندوکانەکان دەبوو زووتر بهاتبان و لەوجێگە

سەبەردارە کە پێشتر ئامادەیان کردبوو بۆفرۆکانیان دا دەنا وبە بەرگری لە گەرما و توانەوەی بۆفرۆکە، بە تێلێس (کۆنۆف) چەند لە دایان دەپێشی.

وەاخدارەکان پاش دابەشکردنی بۆفرۆکان، بە ئاوەی دوبارە هێز بگرنەوە، دەبوو لە ماڵ دا وچانێکیانبدایە. تا شەو بتوانن دەسان بەرەو بۆفرۆچاڵ بکەونەوە ڕێگە، تا ڕاژەکتر وەک ڕوژی پێشوو دەسپێبکەنەوە. ئەم شەوکارە چەن مانگی دەخایاند .تا بۆفرۆچاڵ خاڵی دەبوو.
پاش نیوەڕۆ ئاوکاسێ کە بەیانی لە گەل وەاخدارەکاندا بە دابەشکردنی بۆفرۆکان بە سەر دووکانەکاندابەشدار و بە مشتەریەکان ناسراو بوو، دووکان بە دووکان دەگەڕا و پووڵ بۆفرۆکەی کە دەکردەوە. لە زەرجەگا ئەم کەسە بە بەستەنێکی نەندار، یا لەوانێک دە میوان دەکرا.

کەسانیک لە شار سنەدا شارەزا و وەستای بە ستەنی بوون (بەستەنی فروشێ کەنەکانی شار ئەمانەبەن: شەرەفیان دووکانەکەی لە پاساژ موشرفی بوو، وەحدەت لە شەقامی شاپوور ،عەباس مەولوو لایدووخانیات شەقامی پەهلەوی، بورهان بەرانبەر بەر مزگەوتی والی لە شەقامی فەردەوسی، ئەولەلیی لەتەنیشت مزگەوتی جامەع و ئەورەحمان بەرباغ ملی
و...(کەسانێکیش هەبوون کە بە ئاوەی دوکانەان هەبەت، لە سووچێکی شەقامەکانەوە بەستەنەان‌دروست دەکرد و بە قەندان دەیان فروشت، بە ئاوە خێک ئاگادار بکەنەوە بە دنگی بەرز هاواریان دەکرد:"قەندانی قەرانی بەستەنی. قاپە مەنەکە".هەروەها« یەخدەربەهەشت »(چلوور)لەبەر ئاوە بەرهەم هێنانی ئاسانتر بوو، لە شەقامە شلەقەکان دابەدەست هێنانی بژیوی ژیان دەفرۆشرا، لە زەر شوەن دا بەرهەم دەهێنرا.
لە زەرێک لە بەستەنی فروشیەکاندا، "فالودە"ش هەر بەو ئامرازانەی کە بەستەنی پی دروست دەکرا،بەرهەم دەهات. خاونانی ئەم پیشەیە (واتا بەستەنی و فالوودە و یەخدەربەهەشت)لە مشتەریەهەمیشەیەکانی بۆفر بوون لە هاوێنان.

بەستەنی فروشەکان لە زستاندا و کاتێک هەوا ساردی دەکرد، کارەکەیان دەگەڕای و دووکانەکەیان‌دەکردە قاوەخانە و ژمارەکیان "باقلاوا"شیان دە فروشت. بە ڕاستی تام و لەزەتی ئەو بەستەنییانەهیچکات لەبیر نەسی ئەو سەردەمە ناچێتەوە.
لە هاوینان دا منداڵی بنەماڵە دەست کورتەکان، ڕوویان دەکردە

بەفراو یا سەهۆڵ ئاو فروشتن ولەمدوایانەدا بە تێپەتوورە (جۆرە سەهۆڵێک بوو کە لە "یونولیت" دروست دەکرا و سەهۆڵ یا هەر شتێکیساردی بە ماوەیەک رادەگرت)یکەوە کە پەیان دەکرد لە "یەخدبەهەشت" کاسپی یان دەکرد.
ئەم کارە سەرتاکان زیاتر لە دەوروبەری "بەرحەوزەکە"(مەیدانی شا)دواتر، لە سەرانگاکان دا وەکخەسراوا، مەارەکاوا، ،ساق ئاوا(٣ سەرانگەی بەناوبانگی شاری سنە لە داوێنە کۆوی ئاویەر)و بەرگاراجەکان وبەگشتی شوێنە شلەقەکاندا ڕواج و باوی هەبوو. دیارە ئەم کارەش بە مندەان شوغڵیکیئاسان نەبو. ئەم مندەانە دەبو تونگەک یا گەزەک ئاو ووکاسەیەکی پە لە بەفر یا سەهۆڵیان بە دەستەوە، یا تێپەتوورەیەک پرلە چلوورە، کە قورسیش بوون، لەسەرشان دابنایە و بە نەوشار و سێرانگاکاندا بیانگەڕاندایە. پەنەکەش کە لەم زەحمەتە دەست دەکەوت بەخەرجی بنەماڵەکانیان بوو.

بەفراو یا سەهۆڵ ئاو لە ئێستە دا کاسێیکی داشای یا "پەنابادە"ک بوو(نەم قەران)بە عزە منداڵەک کەزیرەک بوون ، بەمشتەریەکیان دەگوت:"بڵەقەنی قەرانەک، نەڵەقەنی داشای". ئاخر ئەگەر کاسەکەتبڵەقاندای(لەراندنەوە) بەفرە کە یا سەهۆڵەکە زووتر دەتوایەوە و ئاوەکەی زەرتر ساردەوە دەکرد کەئەوە بەزەزەری منداڵەکە بو. ئەبوا دوبارە پەڕی بدایە و بەفر یا سەهۆڵی بکەڕبای. ئەم بەزمەی لەقاندن ونەڵەقاندن دەمبەدەم لەنێو شارا دەگەڕا و دەبوە هۆی پێکەنینی خەڵک.
لەمانە گەڕێین، خەڵکی شار و دیهاتەکان بە شێوەی دیکە دەبوو ئاوی ساردیان دەست خستایە. لەوشوێنانەی کە کانی
ئاوەک، یا بەریک کە ئاوەکەی خاوێن بوایە و لە نزیکیانەوە بووایە، لەوکاتەدا کاریان ئاسان بوو. لەزەرەک لە ماڵاندا بە دەچە (سەتڵی لاستیکی) ئاویان لەبەرهەڵدەکێشا و دانانی جەجەڵە وترومپا لەسەر بەرکانەو ڕەگەی دیکە بوو بە بەدەس هێنانی ئاوی ژەرزەوی کە سارد بوو. لە زەرجەگەدا ئاوی بەرپاک نە بوو و بە خواردنەوە نەدەبوو، هەکار نزیک بوون لە ئاودەست یا سەنگەن و قورس بوونی ئاوەکەیبوو. ئەم شیوە ئاوە تەنیا بە جل شوواردن و ژاندن کەڵکی لەوەردەگیرا.

با ئیشارە بەوەش بکەم کە لە زەربەی گەڕەکاندا، ژنگەلێک هەبوون کە پەیان دەگوترا "ئاوکەش"کە ئاوی خواردنەوەیان لە کانیاوکانەوە بە ماڵان دەبرد. ولە بەی کارکەیان مانگانە پوولێکیان لە خاوەنماڵەکان دەستاند.ئەمکارە بە زستاندا زەر ئەستەم بوو. چوونکە دەبوو بە نەو بەفر و باران قوە و لیتاودا دائەم ژنە زەحمەتکێشانە

ئەو ئەرکەیان بەجێگەیاندبای. هاوتەمەنەکانی من و هەروەها زۆر کەسیتر حەتمەن ئەو ژنە زەحمەتکێشانە لە گوندەکانی خویاندا دەناسن و رەنگە ناوەشیان لەبیر مابێ.
بە ئەو دووکانانەی (وەک قاوەخانە و بەستەنی فروشی)کە ئاوی زەرتریان پێویست بوو، پیاوێک کە بەویش هەردەگوترا "ئاو کێش"، ئەم کارەی دەکرد. کە دەورەشیک بە ناوی "مەشکە ئێش" وە کەسێکتربەناوی "دەوریش کەریم" دوو نموونەی ئاوکێشی پیاو بوون کە من ناویانم لە بیر ماوە. دەروێش کەریمقرەشکۆکی(جارێ پێرداخێک)پی بە هەر کەسی تەنو داوای ئاوی لێدەکرد زوو ئاوەکەی لە سەر شانیدانا و بە رووکی خۆشەوە قروشکەی ئاوی پی دەدا.

خەڵک ئاوی خواردنەویان بە شێوەی دیکەش سارد یا فێنک دەکردەوە. بە ئەم کارە لە "تونگ" و"گۆزە"ی سوور
کەڵکوەردەگیرا. لە زەر جەگا تالیسەکیان بە ئەندازەی تونگەکە دروست دەکرد و تونگ یا گۆزەکیان دەخستە نێوی و ئاویان پێدا دەکرد ودەیان خووساند بە ئەوە تەڵ بەمنەتەوە و ئاوی نێو تونگەکە گەرم نەبێت. بەوشەوە هەم تامی ئاوەکەی خۆش دەکرد هەم ساردەش دەیدەگرت .
شارەداری (بەلەدیە)بە تانکر ئاویان دەهێنا بە گوندەکە هەژارنشینەکان کە ئاوی کانیاوەکان بەشینەدەکردن. لە کاتی دابەشێنەوەی ئاوەکەدا دەبوە تەکە و لەکە کە زەرجار لەسەر ئەوەی نەرەی کە بووە،شەڕ و هەڕای لەدەکەوتەوە.

هیندەک ماڵە دەوڵەمەندەش یەخچاڵ نەوتییان هەبوو، هەروها زەرخانیان (زەرنهومی)هەبوو بە داگرتنیمیوە و باقی ئەو خواردە مەنیانە زوو خراپ دەبوون. بەو زەرخانانە دەگوترا "حەوزخانە".
لە نێو شاردا زەرەک لە ماڵە ئەعیانەکان وەک بنەماڵەکانی سەردار، وەکۆ، بابان ، غەیاسی و حەبیبی ئاوی "جاری" یان هەبوو. بە هەنانی ئاو لە ریگەی قەنات و لوولەی سوفالی ئاویان بە خویان کەشابوو.مالەی سەردار دەرگای حەسارەکەیان دانەدەخست. حەوزخانەیەکیان هەبوو کە دانیشتوانی شار بوبردنی ئاو بە ماڵەکانی خۆیان، یا ئاو خواردنە وە، یا خو فینک کردنەوە رووبان تەدەکرد.
من هەوەمدا بەزمان دایکیم، واتا بە زاراوەی سنەی ئەم دەقە بنووسم کە لە زەر جەگا بە وشەی گونجاوگەرم دە کرد.
ئەمە ئەو شتانە بوو کە من لە بەفرەچاڵ و ژیان لەو سەردەمدا وەبیرم دەنەوە. دەنیام کەسانی دیکە هەن لەمبارەوە بیرەوەریی باشتریان لەوەی من هەیە. هەروەک لە سەرەتاشدا باسمکرد، دەخۆش

دەبم ئەوکەسانەی کە ئەم نووسراوە دەخوێننەوە، تا ئەو جێگەی پێیان دەکرێ بە زانیارییەکانی خۆیان ئەم دەقەدەوڵەمەند بکەن و کەم و کووڕیەکانی بخەنە ڕوو.

ئەم نووسراوەیە لە جیهانی ئیمڕۆدا و بەم هەموو پێشکەوتنەی زانست و تەکنیکەوە، ئیمکانی هەیە لای هەندێک کەس بەهەی ئەوەی ئاوەدانەوە لە ڕابردوویە، جێگەی ڕخنە بێت. من پێمخۆشە هەموو نەزەر وڕوانگەی خۆیان دەربڕن. من بەدە ئاوڕایەوە ئامادەی بەستنم و پێی خۆشحال دەبم. ئەگەر کەسیش هەبێ پرسیاری هەبێ، تا ئەو جێگەی زانیاریم هەبێ وەڵامدەر دەبم.
ئیتر ئاواتی تەندروستی بێ هەمووان دەخوازم
ئەگەر بەخت یار بێت، لەسەر "یەخچاڵی سروشتی" کە هاوکات بوو لەگەڵ ئەم سەردەمدا و لەسەر ژیانی خێزانێک دەورێکی هەبووە، دەنووسم.



ئاویار

دەردە کوردبوون و جلی کوردی..

هەمەر نەریاوی

1 – ئەو جوگرافیایەی کە هەنووکە لە قامووسی سیاسیی جیهاندا بە "ئێران"، ناودێرە، وەاتەکی فەرهەنگ و فەرهەنگەوانێتی نەتەوەکانی دی، فەرهەنگی دیکرێت؛ یان بە واتایەکی ئاستتر، هەوڵی شێواندن و ئاوێزووکردنی مێژووەکەیان دەدرێت. چونکە دەستکەوتەکانی بەشداریی هەر لە دەرزمانەوە هەتا هەنووکەیش بەردەوام بە چاوکێکی نەوی و نزم دەڕوانێتە نەتەوەکانی دی نەو ئەم جوگرافیایە و لە ئاستیدا ئەم فەرهەنگەیشی بە نەو کەمەگەی ئێرانی گوزێتەوە و زەرینە، هەگری هەمان بڕوون و ڕوانگە لە هەمبەر نەتەوەکانی دیکەی نەو ئێرانداید.

2 – ئەم پەلامارە دژە مرۆیی و کرێتە، هەندێک جار لە کاتێکدا بە ناو "میللی"یەکانەوە و لە لایەن ژمارەیەک میدیاکار(پشکشکار و بژێر)ی نەخوێندەوار و کەفامی خاوەن ئەزموونەوە ئەنجام دەگرێت کەچی بەشێک جار، ناوەند و سیما زانستیی و هونەریی و ڕەشنبیرییەکان بە ئەم هەڕشە ناسڕدەمیانە دەکار دەگیردرێن. ڕووی ئەم چەند پێیەڵە لە نوێترین هەرشی کەفامانە و ناسڕدەمیانەی پشکشکارێکی نەخوێندەواری کەناڵێکی فەرمیی حوکوومەتە کە "جلی نەتەوەیەک" نیشانە دەگرێت و وێڕای ڕێزی فرەوانم بە چینی "شڤان"، بە جلی شوانان، ناودێری دەکات. ئەم پشکشکارە قسەزل و گەمژەیە کە بە پارەی حوکوومەت، لە کەناڵی ڕەسمیی وەاتەکەوە، فەرهەنگی نەتەوەیەک وەبەر هەرش دەدات، ئەوەندە نەخوێندەوارە کە سەرەڕای ئەوەی لەسەر گیرفانی حوکوومەت بە هەر هەموو ئێران و بگرە دنیادا گەشت و سەفەری فرە و فرەوان دەکات، کەچی هەشتاکە تەسقاڵە شارەزایەتییەکی لەسەر خەیان گوتنی "ئەتنە ئێرانییەکان" نییە و سووک و هاسان، بە بە ئەوەی وەبەر لەپرسینەوە و لەپێچینەوە بکەوێت، تا دێت تریبەنی گەورەتری دەخرێتە بەردەم. تاتریش ئەوەیە کە دواتر خەی بە کورد لە قەڵەم دەدات کە برین و دەردەکە سەد هەندە کاریتر و پەزامتر دەکات. ئەم چەشنە بەڕەزیکردنە بە جلی نەتەوەی کورد ڕاست

دەمباتەوە بۆ نێوەڕاستی شەستەکانی هەتاوی(نێوەڕاستی هەشتاکانی زایینی).

3 – ئەو کات،خوێندکاری کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانستگەی تاران بووم. جارێکیان مامۆستای وانەی "خەسارناسیی کۆمەڵایەتی"،دوکتۆر "ڕەحمەتوڵڵا سدیق"، تەوەری باسێکی لەسەر چەشنەکانی گزیکاریی و لادانی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەدا بوو کە "لێبڕکردنی جلی کوردی" بە نموونەیەکی ئاشکرای لادان لە بەها و نەرمە کۆمەڵایەتییەکان و بگرە تێکدانی فەرهەنگی بەناو ئێرانی ناوزەد کرد. ئەم مامۆستای زانستگەیە کە بەوانامەی دوکتۆرای کۆمەڵناسی لە زانستگەی "سۆربۆن"ی پاریس وەرگرتبوو،سووک و هاسان بەو چەشنە کەوتە سووکایەتیکردن بە فەرهەنگی نەتەوەیەک و یەک کەسی بە ویژدانیشت بەردیدە نەکەوت، بەڕەنگاری ببێتەوە، یان بە واتایەکی ڕاستتر،کەسی متمانەی لێوە نەهات. کاتێک ئاخاوتنەکەی کۆتایی پێ هات،ڕووم تێ کرد و وتم: "مامۆستا دەمەوێت بە کێ و دانیشتنی داهاتوو لەسەر جلوبەرگی کوردی قسە بکەم". پێشوازی لێ پێشنیازەکەم کرد. بە حەوتەی داهاتوو دەستێک جلی کوردیم لەبەر کرد و ڕووم لە کۆلیژ نا. هێشتا نەگەیشتبووم نێو حەوشە و باخچەی کۆلیژ،کە هەر یەکە و بە ناو و ناتۆرەیەک، بانگی دەکردم. کاتێک کەوتمە دەستی پێکرد،مامۆستا ڕەحمەتوڵڵا سدیق،ڕووی لە خوێندکاران کرد و وتی: "وا دیارە ئاغەی… دەیهەوێت دیفاع و بەرگری لە خەی بکات،ئاغەی … فەرموو".

سەرتا کەوتمە ئاخاوتن لەسەر فەلسەفەی دامەزرانی کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشێکی فرەی وانەکانی تەرخانە بە خەیان گوتنی؛چاند و فەرهەنگی ئێتنە ئێرانییەکان. وتم:"جێی داخ و کەسەری زۆرە لە کۆلیژێکدا ناوەکەی بە خەی هاوار دەکات کە پێویستە ڕۆژ لە زمان و کولتوور و مێژووی نەتەوە جیاوازەکانی نێو وڵاتێک بگیردرێت،هەر لەڕە و لە تریبۆنی زانستگەوە سووکایەتیی و بێڕێزی بە فەرهەنگی کورد دەکرێت. خوێندکاری نێو زانستگەکانی ئێران ئەوەندە شارەزایەتی لەسەر هەز و خەڵ سووڕپێستەکانی ئەمریکا هەیە، هەزار یەکی لەسەر خەتان گوتنی؛فەرهەنگ و چاندی ئێتنە ئێرانییەکان شارەزایەتی نییە و بگرە هەر هیچیش نازانێت". دواتر،کەوتمە باسکردن لەسەر تایبەتمەندییەکانی هەر کامە لە بەش و پارەکانی جلی کوردی و دەسکەوتیان لە وەرزە جیاوازەکانی ساڵدا. کە کۆتاییم بە قسەکانم هێنا،کاکی مامۆستا ئەوجار ڕووی لە خوێندکاران کرد و وتی: "بەڕێزان، بەڕاستی من ئەم شتانەم نەدەزانی و

شارەزایەتیم لەسەر ئەم پرسانە نەبوو. هەر لەبەر و لەبەرچاوی هەمووان داوای لێبوردن لە ئاغای … دەکەم". من عەرزم کرد،دوکتۆری هەژا،داوای لێبوردن لە نەتەوەیەک بکە کە من ئێندامێکی هەرە گچکەی دەمە ئێژمار.

4 – هەنووکە پاش گەلێک ساڵان،ئەمجارە "محەممەدجەعفەر خوسرەوی"، پێشکەشکاری کەناڵی دووی ئێرانی، لە سەردەمێکدا کە بە چاخی شەشی تەکنەلۆژیا و زانیاری ناودێر، بە لەونکی بێشەرمانە،لە شاشەی کەناڵێکی فەرمیەوە، سووکایەتی بە جلی نەتەوەیەک دەکات. پێشکەشکاری کەناڵی بە ناو میللی،مەیلەکیانە دڵئاخفەت و بە بەرچاو بە میلیۆنان کەسەوە،سووکایەتی بە فەرهەنگی دوورەمێندی نەتەوەیەکی دێرین دەکات.
ئەم قسەی "محەممەدجەعفەر خوسرەوی"یە کە،هەزنان لە کەسی بەرانبەرت،سەرتاییترین ئێرک و هۆتاری کەمایەتییە و پێشکەشکار پەیوستە هەز لە میوان و بەردەنگی بەرنامەکەی بگرێت کەچی بە خەی،ڕاست بە پێچەوانەوە دەجووڵێتەوە و فەرهەنگی نەتەوەیەکی خودان ژیار نیشانە دەگرێت. میوانی بەرنامەکەی گەنجێکی کورد دەبێت بە ناوی دوکتۆر "فەریبورز عەزیزی" کە خەڵکی گوندێکی دەڤەری هەورامان بە ناوی "زەردەیی"یە و لە کرماشاندا مەزن دەبێت. کاتێک پێشکەشکار پێی دەڵێت؛ئەم جلی شوانییە چییە لەبەرت کردووە،وەرامی دەداتەوە:"ئەم جلە، یادگاری کاوەی ئاسنگەر و هەمای ڕزگاربوون لە ژێر چنگی ملهوڕیەتییە". جێی ئاماژەپێدانە کە فەریبورز عەزیزی دواتر کورتە ڤیدیۆیەک لەسەر ئەم پرسە بەاو دەکاتەوە کە ڕاستیت گەرەکە هیچ لە واقیعە هەژنەرەکە کەم ناکاتەوە.



5 – لە نێو وێات و سیستەمکدا زەرینە بە ئەقییەتی نەتەوەی باڵادەستەوە بار دەت و گۆش دەکرێت، مرۆ و کەسایەتی نەتەوەکانی دی، با بلیمەت و زانستوەر و مامۆستای زانستگەیش بن، هەمیشە بە چاوکی نزم و نەوی سەیر دەکرێن هەر بۆیە پشکشکارکی ناسراو بۆ چێشنزی بە نەتەوەیک دەکات و هەرگیزیش گوشارکی بە سەر دروست نابێت. پێویستە هەموومان لە هەمبەر ئەم بۆزیکردنەدا یەکدەنگ و یەکگرتوو بین و هەوڵستمان هەبێت و بە دژی سەرچاوەی سەرکی سووکایەتیکردنەکە بوەستینەوە ئەگینا سبەی شاڵاوی دیکەی بۆ دوادا دێت. کورد و کوردبوون، بۆ هەمیشەی دیرەک بە چقڵی چاوی ناحەزان دەمێنێتەوە بەڵام مرۆی کورد تا کەنگێ دەبێت بەدەست ئەم دەردە گرانەوە بتلێتەوە کەچی ویژدانە تێپیوکانی ناوخۆ و دەرەوە(بە ناو ڕۆشنبیرانی ئێرانی)، متۆقیان لەوە نایە و بگرە بەرانبەر بەم بۆزیکردنەیش،خەنین و لە دوور و نزیکەوە،هەووزنانە و بەدرۆ،جاڵی دیمەکراسی و مافی مرۆڤ لە دەدەن!

ناوی کتێب: پشیلەکەی بریژێت!.. نووسینی: جەلال قادر

ناوی کتێب: پشیلەکەی بریژێت!
بابەت: چیرۆك
نووسینی: جەلال قادر
دیزاین: هەڕەم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 3000 دینار
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: 2017

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن ...

ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان) بڵاوەکرێتەوە

وەشانی نووسیار لە وەرزی نوێی کتێبکانیدا بەمزوانە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان) لە نووسینی (گەران سەباح) چاپ و بڵاوەکاتەوە.

لەبارەی ئەم ڕۆمانە گەران سەباح دەڵێت: مرۆڤی هەرزان ئەزموونێکی نوێیە لە هووی ژانری ڕۆمان، زمانی گێڕانەوە، تەکنیکی گێڕانەوە، کات، شوێن، تەما و کارەکتەر. ژانرەکە خەیاڵی زانستییە (خەز). لە ماوەی ڕابردوودا، دە باسی تەروتەسەلم لەبارەی خەز نووسی، بە درێژی باسی چەندێتیی نووسینی خەزم کردووە. زمانی (مرۆڤی هەرزان) ورد و پاراوە، تایبەتە بە خەز. زمانی خەز ئاسان نییە چونکە دەبێ ڕۆچاوی لایەنی زانستی و تەکنیکی بکرێت، ئەمەش پێویستی بە زاراوەی تایبەت هەیە. مرۆڤی هەرزان هەوڵێکە بە دانانی بناخەی زمانێکی تایبەت بە خەیاڵ و زانست کە جیای بکاتەوە لە ژانرەیلی تری ڕۆمان. تەکنیکی گێڕانەوەکە کەسی سێیەمی سنووردارە کە ئاستەمترین تەکنیکە، لە دەرفەتی تر بە وردی باسی دەکەم. تەمای (مرۆڤی هەرزان) ڕۆمانەکە جیا دەکاتەوە لە ڕۆمانەیلی تر. باسی خەکوشتن دەکات، پەمان دەڵێت بەچی فەلسەفە و هزری ڕئاوا مرۆڤیان بەرەو ئاقاری خەکوشتن برد. پەشمان دەڵێت فەلسەفەی ڕۆژهەڵات و ئایین و زانست دەتوانن چی بکەن بە چارەسەری خەکوشتن. کاتێک لە داهاتوو، باسی ساڵی ٢١٠٠ دەکات. (مرۆڤی هەرزان) فرێ شوێنە: بەشایی ئاسمان، هەولێر، نیویەرک، پاریس، تاران، چەندان شوێنی تر. کارەکتەرەیلی سەرەکیی (مرۆڤی هەرزان) گەنجن، لە نێوان ١٤-٢٠ ساڵی دان، ئەمەش ڕۆمانەکە دەکاتە جۆری (گەنجی تازە پێگەوییو، واتە Young Adult).
پەرەگرافیک لە ڕۆمانەکە:
” شووشە هووبەوویان دەبەتەوە، دەڵێت ئەو باسی خەون ناکات. مردوو خەون نابینێت، شتەکان بە واقیعی دەبینێ و هەستیان پێ دەکات، ئەزموونی مردن دەکات و دەگێڕێتەوە. لە ڕێگەی ئەزموونەکەوە مرۆڤ دەزانێ لە دنیای مردن چی دەگوزەرێ، دەزانن بەرەو کوێ دەچن، بەمەش نرخ و مانای ژیان دەدەزنەوە.”

وەک هەوڵێکی نوێ، نووسیار داوای لە دوو نووسەر و کەسایەتی دیاری

بوارەکە کردووە کە پشووخت و پش لە چاپدانی ڕۆمانەکە، خوێندنەوەی تایبەتی خۆیان بنووسن و دواتر لە بڕگی پشتەوەی ڕۆمانەکە دادەنرێت. ئەد دوو نووسەرش: خانمە نووسەری کورد "ئاڤە هوما" کە بە ئینگلیزی ڕۆمان دەنووسێت. لەگەڵ نووسەری بە ئەزموون بەدران ئەحمەد حەبیب.

"مرۆڤی هەرزان" لەوانەوە لە داهێنان، هەجوی سیاسی و هۆشیاریی ئیکۆلۆژی. ڕۆمانەکە ئاستێکی نەودوو تی هەیە و چڕ و ڕشنایی بە خوێنەر دەبەخشێت، لەسەر بنیاتی فەلسەفە، ئایین و کولتور هەوە دەدات گەورەترین پرسیارەکانی ژیان وەڵام بداتەوە.

- ئاڤە هوما، نووسەری ڕۆمانی بەناوبانگی "کچانی دووکەڵ و ئاگر"
خۆنی "گەران سەباح" دوو جار پیرۆز، جارەکیان وەدەزینی چارەسەر بە دەردێکی کەمایەتیی ئەو سەردەمە داهاتووە خیاڵکردە و جاری دووەمیش کە زوانی کوردی و مرۆڤی کوردستان و وڵاتەکیان دەباتە ڕەزی هەموو دنیا.
- بەدران ئەحمەد حەبیب
گەران سەباح: لە دایکبووی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٨٢. خاوەنی بەوانامەی ماستەرە لە بواری ڕۆژنامەوانی و بەوانامەی دکتۆرا لە ڕۆژنامەوانی (مەیجەر) و نووسینی ڕۆمان (ماینەر) لە زانکۆی کانزاس لە ئەمریکا. یەکەم ڕۆمانی بە ناوی (شاخونبڕی سەرکردە) لە ٢٠٠٥ دا بڵاو کردەوە، ڕۆمانی دووەم (ترس و ق) لە ٢٠١١، ڕۆمانی سێیەم (دووی سوور) لە ٢٠١٣. ڕۆمانی دووەم و سێیەمی بە ئینگلیزیش بڵاو بوونەتەوە لە ئەمریکا. (مرۆڤی هەرزان) چوارەم ڕۆمانیەتی. نووسەر سێ ڕۆمانی چاپ نەکراویشی هەیە. وەک وەرگێڕیش تا ئێستە بیست و پێنج کتێبی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی لەوانەش: هاملەت، بانکانی وەزرینگ، تیۆری سیاسی، حکوومەت و گەندەڵی، بەهاری عەرەبی، جووکانی کوردستان، داهێنانەوەی کەمەڵگەی مەدەنی، هتد. هەڵگری خەڵاتی کادەر پیکەت و باب سیگمانە لە بواری نووسین و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی.

تاوێک لە پرووشەت.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

(١)
ئاسمان
جارێکی تر
گریمانەی
تاوێک لە لە پرووش
بەفری تەی هەیە،
مەستیشم
بە خوونی گەڵانووت،
بەیە وەک گوڵی قەرانی ئازار
سووتماک
ئەبمەوە
(٢)
خەرئاوابوون
تابلۆیەکە لە ڕەح
(٣)
تاوەکو چرا شینەکانت
لە سەرشەپۆلە
هەمنەکانی کات
دەرئەکەوێتەوە
لە کەنارا،
بەرگی خەرت بە ئەپەشم
مەنزەگەیەک
لە وەاتی شەختە و گڵ،
با لە دەا باڵا کا
تا ئەو سنورە تەلبەندەی
پێش لە خاچدانمان
ئەبینەوە
بە هەناسەی
ئابردووی یەکتر،
.....
وێنەکە تابلۆیەکی نیگارکێشی فەرەنسی
Paul Gauguin- Garden under Snow

کاکلێکی کوردی (٨) سان بوو بە یەکەمی جیهان لە بیرکاری.. رزا شوان

منداڵێکی کوردمان کە ناوی (یوسف ئەرهان ڤالینجا ئاغۆ) ە، تەمەنی (٨) ساڵە. خەڵکی پارێزگای (هاکاری) یە، لە باکووری کوردستان. پێڵی سێی سەرەتاییە لە قوتابخانەی (شەهید سەڵاحەدین) لە هاکاری. زۆر لە بیرکاری"ماتماتیک" دا زیرەکە.
داوای لە باوکی کرد، کە ڕێی پێبدەن بۆ ئاوەی بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی پێشبڕکێی
(کاریبە) بۆ بیرکاری لە (کۆنەدا) بکات. باوکی بۆ ئاوپێی پێخۆشحاڵییەوە ڕازیبوو.
لەم پێشبڕکێیەدا، بۆ کاکەڵە (یوسف) ەوە (٢٥٥٥) قوتابی زیرەکی قوتابخانەی بنەڕەتی لە هەموو شوێنکی جیهانەوە هاتن و بەشداریان، لەم پێشبڕکێیەدا کرد.
تاقیکردنەوەکان دەستی پێکرد. کاکەڵە یوسف زۆر بە دڵنیایی و خۆڕایی و هێمنییەوە وەاڵمی هەموو پرسیارەکانی دایەوە. لە ئەنجامدا یوسف پلەیەکی باڵای بەدەستهێنا و بوو بە یەکەمی ئاو هەموو قوتابیە بەشداربووانی جیهان، لە پشبڕکێی کاریبەی.
باوکی یوسف (ئەرهان ڤالینجا ئاغۆ) وتی:"یوسف لە بیرکاریدا زۆر زیرەکە، کە پشتگیریمان لێکرد، ئەم سەرکەوتنە مەزنەی بەدەستهێنا. ئێمە زۆر شادین و شانازیی پێوە دەکەین"
مامۆستاکەی یوسف (ڕەجەب ساقاش) دەربارەی ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی یوسف، وتی:"یوسف لە بیرکاریدا زۆر زیرەک و سەرکەوتووە و کۆشکی جیاوازە. کاتێک کە بە تاقیکردنەوەکان چووە پێشەوە. ئێمە دڵنیابووین کە یوسف سەرکەوتنکی گەورە بەدەست دەهێنێت. بە ڕاستی سەرکەوتنکەی زۆر گەورەیە. هیوادارم هەموو منداڵان، وەک ئەم سەرکەوتنەی یوسف بەدەستبهێنن"

ئەمش پێ بدەن، جوانترین پیرۆزبایی لە کاکەلە یوسف و لە خانەوادەکەی دەکەین. وەکو منداڵێکی کوردیشمان زۆر شانازایی پێوەدەکەین و ئێم سەرکەوتنەی یوسف، سەرکەوتنێ بە هەمو منداڵانی کورد. هیوای تەندرۆژبێت و داهاتوویکی گەش و بەرز و باڵاشی بۆ دەخوازین.

ڕۆژا شوان

٢٢/ یانوار/٢٠٢١

لە یادی 43 ساڵەی گیانبەختکردنی رابەری ڕەنجدەرانی کوردستان کاکە ئارامی نەمردا

43 ساڵ لەمەوپێش لە ڕۆژهەڵاتی 31-1-1978 کاکە ئارام, لە جەرگەی خەباتی چینایەتی و نیشتمانی , لە پێناوی ئازادی و یەکسانیدا, لە قوڵایی شەشی چەکداریدا لە قەناغی روبەڕوبونەوەی دەسەڵاتی بەعسی فاشیستدا وەک مەمەک بە بەرگری و بەاو کردنەوەی بیری یەکسانیخوازی و پێشکەوتنخوازی گیانی خۆی بەخت کرد.

ئەو سەی لە هەزی دوژمنان نەکردەوە, وەک سەرکردەیەک ترسناکترین بەرەی روبەروبونەوەی هەبژارد, نەک لە ناو کوردستان بگرە لە مەترسیدارترین جوگرافیای بەرەو روبونەوەی فاشیزم بە تەنیاو سادەیی گیانی بەخت کرد, ئەو ئەرکە قورسەکەو جوگرافیا ترسناکەکەی لە شەشدا بە خۆی هەبژارد, ئەو شەو و ڕۆژ کاری بە ڕەکخستن و ڕەکخراوبوونی هەژاران و هوشیارکردنەویان بە بیری سۆسیالستی دەکرد.

دوای کاك ئارام, کاکە فوئادی مستەفا سوتانی و هەمە حوسێن کەرەمی و ئازاد هەورامی و دیان و هەزاران شەهیدی بیری سەربەخۆیی وەات و یەکسانی گەل و بەختیاری کرێکاران و زەحمەتکێشان هەمان ڕێگایان گرتە بەر.

بارودۆخی ئێستای کوردستان شایەد لە هەموو کات زیاتر پێویستمان

بۆ بیرو کردارەکان و رابەری کاکە ئارام و سەرجەم قوربانیان رێگای سەربەستی , بۆ تاکە چرای رووناکی دڵزانین بۆ سەرکەوتن بەسەر تاریکیپەرستەکانی ئەمڕۆ.
بیروباوەڕی ئارام و فوئاد لە پێناو یەکسانی مرۆڤەکان, قوربانیدانیان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری لە زەحمەتکێشان و نیشتمان, ژیانی سادەو ساکاریان, چرای رێنیشاندەری رزگاربوونە لە نەهامەتیەکانی ئەمڕۆی گەلەکەمان.
لەیادی 43 ساڵەی شەهید ئارامدا دەبێین , تا نەمریت و رێگای تێکۆشانت بۆ دادپەروەری بەردەوام , بیروباوەڕی یەکسانیخوازانەت تاکە رێگای رزگاری هەژارانە.
دەبا رۆژی شەهیدکردنی کاکە ئارامی رابەر بکرێتە رۆژی بەرەو روبونەوەی نا دادپەروەری کۆمەڵایەتی و خەبات بۆ یەکسانی

وەزیرە جەلال خوشکی شەهید ئارام
ڕشاد مستەفا سوتانی برای شەهید فوئاد مستەفا سوتانی
عەلی مەحمود محەمەد چالاکوانی چەپ

25-1-2021

پۆلیڤیا لە شکستی جیڤاراوە بۆ سەرکەوتنی مارکسیس. عەلی مەحمود محەمەد

کورتەیەکی مێژویی لەسەر پۆلیڤیا

پۆلیڤیا بەناوی سیمۆن بۆلیڤوار (1738-1830) ەوە ناو نراوە , کە زۆر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی ڕزگار کرد لە داگیرکاری (کۆلۆمبیا, فەنزویلا, پیرۆ, پۆلیڤیا), پۆلیڤار ئەو ناوەیە بە سەرمینەوە چەپەکانی فەنزویلا ناویان هەڵگرتووە و شانازی پێوە دەکەن, خوێنەکانی سیمۆن بۆلیڤوار لە دادپەروەری و ئازادی و یەکخستنی ئەمریکای لاتین تا ئەمڕۆ بە زیندوویی ماوەتەوە .
ئەم وڵاتە پۆلیڤیا چۆن بە وڵاتی ڕاِوەنانی سەرمایەداری بەناوبانگبوو,

هاوکات لە ئابردووشدا وەاتی کودەتا سەربازییەکانیش بووە, لە ماوەی 162 ساەدا 1189 کودەتای سەربازی بەخۆوە بینیوە, وەەای دواینەکەی بە سیناریۆو ئارایشکی نوە بەەوە چوو, بۆیە بەردەوام لە ناجێگیری سیاسیدا بووە, تا مەرالیس هات ماوەی حوکمەانییەکەی زۆرترین ماوەو ئاسایشترین کاتەکانی حوکمەانی بوو لە مێژووی وەاتدا, هەکاری هەموو ئەوانەش ئەو هەژاری و پاوانکردنی دەسەاتە بوو لە لایەن کەمایەتیەکی سپی پێستەوە .

ئەم وەاتە تژییە لە چیرەکی کوشت بەو جیاکاری بە ئەندازەی ئاپارتایدەکەی باشووری ئەفریقا, نموونەیەك بچوك لە کاتێك کرێکارانی قەسدیر مانیان گرتبوو بە زیادکردنی کرێکانیان, خاوەند کورهکان سوپایان بانگ کرد بۆ لەدانیان, لە ئاکامدا کرێکارانی کانەکان لە کەەکۆژی کاتافا لە 21-12-1942 دا , 19 کرێکار کەەکۆژ کران و 49ش بریندار کران, لە ساەی 1943 ەوە ئەو یاداوەریبە کراوەتە رۆژی کرێکارانی کانەکانی پاڵیڤیا.
بزووتنەوەی نەتەوەیی شەشگەی کە لایەنگری لە کرێکاران و هندییەکان دەکرد ساەی 1951 گەیشتە دەسەات کودەتایان کرد بەسەریدا, کە لە بەرنامەیاندا بوو ژیانی کرێکاران باش بکەن .
پاڵیڤیا پێشەنگی شەپۆە شەشگەییەکان بوو لە ئەمەریکای لاتیین, لە ساەی 1952 کورەکانی بەرهەم هێنانی قەسدیر خەماەی کرا, لە سەرەتای ئەبریلی 1952 شەشی کرێکاری لە پاڵیڤیا هەگیرسا, یەکەتی کرێکاران چەند مانگ دەسەاتداربوون , دوایی ئەو جارەش خەتانی خوێنکرا,خەباتی ساندیکایی و خەباتی هندییەکان (سی ئە بی) , 5 ساەی خایاند تا بە تەواوی سەرکوتکراو کودەتای سەربازی بەسەردا کرا.
پاڵیڤیا لە ڕەکەوتی 10-10-1982 لە دیکتاتەریەت ڕزگاری بوو, پاش 11 ساە دەسەاتی سەربازی لە وەات .

سندوقی دراوی جیهانی دیاریەکانی بە پاڵیڤیا
لە نێوان ساەکانی 1925-1929دا, وەاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساانە 200 ملیۆن دۆلاری وەبەرهێنان کردووە لە وەاتانی ئەمەریکای لاتین , لە بەرامبەردا ساانە300 ملیۆن دۆلار قازانجیان دەسکەوت بووە , قازانجەکان 150% ی سەرمایەگوزاریەکە بووە , نێوەتی فێنزویلا و کانەکانی پاڵیڤیا و شیلی و سامانی کوبا ئامانجی چاوچنۆکی ئەمەریکا بوو لە مێژوودا .
لەو ساوە خەکی ئەم وەاتە هەستیان بەوە نەکردووە لەو دیو سنورەکانەوە بە تایبەت لە لایەن ولاتە ئیمپریالیەکانەوە خەرو بەرەکەتیان بە بەت, بەکە گومانیان لە دەسکە گوە

کاشینکۆڤا، پێشنیاری بەشداریکردنی هونەرمەندێکی شۆکاری تری بە بەڵام وەبیری پێشانگاکە کرد، کە ببن بە سێ ژنە هونەرمەندی بەشداربوو. جامیسۆن یەکسەر ڕازی بوو. نیکا کاشینکۆڤا (١٥) تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی ئالیتای کچی خستینە پێش چاو بەڵام وەبیر، بە ئەوەی ئاشکرای بکات، کە ئێم تابلۆیانە ئالیتای کچی کێشاویانن.
بەڵام وەبیر زۆر سەسامی تابلۆ جوان و ڕەنگ ئەکریلیکە گەش و گونجاوەکانیان بوو. یەکسەر بەیاری دا کە بخرێنە پێشانگاکەوە. بەڵام لە دواییدا زانی ئەو تابلۆیانە، تابلۆی ئالیتای کچی نیکا کاشینکۆڤایە، کە تەمەنی (٢٢) مانگانە، هێندەی تر سەرسام بوو. تابلۆکانی زیندووبوون، گوزارشتیان لە ژیان و جووڵە و داهاتوو دەکردن. بە ڕەنگی گەش و جوان و پاک کێشابوونی. مارکی بەڵام وەبیر، تابلۆکانی ئالیتای کرد بە ریلام بۆ پێشانگاکە. کە پێشانگاکە کرایەوە، بینەرانی زۆر سەرسام بوون و واقیان وڕما، کە منداڵێکی بیست و دوو مانگان ئەو تابلۆیانەی کێشاون. وێنەی ئالیتای سەر و قژ و جلوبەرگی بە بێ نەخشاو و نموونە لە تابلۆکانی، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەاویان کردنەوە، بووش بە مانشێتی میدیاکان و بە یەکەمین هەواڵی ڕاگەیاندنەکانی ئوسترالیا. بە (بیکاسۆی بچووک) یش ناویان برد. لە کۆی (١٥) تابلۆی نمایشکراوی (٧) یان فرۆشران. کە نرخەکانیان لە (٣٠٠) دۆلار بۆ (٣٠،٠٠٠) دۆلار بوون.

لە دوای مانگێک لە کردنەوەی ئەو پێشانگایە و ناوبانگ دەرکردنی، ئالیتای بچکۆلە لەگەڵ باوکیدا، سەردانی (هەنگ کەنگ) یان کرد، لەوێدا پێشانگایەکیان بە تابلۆکانی کردەوە. یەکێک لە تابلۆکانی

کە دەربارەی (وەستگەی میری ئاسمانی رووسی) یە، بە نرخی (٢٤،٠٠٠) هەزار دۆلار فرۆشرا. ئەم نرخە بەرزەش نەک بە ساوایەکی شیرخۆری شۆکار، بەڵکو بە وێنەکێشکی گەورەی پیشەیش پارەیەکی کەم نەبوو.
ئالیتا ئاندرا، لە تەمەنی (٤) ساڵیدا، لە (٤ بە ٢٥/ یەنیەر/٢٠١١) لە پشانگای (گەلەری ئاگورا) لە مەلبەرن لە ئوسترالیا، پشانگایەکی کەستی کردەوە، لەژێر ناوی (پارجەی رەنگەکان) کە (٢٤) لە تابلۆکانی نمایش کرد، هەموویان بە فرۆشتن بوون. نرخیان لە (٥ بە ١٠) هەزار دۆلار بوون. (٩) لە تابلۆکانی بە زیاتر لە (٥٠) هەزار دۆلار فرۆشران. چەندین دیمانەی تەلەفزیۆنی وەرزنامەییان لەگەڵدا کردن، هەندەی تر ناوبانگی دەرکرد. ئالیتا ئاندرا، بوو بە مایەی شانازی بە ئوسترالیا و بە خەزانەکەی. بووش بە بچووکترین هونەرمەندی شۆکاری جیهانی.
تا ئێستاش لەسەر داخوازی چەندین لە شارە گەورەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەمریکادا و رووسیا و چین، وەکو مەلبەرن، هەنگ کونگ، نیویۆرک، مەیامی، لەندەن، مۆسکۆ، پترسبۆرگ و چەندین شاری تریش. پشانگای نمایشکردنیان بە تابلۆکانی کردەنەتەوە. ژمارەیەک زۆر لە تابلۆکانی فرۆشران، تا ئێستا گرانترین تابلۆی بە (٥٠) هەزار دۆلار فرۆشرا.
ئالیتا ئاندرا، هەر لە تەمەنی (٤) سالاندا. لە ڕۆژی (٦بە ٩/ دەسەمبەر/ ٢٠١١) لە نیویۆرک و لە (میامی بیتش) لە ئەمریکا. لە پشانگای (ئارت بازل) کە یەکێکە لە باناوبانگترین پشانگای ساڵانە لە جیهاندا، بە نمایشکردنی هونەری منداڵان، کە زیاتر لە (٤٥٠) هونەرمەندی منداڵان و شۆکارانی پسپۆری شۆکاری منداڵان و چەندین لە ڕێخۆگران ئامادەبوون. ئالیتای ئوسترالی، گەشترین ئەستێرەی منداڵانی شۆکاری ئەو پشانگایە بوو. لە لایەن ڕێخۆگران و هونەرمەندان و میدیاکانی ئەمریکا وە، نازناوی (منداڵە بلیمەتەکە) کەیان لێنا.
ئالیتا ئاندرا، لە تەمەنی (٥) ساڵاندا، لە ڕۆژی (١٢/ یەنیەر/٢٠١٢) دا. لە پشانگای هەڵی (گەلەری ئاگورا) لە مەلبەرن لە ئوسترالیا، لە ژێر ناوی (نهێنی گەردوون) دا، پشانگای دووەمی خۆی کردەوە.
ئالیتا ئاندرا، لە ئێستادا تەمەنی سیانزە ساڵە. تا ئێستا لە زیاتر لە (٢٥) پشانگای نمودەوەتی جیهانیدا، بە تابلۆ ڕەنگینەکانی بشداری کردووە و باشترین ئەنجامی بەدەستهێناوە و خەاتی ڕەزلەنانیان پشکەش کردوون. زۆرترین تابلۆکانی فرۆشراون. گەرچی ئالیتا بە فرۆشتن و دوورکەوتنەوەی

تابلۆکانی لەی، خەمگین دەبوو، چونکە بە پارچەیەک لە ڕۆح و جەستەی دەزانین. هەروەکو گیانلەبەرێك خەشیانی دەویست.

ئالیتا ئاندرا لە تەمەنێکی زۆر بچووک و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، بەهرەی هونەریی گەشایەوە، توانی پلەیەکی شایستەی جیهانی بەدەستبهێنێت و ببێت بە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی هونەری نیگارکێشی جیهانی و ببێت بە یەکێک لە بلیمەتەکانی جیهان.
بەشێکی زۆر لە تابلۆکانی خراونەتە مۆزەخانە هونەرییەکانی شارەکانی جیهان.
ئالیتا هەشتاش منداڵە و لە سەرەتای ژیانی دایە. درێژە بە داهێنان دەدات. چاوەڕوانی ئەوەی لەدەکرێت، کە داهاتوویەکی گەشتری ببێت.. ببێت بە کەسێ هونەرمەندێکی جیهانی.. ببێت بە (پابلۆ بیکاسۆ و لیۆنارد داڤنشی و جاکسون بولۆک) یەکی تر.
نیکا کەشینکۆڤا لە بارەی ئالیتای کچیانەوە دەڵێت:"ئالیتا لە میانەی ڕەنگەکانەوە دەدوێ، ئەو بە وێنە گوزارشت لە قسەکانی دەکات، بە لای ئەمشەوە بینینی تابلۆکانی گوێگرتنمانە. ئالیتا بە وێنەکێشان گوزارشت لە ناخ و لە خەیاڵ و هیوا و خەونەکانی دەکات. هێندە جار دەنگی تێکەڵ بە تابلۆکانی دەکا و لەگەڵ وێنەکێشاندا گەرانی دێی، و هێندە لە تابلۆکانیشی ڕەخنەئامێزن.
ئالیتا زۆر جار بە دیار تابلۆکانیەوە سەما دەکا، کەمانجە یا پیانۆ لێدەدات، بە دەوریاندا دەسوڕێتەوە و چەپڵە لێدەدا، هەروەکو ئەوەی کە لەگەڵ خەشوێسترین هاوڕێی دابێ. لە کاتی کێشانی تابلۆکانیشیدا زۆر بە وردی سەرنج دەدات. تەمەنی دوو ساڵان بوو، کە دادەنیشت بە ماوەیەک هەردوو دەستی دەخستنە سەر زەوی، یا دەیخستنە بن گوێیەکانی و بیری دەکردەوە. زوو هەستم بەوە کرد کە ئالیتا لە منداڵانی هاوتەمەنی خۆی جیوازتر و بیرتیژتر و خەیاڵ فراوانتر و بەهرەمەنترە.. شەوازیشی لە وێنەکێشاندا جیاوازترە لە شەوازی منداڵانی تر"
ئالیتا ئاندرا، هونەرمەندێکی سوریالی داهێنەرە، تابلۆکانی سیمبولین و گوزارشتن لە هونەری ئابستراکتیفی، بە تەواویش بە ئاراستەیەکی تازەی دوور لە چاولێکەری و لە دووبارەکردنەوەی کەشێی باوی سەردەم تێپەڕیو. ئالیتا لە تەمەنی دوو ساڵیەوە، بوو بە خاوەنی شەواز و ڕەباز و ستایلی خۆی. میدەمێکی تری داهێنا بە گوزارشتکردن. گەڕانێکی نوێی بە هونەری شەوکاری بەخشی و ماتریاڵی تری بە زیاد کردووە. تاقیکردنەوەیەکی هەستی قووڵی بە تابلۆکانی بەخشیون، هەر تابلۆیەک لە

تابلۆکانی چیرۆکەکن، یا رەخنە، یا گوزارشتن لە خۆشی و لە داهاتوویەکی نموونەیی گەشتر.
ئالیتا ئاندرا، بە زاری بەیانی ئەکریلیک (جۆرە بۆیەکە کە زوو وشک دەبێتەوە) لەسەر قوماشی سپی رووبەر گەورەدا دەکێشێت. لە زەر لە تابلۆکانیدا، شتی سەیر لایی بە زیاد کردوون، وەکو: دیناسەر و بڕاق و پەپوولە و پەنگینی پلاستیکی و مووروو و گڵا و توکڵ و ریشاڵ و چیلکەی دار و کۆچک و کەمانجە و فرشە و پڵاو و پەڕی باڵندە و گوڵە شتی تری تێکەڵ بە بەیانی سەر تابلۆکانی کردوون. ئەم شتانە رەهەندە و قووڵاییەکی زیاتریان بە تابلۆکانی بەخشیون و چێژ و کاریگەریەکی زیاتریشیان لەسەر خۆیکی هەیە. ئالیتا زەر بە وردی و دیقەت و بە بایەخەوە تابلۆکانی دەکێشێ. زیاتریش رەنگە گەشکان بەکاردەهێنێ. هونەری شۆکاری بوونە بە گرووپی خوێنی ئالیتا و بەبێ وێنەکێشان هەناکا. تابلۆکانی وزەن بە گیانی و پەنجەرەیەکن بە ئاقە و هەزری داهێنانی، مایەی شادی و کامەرانین بۆی. چێژ و خۆشی و هیوا و گەشبینیش بە تەماشاکەرانی دەبەخشن.

رەخنەگرانی شۆکاری، شێوازی هونەری وێنەکێشانی ئالیتا ئاندرا، لە لیستی هونەری ئابستراکتیفی (تەجریدی) ریزبەند دەکەن. لە تەکنیکی سوریالی خەتەنی و رەکەوت دا. بە هەریەکە لە کەڵە هونەرمەندە شۆکارە داهێنەر و بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم، جاکسەن بوللۆک و سلڤادەر دالی و پابلۆ بیکاسۆ بەراوردیان کردوون.
هەرچەندە کە ئالیتا، هونەرمەندێکی شۆکاری سوریالی نوخوازە، لەگەڵ ئەمشدا، دەڵێت:"من هیچ دژایەتییەکم لەگەڵ هونەری کلاسیکیدا نییە.. بەڵام هونەری ئابستراکتیفی سەربەستر.. شێوازی من وەکو گەردوونی ئازاد وایە"
من تەنیا وەکو نووسەر و هەوادارێکی هونەری شۆکاری، لە تابلۆکانی ئالیتا ئاندرام روانی و کەمێک تێگەیشتن و لێکدانەوەم بۆیان هەیە. تەنیا ئەو کەسە هونەرمەند و رەشنبیریە هونەرییانە و رەخنەگرانە دەتوانن لە تابلۆ سوریالی و سیمبولیکانی ئالیتا ئاندرا تێبگەن و تا رادەیەک ناخی بخوێنەوە و بە وردی رەنگەکان و هێڵکاریەکانی تابلۆکانی لە هەموو رووەکەوە لێیان تێبگەن و بە جوانی لێکیان بدەنەوە و واتا و مەبەستەکانیان شیبکەنەوە، کە باگگراوندێکی رەشنبیریی هونەریان هەیە و بڕوادن لە شێواز و رەباز و لە قوتابخانە هونەرییەکانی هونەری شۆکاری. چونکە تابلۆکانی سوریالی و

سیمبولین و هەموو کەسێک بە ئاسانی لێیان تێناگات. هەر ڕەنگێک لە ڕەنگەکانی، هەر هێڵێک لەهێڵەکانی تابلۆکانی ئالیتا واتای سیمبولی خۆیان هەیە. دەربڕینی هزر و بیر و زادەی خەیاڵ و داهێنانی ئالیتای هونەرمەندی نوخوازن.
شایەنی باسیشە، بەجگە لە وێنەکێشان، ئالیتا ئاندرا، چەند ئارزوویەکی تریشی هەیە، لەوانەش: کەمانجە و پیانۆ لێدەدا، گۆرانی دەڵێت، سەمای بالیا دەکا و گرنگی بە فیزیکی تیۆری و زانیارییە گردوونییەکان دەدا.
ئالیتا دەڵێت:" کەمانجە تەنیا ئامێرێ کە دەکرێ، تووڕەبێت، شادبێت، خەمگین بێت"

(*) بە نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزییەوە وەرگرتووە.
ڕەزا شوان
نەرویج: ١٧/ یانوار/٢٠٢١

شیعر/ گیان بە دوای دڕۆی بازنەی کاربەدەستدا.. نەوزاد بەندی

ئەڕە لە کوێ
ئاوایەک دەست ئەکەوێ ،
کاربەدەستەکانی ساڵ چوار فەسڵ ،
باسیان باسی موچە نەبێ ؟
(نامەوێ کاربەدەست ببینم
نامەوێ گوێم لە دەنگی کاربەدەست بێ ..
نامەوێ ڤێلا و کەمپانیا و تاوێر و مۆ و
ئوتومبیلی زرپێشی کاربەدەست ببینم ..
نامەوێ هەواڵە جەرگبڕەکانی کاربەدەست ببیستم ..
نامەوێ ...
نامەوێ زەماوەندی دووەم و سێیەم و چوارەمی کاربەدەست ببینم ..

نامەوێ بوترێ ویسکی سکۆتلەندی کاربەدەست تەماشاکەم
نامەوێ چاوم بینەری
بەوانەم بە چەقۆیەک وەرگیراوەکانی ، کاربەدەست بێ ..
نامەوێ نێیارەکانی کاربەدەست ، ساڵ چوار فەسڵ ،
باسی ملیارەکانی کاربەدەستم بۆ بکەن)
لە کوڵ دنیەک بدزینەوە ،
هەواڵی بە پڵەی کاربەدەستی تیا نەبێ ؟
لە کوڵ ئەشکەوتە دەست ئەکەوێ ،
شۆڕش پێ و
بەبەردبووی کاربەدەستی لە نەبێ ؟
من ئەمەوێ هەڵفڕم ..
لەکام ئاسمان ،
شینایەک هەیێ ، مەڵەستی کاربەدەستی لە نەبێ ؟
(نامەوێ سەیری دەمی داپڵاوی خەڵکانێک بکەم ،
لە جوانی کەشکی کاربەدەست ، داپڵا بێ ..
لە گەنجی و قەزیی کاربەدەست ، داپڵا بێ ..
لە زیرەکی وفەساحەت و بەلاغەتی کاربەدەست ، داپڵا بێ ..
لە دەسکەوتەکانی کاربەدەست لە هەر دەقیقەیەکدا ، داپڵابێ …)
ئەڕۆ لە کوڵ گەڵا شک ئەبەن ،
دروشم و سروودی کاربەدەستی تیا نەبێ ؟
چرایەک تۆ بڵێی شک نەبەن ،
کە نەوت و .. فتیلە و ..منەتی
کاربەدەستی تیا نەبێ ؟

فەلسەفەی سیاسی هانا ئارنەت.. ئەردەلان عەبدوڵا

ئەو قسەیە راست نییە کە دەگوترێت فەلسەفە تەنها کاری پیاوانە و ژنان لە بواری فەلسەفیدا دەستەنگینیان نییە، چونکە لەناو کتێبخانەی فەلسەفی جیهاندا، کەمێک ناوی جوانی فەیلەسووفی ژنانمان هەیە، یەکێکیش لەوانە ژنە فەیلەسووفی جوولەکەی ئەڵمانی هانا ئارنەتە.

ئارنێت لە ساڵی 1906 لە بنەماڵەیەکی جوولەکەی ئەڵمانی لەدایک بووە، هەر لەوەش خوێندنی تەواوکردووە، بەڵام بەهاتنە سەرکاری نازییەکان لە ئەڵمانیا، ناچار وڵات بەجێدەهێڵێت بەرەو ئەمریکا دەڕوات و هەتا کۆتایی ژیانی لە ساڵی 1975 لەوێ دەژی. هانا ئارنێت یەکێکە لە کاریگەرترین فەیلەسووفە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم، خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی فەلسەفی زۆر گرنگە لەوانە « بنچینەکانی تۆتالیتاریزم» کە لە ساڵی 1951 نووسیویەتی، ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی بوو لە بارەی رژێمە دیکتاتۆرەکانی ستالینی و نازیی ئەڵمانی، هەتاوەکو ئەمڕۆش بە یەکێک لە کتێبە باشەکانی جیهان دادەنرێت لەبارەی لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکاری لەبارەی سیستەمی دیکتاتۆریەوە. هەروەها کتێبی دۆخی مرۆیی کە لە ساڵی 1958 نووسیویەتی، کە ئاوێش یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی بواری فەلسەفی سیاسی.
لەماوەی پێشوودا کتێبکم بەناونیشانی«فەلسەفەی هانا ئارنێت» بەرچاو کەوت، ئەم کتێبە لە نووسینی «ماوریزیۆ پاسرین دێنترۆفس» و لەلایەن کاک ئارام محەمەد کراوە بە کوردی و دەزگای ئایدیاش چاپی کردووە. ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە باشەکان کە لە بارەی فەلسەفەی هانا ئارنێتەوە نووسراوە، نووسەر هەوڵیداوە، پوختەیەک لە فکری سیاسی و فەلسەفەی ئەم ژنە فەیلەسووفەمان بە دەربخات و زانیاری باش بدات بە خوێنەر.

مۆژوو
هانا ئارنێت بەچوونکی تایبەتی بەرامبەر بە مۆژوو هەیە و پێی وایە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی مۆژوو، سوودی زۆری دەبێت بەمان. لەمبارەیەوە پێی وایە: دووبارە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ڕابردوو تاقیکردنەوەیەکی دڕینەناسییانە نییە، بە پێچەوانەوە بەبێ گەڕانەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ڕابردوو، ئاسەی زەمەنی ئەمە لەیەک هەڵدەوەشێت و تێکدەشکێت.ل22
هەروەها ئارنێت پێی وایە پێویستە ئەو ساتانەی ڕابردوو زیندوو بکەینەوە کە شایانی پاراستنن و ئەو بەشەی گەنجینەی ڕابردوو ڕزگار بکەین کە بۆ ئەمە گرنگە.

مەدەرنە
بۆچوونەکانی بەشکەی زۆری فەیلەسووفانی ئەڵمانیا و ڕۆژئاواوە، هانا ئارنێت بەچوونکی تاڵادێک نەرێنی بەرامبەر بە مەدەرنە هەیە، ئەمەش بەتایبەتی لە کتێبی « دۆخی مرۆیی» دا بە جوانی دەردەکەوێت. بە بۆچوونی ئارنێت، مەدەرنە بەڵدەستدانی جیهان وەسف

دەکرێت، چونکە دەبێتە هۆی سنووردارکردن و نەهێشتنی فەزای گشتی کردار و جیهانی تایبەتی و بەرژەوەندییە ئابووریەکان زاڵ دەبن. هەروەها پێی وایە کە مەدەرنە سەردەمی بەرەوپێشبردنی بیرکراسی و ڕەنجی بە ناونیشانە نەک سیاسەتی کردار، سەردەمی دەسەڵاتی نوخبەکان و دەستکاری ڕای گشتییە، سەردەمێک تێیدا فەرمانڕەوایەتالیتاریەکانی حکومەت وەکو نازیەت و ستالیزنیم، لە ئەنجامی جەنگی دووتنی تێقاندن و تونددوتیژییەوە دەرکەوتوون، ل19
پێشی وایە کە گۆشەگیریی و تەنیاییش، هاوپشتی مرۆیی و تەکنەای فەرمانڕەوایەتی خەسکەکانی ژیانی بە کەمەڵی داڕزاندووە و تاکەکان پووڕ و بەها نەریتییەکان لە دەست دەدەن،ل19

تۆتالیتاریزم

وەکو لە پێشیشدا ئاماژەم پێدا هانا ئارەنت بە یەکێک لەو فەیلەسووفانە دەناسرێت، کە بە زانستیترین و باشترن شێوە، میتۆد و بنەماکانی تۆتالیتاریزمی شیکردۆتەوە. ئارەنت پێی وایە کە سیستەمی تۆتالیتاریزمی هاوشێوەی ستالینیزم و نازیەت و فاشیزم، بەرهەمێک یان منداڵی مەدەرنن، ئەمجۆرە سیستەمانە نامێن بە مێژوویی مرۆقایەتی. ئەو لە کتێبی « بنچینەکانی تۆتالیتاریزم» دا دەڵێت: دیاردەی تۆتالتالیزم بەردەوامێتی مێژووی ڕۆژئاوایی پچڕاندووەو زەربەی کاتیگۆریی ئەخلاقی و سیاسییەکانی ئەمەی بە واتا کردووەل20
پێشی وایە کە سیستەمی تۆتالیتاریزم توانای تاکەکان بە حوکمدان لەبارەی دەورووبەرو ڕووداوەکانەوە لەناوبردووەو پووڕ پەسەندکراوەکانی ئەمەی بە حکومدان و کاتیگۆریە باوەکانی ئەمەی بە شیکاری و هەڵسەنگاندن و ئەخلاقی و سیاسی لەناوبردووەل67 جگە لەوەش پێی وایە کە سیستەمی تۆتالیتاریزم کاری سەرکی ئەوەیە کە چەمکی « فەزای گشتی و دیالۆگ و هاوڕاتیی بوون لەناوبەرت».
بەگشتی هەرکەسێک بیەوێت لە سیستەمە تۆتالییەکانی جیهان تێبگات، ناچار دەبێت ئەو کتێبەی هانا ئارەنت بخوێنێتەوە کە لە بارەی تۆتالیتاریزمەوە نووسیویەتی.

سیاسەت

هانا ئارەنت تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەبووە بە سیاسەت و ژیانی سیاسی کە زیاتر دەتوانین ناوی هومانیزمی لێبنێین. بە بەچوونی ئارەنت سیاسەت پەیوەندیی بە پشکداری هاوڕاتییان لە جیهان و فەزایەکی هاوبەشی دەرکەوتنەوە هەیە، بۆئەوەی نیگەرانییە گشتییەکان بتوانن لە ڕوانگە جیاجیاکانەوە دەربەدرێن. پێشی وایە تەنها ئازادی ڕادەربڕین گرنگ نییە بەڵکە دەبێت تاکەکان بتوانن

یەکتر ببینن و لەگەڵ یەکتر بدوێن، لە فەزای گشتی-سیاسیدا یەکتر ببینن بە ئاوەژی جیاوازییەکانیان و خاڵە هاوبەشەکانیان دەرکەون و بەتەڵ جێی گفتوگۆی دیموکراتی.94
لەلایەکی ترەوە ئارنێت پێی وایە: چالاکی سیاسی ئامانجێک نییە بۆ ئامانجێک، بەڵکو خۆی ئامانجە، تاک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی خۆی کاری سیاسی ناکات، بەڵکو ئەم کارە بۆ هێنانەدی ئەو بنەمایە ئەنجام دەدات کە خودی ژیانی سیاسین، لەو بنەمایانەش: ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری و هاوپشتی.ل96
واتە ئارنێت زیاتر باوەڕی بە ئازادی تاکەکان هەبووە بە دەربڕین رای خۆیان و لەهەمانکاتیشدا مافی گردبوونەوەو خۆپیشاندانیش بە مافێکی سروشتی هاوڵاتیان دادەنێت، کە ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات بۆ تێگەیشتن لە دوو چەمکی گرنگی تر کە ئەو باسیان لەوە دەکات کە ئەوانیش رای گشتی و فەزای گشتی.

رای گشتی و فەزای گشتی

ئاوەژی مایەی سەرنج و تێڕامانە کە هانا ئارنێت دژی چەمکی رای گشتییە، چونکە ئەو پێی وابوو کە «رای گشتی» کەدەنگی کۆمپانیای جەماوەرە. ل94. ئارنێت پێی وایە کە بیرورا سیاسییەکان هەرگیز ناتوانن بە شێوەیەکی تایبەتی دروست ببن، بەڵکو تەنیا لە زەمینەی گشتیدا باس و گفتوگۆ فەهم وەردەگرن و تاقی دەکرێنەوەو پەرە دەسێنن.
بە بڕوونی ئارنێت سیاسەت مانای بەشداری چالاکانی خەڵکییە لە دیبەیتە گشتییە جەراوجەڕەکاندا کە تێیاندا بەیاری کاریگەر لەسەر کەمە دەدرێن. لەبەرئەوە سیاسەت شتێکە پێویستی بە شوێنێکە لە جیهاندا و تەنیا دەتوانرێت لە فەزای گشتیدا ڕووبدات، بەیە ئاگەر تاک لەم فەزایەدا ئامادە نەبێت، لەبنچینەدا دەرگیری سیاسەت نییە.ل95

گرنگی دیالۆگی سیاسی

لەلایەکی ترەوە ئارنێت جەخت لەسەر چەمکێکی تر دەکاتەوە کە ئاویش دیالۆگ و گفتوگۆیە بۆتایبەتی سیاسی. ئەو پێی وایە گفتوگۆ جۆهەری ژیانی سیاسی پێکدەهێنێت، پێشیوایە کە هەزی بیرکردنەوەی ئەمە تەنیا لە گۆڕەپانی گفتوگۆدا دەتوانێت دەربکەوێت، ئەو پێی وایە ئەمە کاتێک لەگەڵ کەسانی تردا گفتوگۆ دەکەین، لەڕێگەی دەربڕینەوە بیرکردنەوەکانمان بە ئاوان دەگوازینەوە، بەهەمانشێوە ئاوانیش بیرکردنەوەکانیانمان بە ئەمە دەگوازنەوە. ل84

دواتر پشت بە وتەی مادیسن دەبەستێت کاتێک دەڵێت: عەقڵی مرۆڤ، هەروەک مرۆڤ خۆی، کاتێک بەتەنیایی دەمێنێتەوە، ترسنۆک و خۆپارێزە، بەڵام کاتێک لەگەڵ چەند کەسێکی تردا کۆدەبێتەوە، هێست بە دڵنیایی و باوەڕ بە خۆبوون دەکات. ل85

هاوڕاتیبوون

یەکێتی تر لەو چەمکانەی کە ئارنێت کاری زۆری لەسەر کردووە « هاوڕاتیبوون» ئەم مەسەلەیە مایەی گرنگی و بایەخێکی زۆری ئارنێت بووە. ئەو داوای جۆرە هاوڕاتیەکی « ئازاد و سەربەخۆ» دەکات، لەهەمانکاتیشدا هاوڕاتیەکی چالاک و بەشداری چالاکی سیاسی بکات. لەهەمووشی گرنگتر ئارنێت پێی وابوو کە شوناسی نەتەوەیی یان مەزهەبی یان نەژادی پێوەندی بە شوناسی تاک وەکو هاوڕاتیەوە نییە و هەرگیز نابێت ببێتە بنەمای هاوڕاتیبوون لە جڤاتی سیاسیدا. ل92

ئەم بۆچوونەی ئارنێتیش لە ئێستادا بێتە بەردی بناغەی هەموو سیستەمێکی دیموکراسی و مەدەنی مەدێرن، زۆرکێش ئەم تێزە وەکو چارەسەرێک بۆ کێشەکانی کەمینەتەوە و ئاینییەکانی جیهان دادنێن و بە یەکێک لە کۆکە سەرەکییەکانی دواڕۆژی سەرکەوتوو دادنرێت، چونکە یەکێکە لە هەکارەکانی دواڕۆژی فاشیل، نەبوونی ناسنامەیەکی دروستە بە هاوڕاتیان.

هاوڕاتیبوونیش بە بۆچوونی ئارنێت پێویستە بە دوو ڕەهەندی گرنگەوە کە ئەوانیش یەکەم: فەزای دەرکەوتن و فەزای ئازادی و یەکسانی. واتە کاتێک هاوڕاتیان بەشێوەیەکی هەماهەنگ و بە کەمەڵە، لە ڕێگەی وتە و قایلبوونەوە کردە دەنوێنن و دەتوانن خۆیان بکەنەوە دەربکەون.

دووەمیان: جیهانی هاوبەش و دامەزراو و ڕێکخراوە گشتییەکانە. ئەمەش زەمینەیەکی پایەدار دەرخسێنێت کە فەزا گشتییەکانی کردە و ڕاوێژ دەتوانن لێیەوە دروست ببن. لەمەشدا زیاتر مەبەستی لە پاراستنی هاوڕاتیانە لەڕێگەی دەستوور و دامەزراوە حکومییەکانەوە، ئەو پێی وایە دەبێت ئەم دامەزراوانە لە خزمەتی ئازادی و یەکسانی و کرامەتی هاوڕاتیاندا بن نەک بە پێچەوانەوە کە لە سیستەمە تۆتالیتاریەکان لە دژی خەڵکی بەکاردەهێنرێن.

دیموکراسی

ئارنێت لەهەموو فیلەسووفەکانی تری سەدەی بیستەم، زیاتر جەختی لە سیستەمی دیموکراسیی و ئازادی دەکردەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئارنێت دژی سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتی بووە، واتە خەڵکی

نوێنەری خەبات هەبژێرن. ئارنێت پێی وابوو: نوێنەرایەتی وەکو جۆگرەوێکی دەستوەردانی راستەوخۆی هاوڵاتیانە، کە وەکو ئامرازێک لە رۆگەیەوە جیاوازی نێوان دەسەڵاتداران و شوێنکەوتووانیان سەرلەنوێ خێی دەنوێنێتەوە و زیاتریش خێی دەچەسپێنێت.ل99

دەسەڵاتی شورایی

ئارنێت لەبری دیموکراسی نوێنەرایەتی، ئەلتێرناتیڤی خێی پێیە و شێواز یان فۆرمی « فیدڕاڵی ئاوێزکاری یان شورایی» پێشنیاز دەکات. ئەو پێی وایە لەو رۆگەیەوە هاوڵاتیان دەتوانن بەشێوەیکی کاریگەر، کاروباری سیاسی خێیان دیاری بکەن. پێشیوایە تەنیا لە رۆگەی بەشداری سیاسی راستەوخۆوە» واتە لە رۆگەی کردەی هاوبەش و ڕاوێژی بەکۆمەڵەوە» دەتوانین سەرلەنوێ هاوڵاتییبوون کارا بکەینەوە و بکەری سیاسی کاریگەر بهێنینەوە سەر شانێ. ل99
جۆگەی ئاماژەیێ ئەمجارە فۆرمی دیموکراسی لە ئەدەبیاتی مارکسیدا بە « دیموکراسی شورایی، یان جەماوەری» ناودەبرێت و زیاتر «لینە ترۆتسکی» رابەری شۆڕشی روسیا جەختی لەدەکردەوە و پێی وابوو لە رۆگەی دەسەڵاتی شواریییەوە سۆسیالیزم بەرقەرار دەبێت هەربۆیە دروشمی « هەموو دەسەڵاتێک بە شووراکان» ی بەرزکردەوە. هەرچەندە لەرووی ئامانجەوە لەگەڵ ئارنێت جیاوازن، چونکە ئارنێت داوای سیستەمێکی دیموکراسی دەکرد و ترۆتسکیش داوای سیستەمێکی سۆسیالیستی دەکرد.

دوا قسە

بەدڵنیاییەوە هانا ئارنێت یەکێکە لە ژنە فەیلەسووفە ناودارەکانی سەدەی بیستەم و هەتاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆری تێزەکانی، بە گرنگییەوە باس دەکرێت، بەتایبەتی لەسەردەمی نوێدا، بەشێکی زۆری ئەو شتانەی کە ئەو باسیکردووە و داوایکردووە، بەتە بابەتی سەرەکی زۆربەی رەخنەگراوە مەدەنی و سیاسییەکانی جیهان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە خراپی سیستەمی تۆتالیتاریزم و هاوڵاتی بوون و بەشداری سیاسیی و ئازادی سیاسییەوە هەیە.

سەرچاوە: ماوریزیە پاسرینو دەنترێڤس. فەلسەفەی هانا ئارنێت. وەرگێڕانی: ئارام مەحمود. دەزگای ئایدیا. چاپی یەکەم. 2017

دانیشتن لەناو کتێب دا، داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلی.. لە انانی: بەکر ئەحمەد

کاتێک (تشارلی مارلۆ)ی پالەوانی " دڵی تاریکی" (جۆزیف کۆنارد) لەسەر کەشتی هەڵمینی "یاوەین"، بۆ ناو روباری کۆنگۆدا بەرەو ویستگای سەرەوەی کۆمپانیای کڕینیاڵی یەکێک لە کۆلۆنیە ئەوروپییەکان، ئەو مەبەستییەتی چاوی بکەوێ بە نوێنەری کۆمپانیاکە کە میستەر کۆرتز و لەوە نیشتەجێیە. بەڵام وردە وردە هەستدەکات کە شتەکان لەشوێنی خۆیاندا نین. لەوە چی دەگوزەرێت و چی دەکرێ، دەبێتە کرێکی وەسفکردنی کۆنارد بۆ ئەم سەفەرەی کە لە کتێبێکی بچووکدا، گەشتێکی کۆمەی ئەم کۆلۆنیالیزەکردنەی بەشکی ئەفریقامان نیشاندەدات.
"دڵی تاریکی" بە یەکێک لە کلاسیکە گەورەکانی ئەدەب لە قەڵەمدەرێت بۆ نیشاندانی جومگەیەکی بچووکی پرۆژەی کۆلۆنیالیزم لە کۆنگۆدا. پرۆژەیەک کە لەسەر دەستەمکردن و بنبڕکردنی "ئەوی دی" کاوێ کە لەدەرەوەی سنووری ئەوروپای سپی و شارستانیدا نیشتەجێیە، تا بە پێی تێواننەکانی پیاوی سپی، دەستەمە بکرێ و بکرێتە کەسکی شارستانی.

میستەر کورتز:" پاڵنەرێکی سەرەکی هەیە کە ئاق و ئاروزووە لە بەرانبەر ئەوی دی کاوێدا. ئەو نزیکی خۆی لەگەڵ دانیشتوانی خامڵی ناوچەکەدا وەک ئاکتەکی سەکسی سەیردەکات و تەنانەت سنووردانی ئارەزوویەکی ڕەپەدراوانە دەبەزێنێ. ئەو بەرەوەی سەفەری کۆنگۆ بکات، لە وتارەکدا دەنووسێ کە چۆن پیاوی سپی دەتوانێ ژیانی ئەفریقا و هاولاتییەکانی بگۆڕیت. بەڵام لە دوا بەشەکانی ڕەماندا، پشنیارەک بە میتەدەک دەخاتە بەردەم. میتەدەکەش هیچ نییە جگە لە وشە: Exterminate all the brutes. . بە کوردی: هەموو شێتانەکان بنبڕبکە!" (1)
" سڤۆن ێندکڤیست" لە کتێبێ بەناوبانگەکەی خۆیدا کە هەمان ناونیشانی پێیامەکە سە وشێیەکەی میستەر کورتزی کۆنارد لە دڵی تاریکیدا، جەختدەکاتەوە لەوەی کە پرسەی هەڵکەست لە ئاوشویتزەوە

دەستپێناکات و ئەم تەروانینە بە ئینسان کە لە کوورکانی ئینسانسووتاندندا جێی بەدکرتەوە، قووە بە مژووی ئوروپادا هاچووە.
بە کورتی: "دڵی تاریکی" کارنارد، نیشاندانی دید و تەروانینکی راسیستی کۆلۆنیالیستکانە لە بارامبەر ئاوی دیدا، ئاوی کیوی، ئاوی ناشارستانی کەمن لە خوێندنەوەمدا بە (داگیرکردنی تاریکی) بەختیار عەلیدا پیویستم دەبێت.
"بەختیار عەلی" لە (داگیرکردنی تاریکی)دا (2) وەک جێزیف کارنارد، ئەم پرسەی سەرنجدانە "لەوی دی" لە شوێن و جوگرافیایەکی دیکەدا دەکاتە تەوەری یەکەک لەو رەمانە گرنگانەی کە پرسی کەمایەتییەکی ئەتنی و کۆشش بە سینەوەی شووناسی ئەو لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی کەمۆلایەتی نوێدا لە سەرتاکانی سەدەی بیستی تورکیادا ، بە هەمان پەوەرە ئایدیۆلۆژییەکانی میستەر کورتزەوە، دەخاتە بەردەستی خوێنەر. بە کورتییەکەی: ئامادەیی پرۆژەیەکی "راسیستی زانستی" بە مالیکردن و دانانی "ئاوی دی" یان ئاستەر "ئاوانی دی" لەو دیو سنوورکانی پێکهاتووبوونکی کەمۆلایەتیدا کە دروستکردنی جمهوریەتی تورکیای نوێ دەیهێنتە پیش. بە بۆای من، ئەم گۆشەنیگایە بە سەرنجدان لە کەیسی کوردکان لە تورکیادا وەک ئاوەی لە "داگیرکردنی تاریکی"دا نیشاندەدرێ، دیدکی تازەیە و دەچیتە دژەوەی ئەو تەروانینە باوەی کە لەسەر ناسیونالیزمی کوردێ. ئەم خاڵە دکرێ وەستانی زیاتری لەسەر بکرێت و هاوونکردنەوەی زیاتر بشوێن خۆیدا بێنێ.
ئەمجارەیان "تاریق ئاکانس" دەبێتە جگرەوەی "میستەر کارتز" و خەرهەلاتی تورکیاش دەبێتە رووباری کەنگۆ. بەڵام سەفەر هەر هەمان سەفەرە و دوا ئامانجیش هەر هەمان شت.

بورجی بابل

" هەموو جیهان یەک زمان و یەک جۆر قسەکردنیان هەبوو. ئینجا کاتێک بە رۆژهەڵات کۆچیان کرد، دەشتاییەکیان لە خاکی شینعار دۆزیەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون.

ئینجا بە یەکتریان گوت: وەرن با خشت دروست بکەین و تەواو سووری بکەینەوە. ئیتر لە جیاتی بەرد خشتیان بەکارهێنا، قیریش لە جیاتی قوڕ. هەروەها گوتیان : وەرن با شارێک بۆ خۆمان دروست بکەین لە گەڵ قوللەیەک کە سەری لە ئاسمان بدات. ناوەکیش بۆ خۆمان دروستدەکەین ، تاکو بەسەر هەموو رووی زەویدا پەرت نەبین. بەڵام یەزدان بۆ بینینی ئەو شار و قوللەیەی کە ئادەمیزاد دروستی دەکرد

هاتە خوارەوە. یەزدان فەرمووی: ئەگەر هەموویان یەک گەل و یەک زمان بن، ئەوە سەرەتای دەستپێکردنیانە، هیچ شتێک لە لایان مەحال نابێت، لەوەی مەبەستیانە بیکەن. وەرن با بچینە خوارەوە و لەوە زمانیان بشێوێنین. بە ئەوەی کەسیان لە زمانی ئەوی دیکەیان نەگات. ئینجا یەزدان لەوێوە بەسەر هەموو زەویدا پەرتی کردن. ئیتر وازیان لە بنیاتنانی شارەکە هێنا. لەبەر ئەمە ناوی نرا بابل. چونکە لەوێدا یەزدان زمانی هەموو زەوی شێواند. هەر لەوێشەوە یەزدان بەسەر هەموو رووی زەویدا پەرتی کردن" (3)

ئەمەی سەرەوە یەکێک لە چیرۆکە جوانەکانی تەوراتە لە پەیوەند بە دروستکردنی بورجی بابلەوە. لەم چیرۆکەدا خوا پەیوەندییە زمانەوانیەکانی نێوان ئینسان دەشێوێنێت و "بەلبەلە" دەخاتە نێوان ئاخاوتنیانەوە تاکو لە یەکتری تێنەگەن. بە مەبەستی ، وەک لە تێکستەکەدا ئاماژەی پێدەکات، بناوپێکرنیان و نیشتجێبوونیان لە شوێنی دیکەدا تا فرەزمانی و دروستکرنی تیرە و قەبیلەی جیاوازتر بێتە بەرهەم. بەگوومان ئەمە لەبەر هێشنایی تێکستێکی مێژووی نووسراودا کە لە پیرەزی ئاینەوە دەئاڤێنرێت.

بەڵام چەندەها سەدە لە دوای لافاو و نیشتنەوەی کەشتی نوح وەک دەڤێن لە کەوی "ئارارات" و بلاوپێکردنی خواوەند بە ئینسانەکان کە لە ئێستادا بە زمانی جەراوجەر قسەدەکەن، لە رێژگاریکی واهیدا، دەسەلاتێکی سیاسی دێت و ئەم ئیسەی خواوەند دەکاتەوە بە خوری و بە نیازە دەخەکە بگەیتەوە بە ئەو زەمانەی یەکزمانی باڵی بەسەر زەویدا کێشابوو.

"داگیرکردنێ تاریکی"، چیرۆکی کێششی دروستکردنی یەک زمانییە لە تورکیای کەمالییەکاندا لە ڕێگەی لەسەندنەوە و بیربردنەوەی زمانی کوردییەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا لەم وڵاتەدا.

ئەوتانە ڕێک لە مایسی ساڵی 1945دا، "تاریق ئاکانسو"، یەکێک لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی (داگیرکردنی تاریکی) بە مەئموریەتێکی تایبەتی لە ئێستانبوڵەوە ڕەوانەی باشووری خەرهەلاتی تورکیا دەکرێت بە ئەوەی، یەکزمانی بکاتەوە بە ئامرازی ئاخاوتنی تیرە و قەبیلە جیاوازەکانی مەملەکەت.

ئەو بەرلەوەی بێت: " چاوی بەسەرێک کەمار عیسمەت ئینانە کەوتبوو، دانیشتنێکی درێژ و داخراوی لەگەیدا سازکردبوو، فەرمان و هێزی لەوەرگرتبوو زمانی تورکی لە هەموو خەرهەلات و باشووری خەرهەلاتدا بچەسپێنێت. "

تاریق ئاکانسە بە وەرگرتنی ئەم مەئموریەتە تازەیەی، بەرپرسیارێتی وەک بەیوبەری لیژنەی ئەمنیەتی زمانەوانی کۆتایی پێدەهێنێت. ئەو لە کارە کۆنەکەیدا وەک فەرمانبەری لیژنەکە، فەرمانی بوو لە "

ریگای پاککردنەوەی زمانی تورکییەوە لە هەموو وشەگەلێکی بیگانە، زەمینە بۆ دروستکردنی ولاتێک سازبکات، ڕەگەزێکی سافی تورک تێیدا نیشتەجێ بێت ، بۆ هیچ ڕەگەزێکی تێکدەر و خوێنی پیس و عەقڵێکی جوداخوازانە."
ئەو کاتێک لە ئیستانبوڵەوە بەرەکەوتبوو، بۆی هەست و زانیارییانەوە هاتبوو کە : " لە ناوچە شاخاویەکان و شوێنەسەختەکانی خەرمانەاتی تورکیادا هێشتا ئەو خێلانە دەژین کە گۆشەو ئیرتیقای تەواویان نەکردووە. "
فەرکردنی ئەم خەڵکە نیشتەجێبووانەی خەرمانەاتی تورکیا بۆ شارستانی نوێ و ئیرتیقاپێدانیان، ئەو هەڵە سوورییە کە بۆ جەستەی ئەم نەمانەدا دەچێتەخوار و لەگەڵ چوونپێشەوەی هوودا وەکاندا، ئەم دیدە ئاسیستیەی ئاکانسێ زیاتر دەبێتەوە و خوێنەر هەستیپێدەکات.
ئەوتانە، "عەدنان عاریف پاشا" لە دانیشنێکی هاوێیانەدا لەگەڵ ئاکانسەدا، پێیوایە هەر بەتەنها سینەوەی زمانی جانەوەرەکانی خەرمانەاتی تورکیا کۆتایی بە گرفتەکە ناهێنێ و بەرووەنی ئەو پێیامەی بە دەردەخات:" گەر دەتەوێت خێت و منداڵەکانت لەم مەملەکەتەدا گیان بە باشی دەربکەن ، ئەوێان تێبگەنێ ، پیشانیان بدە دیوارێکی ئەستوور لە نێوان ئەمە و ئەوانداێ، دیوارێک دەبێ هەتا هەتایە بمێنێتەوە. هاتووم پێت بڵێم متمانە بە کەسیان مەکە،..... یەک یاسای دیکەش هەچاو بکە ، یەک شتی دیکەش بزانە، ئەمانە خێیان چین شتێکی تر، خێیان مارن، دووپشکن، پشیلەن، کەروێشکن، کەترن گرنگ نییە، گرنگ ئەوێیە تە دەبە وەک جانەوەر تەماشاین بکەیت. تاریق ئاکانس! فریونەخێیت، ئاگاداربە، جانەوەر دەستەمۆناکرێت، جانەوەر هاودەکرێت. "

لەپاڵ ئەم ئامۆژگارییەی عەدنان پاشادا، ئیتر ئاکانسێ دیدە فاشیستیەکەی خۆی بۆ ئاستێکی بالاتر دەگەێنێت و راسیزمێکی پڕتی دەتە ناو دیدگاو هەڵسوکەوتی ئەوەو. چیرۆکی هاوشکاری ئاکانسێ و گرتنی پلنگی تینوو ورچی هەکاری بەیە دەتە ناو داگیرکردنی تاریکییەوە و جیگایەکی تایبەتی لە هەڵسوکەوتی پاڵەوانەدا داگیردەکات، چونکە هاسیزمی ئاکانسێ پەیوستی بەسەرنجدان "لەوی دی" هەیە وەک کۆیەک، وەک دەندەیەک یان "ئەوی دی کۆە" کە لە ئینسانییەت خراوە، تاکو سنوورکانی نێوان ئەمی شارستانی و ئەوی کەوی هەمیشە بۆ تەخی بهەڕێتەوە. پەیامێک کە تا کۆتایی هەمان ئاکانسێ وەفاداری دەبێت.
لەڕەوە ئیتر بۆ تەنها سیاسەتی تواندنەوەی کوردەکان لە ناو دەسەڵاتی تورکیای ناو هەمانی داگیرکردنی تاریکدا، قەدەغەکردنی

زمانکیان و تورکاندنییان، ئەوان ناکات هاوڵاتییەکی تووڕک، بەکو هەمیشە ئەوانی کەوی کە دەکرێ بە زمانی تووڕکیش بپەیڤن، هەڕەشەیەک بن و دەبە ئاوبکرێن.

ئامادەیی ئەم ترسە گەورەیە کە بە ماڵیکردنی نەچیرەکیشی ئازی نییە ، بە گەشنی ناونیشانی داگیرکردنی تاریکیمان بە هووندکاتەوە. ئیدی دەبە ئەو ڕووبەڕەش لە تاریکی داگیربکرێت کە دەندکان تیایدا ئازادن. ئایا کارەکی وا دەکرێ ئەنجام بدرێت، پرسیارەکە و خوێنەر خۆی دەتوانێ لە دووتووێی ئەمانەکەدا بشوێنییەوە بێت.
بەختیار عەلی لە داگیرکردنی تاریکیدا (2)، زەمەنی ئەم ڕەمانە دابەشدکاتە بەسەر دوو هەڕە زەمەنی جیاوازدا کە لە 12ی تەمووزی ساڵی 1977وە دەستپەدکات و خوێنەریش لە چوونناوەوەی ڕووداوەکانی دوای ئەم مەژووەوە ئاشنای میژوویەکی دیکەی پاڵەوانە سەرکییەکانی دیکەی ڕەمان دەبێت کە سەروکارەکی گرنگی لەگەڵ ناوەراستی ساڵەکانی 1945دا هەیە . لەگەڵ چنینەکی وەستایانەی ڕووداوەکانی ئەم ڕەمانەدا، ئەم دوو زەمەنە جیاوازە بەیکدەگەن و لە سالەکانی نێوان 1978 و 1994وە، ئەم دوو مەژووە تەکەدەبن.

12ی تەمووزی ساڵی 1977
"عیسمەت ئەکتای"، بەیانییەک خەبەری دەبەتەوە و بە زمانەکی دیکە قسەدەکات کە زمانی دایکیی خۆیی نییە. ئەو لەمڕەوە تورکی بیردەچێتەوە و بە زمانی ئەو جوجانەوارانە قسەدەکات کە تاریق ئاکانسە لە ئیستەنبوڵەوە هاتووە تا لەبیریانبەرێتەوە.
بەڵام ئەو تەنیا نییە. لەڕە و لەوە، هەواڵی ئەم پەتایەی کە خەڵکانێک زمانی تورکییان بیرنامەنێت و بە زمانی کوردی دەپەیڤن، ئەو سیحرە ئەدەبییە جوانەیە کە بەختیار عەلی "ساراماگۆ" ئاسا لە خوێنەری دەکات. ئەگەر دروستکردنی جمهوریەتی تازە: یەک ولات، یەک زمان، یەک ئالا، پەیامی ئاکانسەیە کە نوێنەرایەتی تیروانینی دەسەلاتی سیاسی جمهەریەتە، ئەوا لەبیرچوونەوەی زمان لای ئەو هاولاتیانەیشی کە خوێنی تووڕکی بە دەمارکانیاندا دەگەڕێ، کاردانەوەیەکی هیستیریکی لای دەوڵەت و دەسەلاتە نهێنییەکەی دەخوەقێنێ کە تەواو شتانێیە. شتانە بەوەی کە هاولاتییانی تووشبوو بەم واگرەیە دەبە لە کەرەنتینە بکرێن و وەک شیت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئاخر دەرکەوتنی زمانی کوییکان لە سەرزمانی هاولاتییانی ئەم وڵاتە تەواوی پرۆژەی : یەک دەوڵەت، یەک زمان، یەک ئاڵا دەخاتە بەر مەترسییەکی گەورەوە.

لەرەوە، عەلی ئیحسان کوڕی بچووکی ئاکانسە دەتە سەر شانی هەوداوەکان وەک وەرگرتنێک کە پێشووتر بە فەرمانی باوک فەری زمانی جانەوەرەکان کراوە، جێگایەکی گەورە لە رووداوەکانی ناو رەماندا داگیردەکات.

زەبروزەنگ وەک بریندک لە ناخ دا

بەختیار عەلی لە داگیرکردنی تاریکیدا ، بە تەنها زەبرزەنگی کردەی داگیرکردن لەسەر جەستەی قوربانییەکان جیناهێڵێت، بەڵکو بارە سایکۆلۆژییەکەی ئەم بەزمانکردنەی ئینسانەکان لە ریگای بەشێک لە پاڵەوانەکانەوە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە نمایشدەکات.

زەکی هەزا باکلان، باشترین نموونەی خوێندنەوەی کاریگەری دەروونی ئەم پرسەی لەبیربردنەوەی زمانە کە خوێنەر کەشدەکاتە ئەو دیوو سنوورەکانی ئازاری جەستەو و لە ناخەوە هایدێگەکەنە. :" بەڵام من هیچ کەس نازانێت تورک نیم، هیچ کەس نازانێت. من هەموو تووركەكانم خەڵەتاند، هەموو وادەزان تورکی هەستنم، تەنیا کەسێک ناتوانم بیخەڵەتێنم خەمم. من هیچ کەس بە بچووکی سەیری نەکردووم، کەس پێی نەگوتووم تۆ مەخلوقێکی کەمتری لە ئەمە، چونکە لە منداڵییەوە باوکم فێریکردم چۆن وەک تورکێکی هەستن خەم دەربخەم، ئەو قسانە بکەم تورکەکان پێیان خۆشە. هەژێک بووم بە میت بە ئەوە بوو خەم لەخەم بشارمەوە، بە ئەوە بوو فێل لە خەم بکەم و بەڵم زەکی هەزا تۆ تورکێکی هەستنیت....من کەس وەک شتێکی نزم سەیرمناکات خەم نەبەت. بەڵام هاستی من بەیە خەم نزم سەیردەکەم چونکە خەم بەشتێک سەیردەکەم ئەوە نیم، وەک شتێکی هاستەقینە لە منداهەبەت و شاردبەتمەوە، وەک ئەوەی هەموو ژیانم دەمامکێکم لەسەردا بێت و نەتوانم دایبکەنم. عەلی ئیحسان گەر ئەو زمانە فەرنەبم، ناتوانم دەمامکەکە دابکەنم."

پرسیاری شوناس

خاڵێکی تر کە دەکرێ ئاماژەی پێبدرێ، ئەوەیە کە بەشێک لە پرسیارە گرنگەکانی دەسەلاتدارانی دەوڵەت لە داگیرکردنی تاریکیدا لەسەر ئەوەیە کە کێ تورکی هەستنە و کێ وا نییە، هەندێک لە پاڵەوانەکانیش لە نەوان پرسیارەکانی من کوردم یان تورکدا دەن و دەچن. بەیەش دەکرێ پرسیاری شوناس بکرێت بە یەکێک لەو پرسیارانەی دی کە داگیرکردنی تاریکی لە دەووری دەسوڕێتەوە. بە بۆای من، مەراقی عیسمەت ئەکتایی و هەزا باکلان، بە ئەوەی یەکەمیان بەتەوە بە تورک و دووەمیشیان بە کورد لەسەر بناغەی فەیدانی شوناشێک و بەدەستهێنانی شووناسێکی دیکە نییە وەک لە هووکشدا خوێنەر دەکرێ

بەو دڕندانەیە بگات. ئەگەرچی لە هەردوو دۆخەکەدا جیاوازی هەیە کە بە ئاوەڵی یەکەمیان (عیسمەت ئەکتای) تورکی بە ناچاری بیردەچێتەوە و دووەمیشیان (ڕەزا باکلان) بە شێوەی خۆنی بەدەستهێنانی ئەو زمانەوانەیە کە لە ناخیدا چەپێنراوە و بیریان بردەتەوە. بەڵکو پرسیاری شوناس لەم ڕەهەندا لەسەر بەدەستهێنان و قبووڵکردنی گرانەوایە بە زمانێکی بەرلە شوناس، زمانی ڕووتبوونی ئینسان و بەبەرگی ئەو. دواتریش چ بەرگ و ڕەنگێکی دیکە بەسەر ئەم شوناسە ئینسانییەدا دەدرێت، جگایەکی ئەوتەی نیە چونکە لە بناغەوە ئینسان، ئینسانیبوونی خۆی دەزیوەتەوە و دووچاری دووکەرتبوونێکی سایکۆلۆژی نابێت. ئەم تەروانینە بە پرسیاری شوناس، کردنەوەی پرسیاری شوناس و دانخستنی وەک ئاوەڵی لە تەروانینی دەسەلات و بەشێک لە کاراکتەرەکانی ڕەماندا بەرجەستەیە، خاڵێکی درەخشاوەی ڕەمانە و وادەکات خوێنەرێکی کورد یان تورک کە ئەم دیدەی بە لەخەوانین پێ قبوڵنەبێ، بەڵام ئاگاهییەکی تازەی پێ دەگات کە دەتوانێت بگەڕێتەوە سەری. دۆخێک کە خوێناویبوونی کەمەڵگا بەهەی تەسکبوونی بەرگی شوناسەکانیانەوە، ئەم ڕووتبوونەوەی ئینسانی لە هەموو شتێکی دیکە بە پێویستردەکات.

ئەوتانە لەبەرابەر هات و هاواری ڕەزا باکلاندا بە ئاوەڵی مرۆڤ لەبیرکراوەکەی خۆی ببینێت و فەری زمانی کوردی ببێتەوە، عەلی ئیحسانی بەچکە میت و جەلادی زیندانەکانی دیاربەکر، لە ئاخاوتنێکی هەتا بڵێی سەرنجڕاکێشدا، گووتمانی لە کردەوەیەکی وا هی هەیە کە ئەگەرچین دوای چینیش ئەو مەخلوقە بشکێنێت دەڕووت لە منداڵییەوە لە ناویدا دروستیکردووە، دەکرێ لە ژێر دوا چیندا چی هەبێت:" گەر وابێت خێت وێران دەکەیت و ناگەیتە هیچ. من باوکم وا هەستیدەکرد لە ناخی منداڵ، لە قوڵایی قوڵایی منداڵ تورکێکی ڕەسەن هەیە، وادەکات من تورکێکی ئەبەدی بم، من خەشم تا ماوەیەکی زۆر هەروام هەستدەکرد، بەڵام ڕاستی هیچ لە ناخمدا نییە، تەش هیچ لە ناختا نییە، لە ناخی مرۆڤدا تەنیا مرۆڤ هەیە، تورک و کورد و ئەرمەنی بوونیان نییە"

گیاکەکانی دیکە

لە داگیرکردنی تاریکیدا، ئەو بە تەنها جروجانەوەرەکانی خەرهەلاتی ئەنادۆڵ نین کە دەبە ڕامبکرێن و بکوژرێن، بەڵکو گرێکییەکان، ئەرمەنییەکان، سۆشیالیستەکان و سەندیکالیستەکان... بەشێکی دیکەی ئەو گیاکەلانەن کە جمهوریەتی تازە ناتوانێت لە ناوخێدا جێیان بکاتەوە. ئاخر ترس لەوی دی و دەڵێتێک کە یەک زمان و یەک ئاڵا و

یەک دەوڵەت بە شوێنیەوەیەتی ، هەموو ئەوانەی دەکاتە ئەو مەترسیە نەبینراوەی کە هەمیشە دەبە دەوڵەت لە ئامادەباشیدا بێت لە بەرابەریاندا.
لاکردنەوە لەم گرفتە جەراوجەرانەی دی ناو هەناوی جمهوریەت کە قەوارەی ئەم ڕەمانە هێندەی دی گەورەتردەکات، تابلۆیەکی گەورەتر پیشانی خوێنەردەدات تا ڕەشنتر ئەو مەزایکە ببینێت کە سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەت دیاوە فەرەنگی لێبسەنتەوە. ئەم وێنەیە، دەموچاوی "ئەوانی دیکە"ی ناو تورکیا زیاتر دەردەخات و دیمەنەکی ڕەشنتر بەدەسەلات و ناوەندەکی ئەو دەدات.

هەناناوەوەی خەون و مەراقی گروپە ئەتنی و بزووتنەوە سیاسیەکانی دیکەی ناو تورکیا بەو زانیاریانەی بەختیار عەلی لە ڕەمانەکەدا پیشکەشی دەکات، دەرخەری ئەوەیە کە نووسەر چ ڕەنج و ماندووبوونەکی گەورەی لە بەدەستهێنانی زانیاریدا بە خەرجداوە. بەختیار بەم کەشفە نوێیەی، کەکردنەوەی کەمەلی بابەتی گرنگتر کە هەریەکەیان دەکرە کەرەستەی ڕەمانەکی سەربەخۆ بێت لە دوو تووێی کتێبەکدا، تواناییە شەخسیەکانی خەی هێندەی دی دەباتە سەر و نیشانی دەدات کە هیچ جوگرافیایەکی تایبەتی ناتوانێ یگری ئەوەی بە پەکبەنێ تا بیکاتە سەرزەمینی ڕەمانەکی نوێ. ئاخر خوێنەر لەم کتێبەدا هەر ڕووبەرووی زانیاریەکی هاکەزایی نییە لە بەرانبەر ناوی شوێن و گەرانی و کەسایەتی سیاسی و هونەری کەمەلگایەکی دیکەوە کە هی خەی نییە، بەلکو بەشەکی شاراوەی مەژووی قەتل و عامی گرێکییەکان و سەشیالیستەکانی ئەم ولاتە زیندوو دەکاتەوە و ئەم مەژوویە گرنگەی ناو تورکیا، لە ێگای پالەوانەکانی ناو داگیرکردنی تاریکییەوە، تیشکی دەچیتە سەر.

کاتێک جەللاد دەدوێت

بەختیار عەلی یەکێک لە نووسەرانی کوردە کە زەرترین پەەی لەسەر پەیوەندی نێوان سەردار و کەیلە، جەللاد و قوربانی ەشکردەتەوە. دووبارە جەختکردنەوە لەم بابەتە، دەکرە هەستی خەدووبارەکردنەوەی نووسەر لای خوێنەر بەجبەە. بەەام لە ڕەمانەکدا کە دەربارەی سەردەستیی و ژەردەستەییە، ەاسیزم و کۆیە و دەربارەی یەکێک لە خوێناویترین جومگەکانی مەژووی نوێی تورکیایە، ناکرە ئەم بابەت و پەیوەندییانە نەبنە تەوەری ەەمانەکە، ئەگەر بەەم، شاتەوەری ەەمانەکە. بەەام بەوەی بەختیار هەژموونییەکی گەورەی لە پەیوەند بە کارکردن لەسەر ئەم پرسیارانە هەیە، هەموو تواناییەکانی خەی لە ئاستێکی بالاتردا لەم ەەمانەدا تەرخانەدەکات بە دووبارە

سەرنجدانەوە لەم پرسیارە کە بە بۆچوونی من، دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە لە بەرانبەر خوێندنەوەی داگیرکردنی تاریکیدا لە تورکیادا کە لە کەمالگای کوردستان زیاتر پەیوەستی پەیدا بە ئاوەی بتوانێ بە نیگایەکی دیکەوە سەرنج لە خۆی بدات.
نووسینی داگیرکرنی تاریکی بە بەختیار عەلی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مافی زمانداری و نەبوونی ئاو مافە لە کەمالگای تورکیادا، وەک لێشتنێوایە بە ناو کێگەیەکی مێندا. نەبوونی دیدێکی هیومانیستانەی بەهێز لە کاتی تێپەڕین بە ناو ئەم کێگەی مێندا، دەکرێ نوسەر بخاتە ناو بازنەکانی نەبوونی متمانەی خوێنەرەوە، کاتێک ئێگاری تاوانبارکردنی ئاو بە ئینتیما بە گروپی زمانلێزەوتکراوەکان وەک تارمایێک بەسەرییەوە، سەبەردەکات. بەڵام بەختیار عەلی لەم تاقیکردنەوەیدا، بە بۆچوونی من زۆر سەرکەوتووانە دەتەدەر.

با سەرنجێک لەم ئاخاوتنە سەرنجاکێشەی نێوان دوکتۆر سینان و عەلی ئیحسان بدەین لە جێگایەکی ڕەمانکەدا:(ئاستی زۆر دەترسم، بەشی ئاوە گوناهی گەورەم هەیە کوردەکان لەمنبووڕن. هەندێ جار هەستدەکەم ڕۆژێک تاڵەم لەدەکەنەوە، ترسێکی گەرم لاوە هەیە. دەزانیت چەندین ساڵە لەموبەر ئۆفسەرێک چی پێگووتم؟ گووتی: ترسناکترین ساتی مێژوو ئاوەیە کە قوربانی جێلادەکەی دەکوژێت". لەم پرسی بە وادەڵێت، وەڵامەکەی ئاوە بوو:" چونکە ئاو ڤەی لە مێچەکی قوربانی دایەکاتێک تاوەکەی دەکیشێت بەسەری جێلادا، زۆر لاو ڤەڤ گەورەتر کە لە دەستی جێلاددا بووە"
داگیرکردنی تاریکی ناکرێ وەک تاڵەی قوربانی لە جێلاد سەرنجی بدرێتە، بە تایبەت لە بوونی ئێگارێکی واهیدا کە گوایا ڕەمان لە زمانی زمانلێزەوتکراوەکانەوە دەتەگەڕانەوە. بەڵکو ئەم ڕەمانە کێشێکە بە ئاوەی جێلاد و قوربانی لە دوای میراتی ئاکانسێ و جەنەرالەکانی دین و سوپاوە، پێکەوە لە بەرانبەر ئاوێنەیەکدا ڕاوەستن و لە ڕووخساری یەکدی وردببنەوە.

تاقی ناو دیوارەکە (4)
ڕۆژگارێک لە مەیدانی سەرەکی گەورەی پایتەختی عوسمانییەکاندا، لەسەر دیوارێکی نزیکی مەیداندا، تاقێک لە ناو دیوارەکەدا دروستکرابوو. لاو تاقەدا، کاڵەسەری ئاو یاخیی و شۆشگەرانیان دادەنا تا خەڵکی سەرنجی لەبەدەن و بزاڤ دژەنجامی سەربەرزکردنەوەیان لەبەرانبەر دەسەڵاتی خەلافەتدا ، سەریان بە کۆ دەگەنێ. ئەم تاقە، هیچ کاتێک بە کاڵەیەکی سەربەدراو نەبووە.

ئەوتانە " تونجی هەتا" لە دەشتایە تاریکەکانی ناو بالکانەوە، بە خەیی و عەرەبانەی ئیسپەکان و سندوقی پڵەسەهەڵ و کڵڵەسەرکەوە ، بەرەوپێ تا سەری بەدراوی "عەلی پاشا" کە نوێنەری سوڵتانی عوسمانی بووە لە ئەلبانیا بگەنێتە پایتەخت.
"تونجی هەتا" بە گێاندنی کەڵەی عەلی پاشا بە پایتەخت، بەناو زنە جەراوجەرەکانی ژەردەسەلاتی خەلافەتدا دەڕوات و ئەو تاریکی و بەدبەختیە دەبێنێت کە دەسەلاتی سوڵتان لە سێبەرو زمانلەسەندنەوەی هاولاتیانی ناو زنە جەراوجەرەکانی مەملەکەتدا، دروستی کردووە.
ئەمەی سەرەوە کورتەی ڕەمانی" تاقی ناو دیوارەکە"ی (ئیسماعیل کادارە)ی نووسەری ئەلبانیایە بە دەرخستنی ئەو بەربەریەتەی کە دەسەلاتی سوڵتانەکان لە بالکاندا خوڵقاندبوویان.
ئەو بە وردی ئەو سیستەمە نیشانی خوێنەردەدات کە چۆن سێبەرەوی زمانەکان و ئەو دەستگاو ئیدارانەی لە دەوری سازکرابوو کاردەکات.
بەختیار عەلی لە داگیرکردنی تاریکیدا، ئەم نەخشەی سێبەرەوی زمانە لە مەملەکەتی بچووکبووەوی دوای خەلافەت و دروستکردنەوەی جمهوریەتی تازەدا لەلایەن دەسەلاتدارانی تازەوە، بەشیوەیەکی فراوانتر و وەستایانە، لە بەرانبەر زمانەکی تایبەتیدا ، دەکەشێت و ئەو ترس و بەدبەختی و بەزمانییەی ناو کەماری ترس، لە ئەفسانەیەکی مەدەرندا پیشانی خوێنەر دەدات.
دەڕۆن: نیگارکێشی چینی " هو تاو تزو" ڕۆژێک لە زەمانی دەسەلاتی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی "تانگ"کاندا ، سەرنج لە تابلۆیەکی تازەکێشراوی سەر دیوارەکەی بەردەم خەی دەدات. لە پڕەکدا دەستی دەدات بە یەکدا و دەرگای پەرستگاکانی ناو نیگارەکە دەکرێنەوە، ئەویش دەچێتە ناو تابلۆکەی خەیەوە و وندەبێت.
من کاتێک لە خوێندنەوەی "داگیرکردنی تاریکی" دەبمەوە، ئەو کاتانەی کتێبەکەی بەردەستم دادەخەم، هەستدەکەم ئەم کتێبە دەبێتە تابلۆیەکی گەورەی بەردەمی من و بە هیچ ئەرک و زەحمەتلەخۆکردنێک ، تەنانەت بە هیچ چەپڵەدانێک کە "هو تاو تزو" پەیستی بوو بە ئەوەی دەرگای ناو تابلۆکەی بە بکرێتەوە، دەچمە ناو تابلۆی " داگیرکردنی تاریکی"یەوە. راستتان دەوێت، من خەیشم نازانم، کەی تیایدا دەمەدەر.

2021-01-03

1. http://www.litteraturmagazinet.se/joseph-conrad/morkrets -hjarta/recension/sebastian-lonnlov

2. بەختیار عەلی، داگیرکردنی تاریکی ناوەندی هەند 2020
3. کتیبی پیرۆز بیبلیکا لاپەرە 12 2017
4. Nischen i muren Ismail Kadare Bonniers 1986
5. Myten om Wu Tao-tzu Sven Lindqvist Norhaven Paperback A/S 200

لە مێژووداکتێبێك بۆ هەخنەکردنی کۆمەڵگە.. سەدیق سەعید هاوەندزی

بگومان هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی نییە، لە سەرەتای دروست بوون و سەرهەڵدانییەوە، وەك کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو زیاریی و برۆفێکت،دروست ببێت.تەنانەت مرۆڤایەتی لە کۆنەی سەرەتاییەوە تا کو سەرمایەداری، بەچەندین قۆناغی ژیاری و زانستیی تێپەیوە، تا بە دنیای ئەمڕۆمان کە بە دنیای گلۆبالیزم و تەکنەلۆژیا و مۆدێرنەبوونی ژیان دەناسرێت دەگات. بۆیە سرووشتی دینامیکییانەی ژیانە، کە گۆڕانکاریی و پێشکەوتن و داهێنانە ژیاریی و زانستییەکان، دەبنە بەشێك لە کۆمەڵگە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە هەموو ئەو ژیارییبوونەی کۆمەلگە، دەرەنجامی چ دیدگایەك و کامە تێوانینە؟ ئایا هاوانینی نا ئەقڵانی و سۆزداریانە، دەتوانێت کۆمەڵگە بەرە و کرانەوە و پێشکەوتن بەرێت؟ئایا لە نەبوونی دیدگایەکی ئەقڵانیدا، دەکرێ بڵێین کۆمەڵگە دەتوانێت پێش بکەوێت و لە دۆگمابوون و نەریت پارێزیی و سوونەتی دەربچێت؟ بۆیە هەموو پێشکەوتنێك لە هەر هووکی ژیانەوە بێت، بزوێنەرێکی لە پشتە، کە ئەویش دیدی ئەقڵانی و خوێندنەوەی مەعریفی و هەخنەییانەی بوون و ژیانە بە ئاراستەی جیاواز، بە ئامانجی ئیفڕمکردن و هەخنە کردنی هەموو ئەو تێوانین و دید و ئەقڵە دۆگما و ناشناسانەی کە بەربەستن لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا.
مرۆڤایەتی، کە زۆرجار ئەوروپا بە نموونەی پێشکەوتن و ژیاریبوونی ژیان دەناسێنێت، سەردەمانێك سەری گالیلەیان دەبڕی، سوقراتیان ژەهر خوارد کرد، وەلێ بە هێنسانس و شۆڕشی پیشەسازیی و هۆشنگەریی

و جیاکردنەوەی ئاین لە کۆمەڵگە و لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، بە بوونی دیدێکی هەخنەییانەی ئەقڵگەرا، توانیان پشبکەون و ئستا وەك نموونەیەك لە دابانی سیاسی و فەرهەنگی و زانستی و ژیاری، لە گەڵ جڕهەات دەناسرێت. لە کاتێکدا میراتی فەرهەنگییانەی جڕهەلات،لە ووی مژوویی و بنەمای فیکرییەوە،لە مژووی فەرهەنگی ئەوروپا دەوەمەندترە. تەنانەت خانی چوارد سەد سا لەمەوبەر و دوو سەد سا پش ئەوروپییەکان،باسی بنەمای نەتەوەیی و دیدگای هەخنەیی دەکات. وەلێ ئستا ئمە لەو پەی دواکەوتوویی و پەراوزی ئەو وەاتانە داینە. بگومان ئەمەش هەموی دەرەنجامی نەبوونی دیدگایەکی ئەقییە.لەو سنگەیەوە کتبی (لە مەهەتی مژوودا) یەکێکە لەو کتبانەی کە لە پەراوزی نەبوونی ئەو دیدە ئەقڵگەراییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەخنەی تاك و کۆمەڵگە دەکات و دەرەنجام و لکەوتە نەرنییەکانی بە سەر کی کایەکانی ژیان باس دەکات.ئەم کتبە،لە کۆمەە وتارکی جیاواز پکهاتووە،کە خوندنەوەیەکە بۆ دیاردە و خاسیەتە کۆمەایەتی و پەروەردەیی و سایکلژییەکانی تاك و کۆمەڵگە لە هەرمی کوردستاندا.

نووسەری کتبەکە، وەك سسیلژستك و بە دیدگایەکی هەخنەییانەی ئەقییەوە، هەخنە لەو نەریت و نەم و شوە ژیانەی ئمە دەگرت، کەلە چوارچوەی ئەو ووبەرە کۆمەایەتییە دایە، کە پی دەگوترت کۆمەڵگەی کوردی. واتا پەیوەندی مرۆقی کورد بە گشتی و بەو ژینگە و دوروبەرەی تیایدا دەژیت و تەنانەت کەسایەتییانەی خشی، لە پەراوزی هەسەنگاندن و خوندنەوەی ئەو پەیوەندییانە دەر دەخات. یەکك لە دیارترین ئەو بابەتانەی لەم کتبەداو لە کی وتارەکان نووسەر بە وردی لە سەری دەوەستت و شقەی دەکات(غیابی ئەقییە) لای تاکەکان. بگومان ئەمە بەو مانایە نییە، کە مرۆقەکان هش و تگەیشتنییان بە فەمە میلییەکە نەبت. بەکو بەومانایەی نەبوونی هیچ دیدێکی ئەقڵگەرایانەیە، بۆ خوندنەوەی ژیان و دەوروبەرو امان و تهزرین.
بە بۆای نووسەر، تاکەکانی کۆمەڵگەی ئمە بەگشتی، هندەی خەمی (سك و بەرسکیانە) وەك ئەوەی نووسەر نووسیویەتی، هندە عەودای مەعریفە و زانین و تگەیشتنی ئەقی و فیکرییانە نین بۆ بوون و ژیان. لە هەر شونکیش جلەوی مرۆق لە بری ئەقڵ کەوتە دەست سز، ئیدی بزنەری ژیانی تاکەکان بگومان ئەقڵ نییە، بەگو جرکە لە خرشانی کاتی و هوتافی و سزاوی. لەو وانگەیەوە، نووسەر باس لە چەمکی (بەهاری عەرەبی) دەکات و ئەو هکارانە دەخاتە وو، کە بچی نەبوونە زامنی سەرکەوتنی ئەو ششانە و لە بری گانکاریی

ێیشەیی، هەمان شانۆی سیاسی پڕشوو بەردەوامی هەیە. نووسەر نەبوونی ئەم گۆڕانکارییانە دەبەستێتەوە بە نەبوونی، دیدگایەکی ئەقڵانی بۆشۆش وگۆڕانکاریی. چونکە بەهاری عەرەبی، تەنها خرۆشانکی جەماوەریی میللییانە و هەڕەمەکییانەی کاتی بوو، هەر گۆڕانکارییەکیش بەرمەبنای ئەقڵ نەبێت، ئەوا ناتوانێت هیچ واقیعێکی تازە لە ژیانی کۆمەڵگە بنێتە ئاراوە. چونکە لە بنەڕەتدا ئەوەی دەگۆڕدرێت کەتواوە سیاسییەکەیە نەك دیدگاو پاشخانە هزرییەکە. هەبەتە ئەمە بە عێراقیش هەر ڕاستە.لێرەوەش دەبینین کە دوای دە ساڵ لە ڕاپەڕین و بەهاری عەرەبی، دڵخی ئەو وڵاتانەی ڕاپەڕینیان تیادا کرا نەك هیچ گۆڕانکاریەکی بە سەردا نەهات، بگرە خزگە بە سەردەمی پڕشووش دەخوازن.

باسێکی دیکەی نێو ئەو کتێبە، لە بارەی دیاردەی کۆچکردنە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. هەبەتە کێچ بەشێك بووە لە سرووشتی کۆمەڵایەتییانەی تاکی کورد کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەییە بووە، کە بە درێژایی مێژوو کورد تیایدا ژیاوە. لەو سۆنگەیەوە، لێشاوی کۆچکردن بۆ دەرەوە تاکو ئێستاش بەردەوامە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەو کۆچکردنە چی لە ژیانی ئەوان گۆڕیوە؟ تاکی کورد کە دەچێتە هەندەران، بە گشتی چ گۆڕانکارییەکی بە سەر هزرو دنیابینی دادێت؟ بە بڕوای نووسەر، تاکی کورد تەنها جوگرافییا جێدەهێڵێت نەك کولتوور و هزر و دنیابینی ڕۆژهەڵاتیانەی خۆی. بەرکەوتنی ئەو بە خرئاوا، بەرکەوتنێکی باسیقە و ناتوانێت، لە پەراوێزی ئەو هەموو داهێنانە زانستی و ژیاریانە، پڕشکەوتن و گۆڕانکارییە مێژوویەکانی خرئاوا سوود ببینێت و دواجاریش ببێتە کارەکتەرێکی ئەکتیڤ و خەرمانەیەکی گەورەی ڕۆشنبیریی و زانستی و فەرهەنگی بونیاد بنێت و دواتریش ڕێنوێنی تاکەکانی کۆمەڵگەی خۆی پێ بکات. بۆیە دەبینین لاوازترین و بێ هێزترین لێبی جیهانی، لێبی کوردییە لە سەر ئاستی دنیادا، وڵرای هەبوونی ئەو هەموو نوێنەرایەتی و پەیوەندییە دبلۆماسیەی حکومەتیش لەگەڵ وڵاتان هەیەتی. لە کاتێکدا دەکرێ ئەو کۆچکردنە بە دیوێکی ئەرێنی و لە پێناو یەکخستنی توانا و داهێنانە ئەقڵی و زانستی و ژیاریەکانی تاکی کورد، بە ئامانجی خزمەتکردنی نەتەوەکەی خۆیان سوودی لێ ببینرابایە، بەڵام بە پێچەوانەوەیە. باسێکی دیکەی نێو ئەو کتێبە، کە نووسەربە (ئایدزی کولتووری) ناوی دەبێت، لە بارەی کولتووری کورد بەگشتی و ماکەکانی نامۆبوونی تاکی کوردە بەو کولتوور و فەرهەنگەی خۆی.

هەمیشە لە ڕابردووەوە، نەیارانی کورد هەوڵیانداوە، وەحیەتێك لە ناخی مرۆڤی کورد دروست بکەن، کە کولتوورو فەرهەنگی خۆی بەلاوە گرنگ نەبێت و لە پەراوێزی فەرهەنگ و سەرخانی کەمەڵایەتی نەتەوەکانی تردابێت.ئەمەش بە ووتنی هەنگدانەوەی لە سەر ژیانی تایبەتی و کەسی مرۆڤی کورد هەبووە. بە گشتی کتێبەکە چەند بابەتێکی دیکەی گرنگیشی تێدایە. بەرلە کۆتایی دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە زمانی نووسینی ئەو کتێبە، زمانێکی کەمەڵایەتییانەی سادە و ساکارە. تەنانەت خوێنەر بەرچەند دەستەواژەیەکی میللی دەکەوێت وەك:(سك و بەرسك، لەوەڵاندن، گاڵان، بارگە و بالیف) دیارە لێرەدا نووسەر مەبەستی بووە بە هەمان ئەو زمانەی تاکەکان خۆیان بیاندوێنێت. ئەمەش لە پێناو ووڕاکردنەوە و تێگەیشتنی زیاتر، یاخود بە شێوەیەك کە بگونجێت لە گەڵ هەڵسەنگاندنی میللییانە و کەمەڵایەتییانەی کەمەڵگەی کوردی. چونکە زۆر گرنگە بە هەمان زمانی هزری ئەو کەمەڵگەیە، خوێندنەوەی کەمەڵایەتی و دەروونی بۆ تاکەکان بکرێت. هەهەندییەکان کە نەیانتوانی هیچ گۆڕانکارییەك لە کەمەلگەی کوردی بێننە ئاراوە، لە ڕاستیدا زمانی دواندنی ئەو کەمەلگەیەیان نەدەزانی و بە زمانی فەیلەسوفانی ئەوروپا دەدوان، کە ئەمەش کەلێنێکی گەورەیە لە نێوان تاکی سادەی کورد و زمانی هزر و خوێندنەوەی ئەو کەمەلگەیە. بۆیە خوێندنەوەی کتێبەکە، کەمەکی خوێنەر دەکات لە بارەی زۆر پرس و بابەتەوە کە گرنگە بیخوێننەوە و بیزانن.

- ناوی کتێب: لە مێژووداً، نووسینی: محمەد تەها حوسێن، بڵاوکراوەی: دەزگای ڕۆسا_2016 هەولێر.

خودی پڕۆلەمان خۆی مەزڵەیە و ووداننی مەزڵەش تێیدا، ئاساییە.. زاهیر باهیر

زاهیر باهیر
16/01/2021

هەشی ئەم دواییە بە سەر کۆنگریسی ئەمریکا نە مایەی سەرسامبوونە و نە تەرامانیش. ئەوەی کە لە 6 ی ئەم مانگدا لە کۆنگریسی ئەمریکا ڕوویدا ڕووداوێکی تازە نەبوو و کەتا ڕووداویش لەو جۆشنە نابێت . هەشی خەڵکی ئیتر ڕاستەوخۆکان بووبێت یاخود چەپەکان بە سەر بینای پەڵەمان لە زەربەی وەات ڕوویداوە لەوانە پەنیا، یۆنان ، بولغاریا ،ئیسرائیل ، ئۆکرانیا ، بەلەڕوس، ئۆگەندە و ولاتانی دیکە.
لە وەاتانۆکیشدا کە ئەم ڕووبەداوە وەکو بریتانیا لەبەر ئەوە بووە ئەمان پێشوەخت بە هەزارەها پۆلیس و ئەسپسوار و سەگیان هێناوە، لە ئاسمانیشەوە هەمیشە دوو کۆپتەرێك بەسەر پەڵەمان و ماڵ و ئۆفیسی سەرکۆزیرانەوە چاودێریان کردووە، دەنا چەندەها جار لە لایەن خۆپیشادەرانەوە بە شکاندنی دەرگای پەڵاینی بەردەم ماڵی سەرکۆزیران ، هەڕشکراوە، بەڵام شکستیانهێناوە.

ئەم سەرەڕای ئەوەشی کە لە چەندەها وەاتا شەڕە بەکس و شەڕە کورسیی لە نێوانی پەڵەمانتارەکانا ڕوێداوە لەوانە پەنیا، ئیسرائیل، تورکیا، عێراق، کوردستان .. تد. خودی پەڵەمان خۆی مەهزەلەیە و دەکرێت مەهزەلەش تێیدا ڕووبدات.
ئەوەی کە ئەم ڕوداوەی کۆنگریسی ئەمریکای گەورە کردووە و کردەتە ویردی سەرزمانی میدیا بە تایبەت میدیاکانی ئەمریکا و ئەوروپا، ئەوەیە کە دەیانەوێت پیمان بڵێن لە وەاتێکی دیمەکراتی وەکو ئەمریکادا ناکرێت ئەوە ڕووبدات !!! ئەوە شکاندنی حورمەت و قودسییەتیی پەڵەمانە، ئەوە سوکایەتیکردنە بە پیاوانی کۆنگریس کە نوێنەرانی گەلن، ئەوە تێپەڕاندنی هێڵی سوورە و کۆتای سنوری ئازادیی تاکە، ئەوە بڤیە و گوناحی کەبیرە.
لە حەقیقەتدا ئەوەی کە لەوە کرا مەترسی نەبوو بەسەر دیمەکراتییەت، چونکە خودی پرسی دیمەکراتیی، لەوە بزرە و بوونی نییە. هاوکاتیش هەڕشەیەکیش نەبوو بە سەر دەسەڵاتی ئەمریکی و پێیامەکی جەرگبڕانەش نەبوو بە دونیا و حکومەت و دەوڵەتکانی . هەرچی دەسەڵاتداران هەن لە هەر شوێنکی ئەم دونیایە بن خێیان زەر باش دەزانن دیمەکراتی وجودیی نییە و باس لەوەکردنی بە گەمژاندنی دەنگداران و هاووڵاتیانیانە، ئەوان دەزنن کە دیمەکراتییەت تەکسیەکە و کە گەیاندنیە مانزە کاریان پێی نامێنێت و دەتوانن ئیزنی بدەن.

ئایا خودی دیمەکراتی وجوودی هەیە؟
قسەی سیاسیەکان و بزنسمان و خاوەنسامان و میدیا شتەکە و واقیعیش

شتێکی دیکەیە. دیمۆکراتیی و کۆمۆنیزمی دیمۆکراتی و حکومەتی دیمۆکراتی لای ئەمان هەر لایەنی هەبژاردنی حوکمڕانان دەگریتەوە، کە لەو هەبژاردنەدا هەژاران و چەوساوان شتێك ناکەن و مافکیان نییە جگە لە جێبەجێکردنی فرمانی فرمانڕەوان، جگە لە مافی هەبژاردنی چەوسێنەران، زاڵمان و بکوژانی خەیان.
ئەم جۆرە لە حوکمکردن لە پیلانی کودەتای سوپایی و دەسەاتی ەاهایی پادشایی بە باڵادەستان و دەستبژێران، چینی بورجوازیی، زۆر ئارامبەخشتر و بۆرهەمهێنەر تر و کەم مەسرەفترە و توانای باشتریشی هەیە لە مەشکشەردنەوەی هاووەاتیانەا. ئەم پرسەیە بۆردەوامە و دەگاتە مانزڵی خۆی بی ئەوەی هاووەاتیی چی تر ەای وەرگیرێت تا خولی هەبژاردنی ئایندە مەگەر ەاپرسیەکی [ڕیفرەندەمك] گشتی بۆتە پێشەوە. ئیتر هاووەاتیان ، دەنگدەران بە ئۆرك و زانیاریی دەمێنەوە، ئەوەی کاندیدەکان و دەوڵەت دەیشارنەوە لەیان، ئەو ەاستییەیە کە دەنگدانی ئەوان و دەنگنەدانیان یاخود زۆربە بێشداری بکەن یا نەیکەن، گرفتەك نییە لەم درە گۆرەیەدا، چونکە ئەوان هەیان بەهێکردنی پرسکەیە و تاج لەسەرنانی ئەمانە. ئەوەی کە حوکم دەکات سوپایە ، دەستبژێرکانن، خاوەنسەرمایە و بزنسمانەکانن، کەمپنیا گەورەکان و بەهەوبەرە گەورەکانن، پۆلیس و تۆرە سیخوڕیەکان و دەسگەدراویەکانن، دداگا و دادوەرکانن، نە پەلەمانتارەکان .

پەلەمانتارەکان، بەتەچیەکان یاخود چەواشکەرەکان، هەرچییان ناودەنێیت، تەنها لەوەن بە پەسەنکردن و بەهێکردنی ئەو بڕیارانەی کە ناونوسم کردن، تاکو شەوە و ناوەڕکی یاسایان پێبدەن و ئەم نوێنەرانەی گەل پەسەند و مۆری بکەن.
هەرچییەک بێتە بەردەمم
ڕایدەماڵم و
لەنێو خەمدا لووڵی دەدەم
یان لەتاو
نەزیفبوونی دەمارەکانی ئارامگرتنم
دوورمەبینە لە چاونوقانەکدا
بە تەکان و هاوارەکم
هەموو گەردوون ژەرەوژوورکەم …!
٥
لە نێوان خەونەکانی
من و تۆدا
قەسیدەیەکی درژ هەیە

بە وشەی
چاوبەفرمێسک و خەمناک / نووسراوەتەوە
بە زمانەکانی هەموو دنیاش / دەخوێندرێتەوە
لە نێوان دڵی من و دڵی تۆدا
گوڵێکی سووری گەش هەیە
بە پایزی هەموو سەدەکان
نە سیس دەبە و نەهەڵدەوەرە و
نەکاە دەبێتەوە
٦
گوڵە باغی نێو دڵزەخی عەشق
بە ئاوی
خەمەکانی تەنیایی خەمم بیرچیتەوە
دەبە تە لەیادکەم
بەئاوی
خەمی دوورییەکانی تەشم بیرچیتەوە
دەبە خەم لەیادکەم
٧
تە ئاو شکەفە شینە شلەرییەی
کە لەنێو باخچەکانی
خوێن و خەیاڵەکانم بە ئاپاد / دەدرەوشێیەوە
یان ئاو کەسی
هەمیشە / هەزی ئاوەم پەدە بەخشی
تابتوانم /
تەنیاییم لەگەڵ کچێنیت
تاریکی لەگەڵ ڕووناکی
تە لەگەڵ ژیان
دواجار /
شیعریش لەگەڵ نیشتیمان ئاشتکەموە
٨
بم خوێننەوە
بەزمانی باران و تریفە
مەرج نییە / وەکو من بیربکەنەوە و
بەو ڕێگایەدا بڕۆن کە من پیایا دەڕۆم
یان وەکو من
تەنیایی بکەنە پەرستگە و ماڵی خەتان
هەر بەتەنیاش بمێننەوە
بەس بمخوێننەوە و هیچیتر

٩
هەموو ژیانم کەکێتەوە
جگە لە تۆ
هیچ شتێکیتری تیا نادۆزیتەوە
تەش هەر لە ئۆزەلەوە
لە قەسیدەیەکی درێژی خەمناک دەچووی
بۆیە منیش وا (سی) ساڵە بەبەدەنگی دەتنووسمەوە
١٠
ناوەڕاستی دیسەمبەر و
پەنجەکانی غەریبیم سۆ و شینومەر هەڵگەڕاون
گەڕاوەریوەکانی خەیاڵم بۆ کەناکرێنەوە
دەم لەلای (منارە ورتکەی) سەر شەقامەکانی نیشتیمانە
دەمەوێت بەڕووناکی چاوەکانی ئەوان
خەرتاوی ئومێدەکانم هەڵگ بکەمەوە
بۆ کەد و هەمای هاوارەکانی ئەوان
هاوکێشەی بوون و نەبوونم شیبکەمەوە
لەنەو خەونە گەورەکانی ئەوانیشدا
مانایەکی نوێ
بۆ (شیعر و عەشق و ژیان) دابەژمەوە
١١
وردە ئەستێرەکان
لەنەو دیوە هەوناکەکەی خەرتاو و
لەنەو قیژەی تەمە سپییەکان و بروسکە لەدایکبوون
جارجارە دەن و دەبنە میوانی زەوی
لەنەو چاوە سپییەکەی تاریکی دەمێننەوە
منیش هەموو شەوێ
چیڕۆکە بەرئاگردانییەکانی عەشقییان بۆ دەخوێنمەوە
١٢
بۆنەو زەمەنەکدا ڕەت دەبم
تیایدا کات مردووە
خەون بۆ نیشتیمانەکەوە دەبینم
هەموو ڕۆژە بۆ نوێژی نیوەڕۆ دەکوژرێ
لەنەو خاکی خەونەکانم
لەهەرکوێیەک قەرتەک هەڵبکەنی
ئەسک و پرووسک دەردەکەوێ
نازانم چ مانایەک بەبوونم ببەخشم / ئەی خودا
١٣

من لە کۆتا نۆکانی بەدەنگییەوە هاتووم
ئێستاش لە گۆڕەکەکی دەزخ
بە قۆڵمی ڕۆژوویی
لەنێو دەفتەری ئاگر
چیرۆکی ترسناکەکانی تەنیایی خەم دەنووسمەوە
١٤
چاوەکان و خەونەکانم
پێبوون لە بەفر
خەشم بووم بە پەیکەرێکی شکستەیی
چاوەڕوانم
کچێکی پاییزی لە جنسی ئاگر
لەنێو تیشکەکانی خۆرتاوا دەربکەوێ و
بە هەناسە گەرمەکانی / بمتوێنێتەوە
قوفڵە ژەنگاویەکەی دەرگای دڵم بشکێنێ و
لەگەڵ عەشق ئاشتمکاتەوە
١٥
دەتوانن یەکبەیەک
نینۆکەکانم دەربهێنن
لەبەردەم قۆڵا
ئاگر لە جەستەم بڕبدەن
هەرچیم هەیە بیسووتێنن
بەس / کتێبەکان و شیعرەکانم نا
دوای مردنیش
کە هاتنە سەرگۆڕم
لە جامخانە بچکۆڵانەکەی پشت سەرم
کتێبێک دەربهێنن و بە دەنگەکی نەرم
شیعرێکم بۆ بخوێننەوە و هیچیتر ...!

هەولێر
دیسەمبەری ٢٠٢٠

جوان یەکەمین کچێ لە جیهان کە پەی خستە سەر مانگ.. رەزا شوان

جوان کچێکی کورد لە باشووری کوردستان. تەمەنی دوانگزە ساڵە، هەمیشە خەونی بەو هیوایەوە دەبینی کە ببێت بە یەکەمین کچ لە هەموو جیهاندا کە پەی بخاتە سەر مانگ. دووشەو بەر لە جەژنی نەورەزی ساڵی رابردوو، مانگی تابانی گەش و جوان، بە تریفەی زەویی رووناک کردبووە. جوان بە وردی لە مانگی دەڕوانی. بیری لەوە دەکردەوە، کە لەگەڵ هەردوو براکەیدا، شڤان کە ساڵێک لە خەی گەورەتر و دیلان ساڵێک لە خەی بچووکتر، گەشتێک بە سەر مانگ بکەن. جوان بەم خەیاڵەوە نووست. خەونێکی زەر خەشی بینی. لە خەونەکەیدا لەگەڵ براکانی و چەند هاوڕێکیدا، خەریکی جێبەجێکردنی پڕۆژەیەک بوون، بە سەر مانگ.

بە هەمویان کەشتیەکی ئاسمانیان دروست کرد و ناویان لێنا (کوردستان ـ ١). کە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتبوو. بەشی یەکەم گالەسکەی نیشتنەوە لەسەر مانگ، ناویان لێنا (باوەگوگوگ) بەشی دوەم ناویان لێنا (ئامەد) شوێنی دانیشتن و نووست و خواردن و پە لە هەوای ئۆکسجین بو، بەشی سێیەمیش ناویان لێنا (کەبانی) کە بریتیبوو لە رۆکێتێکی پاڵنەری زەر بەهێز. سەر لوتکەی چیای (ئاگری) یان لە باکووری کوردستان بە دەستپێکردنی گەشتەکەیان دیاریکرد. لە شاری (مەهاباد) لە رۆژهەڵاتی کوردستان جلوبەرگی تایبەتی کەشتیوانییان بە دروستکردن، لە شاری سلیمانیش خواردنی وشکی کوردیی وەکو (کولێرە، هەنجیری وشک، مۆز، باسووک، کولیچە، دانەک، گەزە، شەربەتی مۆز، هەنگوین) و ئاوی سارد، ئاڵای کوردستان، کامیرای ڤیدیۆ، دەزگایەکی پەیوەندی بێتەل و مۆبایل و چەند تابلۆیەکی لەسەر نوسراو و هێندە پۆیستی تریان بە ئامادەکردن و خستیانە شوێنی دیاریکراو لە بەشی دوەمی کەشتی ئاسمانی (کوردستان -١) هەریەکەشیان بوتەکی گەورەی پە لە گازی ئۆکسجینیان لە کەپسوڵ پشتەکانیان بەست.

جوان فەرماندەی تیمی سەر مانگ بو، دیلان فەکەوانی باوەگوگور بوو، شفانیش فرەکەوانی ئامەد بو. هەریەکەش لە هیوا و مینا و مریەم، لە (وەستگەی ئاسمانی هەولێر) لە بەشی

راگەیاندنی هەواڵی گشتکەدا بوون، راستەوخۆ قەناغ بە قەناغی گشتکیان بە کەناڵە تەلەفزیۆن و رادیۆکانی جیهان دەگواستنەوە. لەسەر پەردەی کۆمپیوتەرکانی ژورکیان چاودێری گشتکەی کشتی ئاسمانی(کوردستان ـ ١) دەکرد.
تاقیکردنەوە و راهێنانکانی مەڵەوانی هەرسێ کشتیوانییە ئاسمانییەکان بە ڕەکی و سەرکەوتویی تەواوبوون. هەموو پێویستی و پێداویستییەکانی گشتکیان ئامادەکردن. دیلان زەرزای لە گۆڵگرتنی سروود و گۆرانی ڕەسەنی کوردییە، داوای لە شڤان وجوان کرد، کە رازیبن تەمارکەڕکی گوورەی بە گشتکیان لەگەڵ خۆدا بهێنێت. جوان و شڤان دڵیان نەشکاند و ڕیان پێیدا کە بیهێنێت. هەرسێ بشکانی کشتی (کوردستان ـ ١) لە سەر سکەی هەڤدان لەسەر چیای ئاگری بەستران. جوان و شڤان و دیلان، بە جلوبەرگی سپی تایبەت بە گشتکیان دەرکەوتن. دەستکانیان هەڵبەین و ئەوارێ باشیان لە جەماوەری ئامادەبوو کرد. ئینجا چونێ ناو (ئامێد) ی بشی دوەمی (کوردستان ـ ١). خێان باش بە قایشکانی کورسییەکانیانەوە بەستن. لەم ساتەدا، کامێک خەرایی لێیدانی دڵیان زیاتر بوو.
خەکییەکی زەر لەسەر گرد و سەربانێ بەرزکان و شۆقامکانی شارکانی کوردستان و جیهاندا، چاوەڕێی هەڤدانی کشتی (کوردستان ـ١) بوون، کە بەرەو مانگ دەرپەڕێت.
ئەوارێیەکی درەنگ بوو، لە بنکەی چاودێریدا (ئەکەی) درا، ژمارەیی هاتنخوارەوە دەستپێکرد: ١٠- ٩- ٨ – ٧- ٦- ٥- ٤ – ٣ - ٢ – ١ – ٠ – گرررم. زرمەی دەنگکی زەر بەهەز هات و ڕەکێتی کەبانی لە دواوە ئاگری لەهەستاو و کشتی (کوردستان ـ ١) بە خەرایکی زەری لە رادەبەدەر بەرەو بشایی ئاسمانی هەڤدا.. کلکە ئاگرکی گشی بەدواوەوە بوو. ناخی ئاسمانی ڕووناک کردەوە. دەنگی چەپڵەدان و هاوارکردن و هەهەڵەدان و چینی سروودی ئەی ڕەقیب، لە لایەن خەکییەوە. سیمفەنیایەکی بەوەنەی موزیکی زەر خشیان پکهێنابوو. لە دوای دوو خولکک ڕەکێتی کەبانی لە بشی ئامێد جیابەوە و گەی گرت و هاتخوارەوە و کوتە نێو (دەریاچەی وان) ەوە. کشتییەکە لەچاو ونبوو. دوای چەند خولەکک لە هەزی کشکردنی زەوی رزگاری بو. جارک بە دەوری زەویدا سوایەوە. کشتیوانییەکان قایشکانیان کردنەوە. کشیان زەر سوکتر بو، وکو ماسی لە هەوادا لەناو ژوری ئامادا مەڵەوانیان دەکرد. ئینجا لە ڕەی هەر چوار مەتەهەز بەهەزکانی کشتییەکەوە. بە هەز و تینکی زەر بە گوە و بە خەرایەوە، بەرەو مانگ بەرزبوونەوە. هەرسێ کشتیوانییەکان زەر

دڵخۆشبون. شۆکیان بە قسەی خۆش و پێکەنین بەسەربرد. تاوێکیش نووستن. کەوتنە ڕێڕەو.

دیلان: کاکە شڤان، دادە جوان، ڕێیم پێبدەدن با گورانییەکتان بۆ لێبدەم؟

شڤان: ئەی بۆ نا. ئەمش حەزدەکەین گومان لە گۆرانییەکی خۆشی کوردی بێ.

دیلان کاسێتی گۆرانی (باران بارانێ.. هەور و بارانێ) ی خستەناو تەمارکەرەکەی.

جوان (بە پێکەنینەوە): دیلان گیان ئەمە زۆر لە هەور و بارانەوە دورکەوتووینەتەوە. کەی کاتی ئێم گورانییە.

دیلان: کەواتە گورانی (ئەی مانگ) ی مامۆستا (عەلی مەردان) تان بۆ لێدەدەم؟
شڤان: دیلان گیان لە پێنجەرە خۆکەوە سەیری دواوە بکە. بزانە زەوی دەبینی؟
دیلان (سەیری کرد): بەڵێ زەوی وەکو تەپۆکی زۆر گەورەی شین و سپی دیارە.
جوان: شینەکە زەریاکان و دەریاکانن.. سپییەکەش هەورەکانی ئاسمانی گەی زەوین.
دیلان: دادە جوان زەرمان ماوە بگەینە بەسەر مانگ.
جوان: بە بەچونی من سبەینێ دگەینە ئاسمانی مانگ.
شڤان: خێرایی و تیژفڕینی کەشتییەکەمان لە رادەبەدەر و تیژترین کەشتییە. خێرایییەکەی (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا.
دیلان: دادە جوان ماوەی دوری نێوان زەوی و مانگ چەند کیلۆمەترە؟
جوان: ماوەی دوری نێوان زەوی ومانگ لە (٣٨٤) هەزار کیلۆمەتر زیاترە.
بەیانی دگەین بە خولگەی مانگ، بەوانن کە مانگ چەند گەورە و جوانە.

بە بەیانی شەوی دوەم کەشتی (کوردستان ـ١) گەیشتە ئاسمانی سەر مانگ.
جوان: پێویستە من و دیلان خەمن ئامادەبکەین و بچینە ناو گالەسکەی (باوەگوگو).

شقان: دەی ئەوە بڕۆن. دوای دە خولەکی تر، من باوگوگۆ لە ئامەد دەترازێنم. بە ئامەد بە دەوری مانگدا دەسوڕێموە. ئەوش بەپەی پلانی داڕشتراومان لە شوێنی دیاریکراو، لەسەر مانگدا بنیشنەوە. لە کاتی دیاریکراوی گەڕانەوەشدا، بەنەوە خولگەی مانگ. پەویستە زۆر بە وردی بە وریایی پلانەکەمان جێبەجێبکەن.

جوان و دیلان چوونە ناو گالیسکەی (باوگوگۆ) ی یەکەی سەر مانگ. ئامادەبون و (ئەکیپان) بە شقان دا. شقانیش باوگوگۆی لە ئامەد ترازاند. باوگوگۆ رووی لەسەر سەرمانگ کرد. (ئامەد) یش کە تەنیا شقانی تێدابوو. لە بەرزی شەست بە حەفتا کیلۆمەتر بەدەوری مانگدا دەسوایەوە.

باوگوگۆ کە دیلان فڕێکەوانئ بوو، بەرەو سەر مانگ ئاراستەی کرد، لەسەر مانگ نزیک بەوە، بەڵام لە شوێنی دیاریکراو بە نیشتنەویان، چاڵەکی زۆر قوڵی لێبوو، دیلان پشکا. جوان خەی باوگوگۆی ئاراستە کرد و لە چاڵەکەی دورخستەوە و بەرەو تەختاییەک ئاراستەی کرد. خەرایی باوگوگۆی زۆر هەواش کردەوە. گەپکانی قاچکانی باوگوگۆر لەسەر کەمپیوتەرەکەی بەردەمیاندا سووربوون، نیشانەی ئەوە بوو، کە لەسەر مانگ نزیکبوونەتەوە. باوگوگۆ لە ترسکی داو و وەستا، گەوپکانی قاچکانی سەوزبوون. نیشانەی ئەوبوون کە لەسەر مانگدا نیشتەوە. مژدەی گەیشتنیان بە سەرمانگ، بە بنکەی چاودێری لە هەولێر دا.

جوان (لەناو گالیسکەی باوگوگۆ لەسەر مانگەوە): هەلو کاک هیوا.. هەلو مریەم گیان.. هەلو مینا گیان.. من و دیلان دەبینن.. گوتتان لەمانە؟ وەڵامان بدەنەوە؟

هیوا، مریەم، مینا: بەڵێ.. بەڵێ جوان گیان، راستوخۆ دەتابینین و گوێشمان لە دەنگتانە. راستوخۆش دیمەنەکان و دەنگەکانتان بە هەمو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی جیهان دەگوازینەوە.. ئای کە مژدە و ساتێکی خۆشی بوونیە.. چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە دابەزنە سەر مانگ. لە شارەکانی کوردستان، بوو بە هەڵپەڕکێ و هەهەڵەدان.

جوان و دیلان، لە دوای کەمێک پشوودان و خواردنەوە. دەرگای گالیسکەی باوگوگۆیان کردەوە. پەیژەی چوونە سەرمانگیان لە نێوان دەرگای باوگوگۆ و سەرمانگ دانا. دیلان کامیراکەی کردە ملی.. جوان پییەکانی خستە سەر پەیژەکە و دابەزی و پەی راستی لەسەر سەرمانگ دانا و ئینجا پەی چەپی دانا، یەکەمین هەنگاوی لەسەر مانگدا نا و وتی:

" ئەمە هەنگاوێکی بچووکی کچۆیەکی کوردی کوردستانییە.. بەڵام قەمبازێکی گەورەی مرۆڤایەتییە" وتیشی:" ئای چ ڕۆژێکی مەزنە.. چ سەرکەوتنێکی بەوننایە بۆ هەموو ژنانی جیهان" وتیشی:" چ شانازییەکی گەورەشە بۆ کوردستان، کە کچە کوردێک، بۆ یەکەمین جار، پێی خستە سەر مانگ".
لەم کاتەدا دیلان لە سەر دەرگای باوگوگووە، بە کامیرای قیدیۆ وێنەی کەشتیوان جوانی خوشکی دەگرت.. لە دوای بیست خولەک دیلانیش دابەزییە سەر مانگ.
ئەو ڕۆژەش، ڕۆژی جەژنی نەورۆز بوو. بوو بە دوو جەژن بۆیان. جەژنی گەیشتن بەسەر مانگ و جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی کورد. بە بۆنەی ئەم دو بۆنیەوە، جوان و دیلان دەستی یەکتریان گرت و پیرۆزباییان لە یەکتری کرد.. تەریش هەڵپەڕین. ئەمەش یەکەمین یادی جەژنی نەورۆز و یەکەمین جاریشە کە لەسەر مانگدا هەڵپەڕکێی کوردی بکرێت.
دیلان: داده جوان، خەزگە (مامە قالە مەڕە) ی شمشاڵژێنیش دەماو و لەگەڵماندا بوایە. لەڕدا تەر شمشاڵی بە دەژنین.
ئینجا پیاسەیەکیان لەسەر مانگدا کرد.. نزیکەی (٣٠٠) مەتر لە باوگوگووە دوورکەوتنەوە. بە دوربین سەیریان کرد، زنجیرە چیایەکی بەرزیان بینی، لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی کوردستان دەچوو. دوایی دیلان (ئاڵای کوردستان) ی لە سەر مانگ چەقاند و باش دایکوتی. لەسەر تابلۆیەکیش وێنەیەکی ڕێنگاوێنگی هەرسەکیان بە دارکەوە داکوترابوو ئەویشیان چەقاند. لەژێر وێنەکەدا نوسرابوو. ئەمە خوشکێک و دوبرا (جوان، شڤان، دیلان) کە کوردین و لە کوردستانەوە هاتووین بۆ سەر مانگ.. پەیامی ئاشتیمان بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەناوە" تابلۆیەکی تریشیان چەقاند، کە میدالیایەکی گەورەی لە زیو دروستکراوی پێوە قایم کرابوو، لە سەر دیوی یەکەمی میدالیاکە، وێنەی کچ و کوڕێکی منداڵن، کە دەستی یەکتریان گرتووە، جلوبەرگی کوردییان لەبەردایە. لەسەر دیوەکەی تری میدالیاکە مەڕووی ڕۆژی گەیشتنیان بە سەرمانگ (١/ نەورۆز/ ٢٧٢٠) کوردی لێنووسراوە. هێندە خاک و خۆڵ و بەردی سەر مانگیشیان کردە ناو تورکەیەکەوە. تا زانا جیۆلۆجییەکانی کوردستان توێژینەوەیان لەسەر بکەن. گەر لە نێو جلەکانیاندا ئامێری فێنکردنەوە نەبوایە، بەرگەی گەرمیی ڕۆژی سەرمانگیان نەدەگرت. کەشی جوان لەسەر زەوی (٥٦) کیکە گرام بوو، بەڵام لەسەر مانگدا (٩) کیلۆگرام بوو. گەر بازکی

گۆڕی بەرەو ئاسمان بدایە، بە قەد باڵای کۆشکێکی باڵا سەر نهەمی بەرزدەبووە. چونکە هەزی کێشکردنی مانگ لاوازە.
خوارن و ئاو و ئەکسجینیان هەر بایی ڕۆژێک پێ مابوو. بۆیە بیریان لە گەڕانەوە کرد. پێیوندیشیان لەگەڵ شقاندا بچڕابوو، چونکە شوێنی نیشتنەوەکەیان لەسەر مانگ، شوێنی دیاریکراویان نەبوو. شقانیش ئەمانی نەدەبینی.
جوان و دیلان گەڕانەوە بۆ ناو گالەسکەی باوگوگۆ. کەمێک پشویان دا. ویستیان کلیلی (سویچی) مۆتۆسیکلەتانی باوگوگۆ بابدزن و هەڵی بکەن، تومەس لە کاتی دابەزینی دیلان بۆ سەر مانگ، کەڵەپشتەکەی لەکەوتبوو و شکابوو. جوان پێنوسەکەی خستە شوێنی کلیلەکەوە و بایدا و هەڵیکرد. کۆشێیەکی تریشیان بۆ دروست بوو. پاتری وزەبەخشی کارەباییەکان، شەحنی زۆر دابەزیبوو، توانای بزواندنی مۆتۆسیکلەتانی. گالەسکەی باوگوگۆی نەبوو. دوخێکی زۆر دژوار و چارەنوسساز بوو، بۆ جوان و دیلان. لە نێوان ژیان و مردندا بوون. دوای دامان و ڕامان و بیرکردنەوە. جوان دەزگای تەمارکەرەکەی دیلانی بینی، کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بۆ ناو گالەسکەی باوگوگۆ. تەمارکەرەکەی لە دیلان وەرگرت و پشتەکەی کردەوە کە چوار پیلی گەورە تێدا بوو، چوار پیلی یەدەکیش لەناو کەڵەپشتەکەی دیلاندا بوو. جەمسەرەکانی هەموو پیلاکانیان بۆیەکەوە بەستن و وایەری پاتریێکەی باوگوگوریان بۆ هەردوو جەمسەری پیلە لەکدراوەکانەوە بەست. جوان پێنوسەکەی بادا، مۆتۆسیکلەتانی باوگوگۆ کەوتنەوە کار. ئینجا دیلان پێنجەی بۆ دوگمەی بەرزبوونەوەی باوگوگۆدا نا. بۆ خۆراییەکی زۆر بەرەو ئاسمانی مانگ بەرزبوونەوە. زۆری پێنەچوو، گەیشتن بۆ ئامێد کە شقانی تێدا بوو، تا ئەو کاتە سی جار بۆ دەوری مانگدا سووڕابوو. گالەسکەی باوگوگۆ نووسایەوە بۆ ئامێد.
جوان و دیلان چوونەوە ناو ژوری ئامێد و لەگەڵ شقاندا یەکیان گرتەوە و سباوشیان لە یەکتری دا و پیرزباییان لە یەکتری کرد. ئینجا باوگوگۆ ڕۆیی نەما. بۆ بارسووکی گەڕانەوەی ئامێد بۆ سەر زەوی، شقان باوگوگۆی لە ئامێد ترازاند و لە ئاسماندا جێیان هێشت. نازانن کە چی بەسەرهات.
لە کوردستاندا، ئامادەکاری بۆ گەڕانەوەیان کرا، بەڵامەکی گەورەی تایبەتی لە ناوەاستی (دەریاچەی دوکان) ی نزیکی شاری سلێمانی لە چاوەوانی گەڕانەوەی

کەشتیەوانەکاندا بوو. بە هەزاران کەسیش لە رێخی دەریاچەی دەکاندا ریزببوون.

کەشتی (کوردستان – ١) گەیشتەوە نێو بەرگەهەوای زەوی. شڤان هەواش هەواش خەرایەکی کەمکردەوە. هەرسێ کەشتیوانییەکە (جوان ، شڤان، دیلان). لە بەرزی پێنج سەد مەترەوە بە پەرەشوت خێیان هەڵدایە ناو ئاوی دەریاچەی دوکان، یەکسەر دەریانیان هێنان و خستیانیانە ناو ژورەکی بەلەمەکەوە. پێش کەشتیوانەکانیش کەشتی (کوردستان ــ ١) یش کەوتە ناو دەریاچەی دوکان. ئەویشیان خستە سەر بەلەمەکی گەورە بە ئەوەی لەمەزخانەی سلێمانی دابنرێت.
هەرسێ کەشتیوانەکان بە ماوەی هەفتەیەک لە (دابەینی تەندروستی) دا مانەوە،لایەن لیژنەیەکی پزیشکییەوە، هەموو پشکنینەکیان بۆیان کرد، نەباکە ڤایرەسی سەری مانگ چوبەتە گیانیانەوە. دەرکەوت کە هەرسەکیان تەندروستن و هەڵگری هیچ ڤایرەس و پەتایەک نین.
پێشوازییەکی فەرمی و جەماوەریی زۆر گەرمیان لێکردن.. بە چەپڵەکە نەرگزی کوردستان، نەرگزبارانیان کردن. میدالیای زێینی رێزلێنانی ئازادی و ئازایەتیشیان لەمل کردن.
جوان لە پەیامەکەیدا بە جەماوەری پێشوازیکەران، وتی:" راستە کە گەیشتن بە سەر مانگ سەرکەوتینەکی زۆر گەورەیە.. بەڵام سەر مانگ نە ئاوی لێیە و نە هەوا و نە ژیان.. هیچ شوێنێک لە کوردستانی شیرینمان و لە ئاستێرەی زەوی دڵگیرتر نییە. بۆیە دەبێت، هەموومان ژینگەی سروشتی کوردستانی نیشتیمانی جوانمان بپارێزین"
لەم کاتەدا، دایکی جوان، بانگی جوانی کرد:" جوان گیان، هەستە نانی بەیانی دەخەین"
جوان"ئای دایکە گیان چی خەونێکی خۆشم بینی. دوای نانخواردن بۆتانی دەگێڕمەوە"
() بە بیرەکەی ئەم چیرۆکەم، سوودم لە گەشتەکەی کەشتی ئاسمانی (ئەپۆلۆ-١١) وەرگرتووە، کە لە ساڵی (١٩٦٩ز) یەکەمین کەشتی بوو کە لەسەر مانگدا نیشتەوە. () ئەم چیرۆکەم (چیرۆکێکی خەیاڵی زانستی) یە، کە تا ئەمڕۆش ئەم ژانرە چیرۆکە لە ئەدەبی منداڵانی کوردماندا زۆر کەمە. زۆر بەکەمیش چیرۆکنووسانی منداڵانی کوردمان خەیان لە وەزەی داون.. ئەم چیرۆکە بە ئاستی مەردمنداڵان گونجاوە.
رۆزا شوان
نۆرویج: ١٠/ یانوار / ٢٠٢١

بەراورد.. کەنعان مدحەت

تەوق و زنجیرەکانی پەم
بە پەلکی هیچ شەخە کچە ناگەمەوە
ئەمان لە باتی قردەلە و
بەن و
خەون و خەیاە ..
لە گونجی کەلاوەی دەما
وەنەی هەمە چەشنە دەبەخشنە
هەنراوە چاو بە فرمێسک و خەمەشیەکانم

دەنیام لەوەی کە ،
بە کەە شیعر ئەم بەندیخانەیە تە ئەپەنم
لە داهاتووی ئاشناتر بە تریفە
لەکەوتەکانی ئەشکەنجە
بە سەماکەرانی زەماوەند شی دەکەمەوە
توانای هزری و
خەونی ..
لە بەسن و یادمکەنەوە

ئەم هەمو ئارایشە نمایشکراوانە
بە دوەنەمەوە نامبەستن

هەراسانی و
ئەستای پەرشوبەاوم
گەرچی خەوم لە چاو دەدزن
مەیلی سەرلەنوە بە گر خە هەواسینم
پە پوچ ناکەنەوە

ئەم تەمەنە ،
با هەر تارمایی بەسە
دەسەات لە دارەشتنی کەیلایەتی
خە نەکەشە
حەوسەلەی سبەینەم لە هەر حوکمی درەژترە

گای ئەم گەڕپانە هەر ئەدەم بە عەرزا
بە کاژەر بەڕین لەو دووڕیانەدا
لە سەراسۆ نەکۆ و ئامادەی
بینینم بە

ەنگاەە .. ستار ئەحمەد

()
لەخاکا بەرامەی گەی
لەئاونگا تام و بەی گۆ
لەچاوا نیگای دەرفەتی
لەجەستەیا وردە ترپەی
هەناسەو دە
لەعەشقا سەزی دەمتەنی
لەئەمەکا راستگۆیی کار
لەهەۆەستا وردە شۆن پەی
لەبەهارا نەرمە سەمای
هەپەکەی دار
لەشەوا ئەستێرەی گەشی
لەڕۆژا خەری سەرکەشی
لەژینا تروسکەی هیوای
لەخەزگەدا شیلەی ئاوات
لەمنا هەر خودی خەمی

ستار ئەحمەد

مەرق و مرۆڤایەتی لە دیدی فەیلەسووفی ئیسرائیلی یوڤال نووح هەراری.. ئەردەلان عەبدوڵا

هەمیشە فەیلەسووفەکان دونیابینینمان بە ژیان فراوانتر دەکەن، هەربۆیە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان، کارێکی گرنگ و زەرووریە. هەرچەندە زەرجار فەلسەفە بەوە تاوانبار دەکرێت، کە تەنها کاری نوخبەیە و دوورە لە خەڵکی ئاسایی و پێداویستی رۆژانە، بەڵام من دژی ئەم تێڕوانینەم، چونکە هیچ کاتێک ژیان بەبێ فەلسەفە نەبووە و نابێت.

لە ماوەی پێشوودا لە جیهاندا فەیلەسووفێکی نوێ دەرکەوتووە، کە خاوەنی تێڕوانین و دیدگایەکی تەواو تایبەت و جیاوازە لە فەلسەفە و بیرکردنەوە، ئاویش فەیلەسووفی ئیسرائیلی " یوڤال نوح هەراری " بەداخەوە لەناو کوردستاندا درەنگ بەرهەمەکانی بە دیدی خوێنەران گەیشتن، هەرچەندە لە جیهاندا کتێبەکانی ئەم فەیلەسووفە مایەی گرنگی پێدانن بەتایبەتی کتێبەکانی " هەشمەندەکان و21 وانە بە سەدەی 21". خۆشبەختانە لەماوەی پێشوودا بۆشک لە کتێبەکانی کراون بە کوردی، یەکێکیش لەو کتێبە جوان و گرنگانەی هەراری " هەشمەندەکان، پوختێک لە مێژووی مرۆڤ " کە لە لایەن کاک کارزان کاوسەن کراوە بەکوردی، کە ئەمەش مایەی دڵستخۆشی لێکردنە.

لەپاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە، پێمخۆشبوو چەند دێرێک لەبارەی ئەم بەرهەمە بنووسنم، بەو هیوایەی کەمێک زانیاریی بە خوێنەری کورد بددەم. هەوێیش دەدەم لە نووسینێکی تردا باسی کتێبێکی تری گرنگی بکەم کە ئاویش و21 وانە بە سەدەی 21، کە ئاویش یەکێتی تر لە کتێبە جوانەکانی ئەم فەیلەسووفە، بەو هیوایەی لە ڕێگای ئەم وتارانەوە، خوێنەری کورد، بەرچاو ڕوونییەکی کەمی لەبارەی فکرو فەلسەفەی هەراریەوە هەبێت.

مێژووی مرۆڤایەتی لە نیاندەرتاڵەوە تاوەکو مرۆڤی مۆدێرن

تایبەتمەندی ئەم فەیلەسووفە ئاوێە،شارەزاییەکی ئەجگار باشی لە بارەی مێژووی کۆنی مرۆڤ هەیە، دەتوانم بڵێم پێش ئاوەی فەیلەسووف

بەت کەسکی ئەنترۆپۆلۆژیستە و شارەزایەکی زۆرباشی لە بارەی مێژووی دروستبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان هەیە، ئامۆژگاری هەز و توانای زۆر باشی بۆم فەیلەسووفە داوە، تاوەکو شرۆڤەکانی لەبارەی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی باشتر بێت.

سێ شێوەی گرنگ

ئەم کتێبە باسی سێ شێوەی مێژوویی گەورە دەکات و کاریگەریان لەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو. هەروەکو نووسەر دەڵێت: سێ شێوەی گرنگ ڕووگەی مێژوویان پێکهێنا، نزیکەی 70 هەزار ساڵ لەمەوبەر شێوەی درکپێکردن تەکانی دەستپێکی دایە بەر مێژوو. شێوەی کشتووکاڵی پێش 1 هەزار ساڵ گوێکی دایە بەر. دەشە شێوەی زانستی کە تەنیا پێش 500 ساڵ کەوتە گەڕ، ئەم کتێبە چیرۆکی چەنایەتی کاریگەری ئەم سێ شێوەیە لەسەر مرۆڤەکان و زیندەوەرە هاوڕێکانیان دەگێڕێتەوە.ل 16

لە ڕاستیشدا ئەم کتێبە پیاسەیەکی خڕایە بەناو کۆمەڵێک شێوە و داهێنان و ڕووداوی گرنگ، کە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتییان گرتۆتەوە. لەبەرئەوە بۆ من ئەم کتێبە مایەی خۆشحاڵییەکی زۆر بوو، چونکە پێشتر کۆمەڵێک زانیاریم لەبارەی ئەم بابەتانەوە هەبوو، بەڵام ئەم کتێبە دووبارە ئەوەی بیرم چووبۆ بیری هێنامەوە و زانیاری نوێتریشی پێ بەخشیم.

کۆمەڵێک زانیاری گرنگ

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە، نووسەر لەبارەی ڕووداو قۆناغە مێژووییە گرنگەکانی مرۆڤایەتییەوە، زانیاریی و داتای زۆر گرنگی کۆکردۆتەوە. ئامێژ هەز و توانای زیاتری بۆم فەیلەسووفە و دونیابینی بەخشیوە.

بۆ نموونە دەڵێت:

نزیکەی 1.5 ملیارد ساڵ لەمەوبەر مادده، وزە، کات و بۆشایی لەو شتەدا کە پێی دەوترێت تەقینەوە گەورەکە هاتە بوون. نزیکەی 300 هەزار ساڵ پاش دەرکەوتنیان، مادده و وزە دەستیانکرد بە تێکەبوون بە شێوەی بونیادی ئاتۆز کە پێیان وترا گەردیلە. نزیکەی 3.8 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر،لەسەر هەسارەیەک کە پێی دەوترێ زەوی، چەند گەردێک تێکەڵ بوون بە پێکهێنانی بونیادی بەدیاریکراوی گەورە و ئاڵۆزکا و کە پێیان دەوترا زیندەوەرکان ” organisms” چیرۆکی

زیندەوەرەکان پەی دەوترێت بایۆلۆژیا. نزیکەی 70 هەزار ساڵ لەمەوبەر، زیندەوەرەکانی توخمی مرۆڤ هەشماندەکان ، بەربەرە بوون بە بونیادی چۆپاتر کە پەی دەگوترا کولتوور، بەرەو پێشچوونی یەک لە دوای یەکی ئەم کولتوورە مرۆییانە پەی دەوترێت مێژوو. ل 15

شێشی کشتوکاڵیی

نووسەر لەم کتێبیدا پانتایی باشی داوە بە شرۆڤەو قسەکردن لەبارەی شێشی کشتووکاڵییەوە، ئەو پەی وایە : شارشی کشتوکاڵی یەکەکە لە ڕووداوە هەر مشتومڕئامێزەکانی مێژوو، هەندێ لە لایەنگرانی دێرین مرۆڤایەتی خستە سەر ڕێگای کامەرانی و پێشڤەچوون، ئەوانی تر جەخت دەکەنەوە لەوەی کە بەرەو هەدەری بردووە، ئەوان دێرین ئەم خاڵی وەرچەرخان بوو لەو شوێنەدا کە مرۆڤی هەشماند کارلێکی گەرم و گوڕی لەگەڵ سروشت وەستاند و بەرەو چاوچنۆکی و دابڕان پەلی هاویشت.ل 158

کوردستان شوێنی لەدایک بوونی شارشی کشتوکاڵی و شارستانی

یەکێک لە خاڵە جوانەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە، نووسەر لە زەر شوێندا باسی کوردستان دەکات، کە لە زەر داهێنانی مێژوویدا ڕۆڵی هەبووە لە هەمووشی گرنگتر کە لە کوردستانەوە "شێشی کشتوکاڵی" دروستبووە. ئەمەش هێندەی تر ئەم نووسەرەی لام خۆشویست کرد، چونکە دوژمنانمان زەرجار هەوڵیانداوە، مێژووی دێرینان پشوونن.

نووسەر پەی وایە لە دەوربەری 9500 بۆ 8500 پێش زایین لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و خەرئاوای ئێران کشتوکاڵ دەستپێکردووە،ل 130. کە ئەمەش دەکاتە کوردستانی خەمان، دیارە ئەمەش بۆ پشتبەستن بە کەمێک سەرچاوەی مێژووویی .

دواتر دێت: نزیکەی 9000 ساڵ پ.ز. گەنم و بزن ماڵیکران، بازالیا و نیسک نزیکەی 8000 ساڵ پ.ز. ماڵیکرا. زەیتوون لەدەروبەری 5000 پ.ز و ڕەزی تڕ 3500 .پ.ز هەندێک ئاژەڵی وەکو حوشتر و جەرسی کاشە دواتر ماڵیکراون. پێشی وایە لە دەوربەری 3500 .پ.ز شێپەلی سەرەکی ماڵیکردنی کەتایی پێهاتووە. ل 130

بۆچی شێشی کشتووکاڵی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕوویداوە؟

نووسەر خۆی بەم پرسیارەوە خەریک دەکات و دێت: بۆچی شێش

کشتووکاڵییەکان لە ڕژهەڵاتی ناڤین و چین و ئەمریکای ناوەڕاست بەڵام نەک لە ئوستڕالیا و ئالاسکا یان باشووری ئەفریقا سەریان هەڵدا؟

هەر خێی وەڵامدانەوەو دەڵێت: هەکارەکێی سادەیە، زەربێی توخمی ڕووەکەکان و ئاژەڵەکان مالێی ناکرێن لەو ناوچانەدا. مرۆڤ هەشمەندەکان دەیانتوانی دومەڵانی بەتام لە زەوی دەربکەن و مامەتی توکن ەاو بکەن، بەڵام دەستەمکردنی هەر کامەک لەو توخمانە ئەستەم بوو. ڕووەکەکان دوورە دەست بوون، چوارپە زەبەلاحەکانیش زەر دەندە بوون لەو شوێنانەدا. لەو هەزاران توخمێی کە پەشینانمان ڕاویان کرد و کێیان کردەوە، تەنیا چەند دانەیەکیان پاڕوراوی گونجاو بوون بە کشتیاریی و ماڵیکردن. ئەو چەند توخمانەش لە چەند شوێنکی دیاریکراودا دەژیان و ئەو شوێنانە بوون کە تێیاندا شڕشێی کشتووکاڵێی ڕوویدا. ل 132

شڕشێی کشتوکاڵێی گەورەترین ساختەکاری مێژوو

بە پێچەوانەێی زەربێی فێلەسووف و بیرمەندانێی جیهانەوە، نوح هەراری بەچووندکێی تەواو جیاواز و تایبەتێی بەرامبەر بە شڕشێی کشتووکاڵێی هەیە، ئەو پێێ وایە کە ئەم شڕشێی کشتووکاڵێیە لایەنێی نەگەتیفێی زەرتربووە تاوەکو پۆزەتیف.

لەمبارەوە دەڵێت: شڕشێی کشتوکاڵێی گەورەترین ساختەکاری مێژوو بوو، ئەم شڕشە ژیانێی خەڵکێی قوورستر کرد تا ئاسانتر، بە نموونە تەکەێای هەر جووتیارەک سەرسەختر لە تەکەێای هەر خەراک دەزەرەوەیەک کاری دەکرد و لەبەرامبەریشدا خەراکێی خراپتریشێی دەستدەکەوت. ل 133

دواتریش پێێ وایە کە شڕشێی کشتووکاڵێی، ئازادێی لە مرۆڤەکان سەندەتەوەو فەرێی ملکەچێی کردوون.

"کێ بەرپەرس بووە ؟ نە پادشاکان، نە قەشەکان، نە بازرگانەکان،تەوگلاوەکان بریتێی بوون لە کەڵەک تووخمەکێی ووەکێی، لەوانەش گەنم، برنج، پەتاتە. ئەم ووەکانە مرۆڤ هەشمەندەکانیان دەستەمکرد، نەک بە پێچەوانەوە. ل 133"

نووسین سیستەمێی تەمارکردنێی یادەوەڕی

خاڵێکێی تر کە نووسەر پانتایی باشێی لەم کتێبەدا بە داناوە مەسەلەێی نووسینە. لەمەشدا نووسەر بەچوونێی تایبەتێی خێی هەیە و پێێ وایە

نووسین زیاتر داهێنانێکی مرۆڤ بووە بۆ " تۆمارکردن، خۆزنکردن' یادەوەریی و داتاکان. لەهەمانکاتیشدا نووسین لە سەرەتادا بۆ کاروباری بازرگانی بەکارهێنراوە. جگە لەوەش باسی سەرەتای دروستبوونی نووسینی کردووە. نووسەر پێی وایە: نووسین میتۆدێکی پاشکەوتکردنی زانیارییە لە رێگەی نیشانە ماددیەکانەوە. پاشان دەڵێت: سەمەریەکان نووسینیان بۆ ئەوە دانەهێنا تا زمانی قسەکردن کۆپی بکەن، بەڵکو زیاتر بۆ کردنی ئەو شتانە بوو کە زمانی قسەکردن نەیتوانی بیانگێڕێنێت، ل197

دواتر نووسەر باسی یەکەمین هەوڵەکانی مرۆڤ دەکات لە بواری نووسیندا دەکات ، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە و تاادەیەکیش شتێکی نوێ بوو بۆ من، کە یەکەمین دەقی نووسین کە 5 هەزار پێش زایین دەزراوەتەوە لەسەردەمی شارستانی سەمەریەوەو بۆ خێتی بزماری نووسراوە، ناوەڕۆکی نووسینەکە باس لە مامەڵەیەکی بچووکی بازرگانی نێوان دوو کەس دەکات، ئەمەش ئەو قسەیەی مارکسم بیردەهێنێتەوە کە دەڵێت" بازاڕ زمانی دروستکردووە". دواتر نوح هەراریش دەڵێت: یەکەمین تێکستەکانی مێژوو هیچ تۆامانێکی فەلسەفی، شیعر، ئەفسانە، یان یاساکان و سەرکەوتنە پادشایەتییەکان ناگرێتە خۆ، بەڵکە ئەمانە دەکەمێنتی ئابووریی کەچوکاڵ، ێیکەردی پارە، باج، کەڵەکەبووی قەرزەکان و خاوەندارێتی موڵکین. ل؛ 196

لە کۆتایشدا نووسەر پێی وایە کە نووسین بۆتە هۆی پێشخستنی بیرکراسی و سیستەمی کۆمپیووتەری، کە لە داهاتوودا دەبنە ترسی گەورە بۆ مرۆڤایەتی، لەمبارەیەوە دەڵێت: نووسین وەکو نەکەری مرۆڤ لەدایک بوو، بەڵام پێیتا پێیتا بووە سەرگەورەی، ئەمەش لەرێگەی کۆمپیووتەرەکانەوە، ل 206

سێ هەکاری گەورە کە مرۆڤایەتییان یەکخست

نووسەر کەمەک شرۆڤەی ئەجگار جوانی بۆ مێژووی مرۆڤایەتیی کردووە، یەکەکیشیان لەوانە، کە چۆن مرۆڤایەتی لە دەوری یەکتری کەبوونەوەو پێوەندییان بۆ یەکتریەوە کردووە، لەمبارەیەوە نووسەر دەڵێت:

بازرگانەکان، داگیرکاران، پێغەمبەرەکان ، یەکەمین کەسانێک بوون کە لە دابەشبوونی دوانەی لە مێژیینەی " ئەمە و ئەوان" دا پێینەوەو پشبینی یەکبوونی مرۆڤایەتیان کرد. بەڵای بازرگانەکانەوە سەرانسەری جیهان تاکە بازاڕێک بوو هەموو

مرۆڤکان گونجاو بوون بۆ ئەوەی ببنە کێبڕکێی بەلای بە داگیرکارانیش تەواوی جیهان تاکە ئیمپراتۆرێتێک بوو، هەموو مرۆڤکانیش گونجاو بوون بۆ ئەوەی ببنە رەعیەت. بە پێخەمبەرانیش، سەرانسەری جیهان هەڵگری تاکە هەقیقەتێک بوو، هەموو مرۆڤکانیش گونجاو بوون بۆ ئەوەی ببنە کەسانی باوەڕدار. ل260

بەشکەی زۆری کتێبکەشی بۆ قسەکردن و شرۆڤەکردنی ئەم بابەتە تەرخان کردووە، بەراستی زۆربەی بۆچوونەکانیش مایەی تەئامان و سەرنجن.

بازرگانی و پارە

نووسەر تیشکێ زۆری خستۆتە سەر ڕۆڵی بازرگانێ لە شارستانی مرۆڤایەتیدا، بۆتایبەتی لە پێشخستن و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤکان و کەمەڵگەکان. خاڵی گرنگ یان هەکاری سەرەکی ئەم پەیوەندییەش " پارەیە"

نووسەر پێی وایە پارە ئامرازێکی گەردوونییە بۆ ئاڵوگۆڕ کە توانا دەداتە خەڵکی کە بۆ هەموو شتوەیەک و هەموو شتێک بگۆڕنەوە. ل 270. پارە واقیعێکی ماددی نییە، بەڵکو چەمکێکی سایکۆلۆژییە، کە بە گۆڕینی ماددە بۆ ئەقڵ کار دەکات، ل 272 پارە جیهانیترین و کاراترین متمانەی دوولایەنەیە ، تاکو ئێستا داهێنرا بێت.273

مێژووی پارە داهێنان

دواتر باسی مێژووی دەزینەوەی پارە دەکات ئاوەش دووبارە لە ناوچەی میزۆپۆتامیا بووە. یەکەمین جۆری پارە بە دەوروبەری 3 هەزار پێش زایین دەگەڕێتەوە لە سەردەمی سەمەریدا " جۆ" یان وەکو پارە بەکارهێناوە،هەموو شتێک بە " جۆ" فرۆشراوە. یەکەمین سکەی پارەش لە دەوروبەری 640 پێش زایین کە پادشای ئۆلیات یان لیدیا دایهێناوە. ل 276

باشیی و خراپی پارە

نووسەر بە شێوەیەکی گشتگیرانە لە پرسی پارە دەکۆڵیتەوە تێیدا باشیی و خراپییەکانی ئەم داهێنانەی مرۆڤ باس دەکات. لەبارەی سوودەکانی پارەوە دەڵێت:

پارە لە زمان، دەوڵەت، یاساکان، کەڵتووریەکان، باوەڕە ئاینییەکان، خووە کەمەایەتییەکان، ئەقڵی کراوەتر. پارە تاکە

سیستەمی متمانەیە لەلایەن مرۆڤکانەوە دروستکرابێت کە دەتوانێت هەر کەلەنەکی کولتووری پەیکاتەوو لەسەر بنەمای ئایین، رەگەز، تەمەن، روانگەی سێکسی، جیاکاری ناکات. لەسایەی پارەدا ئەو کەسانەشی کە یەکتر ناناسن و متمانە بە یەکتری ناکەن، دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر هاریکاری یەکتر بکەن. 281

دواتر نووسەر باسی خراپیی و زەرەرکانی پارە دەکات بەسەر مرۆڤایەتییەوو دەڵێت:

ئەم پێناسیبە بە هاوڕێت نەرمونیانە دیوەکی تاریکیشی هەیە. کاتێک هەموو شتێک قابیلی گۆڕینەوە بێت و کاتێک متمانە بکەندە بە پارەوە، ئەوا پەیوەندی گەرموگوڕ و بەها مرۆییەکان وەران دەکات و بە یاسا ساردەکانی دابینکردن و داوا، شوێنیان پێ دەکاتەوە، ،،،ل282

پاشانیش دەڵێت:

ئەم متمانە بە غەریبەکان، دراوسێکانمان ناکەین، ئەم تەنها متمانە بەو پارەیە دەکەین کە پێیانە،ئەگەر ئەوان پارەیان لە ببڕێت، ئەوا متمانەمان نامێنێت، لە کاتێکدا پارە شیرازەکانی کەمێ و ئایین و دەوڵەت دادەمەزێنێت، ئەمێ جیهان لەمەترسی ئەوەدایە کە ببێتە بازاڕێکی گەورەی بێ دەروازە،،،ل 283

ئەمەش بە بۆای من مەترسیێکی گەورەیە کە ئەمێ رووبەروی زۆربەی کەمەگەکانی جیهان دەبێتەوە.

ئیمپراتۆرییەتییەکان

نووسەر لەپاش ڕەخنەی پارە، باس لە گرنگی ڕەخنەی ئیمپراتۆرییەتییەکان دەکات لە مێژوودا، لەمەشدا هێڵەسەنگاندنی ووردو درشتی بە ئەم دیاردانەی مرۆڤ کردووە باس لە مێژوو و سوود و زەرەرکانی دروستبوونی ئیمپراتۆرییەتییەکان دەکات لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا.

یەکەمین ئیمپراتۆریەت لە مێژوودا

نووسەر باس لە دروستبوونی یەکەمین ئیمپراتۆریەت دەکات لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەئاوێش ئیمپراتۆریەتێ ئەکەدیی بەسەرکایەتی سارگۆنی ئیمپراتۆر لە ناوچەی میزۆپۆتامیادا. کە لە ساڵی 2250 پێش زایین دروستبووە، کە ئەمەش یەکەمین شێوازی ئیمپراتۆریەتی پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە لەپاش ئاویش ئیمپراتۆریەتەکانی ئاشووریی و بابلی و هیتییەکان و دواتریش فارسەکان دێن، هەرهەموشیان

سارگۆنیان وەکو سەرمەشق بۆ خۆیان داناوە. ل296

ئیمپراتۆریەت چییە

نووسەر هەوڵیداوە پێناسەیەکی وردوودرشت بۆ ئیمپراتۆریەت بکات و بنەما و کۆمەکە سەرەکییەکانی باس بکات. نووسەر پێی وایە ئیمپراتۆریەت سیستەمێکی سیاسییە کە دوو تایبەتمەندی هەیە، یەکەم: دەبێت حوکمی ژمارەیەکی گرنگی گەلانی جیا جیا بکات، کە هەریەکەیان خاوەنی شوناسی کولتووری جیاواز و لەسەر زەمینێکی جیاواز بژین. دووەم: ئیمپراتۆرییەتییەکان دەتوانن نەتەوەو سەرزەمینی زۆر و زۆرتر داگیربکەن و بەبێ ئەوەی شوناس یان ستراکتووری بنچینەیی بگۆڕن.ل288

باشیی و خراپی ئیمپراتۆرییەتییەکان

پاشان نووسەر وەکو پشتر دەت باس لە باشیی و خراپی ئیمپراتۆرییەتییەکان دەکات، ئەوی پێی وایە ئیمپراتۆرییەتییەکان ئامانجگەلی ستانداری بریتیی بووە لە جەنگەکان، بەکۆیلەکردن، کەچی زۆرملە، جینوساید، ل 293

دەشێت: بەشی هەرە زۆری ئیمپراتۆرییەتییەکان لەسەر خوێن بونیاد نراون و هەزی خەیان لە ڕەگەی سەرکوتکردن و جەنگەوە بەرقەرار کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی هەرە زۆری کولتوورەکانی ئەمڕۆ، لەسەر بنەمای ئیمپریالییەکان بونیاد نراون. ل 308

دواتریش دەڵێت: لەگەڵ ئەوەشدا،ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیمپراتۆرییەتەکان لە سەرئەنجامدا هیچ شتێکی بەهادار جێناهێڵن، ڕەتکردنەوەی ئیمپراتۆرییەتەکان و نکۆیکردنیان،بە مانای ڕەفزکردنی بەشی زۆری کولتووریی مرۆیی،،، بەشێکی گرنگی دەستکەوتی کولتووری مرۆڤایەتی دەگەڵتەوە بە بەکاربردنی دانیشتوانە داگیرکراوەکان، تاج مەحەل لە هیندوستان بونیاد نەدەنرا بە بە سامانی کەسکەبوو، بە بەکاربردنی ڕەعیەی هیندییەکان لەلایەن مۆغەلەوە،،ل 294

پاشانیش باسی خاڵێکی گرنگی تر دەکات کە ئەویش لەناوبردنی گەلانی لاواز و توانەوەیان لەناو بەتەی ئیمپراتۆرییە گەورەکان و زۆرجاریش لەبیرکردنەوەی مێژووی خەیان، لەمبارەیەوە دەڵێت: میسرییەکانی ئەمڕۆ بە زمانی عەرەبی دەدوێن، وەکو عەرەب بیر لە خەیان دەکەنەوەو لە دەڕوە هاوسەزیان هەیە لەگەڵ ئەو ئیمپراتۆرییەتە عەرەبی کە لەسەدەی حەوتەمدا میسری داگیرکرد و بە مشتەکەی

ئاسنین راپەینە چەندباربووەکانی دامرکاندنەوە کە لە دژی حوکمی داگیرکەران سەریان هەڵدا، ل295 دواتریش دەڵێت: دەوڵەتی هیندوستانی مەدەرن، منداڵی ئیمپراتۆریەتی بریتانییە.

ئەمەش پێی دەوترێت لێبیرچوونەوەی بیرەوەری نەتەوە لاوازەکان لەبەرامبەر نەتەوە بەهێزەکان.

ئایین

پاشان نووسەر دێتە سەر سەهەمین هەکار و ئاماژە کە هەموو مرۆڤایەتی یەکخستووە، ئەویش ڕۆڵی ئایینەکان بەتایبەتی ئایینەکانی مەسیحی و ئیسلام و بودی و هیندەسی.

هەراری دەڵێت: ئایین سێهەمین ئامرازی گەورەی یەکخستنی مرۆڤایەتییە، لەبەرئەوەی هەموو هەڵەم و سیستەمە کەمەڵایەتییەکان وێناکراون، هەموویان ناسکن و چەندی کەمەڵگەکە گەورەتر بێت، ئەوەندەش ناسکترە. ل316

پاشان باسی ڕۆڵی گرنگی ئایین دەکات و دەڵێت: ڕۆڵی مێژوویی گرنگی ئایین ئەوە بووە کە شەرعیەتی سوپەر مرۆڤ بداتە ئەم ستروکتورە ناسکە، ئایینەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە یاساکانمان دەرئەنجامی گەڕانی میزاجی مرۆڤ نین، بەڵکو دەسەڵاتێکی ڕەها و باڵا ئاماژەکراون، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دانانای لانی کەمی هەندێک یاسای بنەڕەتی و زامنکردنی سەقامگیری کەمەڵایەتی.

دواتریش دەڵێت: ئایین دەبێت تایبەتمەندی سوپەر مرۆڤی و گەردوونی هەبێت، دەبێ سیستەمێکی سوپەر مرۆڤی و گەردوونی پێکەوە بکات کە هەمیشە و لە هەموو شوێنکدا ڕاستە، ل 317

شەڕشی کشتوکاڵی و ئایین

نووسەر پێی وایە پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان شەڕشی کشتوکاڵی و ئایینداە هەیە، لەمبارەیەوە دەڵێت: پەدەچێت شەڕشی کشتوکاڵی، شەڕشی ئایینی بەداوادا هاتبێت،، یەکەم کاریگەری دینی شەڕشی کشتوکاڵی، گەینی هووک و ئاژەڵ بووە لە ئێندامانی یەکسانی مێزگردەکی ڕەحیمەوە بۆ موک،ل 319

مێژووی دروستبوونی ئایینەکان

نووسەر شارەزایەکی ئەجگار زۆری لەبارەی مێژووی ئایینەکانەوە

هەیە بۆتایبەتی ئایینەکانی " جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام، بودی، هیندەسی، کۆنفەشیەس" هەروەها چەندینی دروستبوونی بتپەرستیی و فرە خوایی و بە یەکتاپەرستی،هەموو ئەمانەشی لەم کتێبەیدا بە درێژی باسکردووە. یەکەمین فکری ئایینی یەکتاپەرستیش لە میسر ساڵی 3500 پێش زایین لەلایەن فیرعەون ئەخناتون بووە، یەکێک لە خوداوەندە لاوەکییەکانی کەمەت خوداوەندی میسری، خوداوەند ئاتونە، کە هێزی باڵای فەرمانڕەوایی گەردوونە، ئەمەش سەرەتای بیری یەکتاپەرستی بووە، دواتریش جوولەکە، مەسیحی و ئیسلام پێدا بوون. ل 328

لەلایەکی ترەوە هەراری پێی وایە کە ئایینەکان بۆتایبەتی ئایینە یەکتاپەرستییەکان،لە زۆر ڕووەوە پێیوەندی بەهێزیان بە یەکتریەوە هەیە، لەمبارەیەوە دەڵێت: سەرکەوتنی مەسیحیەت بووە مەدەلێک بۆ ئایینەکی یەکتاپەرستی تر کە لە سەدەی حەوتەم لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا دەرکەوت،کە ئەویش ئیسلامە، ل 329

ڕەخنەکانی لە فکری ئایینی

نووسەر کەسێکی سیکولارە، لەم کتێبە و لە کتێبەکانی تریشدا بەشێوەیەکی سیکولارانە و زانستیانە بیر دەکاتەوە، بۆیە زۆرجار ڕەخنە لە جۆری بیرکردنەوەی ئایینی دەگرێت، نووسەر لەپێنا لایەنە باشەکانی ئاییندا کە هەویان بە یەکخستنی مرۆڤایەتی داوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا باسی ئەو جەنگ خوێناویانە دەکات کە بەهەی ئاینەوە بەرپابوون، لەمبارەیەوە دەڵێت:

"هەر فرە خواگەراکان زیاتر لە چەند هەزار مەسیحییان نەکوشتووە، کەچی بە درێژایی 1500 ساڵی دواتر،مەسیحییەکان بە ملیۆنان مەسیحی و خەڵکی تریان کوشتووە بە بەرگریکردن لە تەفسیری جیاوازی ئاینی.326

ئایینی مرۆڤ پەرستن

لە پاش باسکردنی ئایینە ئاسمانیەکان، نووسەر پێی وایە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئینانسازەوە، مرۆڤ دەبێتە چەقی بیرکردنەوەو بایەخی هەموو بیرو باوەڕەکان، ئەمەش ئەو ناوی لێناوە " پەرستنی مرۆڤ"

نووسەر دەڵێت: ئەگەر ئایین سیستەمێکی هەسا و بۆها مرۆییەکان بێت کە لەسەر بنەمای باوەڕ بە سیستەمی سوپەر مرۆڤ بونیاد نراوە، ئەوا کەمانیزمی سۆفێتی بە بەروارد بە ئیسلام لە ئایین کەمتر نییە. ئاینە باوەڕدارەکان تەرکیز دەکەنە سەر پەرستنی خوداکان،ئاینە

هومانیستەکان، مرۆڤایەتی دژ بەپەرستن یان دروستر بڵێین مرۆڤ هاشمەندەکان دژ بەپەرستن. ل 344

دواتریش دەڵێت: هەموو هومانیستەکان مرۆڤایەتی دژ بەپەرستن، بەڵام لەسەر پێناسەکەی کەک نین. هومانیزم بەسەر سێ جۆبازی رکابەردا دابەش بووە. یەکەمیان هومانیزمی لیبڕاڵ. دووەمیان هومانیزمی سۆسیالیستی. سێهەمیان هومانیزمی نازیەت یان فاشیەت.ل347

نووسەر بەدرێژی باسی ئەم سێ قووتابخانە فکریەی دەکات و سەرنج و تێبینی خۆی لەبارەی هەرسەکیانەوە نووسیوە.

مژوو

کتێبەکە پانۆرامایەکی درێژ بەناو مێژووی مرۆڤایەتی، لە شارستانیەتە کۆنەکانەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ نووسەر قسەی لەبارەوە کردووە. نووسەر پێی وایە: مژوو ناتوانرێ بشۆی حەتمیگرایی روون بکرێتەوە ناکرێ پێشبینی بکرێ چونکە پشۆیە. هەزگاڵکی زۆر لە کایەکەدان و کارلێکەکانیان ئەوەندە ئاڵۆزە کە گەیانی تەواو بچوک لە توانای هەزکان و شەوازی کارلێکردنیاندا، جیاوازی گەورە لە دڕئەنجامەکاندا بەرهەم دەهێنن. بە نموونە لە ساڵی 600 زایینداکس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە باندێکی عەرەبی بیابانشین بزوویی پانتایەکی درێژبووەوە لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیەوە بە هیندوستان داگیربکەن . لەراستیدا ئەگەر سوپای بزانتی بیتوانیبایە بەرپەرچی هەرشە سەرتاپیەکە بداتەوە، ئەوا لەوانە بوو ئیسلام هەروەکو بیروباوەرێکی تەماوی بمایەتەوە تەنیا چەند کەسێکی خاوەن زانیاری لێی بئاگا بوونایە. ل360

دواتریش دەڵێت:

بە پێچەوانەی فیزیا یان ئابووریەوە، مژوو ئامازێک نیە بۆ ئەنجامدانی پشبینی دڵقاودڵ. ئەمە تاووتوێی مژوو دەکەین نێک بە زانینی ئایندە، بەڵکو بۆ فراوانکردنی ئاسۆکانمان.ل363

شەشی زانستی

نووسەر لە بەشکانی دواییدا باسی سەرکەوتنەکانی مرۆڤ دەکات لە بواری شەشی زانستیدا، ئەو پێی وایە ئەم شەشە لە پاش ساڵی 1500ەوە دەستیپێکردووەو هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە. ئەم شەشش خشگوزرانی باشی بە مرۆڤ هێناوە بەتایبەتی لەرووی تەندروستی و

ژیانەوە، هەرچەندە ڕەخنەی لە مەدەرنە هەیە کە دواتر باسی لێوە دەکات. نووسەر پێی وایە سەرەتا هەموو داهێنانێکی زانستی بە چەکی " ئیگنەراموس" دەستپێدەکات کە مانای " نازانین" ە. پێشی وایە زانست لەسەر ئەم بنەمایە بونیاد نراوە. دەشڵێت:

شۆشی زانستی شۆشێکی زانین نەبووە، لەسەروو هەموویەوە شۆشێکی نەزانی بووە. ئەو دەزینەوە گەورەیەی کە بووە هۆی شۆشی زانستی، ئەو دەزینەوەیە بوو کە مرۆڤکان وەکامەکانی پرسیارە هەر گرنگەکان نازانن. ل . 377 . ئامادەیی دانان بە نەزانی،زانستی مەدەرنی لە هەر نەریتێکی پێشووی زانین داینامیکیتر و فراوانتر کردووە. ل 380

زانست و دەسەڵات

لەبەشێکی تردا نووسەر باسی پەیوەندی ریشەیی و توندوتۆی نێوان زانست و دەسەڵات دەکات، لەهەمانکاتیشدا چۆن زانست ڕۆڵی لە بەهەزبوونی ئیمپراتۆریەتییەکان و هەڵگیرساندنی جەنگدا هەبوو، لەهەمانکاتیشدا چۆن زانست ڕۆڵی بەرچاوی لە جەنگەکاندا هەبووە هەتاوەکو ئەمڕۆ. ئەو یەکێک لە هەکارەکانی سەرکەوتنی ئەوروپا بەسەر جیهاندا بە ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە دەسەڵاتی زانستی خۆی پەشخت.

شۆشی پیشەسازی

نووسەر بە درێژی باسی هەکاری دروستبوونی و سەرهەڵدانی شۆشی پیشەسازی دەکات، لەهەمانکاتیشدا بە ڕوونی شیدەکاتەوە بۆچی ئەم شۆشە لە بەریتانیا سەریهەڵداو لە شوێنەکانی تردا سەری هەڵنەدا. ئەو پێی وایە شۆشی پیشەسازی،شۆشێک بووە لە وەرگەڕینی وزەدا. لە شوێنێکی تریشدا دەڵێت:شۆشی پیشەسازی، پێش هەموو شتێک دووەم شۆشی کشتوکاڵی بوو،چونکە لە ماوەی 200 ساڵی ڕابردوودا میتۆدەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی بوونە بناغەی کشتوکاڵ،ڕووکەکان و گیانلەبەران بە میکانیکی کرا. ل515

ڕەخنە لە مەدەرنە

نووسەر لە کۆتایی کتێبەکەیدا ڕەخنەی تووند لە مەدەرنە دەگرێت، بەتایبەتی لە شێوازی بەخۆکردنی گیانلەبەران و پێی وایە مرۆڤ بە دڵنیاترین شێوە مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵکان دەکات و جینەسایدیان دەکات. هەروەها مەترسی ژینگە پیسبوون و زاڵبوونی تەکنەلۆژیا بەسەر مرۆڤدا،دەبێتە ترسێکی گەورە کە ڕووبەڕوی مرۆڤایەتی

دەبێتەوە.

هەراری دەڵێت: وەرای ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی مرۆڤکان دەتوانن بیکەن، ئەمە هەر نا دنیا دەبین لە ئامانجکانمان و پەدچە وەکو هەمیشە نابەدە و ناڕازی بین... ئەمە لە بەڵامی تەختەی سادەو گەیشتینە بەڵامی چارەکدار و لەوەوە بە کەشتی هەمی و کەشتی ئاسمانی، بەڵام کەس نازانێت ئاخە ئەمە بەرەو کوێ رە دەکەین، ئەمە لە هەر کاتێکی تر بەهەزترین، بەڵام بیرکەیەکی وەهامان نییە لەبارەی ئەوەی چی لەو هەموو هەزە بکەین، لەهەمووشی خراپتر پەدچی مرۆڤکان لەهەر کاتێکی تر نابەرپرستر بن ،،ل 630

لە کتێبی 21 وانە بە سەدەی 21 بەدرێژی باسی ئەو ترسانە دەکات کە لەئەستا و داهاتوودا روبەروی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، ئەمەش هەدگرین بە وتاری داهاتوومان.

چەند سەرنجێک

بەدنیاییەوە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کە بەشێکی زۆری بەچوونکانی ئەم فەیلەسووفە دەردەخات، مایەی سەرنج و گرنگی پەدانی زۆرم بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەپاش خوێندنەوەی کەمەک سەرنج و تێبینیم لا دروست بوو، لێرەدا پەمخێشە باسی هەندکیان بکەم.

پەش هەموو شتێک جیاوازی ئەم فەیلەسووفە لە چاو فەیلەسووفانی تری مەدەرندا ئەوەیە، کە شارەزاییەکی ئەجگار زۆری لەبارەی مێژووی مرۆقایەتییەوە هەیە، خەشی لەم بوارەدا پسپۆرە، ئەمەش بەرچاوروونی و دونیا بینی فراوانتر کردووە، چونکە چەندە لە مێژووی مرۆقایەتی شارەزا بیت، هەندەش باشتر دەتوانیت دونیای ئەمە بخوێنیتەوە و پەشبینیش بە دوارۆژ بکەیت، هەرچەندە ئەم فەیلەسووفە پەی وایە، پەشبینیکرد بە داهاتوو، کارەکی ئەستەمە بەتایبەتی لەمەدا. راستە فەیلەسووفانی پەش ئەو لە مێژوودا شارەزابوون لەوانە هیگل و مارکس و رەسە، هەی تر، بەڵام ئەم هەوێیداوە جگە لە شارەزایی خێی لە مێژووییکانی مرۆق، سوود لە هەوەی ئەنترۆپۆلیژستکانی تر بکات و بەرهەمی ئەوانیش بە خێی بکاربهێنێت.

خاڵکی گرنگی تریش پەیوەندی بە کاریگەری گەورەی کەمەک بیرمەند و فەیلەسووفی جیهانی بەسەر هەراریەوە هەیە، بەتایبەتی " ئەریک فرۆم،مارکس، شۆپنهاوەر، بەرنادر راسڵ، لیڤی شتراوس ، فەکەیاما"

بە نموونە کاتێک باسی خراپی کەمەگەی مەدەرن و بەرخەر دەکات،

پێش سەد ساڵێک دەبێت کە ئەریک فرۆم باسی مەترسی ئەم کێشانەی کردووە. کاتێکیش باسی پەیوەندی نیوان دەوڵەت و جەنگ دەکات، پێش ئەویش هەریەک لە مارکس و فڕکیاما باسی ئەمەیان کردووە، مارکس پێی وابوو کە جەنگ بەشێکی دانەبڕاوە لە سیستەمی سەرمایەداری. فڕکیاماش پێی وایە کە جەنگ هەکاری سەرکی دروستبوونی دەوڵەت و وئیمپراتۆریەتەکان بووە.

لەرووی کاریگەری ئەفسانەشەوە پێشتر کەمەک فیلەسووفی جیهان لەپێش هەموویانەوە کلاد لیڤی شتراوس، باسی کاریگەری گۆڕەی ئەفسانەی بەسەر مرۆڤایەتییەوە کردووە. . کاتێکیش باسی کاریگەری کولتووری داگیرکەران بەسەر وڵاتی داگیرکراوەوە دەکات، وەک هەمان بۆچوونی فیلەسووفی ئەمریکی- فەلەستینی ئەدوارد سەعید دەکاتەوە کە لە کتێبی " ئیمپریالیزم و کلتور" باسی کاریگەری دەوڵەتە بەهێزەکان بەسەر لاوازەکاندا دەکات.

لەکاتی باسکردنی خۆشبەختیدا ئەو پێی وایە کە خۆشبەختی پێش هەموشتێک پەیوەندی بە ناخی تاکەوە هەیە، هەروەها ژیانکردنە لەو ساتە واقعییەی کە تێیدا دەژی. ئەمەش هەمان بۆچوونی فیلەسووفی ئەمەانی شۆپنهاوەرە کە پێش سەد ساڵێک دەبێت لە بەرهەمەکانیدا باسی کردووە. جگەلەوەش پێش ئەویش هەرچی عاریفی رەژهەواتیش هەیە، باسی ئەویان کردووە کە سەرچاوەی هەموو خۆشبەختییەک ناخی مرۆڤ خۆیەتی. لە رووی دەسەاتی زانستیشەوە، بەهەمانشیوە پێشتر بەرنارد راسڵ لەکتێبی دەسەات و تاکدا باسیکردووە. جگە لەمانە کاریگەری کەمەک بیرمەندی تری بەسەرەوە دیارە، بەتام ئەوەی جێگەی سەرنجە نووسەر بەهیچ شێوەیەک ئەمە لە نووسینەکانیدا باس ناکات.

دوا قسە

بەدنیاییەوە یوڤاڵ نوح هەراری لەم کتێبەدا کەمەک زانیاریی و بۆچوونی نوێی پێشکەش بە خوێنەران کردووە، پیاسەیەکی خەراشی بە مێژووی کۆنی مرۆڤدا کردووە، لەهەمانکاتیشدا هەوڵیداوە تێگەیشتنێکی واقعییانە بە دونیای ئەمەمان بکات و لەکێشەکانی مرۆڤایەتی باشتر تێبگەین. لەهەمووشی گرنگتر لە ئێستادا هەراری بە یەکێک لە فیلەسووفە ناودارەکانی جیهان دادەنرێت و بەرهەمەکانی مایەی گرنگی پێدانن، هەربۆیە پێویستە ئەمەش ئاگاداری فکری ئەم فیلەسووفە مەدرنە بین.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە دەستخۆشی لە کاک کارزان کاوسێن بکەین، بە

وەرگێرانی ئەم کتێبە و هیوای کاری جوانتر وباشتری بە دەخوازین.

_____

سەرچاوە:

یوڤاڵ نوح هەراری. هەشەندەکان، پوختەیەک لە مێژووی مرۆڤ. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، کارزان کاوسەن. چاپ و پەخشی ڕێنما. چاپی دووەم. 2020

ترس ..لەکاری شانۆییدا.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

بتوانت یا نتوانت، دەست پێکردن و ئەنجامدانی هەر پرسێکی داهێنان، لەوانەش لە کاری شانۆییدا، کەمتر پرسی عەقڵی و سایکۆلۆژی لەناخی شانۆکارەندا دەوروژێنێ، بۆتایبەت لای ، دەرهێنەر، ئەکتەر، نووسەری دەقی شانۆیی، بۆگشتی، هەر هەموشیان پێویستیان بەچارەنووسی هەر بەرهەمێکی شانۆیی نوێ .
شتێکی سروشتیە هەمیشە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا لەململانێیەکی بەردەوام دایە، بە دەزینەوەی هەنگاوەکانی پێشکەوتن، بۆتایبەت لەکاتی ئەنجامدانی بەرهەمێکی نوێ، کە بە ئەو دەست پێکردنی هەنگاوێکی ترەو شانۆکار دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی تر .
هەمیشە لەو لەحزانەی دەستپێکی کارکردن، مرۆڤ وا هەست دەکات لەهەموو تەمەنی دا دارێکی لەسەر بەردەك دانناوە و ژیان لەسفرەوە دەست پێ دەکاتەوە، بۆیە دەکەوێتە بەردەم بەرپرسیارێتێکی مێژوویی، پێویست بە چارەنووسی هونەریی ئەو.
بە یەکەم جارێتی کار دەکات، زۆر بەترس و نیگەرانیەوە ، بەهام لەرەسەندا ئەم تەوانینە عەبدولڕە حلەچنەد ڕوویەکەوە تەوانینێکی لەژیکی دروستە بە دەرهێنەر .
هەتا ئەکەر ئەو شانۆکارە لەبواركەی خۆیدا مێژوویەکی دوورو درێژیشی هەبێت لەو بارەوە.
زۆر جاران شانۆکاری وا هەیە لەلەوتکەدا دەوخە، بەهەی هەر فاکتەرێکی نەخوازراو، ئەم ڕوخانە پێویستی بەماوەیەکی دوورو درێژی

بۆخۆ داچوونەوە دەبێت، تا یتوانێ ئەو دەرفەتە بەخسێنێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگاتەوە هەمان ئاستی توانستی جارانی خۆی .
گەلانەوەی دوای روخان و دروست بوونی ئەو بۆشایە، تەنها بۆئەنجامدانی کاری داهێنرانە پێ دەکرێتەوە، ئەگەرنا ئەو شانکارە پێویستی هێنان بەهونەرکێوە دێنووسێ، کە بۆئاسانی نەتوانێت دەست بەرداری بێت، تەنانەت بۆ ئەو سەختتر دەبێت جارێکی دیکە، بەهەمان مەرالی جارانی، بەرامبەر بە بینەر بوەستێتەوە لەسەر شانۆ.
ئەوانەی ئەنجامدانی هەر کارێکی داهێنانیی بگەورەیی دەبینن، لەچەند لایەکەوە ترس و نیگەرانی دەیانگرێ، ئەمەش مافێکی رەوای هەر یەك لە شانکارەکانە کە ترسێکی لەژێکی و هاوسەنگیان هەبێت لەهەر ئەزموونێکی نوێ ی خۆیاندا.
دیارە هەر کارێکیش کەمێک دەرهاوێشتەو پرسیارو وەڵام لەگەڵ خۆیا دێنێ، کە پێیوەندیان بەچارەنووسی هونەریی ئەوانەوە هەیە .
هەنگاو کاریگەرییەکانی ئەو نیگەران بوونە دوو جەمسەرە بێت و لەرووی هەستەنگاندنی لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکانەوە و هەر یەك لەوان دەرهاوێشتەی خۆیانیان هەبێت.
شانکار کەخۆی لەقەڕەی هونەرێکی گەورە دەدا، هەر شکست هێنانێکی دەبێتە هۆی شکست هێنانێکی دەروونیی و لەدەست دانی متمانەو ئەزموونێکی پێ لەخۆن و خولیا بوون، وەك ئەو شکستە گەورەیی (نیمرۆفتش) ی رووسی لەشانگەری (باڵندەی دەریا) تووشی بوو.
چیخۆف ئەو شکستە تاڵەی ئیمرۆفتیشی دەرهێنەری بەچاوی خۆی بینی، بەشەرمەزاریەوە لەناو بینەران ەای کردو چووە سەر دەریا، لەوە لەسەرمان تووشی نەخۆشی سیل بوو.
وەك ستانسلافسکی، لەکتێبەکەیدا (ئاهێنانی ئەکتەر) دا باسی ئەو دەکات کە شکست هێنانە سەرەتاییەکانی هەندێ لەدەرهێنەرەکان لەگەڵ چیخۆفدا، هەکارەکەی ئاشنا نەبوون بووە بە ستایل و کەشو هەوای هەمن و لەسەر خۆیی چیخۆف.
دواتر ەوونی دەکاتەوە، کاتێ ئەو دەرهێنەرانە سیحری چیخۆفیان بە ئاشکرا بووە، گەورەترین سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، لەهەمان ئەو شانگەریانەدا کە شکستیان هێنابوو.
ئەم ترسە لای ئەکتەریش هەیە، بەیەك زەر لەئەکتەرێ زەبەلاحەکانی دنیا، خۆنیان بەبێنەی هاملەت و ماکبەسەوە دیوە، بەڵام بەهەی بگەورە روانینیان لە بەرجەستە کردنی ئەو کاراکتەرانە، زەربەیان شکستیان هێناوە.
ئەم پێشبینیەی شکست خواردن و سەرنەکەوتن، فاکتەرێکی نگەتیفی سەرکیێ بە شانکارەکان، بە پێچەوانەکەشی هێزو مەرالێکی ئەکتیفە

بە زامن کردنی سەرکەوتن و زاڵ بوون بە سەر ترس و نیگەرانی
بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ترس هەر تەنها ڕێگەزێك نیە بە شکست خواردن ، بەڵکو ڕووی دووەمی ئەوەیە دەبێتە ترسێکی ڕەواو پەزیتیفانە، وا لەشانکار دەکات زیاتر بەجدی و بایەخ پێ دانەوە، خۆی بە هەر کارێك ئامادە بکات کە ئەنجامەکەی لەسەر ئەو هەژمار دەکرێت و ئاستی متمانە پێدان و لەورگرتنەوەی متمانەی بینەری لەسەر بونیات دەنێدرێت و لەئاکامدا بەهەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی وەك خۆی دەچێتە ناو مێژوو.
بەڵام لەو دوو جەمسەرەی باسمان کردن، کامیان جەمسەری راستن بە کارکردن ؟
بێگومان جەمسەری یەکەمیان لەژیکەکی هەیە، چونکە هەموو ئەزموونەکی گەورە لەسەرتایەکی بچووکەوە گەورە بووە، هیچ ئەزموونەکی سەرکەوتوو بەگەورەیی لە دایك نەبووە، دواتر ئەگەر لەئەنجامی هەرکارەکدا نیوەی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت، بەسەرکەوتوو هەژمار دەکرێت.
هەروەك گومان و ترس، خەسارێتکی گەورەیە بە هەندە کەس، چونکە بەهەیەوە دەرفەتکی زێرلەدەست دەدەن لەچاوەوانی ئەو قەناعەت هەنانە بەخود، کە هەنگە لەو دەرفەتدا دەیان کاری جوان لەدەست دەچن و تەش بە دیار بەیاردان هەر دەستپاچە وەستاوی .
هەروا دەبێت شانکار ئەوە بزانێ کە تا بەپراکتیکی خۆی نەخاتە ناو ئەزموونکەوە ئەوە هەرگیزخۆی ناناسی، تەنیا لەهەگەی لەکدانەوەیکی بەهەڵە، ئەم حوکم دانە بەسەرخۆیا دەسەپێنێ، کە هەنگە حوکمکی نا عادیلانە و سەرهەیانە بێت و تەکەسکی تر بیت لەوەی خۆت دەناسیی.
لەهەموو حاڵەتکا شانە پیشەیەو هەموو پیشەیەك بە بەردەوام بوون و پیادە بوونی پیشەکە بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە، چەند ئەوەندەی شانە بەپراکتیك بکرێت و لە قالبی تەنیا تیەریکەیەوە دەرچێ، ئەوەندە زیاتر گەشە دەکات.
بە نموونە ئەکتەر پشت بەشۆیکی سەرکی پشت بەجستە دەبەستێت و هەمیشە پەویستی بە ڕەك خستنی جستەو ماسولکەکانی لەشی هەیە، تا بتوانێت لەشو لاریکی ئامادەی هەبێت، بە هەر کارکی شانیی، بەڵام کاتێك ئەکتەر لە وەرك شێپ و ڕاهێنانی جستە دوور دەکەوێتەوە، ڕەنگە لەشو لاری بە شێوەیك شێواو بێت، لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە نیگەرانی و ترس و هەردەم لە کاتی نواندندا دەکەوێتە ژێر تەوژمی ئەو پرسیارەی ئایا بینەر لەو ئەدا کردنەم رازی دەبێت؟
دەتوانم بە هەمان توانستی جارانم لە سەر شانە بوەستم؟
هەموو ئەو پرسیارو مانەلەژە دەروونیانە لە سەر شانە کار لەئەدا

کردن و پەرەپێدانی نووسینی دەکات و بینەریش بەئاسانی هەستی پێ دەکات.
بەیەکەوە بەستنی لایەنە سایکۆلۆژیەکە رەخنەکی کارای هەیە لەروخان یان هاوسەنگ راگرتنی توانستی هونەریی ئەکتەر .
ئەوەی هاوکێشەیەکی یەکلا کەرەوە لەو نەوانەدا ئەوەیە کە ئەکتەر پێش ئەوەی سەرقاڵی چۆنیەتی ئەدا کردنی رەخنەکەی خەی دەبێت لەسەر شانۆ، ئامادە کردنێکی سایکۆلۆژی بۆ خەی بکات و خەی لەو گرە دەروونیانە پاك کاتەوە و بۆا بۆخۆ بوون دروست کاتەوەو شکستەکانی خەی لە بیر باتەوە، چونکە تەنیا بیرکردنەوە لەروخان بەسە بۆ ئەوەی ئەکتەر لەهەرەس هێنان نزیك کاتەوە.
جاری وا هەبووە ترس لە روخان وای لێئەکتەر کردووە لەسەر شانۆ ببووڕێتەوە ، یا دڵی لێ لێدان بکەوێت.
بۆیە ناکرێت هیچ لێشانەکارەکان هەتا نووسەری دەقیش ئەوەندە بەحەساسیەتەوە بوانێتە بەرهەمەکەی خەی کە کار لەچەقینەی بیرکردنەوەی بکات،بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەیە هەمیشە ئازادی بۆخەی ببەخشێت، هەموو داهێنانێك لە ئازادی دان بخود فەراهەم دەبێت .

دەربارەی ئیرادەی مەرگ.. نوسینی: حەمە هیوا

ئەوەی نەیکوشتم، بەهێزتری کردم.
(فریدریك نیتشە- وای گوت زەردەشت)

ئازارەکان هەندێك جار بەرەو مەرگمان دەبەن، هەندێك جاریش دەمانکەن بە داهێنەر. ئەگەر بێت و بگەڕێینەوە بۆ جینەسایدی هەڵەبجەست و ئەو ڕووداوە پڕ لە تراژیدیا و جەرگبڕە دەبینین، کە جووەکان تێیدا بوونە قوربانی ڕەکخراوی نازیزم و ئادۆڵف هتلەر. ئاسەواری ئەو قوربانی و ئازارەی جووەکان چەشتیان، تا ئەمڕۆش لە جیهاندا ڕەنگدانەوەی کاڵ نەبۆتەوە و بە یەکێك لە تراژیدترین کارەساتی مرۆیی لە قەڵەم دەدرێت. جووەکان وەك منداڵەکی دەست و پێ شکاو نەوەستان، لە ڕۆی سینەما و ئەدەبیات و هونەرەوە توانیان بە تێکڕای مرۆڤایەتی بڵێن، ئێمە زیندوین و نەمردوین. هەتاوەکو

ئەمەش لە لایەن زۆرێك لە سینەماكار و دەرهێنەرە خۆر ئاواییەكان ئەم كارەساتە دەكرێت بە فیلمی سینەمایی و هەر جارێك بە شێوازێك نیشان دەدرێت، هەر جارێك بە وێنەیەكی جیاوازتر كارەساتی هێرۆشیما پشكەش بە بینەر یاخوود تەماشاكەر دەكرێت. ئەم نمونەیەی كە خستمانە ڕوو پەیمان دەدات، دەكرێت زۆر جار لە ڕێی ئازار و نوشوستیەكان ببین بە داهێنەر، بتوانین لە ڕێگای كەوتنە بەردەوامەكان داهێنان بكەین. بە تێگەیشتنی فرێدریك نیشتە (1844-1900) ئازارەكان پێویستە هەزێك بن بۆ دروستكردنی هەزی ترانسێندتاڵ(باڵایی) لە تاك.
لەم بارەیەوە نموونە زۆرن بۆ پیشاندانی هەزی ئیرادە لە خوود، ئەوەی لە ئێستادا زۆر بە گونجاوی دەزانم بیخەمە بەر باس، تابلۆكێش و شێوەكاری گەورەی ئیرلەندی (كریستی براون 1932_1981) چیرۆكی ژیانی كریستی براون چیرۆكێكی فرە تەماوی و تراژیدیە، چیرۆكێكە دەتوانێت ئومێد بۆ مرۆڤێك بگەڕێنێتەوە، كە لە سەختترین ساتی ژیان دایە، هەرچەندێك بێت ئێستا هەوڵدەدەم بە كورتی بەشێك لە ژیانی كریستی بۆ ئێوە بخەمە ڕوو.
وەک ئاشکرایە زمان و فەهمی شیعری جیاوازە لە فەهم و زمانی چیرۆک و هەمان، چونکە پانتایی شیعر تەسکترە لە پانتایی چیرۆک و هەمان تاوەکوو شاعیر بتوانێت، بە فراوانی و بە دڵی خۆی باسی هوودا وەک یاخود بەسەرهاتێک بکات، لێرەدا شاعیر دەبێت زمان و تەکنیکی تایبەت بەخۆی هەبێت تاوەکو بتوانێت ئاوەڵی لە خۆیایەتی وەک شیعرێکی جوان و پڕ چێژ پێشکەشی خوێنەر بکات.
ئەمەش زۆربەی کات، کاتێک هوودەدات کە شاعیر بە خودی خۆی بنووسێت، کاتێک شاعیر بە خودی خۆی نووسی. ئیتر ئاوانی تریش دەتوانن خۆیان لە ناو فەزای پەیڤەکان و هزری ناو دەقەکانیدا بدزنەوە بە ئاوەی هەست بە نامۆ بوون بکەن.
وەک لەم چەند دێڕەدا شاعیر باس لە ئازار و ماندووبوونی خۆی دەکات بەدەست ژیانەوە، کە دەشێت ماندووبوونی مرۆڤی مەدەنی بێت. دەشێت من بم، دەشێت هەموومان بێت.

(هەژەکان هەرچیەکیان بە تاریکی پێ بێت
بەناو شەودی خۆیاندا،

هەر تەدەپەڕن
ئەستێرەکی دیکەیش
هەر دەژێت
گزنگەکی دیکەش،
هەر هەگر دەبێتەوە
نهێنییەکان لە دڵی کەسدا ناشاردرێنەوە
ئازارەکانیشم
هی ئەوانین گوڵچکەکانتان بۆی شل بکەی
ناهەم خۆشی هیچ کەسێک بژێتە دەمارمەوە.)

یاخود دەڵێت:
(ئەوەتە دەستەکانی تەش
ئیمزای غەمگینی بە هەزمانی ژیانم دەکات
ئەو ئەوارە تاریک و نەفرەتییە هات
دواجار ئەو هەژەی کە هەژی من نییە هات
دەروونم لە پەناوەکانم ماندووتر.)

شیعری باش و باڵا ئەوە نییە، پێ بڵێت لە وشەی قەبە و هەمز و شاراوە، کە تەنیا شاعیر خۆی تێی بگات، بەڵکوو شیعری باش ئەوەیە کە بە زمانێکی سادە، بەڵام بە کەدێکی تاڵادەیەک ون خوێنەر بیخوێنێتەوە و تێی بگات. واتە بە وشەی سادە دونیایەکی گەورە دروست بکات، چونکە دواجار دەقەکە تەنیا هی خۆی نییە، بەڵکوو بەشێکە لە خوێنەر، واتا بەشێک لە خۆی پێشکەش بە خوێنەر دەکات کە بەرهەمەکەیەتی،
وەک لەم دەڵێدا شاعیر بە زمانێکی سادە و بە گرێ باس لە خۆشەویستییەکی ئابردوو دەکات بە ئەوەی بیەوێت ئەو خۆشەویستییە پیس بکات بەهیچ وشەیەکی زبر و هەق

*(ئێستا کە لەناو ئەو پەیقانەدا دەژیم
ئێستا کە بیر لە لەوکانی دەکەمەوە
خەریکە وەک هەنجیر دەبمە موهەبا؟)

ستایلی شیعری غەمگین خدر وەک هەمیشە تایبەت نییە بەیەک جۆری شێوازی شیعر و هەروەها بابەتێکی دیاریکراویش، بەڵکوو دەتوانی لە دەڵکانیدا (خۆشەویستی و عەشق و یاخی بوون و نیشاندانی ناشیرنییەکانی کەمەگا و یاخی لە سیاسەت و تەنانەت پیسبوونی ژینگە و جوانی شارمان نیشان بدات…هتد.) نیشان بدات و هەر یەکێکیش بە شێوازێک.

ئەوەتا لە چەند دێڕکی تردا دەڵێت:

(بەڵاکردنەکی سپی
تەمبەڵەک جادەکان قووت دەدات
دانیشتووین و لە ناو ئەو غارە غارە
دووکەڵ لە قوونی دەکەخێت
هەوڵەر لە پاشمان بۆتە ستەکە جغارە
لە پاشەڵە،
دەست و دەمی هەش دەچێتەوە)

لە کۆتاییدا دەڵێم شیعری باش ئەوەیە هەڵگری هەر دوو جۆری فەزای تایبەتی دەرکی و ئەندێشەی تایبەتی ناوکی بێت، بە ئەوەی هەم خوێنەری ئاستبەرز و هەم خوێنەری سەرەتا و سادەش بتوانن بیخوێنەوە و لێی تێبگەن، بەڵام هەمیشە شیعری چاک ئەوەیە فەزای ناوکی باڵادەستی زیاتر بێت بەسەر فەزای دەرکیدا، بەڵام بە ئاستکی هاوسەنگانە و وەستایانە، کە پەموایە ئەوەش مەکی شاعیریەتی بە خودی شاعیر دەبەخشێت.
ئاگەر وەک دەگوترێ و باوە، هیچ کتێبک بە کەموکوڕی نییە، بەڵام ئەم هەوڵە جوانانەی لەلاین شاعیر و نووسەرە گەنجەکانەوە دەدرێن، پەویستە بەرز بنرخێنین. هەروەها پەویستیشن بە کتێبخانە و فەرهەنگی هەشنبیریی کوردی. بەهیوای کاری باشتر و جوانتر لە داهاتوودا کە هەر ئەوەش لەم شاعیرە بەدی دەکەم و بەرهەم لەدوای بەرهەم وەبەر جیهانبینی شیعری تازە دەکەوین.

-_____

سەرچاوە: تەرمەک لەسەر زمان دەنێژم. شیعر . غەمگین خدر. چاپی یەکەم 2021.
چاپکراوەکانی خانەی کولتوور

هەگا دووەکانی چاومان.. جەلالی

میرزا کەریم

گیانە! دوورم،
خەونەکانی دۆنێ گۆپکە
بە درەختی زامەکانی ئەمڕۆم ئەگرن.
پەپوولە ئاوارەکانی
دووڕە باخی ماچەکانمان،
باڵەکانیان خوێنی تارای
بزەکانی لێوم ئەسڕن.
وشەکانی شیعری ئێستام،
بە ئاسمانێکا هەڵئەفڕن..
لە من و تۆ..
لە گیانبازانی ڕێی عیشق،
چاوەڕوانی هەڵوەرینی هێشووی هەورن.
دوورم.. هەر نیگایەك لێرە،
دڵۆپەکانی ناو دەفتەری منداڵیمان
لەت لەت ئەکا.
((بۆ لای پەریزادەیەکی ترم ئەبا))
دوورم.. هەر چرپەیەك لێرە،
یادەکانی سەر کۆڵانی هەرزەییمان
پەرت پەرت ئەکا.
((بۆ سەر ڕۆخی دەریایەکی ترم ئەبا))
دوورم.. هەر چرایەك لێرە،
هەموو شەوێ سنووری دێ بەجێ دێڵێ و
خەونەکانی وشیاریمان ئەسڕێتەوە.
((بۆ لای داستانی تۆم ئەبا))
دوورم.. هەر بۆیەك لێرە،
سەرووی هیواکانی دووکەڵ.. بە تەورێکی
ئەم سەردەمەی دڵداریمان ئەبڕێتەوە.
((بۆ لای هەڵسانی خۆم ئەبا))

گیانە.. چەقۆی تاڵەی مەرگی دڵداریمان
سەرلەنوێ خۆی لە هەسانی زبری سنگی
نوشستیمان.. ئەسوێتەوە.
ئەوا ڕۆگا دووڕەکانی دووتوێی نەخشەی

ازەکانی ئەمجارەمان
باوەشی بۆ هەنگاوەنانمان.. کردۆتەوە.
بانگمان ئەکەن..
تا سەرەتای داستانێکی تر دەست پێکەین.
بانگمان ئەکەن..
تا کاروانی دڵدارانی هەتاو ڕۆك خەین.
بانگمان ئەکەن..
باخی سنگی گڕانییەکانمان ئاو بدەین.
بانگمان ئەکەن..
جوانووی دەنگی بڕووسکەکانمان تاو بدەین.

خۆشەویستی..
شەپۆلەسواری خۆی لە هەموو هەورازێك و
نشێوێکی شارەکانی شەوا هەیە.
خۆشەویستی..
ڕووباری خۆی لە کیشوەری
تینووی چۆلە بزەکانی خەوا هەیە.
گیانە.. شەوە!
خەرمانەی مانگ وشەکانی ئێوارەمان
بۆ ملوانکەی گەردنی خۆر،
بە تاڵە دەزووی فرمێسکی
دووریمان ئەهێنێتەوە.
گیانە.. خەوە!
هەناسەی بانگ،
نامەکانی دڵداریمان..
بۆ تۆشووی سەفەری دووری
ئەمجارە ئەپێچێتەوە.

ئەمجارە.. دڵ
گەشاوەزانی ئەستێرەی گەردلوی ژیل،
لە ئاوێنەی شێپەی خوێنا..
ئەکاتە ئاڵای بارانی
گەرووی پەەسڵکەی تینوو.
ئەمجارە.. باڵی هەنسك و هاواری چۆ

هەواڵەکانی بەر دەرگای
پێستەخانەی هەناسەی دیل،
لە ناو پێلی دڵدارانی
ئاوارە و بێ سەر و شوێنا..
ئەکاتە وانەی یەکەمی
عیشقی پێ لە هەڵەی ئومێد
هەڵەی باڵ نەخشەی هەنگاوەهنگ.
1977

بەردەبان.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

وەک پەرداخە مەی
شەوە لە نیگایەکیدا ژا
هەورە لە فرمێسکی کات
لە خوێنی کاتژمێری تەنیایی ئێتکا
قاچەکان لە نشێوی بەردا
جەمان
وشکانیشیان
بە لەوی گیا گێشتینەکانەوە دوریەوە
جیا بونەوەی ساڵە تەرمەکانە
لە چاوەوانی سەبەری مرۆڤ دە کونەکان
بەئەوەی پەبزانن
هەڵە لەم وەرزەکان
وەزە لەم هەڵەکان
پەبوون لەپروشە بەفری خشبەختی مردن
تاشە بەردە نابینی
بتگەیەنتە
بەردی حەقیقەت
هیچ تاشە بەردە نابینی
کەتامانای شتەکانی
لەسەر هەکەنرابە

مرۆڤ بەردەکان
دیلن لە نەو دەڤ
موتربە بە ڤایرەسی مەرگ
بەردەبانی مرۆڤکان
لە خوێی جگەلەی مەرگەوە ترازان
ئاشوفتە بون
لە نەوان کەژی وونبوون و
پردی مەرگ و سەما
واهەستی کرد لە ئاوێنەیکی ترا
لە نوری بەردەم تونێلی خەونکی ترا
بوتەوە بە کەپە ووشە
تا بنوسە
برینە لە عیشقی ڕەق
وەک بەرد
بەیاری دا
فەرامۆشی کا
شیرە لە چەقینی نەو برینی ڕەح
لەسەر پێڵەی ڕەشی چارەنوسیش
ڕەبوارە پرسی
کام توانەوە لە ڕەژە سەرابیەکان
کام هاتنی پڵڵە کەتری ڕەشی بەهودەیی
کام حەزی مانەوە
لە مەرگی شینی چاوانی ئەو
کام چیرەکی بریندارە
خەڵە وونەکانی شەوی شیعر بیانهێنە
هەڵکاری خەیاڵ
تەماشاکردنی پەیکەری تەمەن
هەر کە گەیدەیەک
دوا نامەی لە پشت ئەقیانوسی وونەوە نوسی
میوەی فیردەوسی ئەستای پێنیە
بەتاڵبونەوەی تەلیسمی دونە
لە تیاڵامانی سەحرئامێزی ئەو
دەستپەکردنەوە بەگەڵانی
نەو بەردەبانی بیرەوەریەکان
وەک خەو بوو
ئەفسانەی هاتنیان
وەک تای سەرمەرگ بوو

ئاشووبی بوونیان
بە نائارەزوو ترازندیانە
ئەشکەنجەی گیانی خودی خەی
بە ئارەزوو
لە ئامێزیان گرت
جەستەی پە تەم و خەو و مەرگی یەکتر
بەردەوانە ژیان
لە سەرەتادا
زەوی هەڵکشراوی نشوی بەستەڵەکی نەبوون
ڕح لە هەساری تەنیایی خەیدا
مانگ کەڵراوی نیشتیمانی زەڵ خاکی وشە بوو
خوێنیش ڕەمانی نەنوسراوی ئاوی مانەوە
گەرچی ڕەگی پرسیارە
لەسەر مەرگی دە ڕوا
گەرچی لەوکانی ئەو کچانەی
لە چاوەڕوانی هەڵە ئاتونیەکانا
بوونە بەرد
پشکەی چاوانی
ئەفسانەنوسیش
زەر دەمکە کوژانەوە
لە زەمەنی ڕەژە بەردەوان
خواوەندی بەرد دروستی کردن
ئەچنەوە ژەر نمە لمی بەهودەیی و گومرایی
لەبەهارەکی بەژموردەدا
ئاسمانیش هیچ دەرگایەکی تری نیە
جگە لە جادوو
هەموان لە دەوەجامەی گەردوونا دیل
زمانیش، لە تەڵەی
بەدەنگی ڕزگاری نابە
بەردەوانی وشە ڕەژەکانە
قفە ئەکاتە پەکان
وەک کەلە سەری ساڕەکان
بەردەکان خەڵر ئەبنەوە
هەر وەک دەرزی
تیشکی چاوی ئەستێرەکانیش
بەیداخی ڕەشی شەوزەنگە ئەبەڵە
بەهام ئەوارەیەکی زیوین

چی پێ ماوە
تاوەکودەرگای ئاڵتونینی قەفەزی دەی تێ بکاتەوە
دار خورماکانی ئابردو
پێش گەیشتنی ئەوان کلێر بوون
تەم ئوخسارێ بویت
زەریاپێشێ بووم
ئامایین
لێ نێو بەردەبانی ساباتێ لێ تەم
چی سەمەرەیەکێ چرکێ بوونەکان
چی سەمەرەیێ
بوونێ چرکەکان
لێشریتی پجێاوی فلیمێکی پچڕاو
زیاتر هیچیتر نیێ
نمایشی ئەوان
بەسەرهاتەکانی نێو گەردوونی بەردەبان
ئەمانی نوسراوی دەستی خەمانێ
بەردەبانێ
حەزەکان
بەردەبانێ
مژووی پەروانێ مرۆڤ باسوتاوەکان

.....

وێنەکێ کارەکی هونەری فۆتگرافەری بەریتانی
(Tim Hill)
بێ سوپاسەوە لێ پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە

نیــو تــابلۆی تەواو نەکــراو.. نەوزاد بەندی

خەر ئاوا بوو ،
خۆ بە دوو کوپ قاوێ

ئەوەرین
بەوا ناکەم پەمان بوەرن ..
عەسرێ
خەمان هەیئەبژەرین ..
نەک خەی هەمانبژەرێ ..
کورسی و مەزێ ،
لێ کەناری هەوباریکی
زور دەرین ..
خەمان چرکەکان ئەژمەرین
ناهەین
چرکێ بمانژمەرێ..

ـــــــن . بەندی ……دەسپێکی2021ـــــــ

گۆڤ.. کەنعان مدحەت

ئەو شنەیە پەوەی دیارێ
بەن و بەرامەی بەهاری ، تاقە بارێ
بە دەم بنوسێ و خەنیم کاتەوە
کەی تەش جوانی و ئارەزووت وەک ئەو تیا
کەبووەوە
بەشک ئەودەم ،
لەوم بێ تەش دەکەوێتە سەما و
ماچم بێ سەرێتا داهێژ
رەزامەندیتش ،
بێ ئەنجامگەیاندنی روکەشکانی نوێژ …

ئەو شمشاهێ ئاشقەی پەخشی هەناسەت
بە تەنها و تەنها پەنجەکانتی نوقسانێ
دە شانێ بە شانێ بیلاوێنێ
با تەر بمخرێشنێ و
دەی زووخاوم لێت لێت کات
خێ من لێ یەکەم تەفی تەمەوێ

سەرەستی تۆ و
شەیدای بەنی گوڵکانی سنگتم
ئەو گوڵانەی کە بە درێژیی تەمەن
ئاوەزانی خۆ پێناسەکردنی پێنجەنم بوون
بەنیان بکات ..
با بە هەڵا نەڵێین ، گوڵە !
هەمو گوڵە شایستەی شانازی و
بەنکردنە ..
ئەگەر جاری وا لووت نەفرەتی لە دەکا و
جاری واش خودی گوڵ بە خۆی
بەنی لە دەوەرتەوە
بەهام بەنی تۆ هەرگیزاو هەرگیز
نە سەرتا و
نەش کۆتا دەیگرێتەوە

پەکەنینی ناو گریان.. عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

منی بچکۆلە هەر کە هاتمە ژین
بە گریانی من کەوتنە پێکەنین
فرمێسکی شادی لە ڕووتان باری
بە ئەوە بووم بە مایەی بەختیاری
هەرێک بەجارێک وەسفی دەکردم
چی جوانیم هەبوو بە خۆی دەبردم
یاخود هەرکەس کەی خۆشبوویستایە
دەیوت بەبە گیان وەکو ئەو وایە
هەر ڕۆژی جارێک خەم نیشان دەدا
هەتا دەخۆشی بە هەمووان بگا
ڕۆژێک وەک بابە ڕۆژێک دایە گیان
ڕۆژێکیش تەواو وەکو هەردووکیان
بەهام ئێستاکە هەروەکو خەم وام
نازدار و شیرین جوان و بە هاوتام

هەر سەرنج دەدەن لە دەست و قاچم
بە تەنها ساتێک لە بیرتان ناچم

٢٠٢١/١/١

بیـــروەری هـــونەرمەندی ســـەختەکانی پێشمەرگەیەک: دوان لە مۆزوولکی سانسکراودا.. شاخەوان شـــەش

کتێبی "بیروەری رۆژە سەختەکانی پێشمەرگەیەک" کە لایەن بـرای بەڕێز ئازاد کاکل نووسراوە، گێڕانەوەی مۆزووی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی ساڵانی ١٩٨٢ – ١٩٨٤ـە، کە بەڕێی ئاماژە بە ململانێ و شەڕی نێوان پارتە سیاسیەکان لە دەشتی هەولێر و خۆشناوەتیدا دەکات و هەندێ گێڕانەوەی کورتی شەڕ و ململانێکانی پێشتر و دووتکردنەوەی مۆزوویش دەگرێتەخۆی. کتێبەکان لە ساڵی ٢٠١٥ لەشاری هەولێردا چاپکراون. پێموایە هەر نووسینێکی بەویژدانانە لەم مۆزووە لەم دیدە جیاوازەوە جارێک "سانسەری" لەسەرە، بۆیە لای من گرنگی تایبەتی هەیە و پێموایە بۆبە زانینی ئەم مۆزووە تێگەیشتنمان لە تێکۆشان و ململانێکانی خەباتی چەکدرای دوای هەرەسی خەباتی چەکداریی ئەیلول ناتەواوە.
پێویستە بگوترێت کەوا بیروەری گێڕانەوەی مۆزووکی دیاریکراوە سەبارەت بە بەسەرهاتەکانی کەسێک لەم ماوەیەدا لەدیدی ئەم کەسەدا، بۆیە گێڕانەوەکە بەهاهەڵگرە و لایەنگیرە. چونکە ئەو کەسە خۆی کە لەناو ووداوەکاندایە، بەسەرهاتەکان بەپێی دیتن و تێگەیشتنی خۆی دەگێڕێتەوە. سەبارەت بە گێڕانەوەی مۆزووکی سیاسی کاتێکی دیارکراو، لەبەرئەوەی مۆژووکە پەیوەندی بە کۆمەڵگەیەک هەیە، نووسینەوەی بیروەری ئەرکی نووسەر زۆر سەخت دەکات. دیارە نووسەر خۆی بەیاردەرە لەوەی دەیەوێ چۆن مۆژووکە بگێڕێتەوە و چ ڕووداوێک بخۆی بدات، چونکە وەکو گوتم بیروەری گێڕانەوەیەکە لەدیدی تایبەتی کەسەکەوە. ئەگەر گێڕانەوە بیەوێ خۆی لە قەڕەی بڵایەنی بدات، پێویست دەکات بەچاوی ڕەخنەوە بنووسێت، باش و خراپی خۆی و

ئەوانیتر بێت، لەسەر خۆی و ئەوانیتر باز نەدات. ئەگەر خۆی لە ناو هەوداوەک نەبووبێت و لەخانەی کەسی سێیەمدا بێت، پەویستە لەزاری کەسی یەکەم لەچەند دیدێکی جیاوازی ئەوانەوە بیانگێڕێتەوە کە ئاستەوخۆ بەشداری هەوداوەکە بووین. هەروەها نووسینی ناوی کەسەکان و شوێنەکان، ژمارەی تەواو و نزیکەوتەکان بیرەوەری بەهێز دەکەن و گرنگن. بەگومان ئەوە کارێکی ئاسان نییە و بەکەشە نییە. دیارە دەکرێ زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بنوسرێت.
هەرکە کتێبەکان گەیشتنە دەستم خەم پێ نەگیرا و بەخرایی لاپەرەکانی کتێبەکەم هەڵدایەوە و سەیرێکی خشتەی ناوەرۆکی کتێبەکانم کرد. سەردێڕەکان زوو بردمیانەوە سەرەتای هەشتاکان و بریندەکانمیان کولاندەوە. لەدیدی منەوە سەردێڕەکان گریانی خەباتێک بوو لە ئاقاری رامیارە هەرزەکاندا، تێئالانی هەست و سۆز بوو لە تەونی ئاوەزی مێژووی ئیپیکێک کە تیایدا مرۆڤە جوانەکان وەکو گیا هەوێرین و خوێنەکان بە ئارەزووەکانی سەرەک و پارتی پشێو لەخاچدران، ئەو ئیپیکەی بە تاهەتایە بریندارێ کردم، بەڵام نەیتوانی پاکی و بوێری مرۆڤە جوانەکان لە ئەندێشە و هزرمدا بسڕنەوە.
کورد دەڵێ "گوریس لە ئێستووریدا دەپسێت"، لەم دووبارگی ئەم کتێبەدا خوێنەر ئاشنایەتی لەگەڵ بەهەزیی حزبی سۆسیالیست لە دەشتی هەولێر و خۆشناوەتیدا پەیدا دەکات، نووسەر خوێنەر هەڵدەگرێ و بە دەیی هەڵەدەری شەڕی سەپێندراوی براکوژیدا تێیاندەپێنێت و گوزارشتی ڕیالیستانەی پەرتەوازەیی و لاوازبوونی ئەم هێزە گەورەیە لە سنوری پارێزگای هەولێردا دەکات. بەڵێ کتێبی "بیرەوەری ڕێژە سەختەکانی پێشمەرگەیەک" گێڕانەوەیەکە گوزارشتی لاوازبوونی پارتەکی گرنگی گەڕیانی خەباتە بەهای شەڕی براکوژیەوە. ئەو شەڕەی کە هەمیشە لەنزیکەوە بەشێوەیەکی سەرەکی خەڵکە ئاساییە شەڕشگێڕەکە داویانە و بە خەباتی ژێرگاری گەلیش باجێکی یەکجار قورس بووە و دەرهاویشتە نگەتیڤەکانیشی لەسەر کۆمەڵگەدا درێژخایەنن.
لە ڕاستیدا بە کەسێکی ئاسایی دانیشتووی کوردستان ئاسان نییە لە ڕاستیە تاڵەکانی ئەو سەردەمە سانسەرکراوە بدوێت، دان بە هەڵە و کەموکوریەکانی حزبەکەدا بنێت و لەهەمان کاتدا بوێرانەش پێنجە بخاتە سەر تاوان و پێشێلکارییەکانی ئەو حزبانەی کە ئێستا لە کوردستاندا دەسەڵاتداران. هەمیشە ئاسانە ڕەخنە لە حزبێک بگری کە دەسەڵاتی نییە و لاوازە یا لەناو چووە، بەڵام لە سەیری ڕەخنەگرانە لە مێژووی ڕابردووی حزبێک کە دەسەڵاتی هەیە بوێری و قوربانیدانی گەرەکە.
ئەم کتێبە خۆی جیادەکاتەوە لە گێڕانەی مێژووێک لەدیدی بەرپرسێکی

سەردەمی شاخدا لەسەرووەوە بەوانەتە ڕووداوەکانی خواروی خۆی، بەڵکو ئەم کتێبە قاچەکانی خوێنەر دەباتە بنی لەژایی کێنداری ڕاستییە تاڵەکان. هەروەها گوزارشتەکانی ئەم کتێبە پڕخشان نووسین و گوتن و گۆرانوێی ڕەمانسیانە نین، تاکو ڕووداو و بەسەرهاتەکان بە وشە و ڕستەی درێژدادی پڕلە ئاوێناو بنووسرێنەوە، بەڵکو گۆرانوێی پیشمەرگەیەکی ماندووە کە خوێنەر بە کێدا دەدا و بە ئەملاوئەولا دەک و قامیشلانی ناو زەندەر و هەرەتان دەبێ و دەچێتە پێش. گۆرانوەکان لەدیدەکی بە پێچ و پەناوە گوزارشت دەکرێن. ئەوانەی ئاگاداری ڕووداوەکان بوون و وابەستەی خەباتی ئەو سەردەمە بوون لە دەشتی هەولێر و کۆیە و خۆشناوەتیدا، زوو تێدەگەی هەناسەی نووسەر لە گۆرانوەکاندا دەبن و هەنگاوەکان بەیەکەوە هەڵدێننەوە. دیارە پەموایە ئەوانەی کە بەم مەژووە و ڕووداوانە نامێن ئەوانیش دەکەونە ژێر تەوژم و کاریگەری گۆرانوەکان، چونکە گۆرانوەی مانەوە لە دەشتوپەناو پەسیوان، هەیشتنی شەوورێژان، شەوپەکدادانی جەرگبڕی نەوخەیی و گۆرانی درامایانە لە ڕووداوەکاندا وادەکەن خوێنەر حەز بە تێگەیشتنی ئەو هێژانەی پەشمەرگایەتی لەنزیکەوە بکەن.

ئەوەی کاک ئازاد لەم کتێبەدا دەیانگێڕێتەوە، کەمتەرن لەوەی کە ڕوویانداوە، وە ڕووداوەکان زیاتر هەڵدەگرن، هەروەکو خەی ئاماژەی بە دەکات، بەڵام ئەوە گۆرانوەی سایانکی خەباتە کە زۆر کەم لەسەری نووسراوە. زۆرن ئەوانەی بەشداریان لەو ڕووداوانەدا کردووە، بەڵام دەگمەنن ئەوانەی لەم دیدە جیاوازەوە لەسەریان نووسیوە. هەکەشی ئەوەیە بەرژەوەندیەکانی ئەوان ئەوە ناخوازن دەست بە ئەم مەژووە بەرن. دیارە هیچ گومان لەوەدا نییە، کە دەکرێ ئەوانەی لە ڕووداوەکانی ئەم مەژووەدا بەشداریان هەبووە لەگەڵ هەندێ لە وردەکاری گۆرانوەکان ناتەبابن یا زانیاری دیکەیان هەبێت، ئەوەش تایبەتمەندیەکی سروشتی گۆرانوەی بیرەوەرییە، کە لە دیدی تایبەتی کەسکەوەیە. لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لە کتێبی "قادر شەش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان"دا هەوەمدا لەگەڵی دیدار و چاوپێکەوتندا بەشێکی ئەو مەژووە بنووسرێتەوە و باوبکرێتەوە. ئەوسا زۆر کەم لەسەر ئەم مەژووە نووسین هەبوو و ئەو نووسینانەی هەشبوون لاواز بوون. بەگومان ئەو نوسینەی کاک ئازاد کە ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندی هەیە بەشداریەکی زۆر گرنگە لە تیشک خستنەسەر ئەو لایەنە پەراوێزخراوەی خەباتی چەکداری ئەو سەردەمە.

ئازاد وەکو لاوێکی بە بەش لە ژیانێکی ئاسایی بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی لاوەتی، وەکو خەی دەنووسێت "لە هەڤەتی لاویدا بووم، زۆر ئاشقی تفەنگ و ڕەخت بووم. ئەوەندەی ئاشقی بۆژن و باڵای

تفەنگەکی بۆنە بووم، نیو ئەوەندەش ئاشقی بۆژن و باڵای بەرزی کچە کوردەکی ئەسمەری چاو ڕەش نەبووم" . ئەو هەندە لەژێرکاریگەری هەواڵی پێشمەرگە گیانبازەکاندا بوو، یەکسەر ئاشقی تفەنگ و یاخیبوون دەبێت. بۆئاگایانە تووشی لە ئارەزووە سەرکوتکراوەکانی گەنجێتی، تووشی لە ترسولەرز و ژێردەستەیی دەسەاتی داگیرگەر، تامەزرۆ بگەیشتن بە پێشمەرگایەتی و نەوزادی برا و هاورێ، یاخی دەبێت و بەپێڵە ڕووی لە دەشت دەکات بۆ ئەوەی تازووە فریای کاروانی خەبات بکەوێت. ئازاد بۆئاگا لە کێشە و ناکۆکیەکانی خەباتی چەکداری دەچێتە ناو باوەشی جەنجاڵی پێشمەرگایەتی.
نووسەر سەرەتای بیرەوەریەکانی بە چوونی خۆی بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە لە هەرەمی دەشتی هەولێردا لەژێر فەرماندەیی قادر مستەفادا دەست پێدەکات، بۆیە یەکسەر دەتەسەر ڕۆژە بیرایەکانی خەباتی چەکداری لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ دا، ئەوسا هێشتا لە دەشتی هەولێر پێشمەرگە بەهێز نەیاندەتوانی لە گوند و ئاوەدانییەکاندا بۆ ئاشکرا بمێننەوە. ناوچەی دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە دەشت و گردەکەی ڕووتی زۆرە، مانەوە لەم ناوچەیەدا شارەزایی دەویست لەکاتێکدا ژەمی بەعس لەبەهێزیدابوو و بەسەی هێزەکانی جاش و ئەمن بۆ هێزەکانی پێشمەرگە زۆربوون، وە هەلیکۆپتەرەکانی ژەم ڕۆژانە لەسەر ناوچەکەدا گەشتیان بوو. نووسەر بەکورتی لەسەر ئەم شێوەیەی خەباتی پارتیزانی لەژێر سەبەری هەلیکۆپتەری بەعسدا دەوەستێت. دوای ئەوە بەکورتی دەتەسەر گوزارشتی هێزەکان و ناوکانیان لە ناوچەکەدا، لەردا نووسەر باسی هەموو هێزەکانی پارتە سیاسیەکانی دەڤەرەکە دەکات کە حزبی سەسیالست، یەکێتی، حزبی شیوعی و پاسەک بوون. ئەمەش وێنەیەکی گونجاو بۆ خوێنەر لە قەوارەی هێزەکانی ئەو سەردەمە دروست دەکات. نووسەر دێتەوە سەر هێزەکانی حزبی سەسیالیست و کێشە و کێموکوڕیەکانی ئەو هەزانە دەخاتەڕوو. پاشان گوزارشت لەهەندێ چاڵاکی هێزەکانی پیشمەرگە لە دەشتی هەولێردا لە نزیکەوە دەکات، چەنیەتی شێوەی پارتیزانی ئەوە لەنزیکەوە و لەناو ڕووداوەکەوە بۆخوێنەر دەگێڕێنێت. نووسەر لە گوزارشتی ناوچەکە و هێزەکانی ئەوەوە دەتەسەر بابەتی ململانێی پێشمەرگەکانی سەسیالیست و یەکێتی و پەرتەوازەیی هێزەکان، پارەکەکردنەوە و سەرانە وەرگرتن، چاڵاکی و نەبەردی و گیانبەختکردنی پێشمەرگە و دەستی ژەم لەهێزەکانی پێشمەرگەدا، پاشان دەتەسەر هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ لەنێوان هێزەکانی سەسیالیست و یەکێتیدا وە ئەوەش دەبێتە بابەتی سەرەکی بیرەوەریەکان. بەمجۆرە بوون بە بەشێک لە هێزە گیانلەسەردەستەکانی پێشمەرگە دژ بە هێزەکانی ژەم کە ئەو خەونی پێیانەوە دەبینی،

هێندە درێژناکێشن کە ناکۆکی نێوان هێزەکان دەستپێدەکەن و لە پایزی ساڵی ١٩٨٢دا کێشکەکان ئاراستەیەکی تەواو نەخوازراو وەردەگرن.

بە باشتر تێگەیشتن لە ناکۆکی نێوان ئەو دوو پارتە، نووسەر دەگەڕێتەوە دواوە و گەڕێتەوە بۆ دروستبوونی بزووتنەوە و جیابوونەوەی لە یەکێتی و دواتر هێندە لە شێ و پێکدادانەکان و کوشتنە ناڕەواکان، پاشان دەگەڕێتەوە سەردەمی پێشمەرگایەتی خۆی و ناکۆکی و پێکدادانەکان لەوێ. هۆوداوەکان خۆنەر دەتاسێنن و لە یەکێکەوە دەیانگوازێتەوە بۆ یەکیتر. ئەگەر مەبەست لە گێڕانەوی هاوبەردوو دەرخستنی هاستیەکان بەشێوەیەکی گونجاو بێت، بێگومان گێڕانەوە لەلایەن کەسی سێیەمەوە پێویستیان بە وردکردنەوەی زیاتر و دیدی جیاوازی زیاتر هەیە، دیارە نووسەر ئاگاداری ئەم لایەنەیە بێیە هەوڵیداوە لەچەند سەرچاوەیەکەوە ئاماژە بە هۆوداوەکان بکات، ئەوەش گێڕانەوەی هۆوداوەکانی دەوڵەمەند کردووە. وەکو بە نمونە لە هۆوداوی کوشتنی فەرامندەی هەرەمی ١٤ی سۆسیالیست عەوڵا سوور، دوای خەدانەدستی لەلایەن نەوشەروان مستەفاوە یا کوشتنی دیلەکانی شێی قەراسنج لەلایەن یەکێتیەوە ئەم هەوڵە بە هۆونکردنەوەی هاستیی هۆوداوەکان تاادەیەکی باش دراوە، بەڵام بێگومان دەکرێ باشتریش بێت.
خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئاماژە بە چ سەرچاوەیەک دەکرێت. گێڕانەوەی کەسی یەکەم لە دیدی دژ بەیەکەوە یا بەتایبەتی کەسانێک کە هیچ بەرژەوەندیەکی سیاسیان نییە زێر گرنگێ بەپێی توانا بە هۆوداوەکان هەبێت، کە لە هۆوداوی کوشتنی شێرکۆی شێخ عەلیدا یا شەماڵ و سەربازدا وەکو پێویست نییە. بەڵام ئەم بابەتە کە لاکردنەوەیەکە لە هابردوو کە هەوڵێکی نووسەر بە ئاشناکردنی خۆنەر بەهۆوداوەکانی هابردوو لێرەدا کەتاییان نایێت، چونکە ئەوەی نووسراوە هەموو زانیارێکان نییە. کتێبێکە لەساڵی ٢٠١٥دا چاپ کراوە، ئەستا زانیاری زیاتر لەسەر زێر لە هۆوداوەکاندا بەاوکراونەتەوە و چاوەڕوانی زانیاری زیاتریش دەکرێت. بێگومان خۆنەر دەتوانێ لەلایەن خەیەوە ئەرکی زیاتر بە کەکردنەوەی زانیاری زیاتر بکەشێت. پەمەوایە ئەوەی قوتابیی زێر بە کتێبی "بیرەوەریەکانی هەژە سەختەکانی پێشمەرگایەک" دەبەخشێن و ناوەکێکی دەوڵەمەند دەکەن، گێڕانەوەی ئەو هۆوداوانەیە کە کاک ئازاد خەی بەشداری هاستوخەی تیایاندا کردووە، لە نزیکەوە بە هۆوداوەکان و بەسەرهاتەکان ئاشنامان دەکەن.
وەکو گوترا دوای تەمەنێکی کورت لە خەبات دژ بە هێزەکانی هژم،

لەجیاتی دوژمن پارتەکانی گەلانی خەبات لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سینگی یەکترد دەکەن. لە کۆتایی پایزی ١٩٨٢ دا گرتنی فەرماندەیەکی حزبی سۆسیالیست کاکەسوور قەریتانی لە دەشتی کۆیە لەلایەن هێزەکانی یەکێتیەوە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و هاتنەکایەی کارەساتە جەرگبڕەکان بوو. کاکەسوور لەکاتی گەڕانەوەیدا لە چاپاکیەکدا لەلایەن دەست و برادەرانی کە یەکێتی بوون دەستگیر دەکرێت. زەربەی پێشمەرگەکانی یەکێتی و سۆسیالیست لە ناوچەکەدا خەڵکی ناوچەکە بوون و دەست و هاوڕێی یەکتر بوون، بەڵام وەکو هەوێدا بەرژەوەندی حزب و بەیارەکانی سەروو بە ئاسانی توانی سنووری تەبایی و ئاشنایەتی ببڕێنێت و براکان بگۆڕێکدا بکەن. دیارە ئەوسا خوێن و خولیای بوون بە پارتی پێشڕەو و بوون بە پاڵەوانی گەلان وەکو تایبەتمەندیی پەیوستی پارتی شۆڕشگێڕ دەناسران. بەداخەوە کاکەسوور چەن گیرا و بردرا، هەر ئەو بردنە دەبێ و هەرگیز ناگەڕێتەوە.

لەناوەڕاستی مانگی یەکی ١٩٨٣دا شەڕی گوندی نەرگین و بەسە و شکستی پلانێکی هێزەکانی یەکێتی لە تیکشکاندنی هێزەکانی سۆسیالیست لە بەستی شەرغەدا، وە تاوانەکانی شەڕەکە هەوداوەکە کە بە بەشداری نزیکەی ١٠٠٠ پێشمەرگەی هەردوو بەرە دەبێ، دەیان کوژراو و بریندار و دیل دەرئەنجامی ئەم شەڕە خەکوژیەیە دەبن. بەداخەوە لەم شەڕەدا پێشمەرگەی دیل بەدەستی پێشمەرگە گوللەباران دەکرێت. تائێستا زەر کەم لەسەر ئەم شەڕە نووسراوە و لەرەدا خوێنەر دەتوانێ تاڕادەیەکی باش لە هەوداوەکە بگات.

نووسەر لە زەردارییەکانە لە پێشمەرگەکان سەبارەت بە کەسانی بەندکراو دەدوێ و ئاماژە بە بەویژدانی و نامرۆڤبوونی ئەندامانی پێشمەرگە لەبەرامبەر کەسانی بەندکراودا دەکات، وە ئاماژە بە بارودۆخی هەناوەدی ئەم پێشڵکارییە ناڕێکخراوەییە دەکات، ئەویش نەبوونی دادگایی و سزادانە لەبەر هەشتنەوەی کەس و هێزەکانە لە ڕێزی هەر لایەنێک خۆیدا بەهەر نرخێک بێت. لەوەو نووسەر دەمانبات بۆ شەڕی کەلی قەشقە و بەسەی جاشەکانی سەر بە ئەزەم. لەم بەسەیەدا شەڕی دەستەوێخە هەوداون، خەڵک و پێشمەرگە بەیەکەوە هەڵزی جاشەکان تێکدەشکێنن و هەڵیاندەبەن. خەزگە ناوی سەرکجاشەکان دەنووسران و تۆمار دەکران. وەکو ئەوە مەژووە و پەیستە بنووسرێنەوە. لە شەڕەکانی دیکەشدا ئەم بزرییە بەرچاو دەکەون، نووسینی ناوی سەرێک جاشەکان لە شەڕەکاندا بە مەژوو گرنگن.

بەداخەوە شەڕی خەبەخەیی درێژەی هەبوو و ناوە ناوە دەست لەیەکتر

وەشاندن بەردەوام دەبێ، نووسەر بە زنجیرە دەستەسەریان، لە بەسەدانانەوە بە شەماڵ و سەرباز کە دوو فەرماندەی یەکێتی بوون، بە شێوەی دەڵیسان و تێکشکاندنی هێزکانی یەکێتی لەوەدا، وە بە شێوەی گرتنی ئاشقوڕقە و قاناقە و پشتائاشان و کەمەکوژیەکەی ئەوە دەمان دەتەزێنن، هەوداوەکان بەخەرایی گوزەردەکەن و هەشتا زامەک ساڕێژنەبووە، بریندی دیکەی دەنەسەر.
دوای گرتنی سەرکردایەتی سەیالیست و شیوعی لە بناری قەندیلدا لەلایەن هێزکانی یەکێتیەوە، هێزکانی سەسیالیست تووشی پاشکۆ و پەرتەوازەیی دەبن، شێوەی ناوخۆش لە خۆشناوەتی و دۆشتی هەولێردا بەردەوام دەبێت، نووسەر لەلاپەڕە ١٣٥ دەنووسێت لەشێوەی جلبەسەردا زەر تینووی بووە بە ئاو خواردنەوە دەچێتە ناو گوند و لە ماڵێکدا داوای ئاوی کردووە، ژنێک پێشوازی کردووە و ئاوی داوەتێ و گالەنێکی پەنج لیتریش دەی بە هەناوە تاکو بە هاوڕێکانی بیبات، ژنەکە لەی دەپرسێ "ئەرێ کاکە ئەو شەڕە لەگەڵ کێیە؟" ئازادی تینوو بەپەلە دەڵێ:

"ئەمە سەسیالیستین و لەگەڵ جەلالیەکانن!" ژنەکە پێی دەڵێ: "ئەوە کوردستان بەش دەکەن!؟ بەخوای کوڕم قەت نابینە هیچ!" شەڕ و پێکدادانەکان بەردەوام دەبن، کەمێک لە چەمی قەرەسالم، فەرماندەیەک لە گوندی گرتک، هەندێ لە پێیجە، هەندێ لە پیرداود و هتد. بە گوللەی پێشمەرگەکانی ئەو بەر دەپێکرێن یا بەدیل دەکوژرێن. لە زەربەی بارەکاندا دیلەکان بەئەملاوئەولا لەلایەن هێزکانی یەکێتیەوە کوژراون. هەرەسی وردە وردەی وەری پێشمەرگە، بەزاری لە شێوەی یەکدی، کوژرانی دەیان پیشمەرگە و سەرکردەی قارەمان وەکو سووتەمەنی شێوەی خەبەخەیی و ئارەزووی پێشەوخوازیی، ئازاد بەهیوا دەکەن و ئەوپەڕی نائومێدی دایدەگرێت و وەهامێکی دروستی لەم هەموو یەکترکوشتنە دەست ناکەوێت.
دوای چەکردنی خۆشناوەتی و دۆشتی هەولێر لەلایەن هێزکانی حزبی سەسیالیستەوە کە لەساڵی ١٩٧٨ـەوە پێشمەرگەی سەسیالیستی لە هەبووە، یەکێتی بە یەکەمجار پێیان چێ دەکات و لەناوچەکەدا خۆی دەبێتە هێزی بەکابەر، یەکێتی شێخ جەعفەر بە ناوچەکە دەنێرن، لەلاپەڕە ١٦٧دا نووسەر دەنوسێت "شێخ جەعفەر خەڵکی سنووری دۆشتی هەولێر نەبوو کەسی لەو سنوورە نەدەناسی، دار و بەردی ئەو ناوچەی لە ببووە پارتی و سەسیالیست و شیوعی، تووشی هەر کەسێک دەبوو لەناوچەکەدا شێخ باش، پێش سپی باش، پیاوماقول و جوتیاربایە، چ شوان چ گاوان بایە دەیگوت "سەگ باوک تۆ قایدەی؟ سەگ باوک تۆ حسکی؟ سەگ باوک تۆ حشعی؟ دەتکوژم! هەمیت دەکەم!" … دوای ئەوە دارکاری

لایەنگرانی پارتەکان و خەڵک و سوتاندنی ماڵی پێشمەرگە لە گوندەکاندا دەستپێدەکەن.

نووسەر لەدرێژەی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بە هەوداوەکانی شەڕی پشتئاشانی دووەم دەکات، کە دووبارە هێزەکانی بەرەی جود و یەکێتی دەکەونەوە گیانی یەکتر، ئەمجارەیان هێزەکانی پارتی بەشداری لە شەڕەکەدا دەکەن و هاوکارییش لە ئێران وەردەگیرێت. بەهەمانشیوە لەبەرەی یەکێتیدا دەگوترێت هاوکاری لەلایەن ژەمی بەعسەوە هەبووە. هەرشی هێزەکەی جود بەبێ ئاگای زۆر لە پێشمەرگە بەشدارەکان، بەستراوە دەبێت بە جەنگی عێراق و ئێران، بەتایبەتی شەڕی حاجی ئەمەران کە پارتی هاستەوخۆ بەشداری تیدا کرد و وەکو دەگوترێت ئیدریس بارزانی بەرپرسی بووە. لە بەرگی دووەمی کتێبەکەدا درێژە بەم بابەتە دەدرێت و نووسەر دەتوانێ سەر باسی شەڕی قەندیلی دووەم و چۆنیەتی کاردانەوەی سەرانی پارتی لە شکانی هێزەکەی حەسەن میرخان، کە بووەتەهەی شکانی ئێوانیتر. گومان لێوەدا نییە کە نووسەر زانیاری گرنگ لەسەر شەڕەکە بەخوێنەر دەگەیەنێت، بەڵام خۆزگە لەسەر ئەم بابەتە زیاتر دەنووسرا و زانیاری زیاتر کەدەکرایەوە، چونکە ئەم بابەتەکی گرنگ و کەمە بەرژەوەندی ئاماژ لەسەرەدا پەیوەندیان بە شەڕەکەوە هەیە. دیارە لەهەردوولای جەنگەوە هەوڵدراوە سوود لە هێزکانی پێشمەرگە وەرگیرێت و بە مەرام و ئامانجی جەنگی هەردوو وڵات هاستەوخۆ بەکاربهێندرێن. بەتایبەتی لەبەرەی ئێراندا کە هاستەوخۆ هێزکانی پارتی هاوکاری ژەمی ئێرانیان لە بەرەی گردەمەند و حاجی ئەمەراندا کردووە. لە شەڕی حاجی ئەمەراندا لە مانگی ئۆگستدا ژەمی بەعس ژاری کیمیایی دژ بە هێزکانی ئێران بە یەکەمجار لە جەنگدا بەکارهێنا. بەیەکەمجار بەم بڕفراوانییە هێزکی کوردی هاوکاری سوپای ئێران لە جەنگی ئێران-عێراقدا بکات. ژەمی ئێران هەرشەکەی لەژێر ناوی فەجری دوو ئەنجامدا (بە زانیاری زیاتر بەنمونە سەیری وتاری فەجری حاجی ئەمەران و جێنشایدی بارزانیەکان، نووسینی عەلی مەحمود بکە). کاردانەوەی ژەمی بەعس گرتنی بەهەزاران مەرمندا و پیاوی سەربە خەڵکی بارزانی لە ئەردوگاکانی هەریر و دیانا و قوشتەپەدا دەبێت، کە دواتر هەموویان بەکەمەڵ دەکوژرێن.
وەکو خوێنەر هەرزوو لەمیانەی خوێندنەوەی بیرەوەرییەکاندا بەم هاستییە ئاشنا دەبێت کەوا کەسی خۆشەویستی یەکەمی نووسەر لە بیرەوەرییەکانی ژێر سەختەکاندا نەوزادی براو برادەرە، کە لەشەڕی کەلی قەشقە بە سەختی بریندار دەبێت، زامەکەی زوو چاکنابێتەوە و درێژەی دەبێت. هەرچەنی بەت ماوەیەک لە سەرکردایەتی لە گوندی

سەلوە و زۆوکە دەمێنێوە و دەرئەنجام دووبارە لەبەر سووبووونی نەوزاد کە فەرماندەی کەرت بووە و ویستی چوونەخوارەوەی بەهێز بووە، بەیاری گیانەوە بە خوارەوە بە ناو بەرەکانی پێشمەرگە دەدەنەوە. لەگەڵ ئەوەی هێشتا بەاری تەندروستی نەوزاد تەواو جێگیرنابێت. هەردووکیان بەناو سروشتی جوانی دێ و شاخەکانی برادەستدا تەدەپێن و لە گوندی بارزانی چێکراودا دەگیرسێنەوە. نووسەر گوزارشت لە جوانی سروشتی ئەو دەڤەرە دەکات و پێیوە سەرسام بووە، هەروەها لە هێشەکانی شاخەکانی بارزان دەدوە و کەدەبێتەهەی ئەوەی هێزەکەی سەسیالیست و شیوعی گوندەکەی ئەوان چێکەن و بچنە گوندەکانی دەوروبەر.
زەرناخایەنە کە بەیاری گیانەوەی هێزەکان بە خەشناوەتی و بێانەتی و دەشتی کەیە و هەولێر دەدرێتەوە. هێزەکانی شیوعی و سەسیالیست ٢٠٠ کەسێک دەبن بەفەرماندەیی قادر مستەفا و مەلا بەکر و عەلی حاجی و محەمەد حەلاق و هەندێکیتر ەوو لە خەشناوەتی و بێانەتی و دەشتی هەولێر و کەیە دەکەنەوە، گیانەوە بە ناوچەکان زەر سەخت دەبێت و لە جەرەک لە خەکوژی دەچێت، چونکە یەکێتی لە گفتوگۆدابوو و ژمارەی هێزەکانی زەر ببوو، چەک و تەقەمەنیان زەر بوو، شارەزای هەموو ناوچەکە بوون و کون بە کونیش لەدوو پێشمەرگەکانی سەسیالیست و شیوعی دەگیان. جگەلەوە ژمەی بەعسیش لەلایەن خەیەوە هەوەی لەدانیانی دەدا، یا هاوکاری یەکێتی لە لەنێوبردنیان و شێی کوردکوژیدا دەکرد. لە ٢٠ی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٨٤ لە گوندی زێبارەک لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی تووشی شێ دەبنەوە، دوای شێکی سەخت چەند پێشمەرگەیەک لەهەردووبەرەدا دەکوژرێن و بریندار دەبن. دوای ئەو شێ و شکەت و ماندوو لە زێبارەکەوە بەرەو ژاڵەهاتی کەیە بەدەکەون و کەمێک دەل و شاخ و شیو و دەشت دەبڕن دەچنە گوندی قەریتان و سەردانی ماڵی کاکسوور دەکەن کە یەکێتی بەدیلیانگرت و دواتر بە بەیاری سەرکردایەتی یەکێتی گولەبارانیانکرد.
تەنها شەوەک لەوە دەمێنێوە و لەبەر گەیشتنی هێزەکانی یەکێتی بەناچاری دەڕۆن. لەبەربەیاندا بەهەرەت و شاخان دەکەون و دوای دوو شەو ەیشتن و شکەتی لە گوندی قەراسنج دەگیرسێنەوە، لەگەڵ ئەوەی پێشبینی ەووبەووەی هێزەکانی یەکێتیان لەوەدا کردووە. لە گوندی قەراسنجدا هێزەکانی یەکێتی پێیان دەزانن، بەهێزی زەرەوە، بە جادەکانی دەربەند و کێ و حوجراندا بەبەرچاوی هێزەکانی ژەم دەوریان دەگرن. لە ٢١ مانگی شەشی ١٩٨٤دا شێی کوردکوژی بەگەرمی لە گوندی قەراسنجی بناری چیای سەفین دەستپەدەکاتەوە... ئەم شێی قەراسنج ەووداوەکی پێ لە تاوان و

کارساتە، کە کاک ئازاد زەر بە ووردی لەدیدی خۆیەوە لەناو شەکەوە بەجوانی گوزارشتی دەکات.

لەاستیدا نابەرابەریکی گەورە لەنێوان ئەم دووبەرەی شەدا هەبوو، هەزەکانی سۆسیالیست و شیوعی ماندو و شکەت بوون و کۆشەی شوێنی حسانەوە و کۆمی تەقەمەنی و خراکیان هەبوو، هەرچی هەزەکانی یەکەتی بوون بەچەکی باش و تەقەمەنی زەر و لەژەر چەتری ژەمدا بە ترومبێل و پیکاپ ئازادانە دسوانەوە، هەزەکانیان کەکردەوە و لەماوەیەکی کەمدا دەوری ئەو هەزەکەی سۆسیالیست و شیوعیان بەتەواوی گرت... لەکاتی ئەم شەدا بەەکەوت بەهەی سەردانی خزمەکمان لە گوندی کەە بووم، وەکو شایدحاەک لە جادەی کەە و حوجراندا هەزەکانی یەکەتیم لەسەر جادە بینی، لەنێویاندا بەنمونە هەزەکی دشتی کەیەی یەکەتیم بینی ترومبێلەکانیان اگرت و هاتنەخاوەرەوە، پاشان بەپێلە سواربوونەوە و ەیشتن، لەنێویاندا فەرماندەی کەرت شمدیل و دووانی دیکەم ناسیەوە کە ناوەکانیانم لەیاد نەماوە. بەاستی دیمەنیکی ئازاربەخش بوو، کە دەمبینی کورد دژی کورد شە دەکا و ژەمیش هاوکاری پاسیف دەکات و سەیردەکات. نامەوێ چیتر لەسەر ئەم بابەتە بەم، چونکە پێویستە ئەم کارساتە لە کتیبەکەی کاک ئازاد خۆیدا بخوێنەوە.

لە کتایدا دەکرێ بپرسین ئەم شەی ناوخۆیە لەپای چی؟ دەکرێ خوێنەر جارەک لە وەامی ئەم پرسیارەی لەم کتێبەدا دەستکەوێت. بەگومان لە هەردوو بەرگی بیرەوەریەکاندا زانیاری زەر هەن کە لەم ماوە کورتەی ژیانی پێشمەرگایەتی گەنجێکی خەرلەخەنەدیودا هەن. بیرەوەریەکان گەەانەوەیەکی چەی ەوداوەکانی نێوان سالانی ۱۹۸۲ – ۱۹۸٤ ەە. گەرانەوەکان سەدان پرسیار دروست دەکەن و جەرگبڕن و کارەسات ئامێزن، ەوداوەکانی مەژووەکی گرنگ گوزارشت دەکرێن، بەڵێ بەدڵنیاییەوە ئەم کتێبە شایانی خوێندنەوەیە.
دەستخۆشی لە کاک ئازاد کاکل دەکەم و هیوادارم کاک ئازاد بەرگەکانی دیکەی بیرەوەریکانی وەکو ئەو دوو بەرگە بەهەمان هەناسە و بە زانیاری زیاترەوە بنووستەوە و بەچاپی بگەیەنێت، کە بەگومانم کەمەی ەاستی گرنگی مەژوویی لەخۆیان دەگرن.

شاخەوان شەش
۳/۱/۲۰۲۱

قاسم سلێمانی جیڤارا بوو، یانی عەلی کیمیاوی؟.. عەلی مەحمود محەمەد

دەمەوێت جیا بم و جیاش قسە بکەم, نە وەك گەشتیارانی باشووری بێ شیمالی ئیران بدوێم, وە نە وەك سیاسیە پێ ئیرانیەکان لەمێ کوردایەتی بە فایلەوە دروشم بدەم, وە نە وەك ئەو تەرزە نووسەرانەش لە مانای ئازادی و ئەخلاق پەیوەندی نێوانیان لە فکرو نووسیندا تێنەگەیشتوون بیربکەمەوە, وە نە وەك هەنسکەی گریانی پرسەکەرانی سیخوخانەکان هەوەست بنوێنم, نە وەك ئەو پرسەو شەپۆرەی کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ حاجی قاسمی سلێمانیان بەرپا کرد بجوڵێمەوە, جیاش لەو چەپەی ئەمەریکاو ئیسرائیل عەقڵیانی کۆر کردۆتەوە, ئەوەی دژی ئەوان بێت دەیکەنە شڕشگێ, دەبێت مێژوو لە دوارۆژدا چی لەسەر ئەو نووسین و راپۆرتانە بڵێت؟, کاتێك نەوەکانی داهاتوو خوێندنەوەیەکی ئەخلاقی بۆ وێنەی ریزی پرسەگەرانی سیخو خانەکان و رەفتارو نووسینەکان دەکەن؟, چی دەڵێن کە دەبینن گەلێکی قەسابی کراو چێن ستایشی جەلادەکەی خێی دەکات و چەقێی ملی خێی دەلێسَتەوە؟, چێن ژمارەی فایلدارانی جاسوسخانەکان زیاترن لە فایلدارەکان بەعس.

سلێمانی کێ بوو؟, چێن پێشکەوت ؟

لە 11ی ئازاری 1957 لە گوندی " کەناۆ مالك" قەنات ملك " ی ژمارەی دانیشتوانی 441 کەس,119 خێزان " سەر بە ناوچەی رابور " ژمارەی دانیشتوانی 35341 کەس,7664 خێزان " لە پارێزگای کرمان لە خێزانیکی جوتیاری زۆر هەژار, کە بەهێی چاکسازییەکانی زەوی ساڵی 1341ی شاوە, پارچەیەك زەویان بەکەوت, منداڵێك چاوی بە ژیان هەڵهێنا ناویان نا قاسم, ناوی باوکی حەسەن و ناوی دایکی فاتمە سلێمانی, دەڵێن سلێمانیەکان بە بنەچە لوێن و لە ناوچەی لورستان و بەختیاریەوە لە دەوروبەری ساڵی 1750 زاینی کۆچیان کردووە بۆ پارێزگای کرمان, ئەو بە ناوی قاسمی کوێی حەسەنی کوێی ئیمام عەلیەوە ناوی موبارەکی نراوە, ئەویش کە گەورە بوو وەك هەمان قاسم پێیی وابوو مردن وەك هەنگوینە لە پێناو عاشوراو حوسێندا, 40 ساڵ

پەستاڵی سەربازی دانەکەند, تا لە کۆتادا هەنگوینەکەی بە نسیب بوو, تەنانەت لەناو هەنگوینەکە وا توایەوە, ئەنگوستیلەکەی پەنجەی و پشتەاستکردنەوەی پشکنینی دی ئێن ئەی نەبوایا, دەوترا وەك عیساو ئەبو زەی هەکەشراوە بێ تەبەقە ناناسروەکانی ئاسمان, دەبوایە لە چاوەوانی بونایە بە مەهدی بوون بگەڵابایەتەوە, ئەو 5 براو 5 خوشکی هەبوو, یەکێك لە براکانی بەناوی سوهراب سلێمانی بەڕێوەبەری زیندانی تارانە, بە دڕەقی بەرامبەر بە زیندانیان و پشێلکەری مافی مرۆڤ وەك جەلادێك لای ئازادیخوازانی ئێران ناسێنراوە, بێ خشی زوو خێزان پێکەوە دەنێت, دو کوڕو دوو کچی دەبێت, حوسێن و محەمەد رەزاو زەینەب, کچەکەی دی ناوی نەزانراوە ", ناوی هەموو منداڵەکانی عەشقی قوڵی شیعەگەرایی پێوە دیارە.
ئەو لە بەر هەژاری تا پێلی 5ی سەرەتایی خویندو ساڵی 1969 واتا لە تەمەنی 12 ساڵی, لە لادێکەیانەوە ێو لە شاری کرمان دەکات بێ کرێکاری بیناسازی, بێ هاوکاریکردنی خێزانەکەی, تا قەرزە نێ هەزار ریاڵییەکەی سەر باوکی بداتەوە, دواتر لە ساڵی 1974 لە فەرمانگەی ئاو ئاوەڕەی شاری کرمان دەبێتە کارمەند.
لەو کاتەی شۆڕشی گەلانی ئێران کێپەی سەندبوو لە لایەن گەنجە چەپگەراکانی ئێرانەوە, ساڵێك بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران, لە رێگای حوجەتوالئیسلام سەید رەزا کامیابەوە, کە لە مانگی رەمەزان لە شاری مەشهەدەوە هاتبووە کرمان, پەیوەندی بە خەتی روحواللە خومەینیەوە دەکات, هەر کامیاب دواتر سولێمانی بە ئایەتوڵا خامنەئی دەناسێنێت و دەرگای چوونە پێشەوەی بێ دەکرێتە سەر پشت, کە پاشتر ناوبراو یەکێك دەبێت لەوانەی لە لایەن رێکخراوی مجاهدینی خەلقی ئێرانەوە دەکوژرێت لە 7 موردادی 1360 ″ 28-8-1981 ", ئەوان شەرمنانە بەشداری راپەڕینیان دەکرد, پەیوەندیەکەی تەنها زارەکی بوو وە هیچ چالاکیەکی هەستپێکراوی نەبووە دژ بە رژێمی پاشایەتی, دەنا ئێستا بە شانازیەوە لە سیڤیەکی گەورەتر لە خێی نیشان دەدرا, لە کاتێك وێات کێپەی دەداو لاوانی چەپی هاوتەمەنی ئەو پێل پێل بەرەو مەرگ دەچوون بێ روخاندنی رژێمی پاشایەتی, بێ باکانە و بەوپەڕی عەشقەوە دوا هەناسەیان تێکەل لە گەڵ گازی سیانید دەدا, ئەمان لە کونجی مزگەوتەکانەوە بە دوعاکانیان دەکێوزانەوە.
دوای سەرکەوتنی شۆرش بێ سەرکوتکردنی بەرەی شۆرش و سەپاندنی حوکمی ئیسلامی, سوپای پاسداران رادەگەیەنرێت لە لایەن خومەینیەوە لە یەك شەممە رەشەکەی رێکەوتی 22ی نیسانی 1979, قاسم سلێمانی لە کرمان زوو پەیوەندی پێوە دەکات,45 رێژ خولی سەربازی خێرا دەبینێت لە لای رێکخراوی فەتحی فەڕەستینی, بەدوای راگەیاندنی جیهاد دژ بە خەڵکی

کوردستان, که خومەینی لە ڕێکەوتی(١٩-٨-١٩٨٠) بەشێوەی فەرمی ڕایگەیاند, داوای لە لایەنگرانی سستەمی ویلایەتی فەقیە کرد ئەرکی شەرعی خۆیان لە هەرشکردنە سەر کوردستان و لە "ەگ دەرهێنانی" کفرو ئیلحاد" بەجێ بهێنن, بەوەش شەڕێکی نەخوازراو بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپێنرا, زۆر تاوانی قێزەون بەرامبەر بەم خەڵکە ئەنجامدران دەچنە چوارچێوەی تاوانە نێودەوڵەتییە مەزنەکانەوە.
قاسم سلێمانی و ئیسماعیل قائانی یەکێك بوونە لەوانەی لە یەکەم چرکە ساتەکانی دوای فتواکە رویان لەکوردستان کردووەو بەشداری کەمپەینی خەڵکیان کردووە، زۆر بەباشی ئەرکەکانیان جێبەجێ کردووە, وەك سایتی تابناکی پاسداران ئاماژەی پێ داوە.
بە دوای فتواکەی خومەینی, سلێمانی بە دوری زیاتر لە 1500 کیلۆمەتر خۆبەخشانە بۆ وەرگرتنی موچە, لە کرمانەوە دەچێت بۆ شاری مهابادو ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆ بەشداریکردن لە غەزەواتی سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان, یەکەم بەشداریکرنی سلێمانی, لە شەڕی خەڵکی کوردستان بە تایبەت شاری مهاباد بووە, کە لەوکاتە ڕۆژی گرنگی لە جوڵانەوەی کوردستاندا دەگێڕا, گوایە لەو کاتە هەوڵی جیابوونەوەیان لە ئێران دەداو خواستاری وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی کەمۆنستی بوونە "
http://www.alshiraa.com/topics/1568-kasm-slymany-aaaml-bna-drb
. "th-hrk-fth-lykod-alhrs-althory-bklm-alsyd-sadk-almosoy
ناوبراو لە شاری مهاباد و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەشداری شەڕەکان دەکات لە هاوینی ساڵی 1979 دا, کە لەو ماوەیەدا لەو ناوچەیە تاوانەکانی ئیعدامی مەیدانی دەرەوەی دادگا و تاوانی کەمپەکی کوژی قاڕناو قەڵاتان و ئیندرقاش ئەنجامدران, لە ئەوکات بەهۆی بەشداری چالاکانەی لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان, هەرچەندە پلەی بەرز کرایەوە لێ بە ئەندازەی ئاغای ئیسماعیل قائانی فەرماندەی ئێستای سوپای قودس ناو ناوبانگی نەبوو لە سەرکوتکردنەکە, وەلێ بەشداری دڕەقانەیان لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان دەرگای بۆ ئەم جوتە کردەوە لەناو حوکمڕانی ئیسلامی ئێراندا, هەردوکیان بە دەرگای کەمپەکوژی خەڵکی کوردستاندا هاتنە ژورەوە.

بەشداریکردن لە شەڕەکان

قاسمی سلێمانی یەکەم کاری بەشداریکردن بوو لە سەرکوتکردنی جوڵانەوەی گەلی کورد کە بۆ خودموختاری تێدەکۆشا لەو ڕۆژگارە لە بەرنامەیەکی هەشت خاڵی سادەو ساکاردا خۆی بەرجەستە کردبوو, ئەویش یەکێك بوو لەو جەنگاوەرانەی بە فتوای خومەینی پێستایی لە پێ کرد

و بەشداری کرد لە سەرکوتکردنی جوڵانەوەی گەلی کورددا, تەنانەت دوای بەنی سەدریش پێستاڵەکەی دانەکەند" دەڵێن 40 ساڵ پێستاڵی لەپێدا بووە سەرقاڵی جەنگ بووە بۆ پسانەوە لەجەنگێکەوە بۆ جەنگێکی تر چوەڵ لەپێناوی ئێراندا و لەکاتێکدا کە زۆربەی پاسدارانی سەردەمی جەنگی ئێران و عێراق وازیان هێنا، ئەم تا مردن بەردەوام بووە", ئەمەش لە دوو هەنگاوی دواتریدا بووە هۆی بەرزکردنەوەی پێگەی سەربازی, بە زووییدوای بەشداریەکە کرایە فەرماندەی پاسدارە کرمانیەکان, بەرزترین پلە بوو لەناو پاسدارانی هاوشاریدا, دوای 3 ساڵ بووە فەرماندەی تیپ, دواتر دەبێتە سەر فەرماندەی لەشکری 41 ی سارۆا,کە چەکدارانی سیستان و بلوجستان و هرمزگان و کرمانی لە خۆ دەگرت.
لە ساڵی 1998 لە کاتی هاتنە سەر کاری تاڵبان لە ئەفغانستان, کە سوپای قودس دامەزرا, ئەو وەك فەرماندەیەکی مەزهەبگەرای تووندەڕو و خاوەند ئەزموون لە سەرکوتکردنی گەلی کورد کرایە فەرماندەی سوپاکە, چونکە کارەکانی هاوشێوەی کارەکەی کوردستانی بوو, بەهۆی جیایی مەزهەبەوە ئەوەندە رقی لە تاڵیبان بوو تا ئاستێك, شەیتانی گەورەی لەبیر بردبوەوە.
سوپای قودس کە بەرپرسە لە ئۆپەراسیۆنە دەرەکیەکانی سوپای پاسداران, ئەوەش کردوویەتیە هێزێکی سەرەکی لە عێراق و لوبنان و سوریاو یەمەن , وە کاریگەر لە ئەفغانستان و بەحرێن و کوەیت و سعودیە و ...تاد .
قاسمی سلێمانی لەماوەی 21 ساڵدا کە فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران بو، توانی ئەم هێزە لەگوردانێکەوە بکات بەتیپێك و پاشان بە لەشکرێکی گەورە کە زیاتر لە 22 هەزار پاسداری لەخۆ دەگرت، تەنانەت زۆربەی پێستە دیبلۆماسییەکانی ئێران بۆ نموونە باڵوێزەکانی ئێران لەعێراقو ئەفغانستانو لوبنانو سوریا سەر بە هێزی قودس بون, تەنانەت زۆربەی پێستە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیش ئەو کەسانە بون کە سەر بەهێزی قودسی سوپای پاسداران بوون.
قاسم سلێمانی کەسێکی تا سەر ئێسك مەزهەب گەرای دژ سونە بوو, رقی لە عومەر زیاتر دەبوەوە لە شەیتان, لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی ئێرانی بە ئاشکرا داوایکرد هاوکاری شەیتانی گەورە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەن بۆ روخاندنی حکومەتی ئیسلامی سونە گەرای تاڵیبان لە ئەفغانستان, کە لەوکاتە تووندەوەکانی جیهانی ئیسلامی لە خۆی کۆکردبوەوە بە بن لادنیشەوە.
دوای 11ی سەپتەمبەر, ریان کرۆکەر لە جنێف چاوی بەو دیپلۆماتکارانە کەوت کە لە ژێر فەرمانی سلێمانی کاریان دەکرد, بە

مەبەستی هەماهەنگی بۆ روخاندنی تایبەتمەندییەکانی شەڕی گرنگ بوونە بۆ دیاریکردنی جگا هەستیارەکان بۆ لادانیان و دەستگیرکردنی سەرکردەکانی قاعیدە, ئەوە جارێ بەش بوو لە سەرەتای 2002 ئێرانی خستە میحوەری شەڕەوەو کۆتایی بەو مانگە هەنگوینیە هێنا, نەك کۆماری ئیسلامی ئێران رەتی دەست لەملانێی شەیتانی گەورەی کردبێت.

ئەو جەنگانەی بەشداری تێدا کرد

قاسم سلێمانی وەك باسی دەکەن و خوێندنەوە بۆ ئەنجامی فەرماندەیی شەڕەکانی دەکرێت, فەرماندەیەکی سەربازی سەرکەوتوو نەبووە, ئەو لە کۆمەڵك جەنگی گەورە لە ماوەی 8 ساڵەی شەڕی عێراق – ئێران بەشداری کردووە, وەلێ بەهۆی هەڵە سەربازیەکانیەوە هۆکار بووە بۆ بەکوشت دانی دەیان هەزار کەس, کە خۆی لە نزیك سەت هەزار کەس دەدات, وە شکستی جەنگی کەمەر شکێن, لە شەڕەکانی" فاوی 4, نەسری 5 و کەربەلای 5 " دا, وەك موحسین رەزائی فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران دەڵێت : ئەو سێ جەنگە سێ کارەساتی گەورە بوو بۆ سوپای ئێران لە ماوەی شەڕی عێراق ئێراندا, هەرسێکیشی سلێمانی هۆکاری شکستەکانی بووە, نەیارانی چونە پێشەوەو سەرکەوتنی پلە بەندی سلێمانی دەگێڕنەوە بۆ نزیکایەتی ئەو لە خامنەئی بە " جانتا هەگری مەڵا" ناوی دەبەن نەك ئەو سێقیانەی دوای جەنگەکان دەیگرێت وەك ژەنەرالی سەرکەوتوو خۆی نمایش دەکات, وا باسی دەکەن هەمیشە لە دوای نیشتنەوەی شەپۆلەکان ئامادەیە, وەلێ لەکاتی شەپۆلەکان لە بەندەرە ئارامەکان لەنگەری گرتووە دوور لە تۆفان و تسونامیەکان.
قاسم سلێمانی دوای بەشداری کردنی کەمی لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە شاری کرمان" دیارە وردە کاری چالاکیەکانی لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان بە نهێنی ماوەتەوە, بەڵام بەهۆی بەرز بونەوەی پلە بەندی رێژی هەبوەو پاداشت کراوە", بە وتەی خۆی سەرەتای شەڕی عێراق-ئێران پاسەوانی فرۆکە خانەی کرمان بووە, دواتر وەك بەرپرسی دەستەیەکی 300 کەسی بەشداری بەرەی سوسنگەردی کردووە لە شەڕی عێراق – ئێران, بەڵام کەسانی دی دەگێڕنەوە بۆ دوو هەفتە نێردرا بۆ بەرەی شەڕی ئێران -عێراق بۆ دابەشکردنی ئاو, دوایی مایەوەو نەگەڕایەوە.
لە شەڕە گەورەکانی "کەربەلاکانی 1 و 4 و 7, نەسری 4 , فەتح مبین, فەجری 1 و 3 و 4 , رەمەزان, بیەت الموقەدەس 1 و 7 و رێگای قودس… لە سەرتاسەری بەرەکانی شەڕی عێراق – ئێران بەشداری کردووە" .

قاسم سلێمانی لەو شەڕانەی کە بووە هۆی جینۆسایدو ماڵوێرانی بە خەڵکی کوردستان و وڵاتیان کردە بەشێك لەو کارەساتە, لە پاڵ بەشێك لە هێزە کوردیەکانی باشوور بەشداری کردوە, لە شەڕی فەجری چوار لە ساڵی 1984 لە ناوچەی پێنجوێن, شلێر تا سورێن, ئەو شەڕە بووە هۆی ئەوەی ناوچەکە وێرانبێت, هاوکات بووە هۆکارێك کە شاری مەریوان بە بێردومانی فڕۆکە لە لایەن بەعسەوە کۆمەکوژی بکرێت , هەروەها لە شەڕی نەسری پێنج لە ناوچەی ماوەت بەشداری کرد لە ڕۆکەوتی 21-6-1987, تیایدا بەهۆی هەڵەی ئەوەوە دەیان هەزار کەس لە سوپای ئێرانی کوژران, وە بووە هۆکارێك کە بەعس شاری سەردەشت کیمیاباران بکات لە یەك شەممەی ڕۆکەوتی 28ی هەمان مانگدا, کە یەکەم شار بوو لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کیمیابارانکرا.
ئەمەو بەشداری و سەرکردایەتی ژمارەیەك لەشەڕکانی قەرارگای ڕەمەزانی کردووە, لە گرتنی شاری هەڵەبجە و شەڕی بەیتوالمقەدەسی 4 لە چیای شەمێران بەشداری کردووە کە تاوانی هەڵەبجەی تێدا ئەنجامدرا, ئیتر تاوانی هەڵەبجە لە 5000 قوربانی شارەکەو دزینی سەروەت و سامانی خەڵك تا دەگاتە لێدانی هێزەکانی ڕژهەڵات قوربانیەکانی گوردانی شوانی کەمەڵەو سوپای ڕزگاری و حیزبی دیموکرات و گرتن و ئیعدامی سەدان کەسی دیکەی ڕژهەڵاتی پێویست بە تەفسیر و شڕۆڤە ناکات, هەموو ئەو شەڕو نەسروشتە عاجباتیانەشی بە هاوکاری یەکێتی و پارتی و سۆسیالست و بزووتنەوەی ئیسلامی ئەنجامدا, واتا شیوەن گڕانی سیخۆڕ خانەکانی سلێمانی و هەولێر بۆ قاسمی سلێمانی.
لە باشوری کوردستانیش لە ڕۆگای پێشمەرگەوە لە زێر تۆوانین بۆ شەڕی هاوبەش لە گەڵ پێشمەرگەی لایەنەکانی یەکێتی و پارتی و حسك و بزووتنەوەی ئیسلامی و لەشکری موسڵمانی کورد لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وەك قەرارگای ڕەمەزان ئامادەیی هەبووە, کە دواتر بەهۆی ئەو شەڕە هاوبەشانەوە گەلەکەمان تووشی کۆمەکوژی گەورە هات لە شاوەکانی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە, دەبینین دواتر ئێران بەشێك لەو خەڵکە لێقەوماوە بە پەناهەندە وەر دەگرێت, ئێستا بە فەزیلەت پێمانی دەفڕۆشنەوە, کە خۆی هۆکاری تراژیدیاکە بووە نەك هاوکاریکەر, هۆکاری دەردو مەینەتەکان بووە نەك بڕینپێچی بڕینەکان.
سلێمانی لە هەڕشی ڕۆگای قودس لە ناوچەی زێنکاوەکانی حەوێزیەی عێراق بڕیندارە بیت لە 29-11 بۆ 7-12-1981, بەڕام شانازی دەکرد بە بەشداریکردنی لە شەڕی فەتح مبین لە 22 بۆ 28ی ئازاری 1982, کە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی ئاگرپەرستانەوە بە ئیستاحی ئیسلامی سیاسی, سوپای ئیسلام ئەنجامی دا, دوای 30 هەزار کوژراو توانی 2500

کیلۆمەتر دوجار لە ناوچەی خوزستان بگرێتەوە.
لە هیچ یەکێك لەو دوو جەنگە کە تیایدا ئێران سەرکەوتوو بوو, وە حسێن خرازی سەرکردایەتیانی دەکرد, قاسمی سلێمانی لە ریزی فەرماندەکانی نەبووە, کە مایەی شانازین بێ.
سلێمانی لەدوا دیداریدا لەگەڵ خامنەئی, سێ رۆژلێنانی ئازایەتی بە یەکجار پێ بەخشرا, کۆماری ئیسلامی ئێران پێویستی بەوە بوو, ئەو وەك هێمایەکی ئازایەتی بناسێنێت, تا هژمۆنیای خێی لە هەرێمەکە بپارێزێت, واتا کۆماری ئیسلامی پێویستی پێ بوو, نەك حەقیقەت وا بوبێت.

قاسم سلێمانی و قودس

قاسم سلێمانی فەرماندەی 21 ساڵەی فەیلەقی قودس, بەهێی نزیکایەتی لە ئایەتوڵا خامنەئیەوە ئەو پێستەی وەرگرت, بێیار بوو کاری سەرەکی ئازادکردنی قودس بێت, وەڵێ ئەو بەرەیەی چێ کردو خەریکی گەرمکردنی شەێی عەلی و عوسمان و عومەرەکان بوو لە کەمەێك وڵات, تەنانەت یەك تاقە فیشەکیشی لەپێناو ئازادکردنی قودس وەك خاك لە سنورەکەی نەتەقاند, ئەو ریمێن کێنترێێی حەشدی شەعبی و حیزبوڵای لوبنان و حوسیەکان و هەزارەکان و تەواوی گروپە چەکدارە شیعەکان لە دەرەوەی ئێران لە گیرفانی بوو بە حەماس و جیهادو ئەنسار ئیسلام و کەمەێی ئیسلامیشەوە, وەڵێ نەیتوانی یەك کار دژی جولەکە لەناو زەمینی خێیان بکات, بگرە تەقەیەك خێشیشی بەسەریاندا نەتەقاند, تەنانەت ئەو کارە سەربازیانەی لە ماوەی شەێی ئێران عێراق بەناوی قودس و بەیتوالمقەدەسیش ئەنجامیدا تیایدا سەرکەوتوو نەبوو, ئەنجامەکەی بەوە گەیشت خومەینی پێش مەرگی بایەڵجی پیاێە ژەهرەکەی خواردەوە بووە هێی مەرگی ئایدۆڵجی ئازادکردنی قودس.
ڵێ لە سەرکوتکردنی گەلی کورد و سیستان و بلوجستان راپەێینی گەلانی ئێران رێێی هەبووە, پاێەپەستێی خستە سەر خاتەمی دژ بە چاکسازی لە ساڵی 1998 کە زیادە رەوی نەکات, هەروەها ساڵی دواتر راپەێینی قوتابیان لە حوزەیرانی ساڵی 1999 سەرکوت بکات " لە گەڵ 23 لە کەسایەتیەکان داوای لە خاتەمیکرد راپەێینەکە بە زویی سەرکوت بکات, وتەیەك بەناو بانگی هەیە لەو بارەیەوە کە وتویەتی: ئەمێ سەرکوتیان بکە سبەی درەنگە ناتوانین بیگەێنینەوە", ئەوو قائانی دوان لەو (24) فەرماندانەی سوپای پاسداران بوون کەنامەیان بۆ سەرۆکی ئەو کاتەی ئێران محەمەد خاتەمی نووسی, لە نامەکەدا وتیان: ئەگەر خاتەمی یاخیبوونی خوێندکارەکان تڵك نەشکێنێت، ئەوا ئەوان بەهێزی سەربازی دەیکەن و هەێەشەی کودەتایان کرد لەدژی.
محەمەد عەلی جەعفەری فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران دەێت:

سلێمانی لە ساڵانی 1999 و 2009 دابەزیە سەر شەقام بۆ داکۆکیکردن لە شەرشی ئیسلامی دژ بە دوژمنانی شەرش و هەنگاوی گرنگی نا بۆ سرکوتکردنی ناەزایەتیەکان, ئەو لە بارەگای یەکەی سارو اللە تایبەت بە پاسداران , کە ئەرکی پاراستنی پایتەخت بوو لە کاتی قەیرانەکاندا , لە تەموزی 1999 پەلاماری گەەکی قوتابیانی زانکۆی تارانی دا, لە ئەنجامدا 3 قوتابی کوژرا, زیاتر لە 200 یش بریندار بوون وە 1400 یش دەستگیر کران" قەسابخانەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو ئەو دەیگۆتەوە".
ناەزایەتیەکان لەو کاتەدا دژ بەو هەمەتی تیرۆرکردنە بوو بەرامبەر بە تیرۆرکردنی ژمارەیەك زۆر لە نووسەرو هونەرمەند و سیاسییە ناسراوەکانی ئێران ئەنجامدران, بەناوی دەستی نادیارەوە, وەلێ رژێم لە پشتییەوە بوو.
ساڵی 2009 ش یەکەی ساروالله دژ بە خۆپیشاندانەکانی بزاڤی سەوزەکان دژ بە ئەنجامی هەڵبژاردن بەوە چوو تاوانی ئەنجامدا, کە ناەزایەتییەکان چەندین مانگ درێژەی کێشا , 80 کەسیان کوشت" ئەمیش زۆر زیاترە", بە وتەی جەعفەری, سلێمانی زۆر جار لە کارەکانی ساروالە دەرەدکەوت لەوکاتەی پۆیست بوایە ئامادە دەبوو, وە خۆی دادەبەزییە سەر شەقامەکان.
لەو ناەزایەتیانە بە بەرچاوی خەڵکەوە سەدان و هەزاران کەس خەڵتانی خوێن کران و گولەبارانکران, دەەقانەترین شێوازی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان بوون لە جیهاندا, بەهەموو بەهاری عەرەبی 10% هێندە خەڵك نەبوونە قوربانی, بە راپەڕینی وڵاتانی خەلیجیشەوە.
بە گشتی لە کۆوە هەناسەیەك بۆ رزگاربوون لە چنگ کۆماری ئیسلامی هەبوبێت ئەو بۆ سەرکوتکردن ئامادە بووە, تەنانەت بە عەمامە لە سەرە بە رواڵەت نەرمەکانی وەك خاتەمی و روحانیش رازی نەبووە, لە سوریاو عێراق و لوبنان و یەمەن هۆکاری کوشتنی سەدان هەزار کەس بووە, تەنانەت لە باشووری کوردستانیش ئەندازیاری تیرۆرکردنی سەدان تۆکۆشەری رۆژهەڵات بووە, جگە لەو فەزا رەشەی ئەو هێزانەی ئەو هاوکاری کردوون دایان سەپاندووە بەسەر خەڵکدا, بۆ ئەمەش دەیان و سەدان ملیار دۆلاری خەرج کردووە, بە گشتی ئەو تارمایی کوشت و بڕو سەرکوت و فاشیەت بوو, پێگە جەماوەریەکەی پێگەی مەزهەبی شیعەگەرایە و تواناکەی توانا مادیەیە کە ئەژماری بەسنوور بوو لە لایەن خامنەئیەوە , دەیان کارگاو کۆمپانا و بەندەر … لە خزمەت پڕۆژەکانیدا بوون, ئەو هەگری پەیامی سەپاندنی رەشترین دەسەڵات بوو لە ناوچەکە, هەموو ئەم سەرکوت و پارەو هێزانیای سەدن ساڵەی شیعەگەرا هێزیان پێ بەخشی بوو, کە گۆڤاری تایمی ساڵی 2017

, قاسم سلێمانی بە یەکێك لە 100 کەسایەتیە کاریگەرەکەی جیهان بناسێنێت, لێ کاریگەر کاریگەرە, مەرج نییە دادپەروەر بێت و شایانی نازناوی جیگوارا بێت, هەموو کاسکێت لەسەر و پێستاڵ لە پێیەك و دێوانەی چەك هەلگرتنێك جیگوارا نییە.

قاسم سلێمانی و نەکەوتنی هەولێر

لە بەر چاومە ئەو دوا نیوەڕۆیەی تەنها 40 داعش مەخموریان گرت, هەزەکی بچکۆلەی گەریلاو پێشمەرگەو خێبەخشی مەدەنی لە باخچەی دیار مەخمور مابونەوە, بە چاو داعشەکانی لە خوارەوە دەبینران, کەوتبوونە تاڵانی گەنمی سایلۆکەی مەخمور, وردە وردە ئەو هەزە بچوکە گەورەوە بوو, هەڵاتووەکان مەخمور غیرەتیان بە بەردا هاتەوەو لەو دیو مەفرەقی گوێر- دیبەگە گەڵانەوە بێ باخچە, باخچە مایەوە نەکەوت, دواتر لەوێوە هێرشی بەرپەرچ ئەنجامدرا و مەخمور ئازاد کرایەوە, کورد نەگبەتە باسی ئەو هەزە ناکات کە لەوێ لەو چرکە ساتە هەستیارە چەند کاتژمێرییە چەقی, کە کوردەو یەکێك لەوان ناوی پکك هەیە, کە دواتر بارزانی چوو سوپاسیانی کرد, یان ئەو هەزەی لە سلێمانیەوە هات, یان ئەو کەنە پێشمەرگانەی بوونە فیدایی و قەرەچوغیان گرت و چەقین بەدیار شارەوە, خێ سەنگەر عەوڵا حاجی نەگبەت یەکەم کەس بوو لێدوانی دا لە بەردەم قایمقامیەتی مەخمور لە پاش ئازادکردنەوەی, لە چرکە ساتەکانی یەکەمی گرتنی مەخمور کە بەرپرسانی ئێستای هەولێر زۆریان هەڵاتبوون بە کاکە "ئ ە" شەوە, جیڤاراکەی کوردایەتی, یان ئەو پەرلەمانتارانەی شەوەکەی لە شاشەکانەوە فشەیان لێ دەدا, هەقی وایە بە ئەرشیفدا بچنەوەو دەریان بهێننەوە, چ لەکاتی پاراستنی, یان ئازادکردنەوەی مەخمور شتێك, دەعبایەك بەناوی قاسمی سلێمانی و 70 پاسدار بوونیان نەبووە, کە ئێستا فلیمەکەیان گەیووە گوایا لە ئازادکردنەوەی مەخمور بەشداریان کردووە, وە ڕێگر بوونە لە کەوتنی هەولێر, دیارە لە ترسا کەس نەیوێرا بە فەرمی وەك حکومەت و وەزارەتی پێشمەرگە وەڵامی بداتەوە, پێچەوانەی ئەوە قاسم سلێمانی فەرماندەی گرتنەوەی شاری کەرکووك و دوزو ناچەکانی دی بوو لە 16ی ئۆکتۆبەردا, واتا نەك شۆنی بێ کوردان ئازاد نەکردووە و نەپاراستووەو فەزیلەتی نییە بەسەرمانەوە بگرە پانتاییەك زۆری لێ داگیر کردەوە, تەنانەت فەرمانی ئەو بوو شەوی 16ی ئۆکتۆبەر پێش ئەوەی مەکگەرك لە پشووی کۆتایی هەفتە دەست بە دانوساندنەکانی بکاتەوە, بێ ڕێگری لە بە ئاشتیانە چارەسەرکردن, فەرمانی هێرشی خۆرای دا, بێ ڕێگا گرتن لە چارەسەری سیاسی کێشەکان, بێیە کوردستان بە هیچ جۆرێك قەرزاری نییە, بگرە تەواو پێچەوانەکەی

راستە, ئەوە باسی ئەوە مەکەن پێی بە کورد کوشتنەوە گرتووە, بگرە بەرپرسە لە هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر گەلەکەمان لە پاش ئەو مژووە رەشەوە هات بە دوای فتوای جیهادی خومەینی, ئەو لە رابردوو ئێستا مایەی نەهامەتیمان بێت ئەم هەموو ستایش و شیوەنە لە پای چی؟, ئەو دەیزانی باشوری کوردستان پاروە چەورەکەی ساڵی 1979 ی رژهەڵات نییە, بەهۆی بوونی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی رۆژئاوا لە عێراق دەنا بۆ یەك و دوو هەمووی قوتە دا, نەك خاخاڵی و حەسەنیەك, بگرە دەیانی بۆ ئامادە دەکرد.

رێستەمی زاڵ و ئەبو موسلمی خوراسانی یان عەلی حەسەن مەجیدە

لای شیعەکان یان ئێرانیەکان, جگە لە ناوە ئاینییە پیرۆزەکان کە لیستەکەیان زۆرە, چ ئەوانەی کوژراون یان قەول وایە زیندوبنەوە دوای مردن بۆ درۆژەدان بە ئەرك و پەیامەکانیان بگەڕێنەوە, دوو کەسایەتی وەك پاڵەوانی دانسقە نمایش دەکرێن کە ئەوانیش ئەبو عەباس موسلم خوراسانی " 718-754 ز", کە ئەمەوییە کافرە بکوژەکانی عەلی و حەسەن و حوسێنی و قاسمیان لە دەسەڵات روخاند, لە گەڵ رێستەم و زۆرابی شانامەی فیردەوسی کە ئەبو قاسم فیردەوسی " 935-1020 " نووسیویەتی, هەردووك ئەفسانەی پاڵەوانیەتی ئێرانیەکانن و لای ئەوان لە هیزو پاڵەوانێتیدا نموونەیان لە جیهاندا نییەو نابێت, لە هەردوو بوادا ناوی قاسمیش ئامادەیە, ئێستا هەندێك قاسمی سلێمانی لە زیندوکردنەوەی خەلافەتی شیعە بەناوی مانگی شیعە دەبەنەوە سەر موسلم خوراسانی, لە پاڵەوانێتی و هێزیشدا دەیبەنەوە سەر رێستەم و زۆراب, لێ لە راستیدا هیچکام لەو دوانە نەبوو, بەڵکە بۆ خۆی عەلی حەسەن مەجید" 1944-2010"کی شیعەگەرای ئێرانی بووە, عەلی حەسەن مەجید چۆن پێشتر نایب عەریفێکی فاشیل لە سوپای عێراق بوو, بەو دەسەڵاتە زۆرەی لەدوای 1987-6-30 ەوە پێی درا, بە وەحشیەت و دڕندەیی توانی ژیان لە لادێکانی کوردستان بسڕێتەوە و زیاتر لە 200000 کورد بکوژێت و هێزی پێشمەرگە لە باشوری کوردستان دەربکات, وەك لایەنی سەربازی ئەمە بۆ ناسیۆنالستی عەرەبی سەرکەوتنە, هەنووکەش ناسیۆنالستەکانیان بە شانازییەوە بۆی دەگەڕێنەوە, لێ بۆخۆی دڕندەیی و وەحشیەتێکە, لای کورد عەلی حەسەن مەجید تەنها نایب عەریفێکی فاشیلی وەحشی بوو, بۆ نەتەوەییە عەرەبیەکانیش ناوبراو فەرماندەیەکی مژووی بە بەهای سەربازی بووە, بەهەمان شێوە بۆ ئیسلامییە شیعە گەراکان سلێمانی خەونی دزراوی بۆیان گەڕاندۆتەوە, فەرماندەی بنەڕەتی سەربازی تا مردن بووە, چل ساڵ تەواو پێستاڵی پاسداری لە پێ نەکردۆتەوە,

ئەوان لە لە فردەوسدا لە باوەشی حوسێندا دەیبینەوە, کە بەرزترین خەونی ئەفسانەیی ئەوانە, وەلێ بێ ئەمە دەبێت هەر پاڵەوانەکەی شەڕی سێ مانگەی ڕۆژهەڵات و گرتنەوەی کەرکوك ماوەڕانی شاری دوز بێت, ئازادی و ئەخلاق ڕێگامان نادات ستایشی قاتلانی خەمان و مرۆڤایەتی بکەین, بێ ئازادیخوازانی ئێرانیش هەر لە جەلادێك زیاتر نییە.

ستایش بێ قاسم سلێمانی

قاسم سلێمانی دوای 45 ڕۆژ ڕاهێنانە سەربازییەکەی , یەکەم گولەی تاقیکردنەوەی پراتیکی خۆی بە خەڵکی کوردستان تاقیکردەوە, یەکەم تەقەی بە کوردەوە نا لە سەرکوتکردنی گەلەکەمان لە شاری مهاباد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرتنەوەی شارو شارۆچکەکانی و کەمەکوژیکردنی خەڵکەکەی, هاوکات شۆن دەستی بە تەواوی تراژیدیاکانی سەر گەلەکەمانەوە لە دوو پارچەی کوردستان باشورو ڕۆژهەڵات لە ماوەی 8 ساڵی شەڕی عێراق و ئێران دیارە, هەبجەو سەردەشت دوو شاری کیمیابارانکراو بەرهەمی چالاکی سەربازی ئەون, سەرباری کیمیابارانی شاری هەبجە و جینۆسایدی ئەنفال.
ئەوێك سەری نۆزەی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی خەڵکی ئێرانە, سەرباری وێاتانی دیکە, ئیتر ئەمە نە جیڤارایەو نە تارماییەو نە ڕستەمی زاڵەو نە خوراسانیشە, بەڵکە تاوانکارێکە و پیاهەڵدان بەسەریدا چ وەك کوردێك کە کورد کوژ بووە تاوانە, چ وەك کەسێك بەشدار لە تاوانی گەورە بە پێوەرە جیهانییەکان کردووە, پیاهەڵدان بەسەریدا کارێکی نا ئەخلاقییە ویێای نکۆیکردنە لە تاوانەکانی, هاوکات سێنەوەو جوانکردنی تاوانەکانیشتی, هەقی سزا دانی هەیە, وەك لێمێندی فەرەنسی بە جیڤارایان ناساند, تێلەسوری فەنزوێلی بە شۆشگێڕی بنەڕەتیان دایە قەڵەم, ئاخ شەرمە کەم دەبینم ئیدعاکەرانی چەپ دەکەونە زەلکاوی کۆربوونی چەپەوە, خۆ هەواسینی جارێك بن لادن و جارێك سلێمانی بە ناوی جیڤاراوە, ناشرینکردنی ڕێگاکەی جیڤارایە بە چەپەڕی کارەکانی ئەوان, وێای داتاشینی ئازایەتی درێنەیە بۆیان, کەسێك هیچ یەکێك لەو دووەی نەبینی لە پێشەوەی هیچ نەبەردییەکدا, هەر خەڵکیان بێ مەرگ نارد, وێای پەیامە نامرۆڤانەکانیان, ئەڕ گەلێ لەو چەند ساڵەی شەڕی داعشدا, لە کاتی شەڕدا کێ سلێمانی لە شەڕگەیەکدا بینی؟؟؟؟.
قاسمی سلێمانی ئەگەر لە تاران دائەبەزییە سەر شەقام بێ سەرکوتکردنی قوتابیانی سڤیلی گەنجی بێ چەك, کەس لەبەرەی جەنگی داعش نەیبینی, هەر دوای سەرکەوتنەکان بێ سێڤی گرتن ئامادە بوو.
ڕاستە سیاسیەکان کورد رزگاریان بوو, بە مردنی سلێمانی هەموو

نهێنیەکانیشیانی لە گەڵ خۆیدا بردە گۆڕەوە ,ئەو لە نەخشە دانان بۆ لەناو بردنی نەیارانی نزیکی خۆی سوڕی نەکردبۆتەوە دەبێت چی لەم وڵاتانە و لەم عێراق و کوردستانە کردبێت, چەند تاوانی نهێنی تێدا ئەنجام دابێت, لەگەڵ خۆیدا چ خەزێنە زانیارییەکی پێ بەهای بردبێتە گۆڕەوە.
لە کۆتاییدا بە قسەیەکی هادی عامری کە لە یەنایەری 2015 کردی کۆتایی پێ دێنم کە وتی قاسم سلێمانی نەبوایە عەبادی نابووە سەرۆك وەزیران, پێشتریش سلێمانی مالکی و تاڵبانی لەسەر کورسییەکانیان دانابوو, لە پێڕفایلەکەی وەك سەرکەوتن بۆی نووسراوە, ئەمە وێنایە بۆ هەموو ئەوانەی لە عێراق لەسەر کورسی داندران نەك هەڵبژێردران راستە, هەموو داشی شەترەنجی سلێمانی بوون, بە چرای سەوزی ئەودا تێپەڕیون,بۆیە بۆ ئەوان شیوەن و قوڕ پێوان هەشتا کەمە بۆ مەرگی ئەم دێندەیە.

گۆڤاری نما ژمارە 50

گۆڤارێکی ورزیی ئەدەبییە لە هەولێر دەدەچێت..

[بۆ خوێندنەوەی ژمارە 50ی گۆڤاری نما کلیکی ئێرەبکەن ...]

گۆرانەوە لە فێنتازیاوە بۆ کێتوار(واقع) و لێکدانەوەیەکی

تیری..لێکۆڵینەوەی : ڕێباز محەمەد جزا

گۆڤاری لێ بە فەنتازیاوە بە کەتوار(واقع)
(خوێندنەوەیەکە بە چەمکی گۆڤاری لادەقی ، لێنو ماسایێکاندا
"لێگۆڤارەم بە ئەفریقا " ی پشەواکاکەیی)
نووسەر : پشەوا کاکەیی
بەرواری بڵاو بوونەوە 25/9/2019
بڵاو کراوە : ماڵپەڕی کولتوور مەگزین
www. Cultureproject.org.uk
لێکۆڵینەوەی : ڕێباز محەمەد جزا

سەرەتا :
شاعیر مرۆڤێکی کۆسمۆپۆلیتیە، خاوەنی مەعریفەو جیهانبینی و تێگەیشتنی خۆیەتی بە واقع و سروشت وکەرەستەو ئامرازە فیکریەکانی خۆی ، هەموو لە گۆڤار و دەزینەوەو مەشق و دەخە جیاوازەکانی وەردەگرێت و دەشێت زیاتریش لە بارەی ئەم کۆسپ گۆڤیدیەوە بوترێت بەڵام ئایا ڕاستیەکە بە هەمووان وەك یەك زانراوە ؟ گرفتی ئەم دەزە لەوەدایە کە بە شێك لە بەهرەداران و خاوەن کۆسایەتی و خاوەن پێگەکانی ناو بواری کەش خۆیان لەم پرسیارە لادەدەن !! تاوای لێدەت کەسمان دەست نەکەوێت پرسیارەکانی خەمانی لێبکەین و بەرهەمێ ژدە و کرچ و کاڵکانیشمان لێیکتر بجیابکاتەوە ، لەبەرئەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو مافە دەدات بەخۆی کە بەبەر پرسیارێتیەوە کار لێگۆڤ ئەو میتۆدەدا دەکات و بەبەچوونی ئەم کارکردنە ، کەشێ " مامۆڵ ێی گۆڤارەوە و فەنتازیا و کەتوار" کەشێیکی میتۆدی و فکری و مەعریفیەو دەبێت یەکلابکرێتەوە .
دەقی واڵای (لێنو ماسایێکاندا "لێگۆڤارەم بە ئەفریقا " ی پشەواکاکەیی)، یەکێکە لەو نووسینانەی کەدەبێت بەژدی بخوێندرێتەوە و بەپەویستی دەزانم لەوانگەیێکی وەسفی و دوور لە پیاهەدان – مدح – یان دژ – چد – کاری لەسربکەم .
لێگۆ ئەوەی ئەم دەقە واڵایە بەچێندین شێوەو میتۆدو بەرنامەی جیاواز دەخوێندرێتەوەو ر ِاڤەدەکرێت ، دەتواندرێت وەکو دەقێکی شیعری و هەگری زناك و خواز ەو واتا شیعریەکانیش بێت چونکە هەموو بەرهەمێك دەخوازێت چند کەسك لە پسێیجیاوازەکان ئیشی تێدابکەن ، تاکو بەوردی بەناو هەموو بەش و پێکهاتەکانیدا ڕابگەن و گرنگیش

ئەم پسپۆریانە لەسەرتاو دەستپێکی کارکردنیاندا تاکو کۆتاساتەکانی خوێندنەوە بەننەوە وەکو بەشێك لە بەرهەمەکە ، ئەمەش لەچەندین بۆنەی جیاوازدا باسمکردووەو لێرەشدا جەختی لەدەکەمەوە ئەویە ئەم کارە بە تاکە کەسێك کەمێك ئاڵنگاز و قورسەو ئەمەی منیش دەیکەم جارێکە لە " اجحاف – مافخۆری " لە بەرئەوە، تائەو جێیەی دەتوانم سنووری قسەکردنم بەرتەسك دەکەمەوەو فراوان و گشتگیر نادوێم و لەنێوان سێ زاراوەدا دەزێکەم بۆیان دەکەم ، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا قسەی لەسەر بکەم جیاکاری نێوان " گۆڕانەوە لەفەنتازیاوە بۆکۆتوار " کە وەکو کۆشێ دێخۆنمەوەو یەکاڵای دەکەمەوەو دواتر هەمان پێوەری تیەری دەهێنم بۆ تەواوی پێکهێنەرەکانی دەقەکەی پێدەخوێنمەوەو هەوڵدەدەم ڕاڤەی بکەم ، چونکە دەق دەربڕینە لە زیاد بوونی ئارەزووی ئەمەکیانەی مرۆڤ بۆگۆڕان بە دوای قۆناغێدا کە پانتاییەکی کراوەو هاوبەش بەداهێنانی بۆکەمێ و جەختکردنەوە یە لە بڕینە کۆنەکە لە دڵی بوندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر دەمەکدا دەژین ، ناسنامەکان ناڕوونن یان لانی کەم ئاڵنگازن و زەربەی جارەکانیش نادیدەن ، لەبەرئەوە ئەم دەزە سەر ڕێگا دەخەم وبەکەشێی دەکەم .

پوختە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی، پشتی بەستووە بەدووجار تێگەیشتن، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی و گرنگی خۆیان هەیە و نابێت فەرامۆش بکرێن و گرنگێ و پێویستی بەوردەکاری زیاترە :

یەکەم :

ئەو تێگەیشتنەی لەسەرچاوەو نووسینەکانی سایت و کتێب و گۆڤارو ماڵپەڕەو …هتد بەرهەم هاتوون ،

دووەم :

ئەوسەرچاوانەی کە پێیوەستن بەخوێندنەوەو هەندێکیان مەعریفەی کەسی لێکدێڕەو هەندێکیان " شڕات –پەیشك" ی بەرهەمەکە و لەگەڵی خوێندَنەوەو کاریگەریەکەی دەخوێنینەوە ، بەگشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووەلە :

بەشی یەکەم : ناساندنێکی سەرتایی بەچەمکەکانی "گۆڕانەوە و فەنتازیاو کۆتوار " لەدەقدا و تێگەیشتنێکی میتۆدی بە بەرهەمەکە .

لەبەشی دووەمدا : گۆڕانەوە لە فەنتازیاوە بە کۆتوار(واقع) و لێکدانەوەیەکی تیەری.

ئەنجام : ئەم لێکۆڵینەوەیەم لەچەند خاڵێکدا پێشکەش دەکەم .

کۆتایی : تایبەت دەکەم بەو ساخکردنەوەی تیەریانەی بەرهەمەکە. پاشان کۆتایی بە لێکَۆڵینەوەکەم دەهێنم و لیستی سەرچاوەو

پەراوێزکانیش دەخەمە ووڵ لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان .

بەشی یەکەم :
چەمکەکانی (گۆرانەوەو فەنتازیاو کەتوار) :
زۆربەی ئەوانەی لەناو میتەددا کاریان کردووە یان شارەزاییەکی تیەری و پراکتیکیان هەیە بۆئاستێکی نزیك لەیەکتریان دادەنێن و لەووی مەعریفیەوە پاشخانی ئەدەبی کوردی کەمترینجار قسەیان لەبارەوەکردووەو دەکەن یان لەیان تێگەیشتبێت و بۆئاسانی لەیەکتریان بۆجیاناکرێتەوە ، جابۆئەوەی لەو هەڵە مەنهەجی و فکریە بدووربین ، سەرەتا لەپەناسەکردنەوەی چەمکەکانەوە دەستپێدەکەین و دەپرسم : گۆرانەوە چیە؟ فەنتازیا چیە ؟ کەتوار چیە؟

***گۆرانەوە چیە؟**
بۆئەوەی بتوانین پەناسەی ئەم چەمکە بکەین دەبێت بزانین ، گۆرانەوە کاتێك واتا دادێت بەدەستەوە کەبزانین لەدنیای ئەمدا ، ئەم چەمکە کاری پەنەکراوەو کاری لەسەر نەکراوە ، وەکو باسل أبو حمدە دەڵێت :" گۆرانەوە بە.." بەنمونە گۆرانەوە بە ووداوەك یان مەژوویەك یان بەسەرهات و کارساتێك لە دەزی سەربەستی و چەمکەکان لەگشتگیریی و ئیستبداد و سیستمی چەمکە هەکەلەکان و بارزکردنی دەستەواژەکانی پشووە " گۆرانەوەی هاوسەنگی " (www.alnayan.ae) هەروەکو دارا عەبدالله دەڵێت : گۆرانەوە (" هاوەڵێتی گۆرانەوەی مانەوەی قێرانگۆرکانی هەیە "(www.alaraby.co.uk) چەمکی گۆڕانەوە پێویستە بە کەسی گۆیدەوە ، لەکوێیە؟ تابتوانین واتاکەی دیاری بکەین بەنمونە گۆرانەوە لەشوێنکی دیاریکراودا واتایکی هەیەو گەر گواستمانەوە بۆجگەیکی تر و شوێنکی تر واتاکەی و پەناسەکشی دگەڕێت ، لەپێویست بەم ناونیشانەوە دەبێت بزانین :" لەدەقی ، لەنەو ماسایەکاندا "لەگۆرانەوەم بە ئەفریقا " ی پشەواکاکەیی) ئایا گۆراوەتەوە؟ یان دگۆڕێتەوە ؟ کەواتە گۆڕانەوە لەڕەدا بریتی دەبێت لە گۆرانەوە لەجوگرافیایەکی گریمانەکراوی نووسەرو پشت بەستوو بە فەنتازیاو خەیاڵ کەواتە بۆئەوەی بتوانین لەبەرکارهێنانی ئەم چەمکەدا تێندروست بین پێویستمان بوویە بزانین واتای گۆڕانەوە بواتای بینی سنووورکانی خەیاڵ و وێناکردنی خەیاڵی شاعیر نەك گۆڕانەوە بە جوگرافیایەکی بەرتەسك و تەنگبەر ، بەکاردێنم .

- **فەنتازیا چییە؟**
یەکەکە لەچەمکە بەکارهاتووکانی ناو ژیانی ئەدەب ،

لەزەربەی زمانەکاندا . بەڵام مامەڵەی نەزانانەو خراپی لەگەڵدا کراوە لەردا هەوەدەدم ئەم رستە بکەمەوە " فەنتازیا لەبارەی واقعی ژیانیەوە لەروئیایەکی نامۆئلوفەوە "(www.wikipidia.org) وشەی فەنتازیا "fantasia" و فانتازی " fantasy"جۆرێکی ئەدەبیە لە سیحرو شەحوزەو ئەوانەی تر کە خەرقی شتەکان دەکەن لەسروشتدا وەکو تووخمێکی بنەڕەتی لە پلات و گرێوانەوەدا " (www.io.hsoub.com) ت.ی. أپتر لەکتێبی "ادب الفنتازیا" دا کە ساڵی 1982بەناوی کردووەتەوە زاراوەی "الفنتازیا " لەئەدەب و گرنگی بەدەستهێنانی لەکاری داهێنەرانەدا پشتی بەستووەبە"بابەت " ی سەرەکی ، ئەپتەر باسی لەوەشکردووە کە "وەکو باوە ڕووداوەکانی دەکەونە جیهانی گەشگیر لەجیهانی خەمان لە کات و شوێن ، یان کاری مەژوویی و خەیاڵی و ڕەمزی "(أپتر : 1989ص9و10) لەمەوە دەگەمە ئەوەی بەڕم : فەنتازیا لەردا و بەپێی خوێندنەوەی من بریتی دەبێت لە : دەقێك کە پێکهاتەکانی لەڕووبەرەکی ناواقعی و پشت بەستووبە بابەت و لەدەرەوەی کات و شوێن خۆی بەیان دەکات و لەدیدیگایەکی نامۆئلوفەوە جەرك لەجادوومان لەدەکات و لەناو سروشتی خەیدا ، ئاوەزانمان دەکات .

- **کەتوار چییە؟**

لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی زەرمان هەیە بەزمانی کوردی و دەتوانم بەڕم زەرترین ڕووبەری دنیای ئەمەی گرتووەتەوە بەڕام گرنگە هەندێك پێناسە لەردا دابنێین و دووبارەیان بکەینەوە لەوانە : " واقع ، وقعوع" لەزمانی عەرەبیدا ناوی بکەرە ، بەدەستهێنانی ڕاستیەکی پێچەوانەی خەیاڵە (www.arabdict.com) واقع یان واقعی یان ریالزم دەکاتە :" حاڵەتی بینینی واقع بەوشێوەیی کەهەیە " (پیربال: 2004،ل85) کەمال میراودەلی دەڵێت :" .. ڕیالیزم پەرە پێ دانەکی گرنگی ڕەمانسیزم بوو .. بەزاری وناڕەحەتی و ڕق بوونەوەی ڕەمانسەکان لە کەمەڵەی سەرمایەداری گەڵدرا بە ناوەرۆکێکی پێشکەوتووتر ، لەفەرمەکی بابەتی و هەمەن و ڕوانگەیەکی وردوو دووربینەدا ." (میراودەلی : 1979ل277) . مەن ئەو پێناسەیە جەبەجێدەکەم لەم لەکۆڵینەوەیەدا کەنگدانەوەی سەرچاوەکانە کەئاماژەیان بەکراوە بریتیە لە: بەدەستهاتوویەکی دەرەوەی خەیاڵ و بینیەتی بەو جۆرەی کەهەیە لەفەرمەکی پێشکەوتووتر لەوەی پێش خۆی کەهەبووە.

بەشی دووەم :

گۆڕانەوە لە فەنتازیاوە بۆ کەتوار(واقع) و لێکدانەوەیەکی تیۆری.

دەقی وەها ، ژانرێکی ئەدەبییە و پێگەیەکی گرنگی هەیە لە ئەدەبی هاوچەرخدا و بەردەوام بەرە و هەڵکشان و ململانێ دەچێت لەگەڵ زانستەکان و فەلسەفە دا ودروست بووی ئیپێك(چاخ) ی خەیاڵی هەر بۆیش کاریگەرە ، وەکو ڕەلان بارت دەڵی : "ئەدەب کەتواریە ، واتە دروشاوەی ئەو کەتواریە ، کەبەردەگای خۆی مامەڵە لەگەڵ مەعریفەدا دەکات " (محەمەد جەزا ، ژمارە: 3662، 2011)بەپێی ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی کە ژیانی مرۆڤکان پیایدا تێپەڕ دەبن. ئەم هەیە وا دەکات ، ئەرك و ڕەڵی دەق و نووسەر کەمەك گۆڕانکاری و قورسی و بارگرانی بە دروست ببێت چونکە پیشاندانی روخساری لەژیکی لە خوێندنەوەی دەقی واڵادا وەکو بلانشۆ دەڵێت : "بەدواداچون و ژیانی نەبەت لەساتی وەڵامدانەوەدا ، ئەوا بەچەژیش نابەت" (هەمان سەرچاوە) پشتواکاکەیی لەدەقکەیدا " لەنەوماسایەکاندا ، لەگۆڕانەوەم بۆ ئەفریقا " دا دەنووسێت :

" هاتووم کارتان بۆ نەبەت چۆن بیردەکەمەوە ، چۆن مەژووتان لەشیعرمدا دەنووسمەوە ، لە وەك هەندەك لەفارسکان نیم بەم : زمانی کوردی لەپریشکی وشەم دەرچووە ، ئەوەی زماناس نابەت ، ناتوانێت مەژوو بنووسێتەوە ،… "(www.clutureproject.org.uk) کەتەماشای ئەم چەند دەڕەی کاکەیی دەکەین ، نووسەر جەنگکی بەرپاکردووە بەبۆ ئەوەی خۆی لە قەرەی هیچ میتەدێکی ڕەخنەیی بدات ، بەزمانێکی پڕلە غرورو بۆو پڕی کەماڵی خەیاڵ جەنگکی بوونناسانەو ڕیشەیانە لەگەڵ (زمان و نەتەوە) دەکات و وەکو بەرپرسیار لەو بوونەو لەو ئاسەیی بەزمانکی هەیەتی، بەردەوانم دەبێت و دەڵێت :

" نازانێت کەخاوەن زمانکم ، پێیشکی وشەم بەردەیان شۆن کەوتووە " (هەمان سەرچاوە)

بەهەرحاڵ من لەو باسە دەردەچم و هەوڵدەدەم ، بەرەنجامی ئەزموون و خوێندنەوەو دەست ڕێیشتوویی خەم بەردەوامی بە شیکاری ئەم دەقە بدەم ، دەقێك کە کار لە مەژوودا بکات ، وەکو هەرجەرەکی تری شیعر کەمەڵك بنەماو ڕەسای تایبەتی خۆی هەیە، کەجیای دەکاتەوە لەجەرەکانی تری دەقی واڵا ، ئەمەش بەسروشتی خۆی چەوێك دروستدەکات بە گفتوگۆو مشتومڕی ئەدەبی ..بە نمونە کەمەڵك بنەماو سیفات هەیە، کە وا دەکات ئەم دەقە واڵایە لەڕیزی دەقە لەکاڵی و ناوچەیەکان دووربکەوێتەوە و گەردوونی خۆی بەیان بکات .

کاکەیی دەنووسێت :

"لەژوورکی بچوکەوە هاتووم و بەپەنجەرەدا ئامکردووە ،

چەن دەزانم خەیالم ئەفریقیە " (هەمان سەرچاوەی پێشووتر)
.نووسەر ددانپێدانانێکی ئاستگەیانە دەکات ولە یەك کاتدا باسی
ئەوئاستە لەفەینی خەی دەکات لە جوگرافیایەکی تەنگبەردا بەرەو
گشتێکی فراوان و پەنجەرەیەکیشی کردەتەوە و ئایکردووە کە ئەمەش
پرسی ئەوە دروستدەکات نووسەر لەچی ئادکات ؟ هەرخەی وەڵام
دەداتەوە و دەڵێت :
" هەموونگەکانم خەش دەوێت ،
وەلە لە ڕەنگی سووری لای خەمان ئامکردووەو هیچ نەبێت ئەو ڕەنگە
سوورەی لائەوە بەخەم شاد بکەمەوە " (هەمان سەرچاوەی پێشووتر)لەگەڵی
ڕەنگی سووڕەوەیە گشتەکەی هاوشێوەدەکات بەبیرکردنەوەی
ماسایەکەوە دەپرسێت : "ئاخە ئەمە خەڵین یان نەتەوە ،..." (هەمان
سەرچاوە) ئەمە ئەو گرێیەی بەکردینەوە کەشەی "خەڵ و نەتەوە دوو
بابەتی سوسیەلۆژیای سیاستن وچەندین خوێندنەوە لەخەدەگرن ئەمەش
بەدەر نیە لە ژێر خانی مەعریفی و زانستی نووسەر کەدەیەوێت لەگەڵی
ئەوزانستەی هەیەتی پەمان بڵێت : گومان وبیرکردنەوەکانم ،
دەبەمەوە ناودەق و سەرلەنوێ هاوتای دەکەمەوە لەگەڵ ماسایەکان .
" بەم وشکە سایە ئاهاتوون ، پزیشکانی دونیا پشتیان کردەتە ئێرە
، هەمووشیان چاویان بەیەوەتە گیای ئێرە ،..... " (هەمان سەرچاوە)
بە کەشە کردنی ئەوداو وێك کەلتورێك نەبەتە بەشکی زیندو دانەبراو
لە ژیانی ڕەشنبیری ئەمە و زۆر بە کەمی و تا ئادەی نەبون هیچی
لەسەر نەوتراوە و نەکراوە، بەیە ئاسان نیە نووسەرێك بێت و
بمانباتەوە بە ڕەچەڵێك و دروستکردنی لەدوانی ڕەسەن لەو بارەیەوە،
چونکە دەبێت مرۆڤ دەرك بەوە بکات، ئەو شعورە لەلای خەی دروست
بکات، کە کەشەیەکە و قەیران بەدوای خەیدا دەهێنێت !! ئەگەر بەم
شێوەیە بمێنێتەوە. هەڵبەتە ئەمەش کاتێك دێتە بەرچاو کەلە مانا
سایکەلۆژیەکەی دوور بخەینەوە و دایماین لێی، بە مانایەکی تر
مەبەست لە کەشە گرانەوەیە، بە پرسە بنەڕەتی و سەرەکیەکان
بگشتی و دەقی ئەدەبی بەتایبەتی، کە لێرەدا مەبەستمان لەپرسە
سەرەکییەکانی "دەق / مرۆڤ" وەکو ئەدەب و دەستپێکردنی چەو پری
گفتوگۆکان لەسەر دەی بابەتەکان کە خودی ، کەشە"یە واتە کاتێك کە
ئیمە دەزانین "کەشە" مانایەکی جیاواز لە مانا باوە
سایکەلۆژیەکان لەخە دەگرێت ، خە بخە لە"ئاژاوە"جیا دەکەتەوە و
پرسیاری ڕەسەن و دروست لە دایك دەبن .جوگرافیایەکی فراموشکراو
بەهام بەزمانێکی فەنتازی و بەکارهێنەرێکی واقعی و گشتێکی
دوورمەوداو گەڵانەوەیەك کەهەمیشە لەڕەو لەم زەمینەو لەسەر ئەم
بستە زەمینەدا هەمیشە ئامادە کەچی بەردەوام واقع جەلانە دەکات
لەنەوان ئێرەو ئەوەی زەمین و کیشورە دەبێت فەنتازیا تائەو

ادیی گۆڕانی مرۆڤ تەواو مرۆیی و هاوخەم و هاودەزو هاوکێشە دەبنەوە لەکارەستە فیزیکی و سوودخوازیەکانەدا کە تەکنیکەکە لەکێشەی کورد بوون و ئەفریقی بوون و لەپێش هەموشیاندا مرۆڤ بوون .

کەواتە کە باس لە کێشەی نووسین دەکەین بگشتی مەبەستمان ، لەو باس و خواستانەیە کەپێویستە بە ژینالۆژیایی ژانرەکە وە کو ئەدەب و بەستنەوەی بەتەامان و تەفکرینی وجودی و فەلسەفی و بون و نەبونەوە و لەئاستیکی تریشیدا خراپ بون و کوتنە قەیرانی ئەدەبییەوە و لەرەدا کیشەکە گەورە دەبیت بە مانا گەورەکەو باسکە هەستیار دەکات, واتا کێشەی بون و نەبونی ئەم دەقە وەکو ژانرێکی ئەدەبی دروست دەبێت, بە دیویکی تردا نەبینیی وەکو کێشە و بایەخ پێنەدان و پشت گوێ خستنی دەبێتە بێشکی تری گرفتەکە و بەهەردوو کێشیان بەدوای خۆیاندا قەیران دەهێنن, نەك ئەو تێگەیشتنە سواوەی کە مەسەلەی فرەشتن و ئەزبەر کردنی لەلایەن کەمەلەك خەڵکی نەشارەزاوە بکەنە پێوەر بە "کێشە"و بگرە"کێشە"مانای فراوانتر و قوڵتر و گەورەتری هەیە و لەبنچینەشدا بە مشت و مڕی فەلسەفی گونجاو ترە وەك مانا بازاڕی و باوەکەی.....
بۆیە لەرەوە دەبێت بگەینەوە بە سەرەکییەکەی نووسین، لە ڕووی بنیات و لە جیهانی مەدیرندا و خویندنەوەی وەکو"دەکترینیکی-عقیدە"یەکی شایان بەخوڕاندندنی فەرم و شیوازی جەراوجەر. یان بە مانایەکی تر بەخویندنەوەی کێشەکان دەتوانین لەکدانەوەی دروست بە دڕق بکەین، واتە کاتەك نووسین بگشتی دەبێتە کێشە و ئاوس دەبێت بە یەکەکانی فەلسەفە و تەکنیەك و مێژوو...هتد. ئەوە مانا ڕاستەقینەکانی دەردەکەون و خوێندنەوەیش دەبێتە دەرخەری ئەو لایەن و نهێنیە شاراوانەی دڕق و گێشتنە هەناوی داهێنان- لەرەوە پرسکە بەرە و شوێن و بابەتی دەووات، کاکەیی دەنووسێت :
"منیش گوتم :
ژنە عاریفەکی دراوسێمان ، دوای دوو دەیە :
بەپاروو نانەك ، تەسبیحەکەی فرەشت ،
کەپەبوو لەیادگاری زیکر !"(هەمان سەرچاوە)
یەکەك لە دروشمەکانی (جەرج باتای) ئەوە بو کە دەیگوت:"پەسند کردنی ژیان تا سەرە مەرگ " (ئەحمەدی ، 2005،ل125)
ئەگەر لەم ڕستەیەوە بچینەوە ناو دڕق ، ئەوە دەبینین هەبژاردنی بابەتەکە خۆی کێشەیە لەسەر ئاستی(نەتەوەیی و تاکە کەسی) ، لە ئاستە نەتەوەییەکیدا، کێشەی خۆباتی نەتەوەیەك بە دیار دەخرێت، کە بەدرێژای سەدەیەك و هەتا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، کێشەی پەسندنی کردنی ژیان خۆیەتی ، لەم ئاستیدا دووەیە دەبێتە (خەم

) خەمکی وجودی و قورس و خاپی لە مانا سایکۆلۆژیکی، وەکو ئەدەب هەڵگری پەسەند کردنی خەمکانی بوون خۆیەتی ، کە لە ئێستادا چەندان بابەتی گرنگ و نیشتمانی هەن فەرامۆش کراون و پەراوێز کەوتون، هەروەکو چۆن (باتای) وتوویەتی :" ئەدەبیات یا هەموو شتێکە یا هیچ. " (هەمان سەرچاوە ل137) ئەدەب کە دەمانخاتە سەر کێکێی (بوون) وەکو بابەتێکی گرنگ و پڕ لە بەرپرسیارێتی، لەم کاتەدا نووسین دەبێتە نمونەیەکی بەرجەستەی پڕ لە کێشە و لە لایەکی تریشەوە یەکانی نێتەوە (خەم) ی نوسەر لەڕدا دوبارە زیندوو کردنەوە و بەرز ڕاگرتنی ئەو کەسایەتیە یانەیە کەلەمژووی دوورو نزیکی ئەمدا تێکەڵ بوون و بە بەرگێکی داپۆشراو بە ئەفسانەو داستان و هونەریانەو ئەدەبیانە نووسراونەتەوە .
(کێشە) لەم دەقەدا وەکو (بابەت) جیاوازە لە (ئایدیا)کانی نوسەر وەکو (کێشە)، بەڵام لە هەمان کاتیشدا یەکانگیرو هاو مانا لەگەڵ فەلسەفیەوە، بەڵام لە ڕوویەکی تریەوە زیندوویی و بەها داری خۆی دەگەیەنێت هەروەکو چۆن چەندان نمونەی زیندوو هەن لە نهێنی ئەم سروشتە تایبەتە ی ناو دەقەوە سەرچاوە دەگرن ، لەڕدایە کە مەدرنیزم پاساوی خۆی لە دابڕانی مێژوییەوە بەدەست دەنێت کاتێك لە دابڕان تەدەفکرێت نازانێت لە ڕاقەی خۆی بە مێژوو، خۆی دەرباز بکات ، تەدەگەین ئەم نووسینە بە مانای (کێشە)سەر بەساتی دروست بونی فەنتازیاخۆیەتی و زادەی ئەو ساتەیە کە بەرەو ڕووی ئاراستەی گونجاوی خۆی دەڕوات کەکتوار (واقع) ەو ، لەوەوە نووسەر ردەگەڕێتەوە بۆناو ئەو جوگرافیایەی کاری تەداکردووەو دەنووسێت : "ئەم سەفەرەم درێژە دەکێشێت ، نازانم لەکوێدا هەناسە دەموستەنێت ، دەڵێم تاتروسکایی مرۆڤایەتیی ببینم ، دەرەم تازمان و شیعر بەرەو شوێنکی دیکە بەرم . شیعرە ڵێ / پێی گوتم : بگەڕێوە نەو ئەفریقاو قوڵتر بدوێ ، تانامۆیی /خۆیان / واقیع/ هەقیقەت و دونیای کۆنە خەڵی دوێنێ … لەبەرگێکی دیکەی شیعری ئەمرەدا بدوێ ". (هەمان سەرچاوە)
مەبەستەم ئەم بۆچوونە ببەستمەوە بە چەمکە بەکارهاتووەکانی بەشی یەکەمم کەوەك کێشە لەی دواوم ئەم بەشەی کۆتایی (لەدەقی ، لەنەو ماسایەکاندا "لەگەڵانەوەم بە ئەفریقا " ی پێشەواکاکەیی) ، زەر جوان کێشکان دەباتەوە سەر خودی شتەکان ئەگەر کەمێك ەونتر بدوەم (کێشە)دەباتەوە بە خودی ئەدەب و ەسەنایەتی ودوورلە جوگرافیا بەنیشتمان ولەڕدا هوشیاری گەڵانەوەیە بە دەزینەوەی دەگمەکانی نوسین و بە (دەکترین ـ حقیقەت) کردنیان و بردن و فاندن یان بە ناو یەکەیەکی گەورەتر کە خەمی (نیشتمان و نەتەوە)یە .
ئەمەیە ئەو هوشیارییەی کە (کێشە) دروست کردیەتی و بە تەنها کێشش

دەتوانێت ئەو ناسنامەیە ببەخشێ و نوسەر بە فەربوون و فەرکردن لە ئابردووەوە , ئەو خەمە پەخش دەکاتەوە کە خوێنەر لە یادەوەریاندا کاتێ دەبەتەوە یان خوێنەر ووە لە نەمان دەکات .واتە لە ساتی خوێندنەوەو تێفکرینەکانی نوسەرەوە بەرەو زیاد کردنی پژارە دەچین . چونکە لە یەك کاتدا (نوسەر) فەربوو (فەریش)دەکات کەسێك کە فەربوونی تێناگات دابە چ باکی بە پژارە هەیە یان چی لە خەم بکات بە مانایەکی تر بە خوێندنەوەی ئەم دەقە (فەربوون) زیاد دەبێت و پژارەو خەمکانیش گەورە دەبن و زیاد دەکەن و بە پێچەوانەشەوە ئاستە .

ئەنجام :

دوای ئەوەی بەدووبش و بشوێیکی چە ، ئەوەمان دەرخست کەدەقی وانای لەدەقی ، لەنێو ماسایەکاندا "لەگەڵانەوەم بە ئەفریقا " ی پشەواکاکەیی) چەندین بابەتی هەستیارو وانای پشکشکردووە بەچەند خاڵێك کەی ئەو ئەنجامانەی پەی گەیشتم بریتین لە :

1- نوێکردنەوەی کەسایەتی / ئەمە یەکێکە لەو سیفاتانەی ، کە هەر دەقێکی وانای پێ دەناسرێتەوە ، واتە(کەساندنی نووسەر و پاڵەوان بوون لەناو مژوو و دووبارە دروستکردنەوەی لە فەرمکی ئەدەبی دا ، دەبەتە هەی سەرلەنوی دروستکردنەوەی کەسایەتی ، کەبەمرەڤکی گەیەدەی کوردەوەت زەمەن ببڵەت و بگاتە دەرەوەی سنووردیاریکراوە کان کەلەیێك کاتدا ئەرەوئەوە زەمێنکن نیشتمانی شاعیرن .

2- زیندووکردنەوەی (زنجیرە ووداو ،خەبات ، یان یەکێك لەچاخکانی مژوو)، کە لەم خاڵشدا مەبەستی پکاوە ، واتە قناغکی مژوویی، کەهەم ووداو گەلکی تیادایەو هەم باسی خەباتی نەتەوەیکیش دەکات لە فەرمکی میتافەرك دا .

3-دەقی وانا کەلەناو مژوودا کاردکێن بەجەرەك گەرانکاریە مژووییکان دەگەنەوە، کە لەهەزری نووسەردا ڕەنگ دەدەنەوە و ناچارمان دەکات بچاوکی ترەو بەجەرەکی تر دەق بخوێنینەوە لەدەرەوەی ناوچەگەرێتی و سزەو هەستی تاکەکەسیدا .

4-نووسەر و ڕەخنەگرانی دەقی مژووییلەبارەی ئەوەی، کە لەهەر سەردەمکی مژووییدا کامە ووداو گرنگترە و کام ووداوی مژووییگرنگی زیاترە ، کەپێویستە لەدەقدا هەبێت ، دەکەوێتە سەرئاستی هەڵبژاردن و ریز بەندی لەووداوو گەڵانەوەکاندا کە ئەم دەقە خەی ئەوگرنگی و کاریگەریە دەسپێنێت .

5-هەروەها لەووی نووسینیەوە دەتوانرێت ،چ سەردەمێکی بوَت بەنادیاری بیهەلبژێتەوە . ئەمەش هەی زەرە، گرنگترین یان ئەوەیە گەلەدەرەوەی توانا ووزەی مرۆڤەیە .واتە مرۆڤ بەوەها کارەك ریسك

بە ژیانی خەی دەکات ، بەوەی کە هەموو شتەك بەنووسین (کردەی نووسین) ناکرێت و بە ئەمەش نووسەر پەنا دەباتە بەر گرنگی و بایەخی هەوداوەکان و ئەو هەوداوانەی کە نووسینەکەی دەکەنە شاکار و بەمەزنی دەیهێنەوە ..
6-هەروەها گونجاوە لەماماڵەکردن لەگەڵ مەژووداڵەدەرەوەی کات و شوێن نووسەر مەژووەیەکی تر تەماربکات .

کۆتایی :
پەژارەو خەمی نوسەر . کەسی نیەو چ پەیوەندیەکی سایکۆلۆژی ساتی پەکەوەیان نابەستێتەوە . بە هەندەی فەربون و خوێندنەوەی ئەو مەژووەیە . کە تاکو ئێستا کەمترینی خەڵکی دوو دە و قەڵەق کردووە لە بواری دروستکاری و داهێناندا , وە کەمترین گومان لەو بوارەدا گرتونیەتەوە بە دەزینەوەی حەقیقەتی ئەدەبی میللەتێك کە خەی فیدا دەکات و قوربانی دەدات و خوێن دەڕژێت و پرسیار ناکات !!
(کەشە) ی نوسین لای کاکەیی ,خودی نیەو ناچێتەوە سەر پەژارە دنیایی و ماددی و خەرا ەاگوزەرکان بە قەدەر ئەوەی دەست بردنە بە پرسە سەرەکی و نهێنی و فەلسەفی و وجودیەکان ، ئەمەش وا دەکات لای خوێنەر جێگیر بێت بە گواستنەوە لە خوێندنەوەی بەشەوە بە خوێندنەوەی هەموو بەشەکانی کە چاوەڕێ دەکرێت ئەم نووسینە پرەژەیەکی درەژخایەن و بەردەوام بێت .

لیستی سەرچاوەو پەراوێزکان :
یەکەم / لیستی سەرچاوەی ئەلیکترۆنی :

1. www.alnayan.ae
2. www.alaraby.co.uk
3.www.wikipidia.org
3. www.io.hsoub.com
5 . www.arabdict.com
4. www.clutureproject.org.uk

دووەم /لیستی سەرچاوە وەرگیەکان :
أ. بەزمانی کوردی :

5. پیربال ، فەرهاد ، ڕەبازی ئەدەبیەکان ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – زنجیرەی ڕەشنبیری ژمارە 308 ، چاپی یەکەم هەولێر : 2004،
6. میراودەلی کەمال ، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا) ، لەبڵاو کراوەکانی زانکۆی سلێمانی چاپی یەکەم : 1979 .
7. ئەحمەدی ، بابەك ، پەڕك هاتەو ڕاڤەی دەق , وەرگێڕانی

(مەسعود بابایی) لە بەاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما زنجیرە (56) چاپی یەکەم ,هەولێر (2005) کتێبی سێ هەم
ب. بەزمانی عەرەبی :
8. ت.ي . أثتر ، ادب الفنتازيا " مدخل الي الواقع " ، ترجمة : صبار سعدون السعدون ، دار المؤمون للترجمة والنشر – بغداد 1989

تەریقەتی کۆکەی سەرمایە.. ئاسۆ کەمال

یەکێتی نیشتمانی زەوی و زارێکی چەندین ملیۆن دۆلاری پێشکێش بە نەهرێی شیخ محەمەدی کەسنەزانی کەنە موستەشار کردوە تاکو شارێکی تەریقەتی قادری وەک پرۆژەیەکی بازرگانی بە دینەکەیەوە بکاتەوە. ئەم پرۆژەیە بەشێک لەو سیاسەتە ئابوریەیە کە بە دەیە و نەوەکە لە کوردستان دەستی پێکردوە و پێی دەڵێن کۆکەی سەرمایەداری.
جا چ شێخ بیت و کەرەسەکەت دین بێت، یان بازرگانی سیاسی بیت و کەرەسەکەت کۆکەک و ئاسیاسیە و دەرمان بێت، چ بنەماڵەی سیاسی بیت و کەمپانیاکەت کار و قەیوان و نەکان بێت. ئەمانە یەک ئامانجیان هەیە ئەویش کۆکەکردنی سەرمایەیە لە دەستی کەمێنەک دەوڵەمەندا و حکومەت زەوی و داهاتی گشتی خەڵک پێشکێش بەمانە دەکات تا چینی سەرمایەدار دروست بکەن و بتوانن سەرجەم سەرچاوە و هەیکانی بەرهەمهێنانی ژیانی ٤ ملیۆن ئینسان لە کوردستان بکەن بە موڵکی شەخسی و بنەماڵەیی خۆیان و چینێک دروست بکەن کە بە بژێوی خۆی ناچار بە مل کەچی ڕەحمی و جەستەیی ئەم چینە سەرمایەدارە چەندین سەرە دینی و بازرگانی و میلیشیایی ببێت.
ئەم پرۆسەی کۆکەی سەرمایە لای دەستێک و چینکی کەمایەتی دامارینی ژیانی ٤ ملیۆن ئینسانە لە هەرچی زەوی و داهات و سامانکە کە لە کوردستاندا هەیە و سپاردنی ژیان و ئایندەیان بە بەینی موچە و دانەمەزراندن و بێکاری و گرانی و هەژاری.
حکومەتی هەرێم لەم دەورەیدا دەستی هەموو کەنە موستەشار و

گەندەکار و دزەکی کەرتی گشتی و ژن کوژەکی عەشایر و درزنەکی پاڵەمانتار و خاوەن دیوەخانەکی چەکدار و خاوەن تاریقەتەکی کەنەپارەز دەگرێ کە بیانکاتە شەخسیەتی سەرمایەداری خاوەن پرۆژە و کەمپانیا ئەمە مەژووی چونە ناوەوەی کەمەگەی کوردستانە بە بازاڕی جیهانی سەرمایەداری. ئەمە مەژووی ئاستەقینەی دەیە و نەوەکی ئابردووی کەکەی سەرەتایی سەرمایەیە لە کوردستان.
خەپیشاندان و ناڕەزایەتیکانی چەند ساڵی ئابردوو بە موچە و خزمەتگوزاریکان لەلایەن فەرمانبەران و کرێکاران و مامۆستایان و خەڵکی هەژار ،وە سوتاندنی بارەگای حزبە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەلایەن گەنجانی بێکارکراوەوە نیشانەی ناڕەزایەتی چینی کرێکار و چەوساوەی کوردستانە بەم کەکەیەی سەرمایە و دەوڵەمەندبوونی چینێکی بورژوازی لەسەر حسابی چینی کرێکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەتی کوردستانەوە. ئەمە شەکێکی چیانەیەتی درێژخایەنە کە لە کوردستان دەستی پێکردوە.
بورژوازی کورد لەم شەڕدا ئاوێزکاری زۆری لە بانکی جیهانی و کەمپانیاکانی نەوت و گاز و قاچاغچیەکانی حکومەتە ناوچەییەکانی تورکیا و ئێرانیش هەبوە و هەربۆیە ئێستا ئەم بورژوازیە کوردیە کەوتۆتە سەرپێی خۆی و خێریکە لەو کەکەیە سەرەتاییەی سەرمایە فێری هەموو جۆرە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بوە و حکومەت و پارڵەمانی خستۆتە خزمەتیانەوە. پڕۆژەی کەسنەزان سیتی یەکێکی تر لەو پڕۆژانەیە کە کەرەسەی خورافاتی دینی دەکا بە دەلار و دەیژنێتە حسابی نادیاری ئەوانەی شاری سلێمانیان لە شاری ئەشنبیریەوە کردوە بە شاری چەتەکان. شەخ و پڕۆژەکەی ئەم هەڵکە دوو زەردەنەییە بە دەسەڵاتدارانی سلێمانی دەکەن کە هەم سەرمایەکەیان بە دەسوێنن و کەکەیە دەکەن و هەم جیگای فەزای بیرکردنەوە و ئاخنە چەک دەکەن بە فەزای شمشێر لەخەدان و ملکەچی و خورافات بەاوکردنەوە. ئەمە ئەو هونەرەی نوێیە کە پڕۆژەی تاریقەت لای سەرانی یەکێتی ، جا چ ئەملی ژنیان بێت یان بەرهەمی سەرەکی پیاویان بێت، خەشوێست دەکا.
خەکی ناڕازی شاری سلێمانی ئاگەر دەیانەوە لەسەر کەلتوری ئەشنبیربونی خۆیان بەردەوام بن پێویستیان بە خوێندنەوەی "سەرمایە"ی مارکس تا بزانن بە چ سیستمێک سەرمایەداری کورد لەسەر حسابی ژیان و مەژووی ئەشنبیری شارەکیان پارێزێک کەکەکە دەکا کە بەهێزە موستەشار و گەندەکاران لە ئاوی زەدا نوێژی پاک بونەوەیان پێ دەکا و دەیانکات بە پێش نوێژ تا خەڵک لە دوایانەوە سوجدە ببەن تاکو موچەیەکیان بدەنێ.

داریوش ، زیاتر لە ئینسانێک.. پشکۆ ناکام

.....لەدوای حەفتاکانەوە ، دەنگێکی زۆڵ ، گۆ ، گەرم ، کوتە ناو خەڵکەوە ، جگە لە قوناغ ، شیعرکانیشی بوونە مایەی سەرنج ڕاکێشانی خەڵک بۆ تایبەتی گەنج و تازەپێگەیشتووەکانی ئەهلی شیعر و ئەدەب ،کەم و زۆر کاری کردە ناخی زۆربەیان ، چونکە مەئیوسی خەڵک لە هەل و مەرجە سیاسییەکەی ئەو سەردەمە کە کورد وەک مریشکی ئاوە ڕووت کراوی لە هاتبوو ، وایکرد خەڵک پەنا بۆ هەموو شتە بەرە تازەک ، تازەک سووکنایی پێ بێ و باس لە ناخی ئینسان و دڵانن و هەڵاتن و مل ملانێی ئینسان لەگەڵ خۆیا بکا ، داریوش وای لە هات خەڵکەکی زۆر ئالودەی بن وەک مەی ،وەک عەشق ، وەک جگەرە و..شتی تریش..ەنگە کەسانێک زۆر بە کەمی لە فارسی حاڵی بوو بن ، بەڵام ئەو دەنگە جەماوەرییە و ئەو ئاوازە سەر سوڕهێنەرانە
و ئەو ووشە داگیرساوانە وای کرد کە زۆر گرنگ نەبێ چۆن فارسی ئەزانی گرنگ ساتەکە بە گوێ گرتن لە داریوش زاخاوی دەی شکاو و مەشکی جەنجاڵ و بیرەوەرییە تاریکەکان بیتەوە، تەنانەت هەندێک لە شاعیرە گەنجەکان بە دارتاشی کردنەوە چۆن شیعرکیان بۆناوی خۆیانەوە بۆاو ئەکردەوە...من بە خەم بەسەدان جار لەگەڵ هاوەڵم " شەهید بارزان عوسمان" کە لە ڕیزەکانی " کەمەڵە" بە نهێنی کارمان ئەکرد ، گوێمان لە داریوش گرتوە و باسمان لەوە کردوە تە بەڵی ئەم گۆرانیانە ڕەژەک بکرێن
بە کوردی !! بە داخەوە ئەو خواستەمان کاتێ هاتێ دی کە ئەو لە ژیانا نیە و لە دونیای نەمری خۆیاتی..زۆر بە داخەوە.....

بە گوێ گرتن لە داریوش و هەست کردن بەوەی لە جیاتی تۆ و بە تۆ گۆرانی ئەڵێ ، پەیوست بوونە ناکات تۆ لە گروپێکی تایبەتی کەمەگا بیت ، عاشقێکی دەی شکاو وا ئەزانێ داریوش بۆ تایبەتی باس لە دڵ و عەشقەکەی ئەو ئەکات و بۆ کەسی تر نەووتراوە ، دایکەکی جگەر سووتاو وا هەست ئەکا داریوش لە ماتەمی جگەر گۆشەکەیا ئەلاوێنێتەوە ، زیندانیەک وا ئەچێتە خۆیاڵێوە کە هەست بکا داریوش لە گۆیا زیندانێ و لە جیاتی ئەو باس لە قەفەس" زیندان" ئەکات، هەزارەکی سفرە خاڵی کە ڕووی کردەتە ئاسمان هەستی بە تەنهایی بوونی خۆی

لەسەر سفرەکە نەکا بەکو داریوش لەسەر هەمان سفرەیە و وەک ئەو برسیە و چاوی بەیوتە ئومێدەک لە ئاسمانەوە!! ...کەسەک کە دەرد و غەمی دونیا سەری لە تەک با و تووشی " شتێتی " ئینسان بوون بوو بە ، تەنیا نیە لە تەوانینەکان بە ژیان ، بەکو داریوش لە تەنیشتیوەیتی و بە گەرانیەکانی باس لە "وا"یتی بوونی ئەو ئەکا لەو شێت بوونە، کچێک ، ژنێک کە بەدەست جیاوازی کردنیەوە لەگەڵ بەرا و کوانی خزم و گەڵەک و شار و ووڵات، گوێ ی لێیە دەنگێکی بەسەزی گەرمتر لە ناخی ئەو باس لە بەدادی کەمەگا ئەکات لە نەخۆشی شەر پەنجەی ئاین لە جیاوازی نەر و مێ ،، شەشگەڵەک کە لە شەڕایە و لای ئەو هەموو دەنگەکان وەک خوێن سوورە و هەموو عەشق و جوانی ئینسان لە لوولەی تفەنگەکەیا ئەبینێ ، بە گەرانیەکانی داریوش ئەبیستێ
دەنگێک لە سەنگەرەکەی ئەوەوە و لە تەنیشتیەوە ئەجەنگێ بە ووشە و دەنگ و گووتارێک کە هەموو تفەنگەکانی دونیا ناتوانن بە دەنگی بکەن...گەڵەکەکی بە ووڵات لەگەڵ هەنگاوەکانیا گوێی لە داریوشە پەی ئەڵێ: هەموومان قەڵەندەرین " گەڵەک" ، هەموومان سەرگەردانی غوربەتین و و بەداخەوە هەندێک جار بە یەک لەسەنگەراین..
کەواتە داریوش یەک ئینسان نیە ، بەکو کارەکتەری دەیان پرسەی ئینسان بوونی لە خەیا هەڵگرتوە ، کەم کەس هەیە بتوانێ خەی لەوە گەل بکات کە کام کارەکتەری داریوشە قسە ئەکات مەگەر " قامچی بەدەست و پاسەوانەکانی قەفەس"..لە هەمووی دیارتر ئەوەیە کە لە تەکستی گەرانیەکانیا ئینسان هەر ئینسانێکی "مجرد" نیە و بەس ، بەکو وەک " کائن"ێک لە چەن لایەکەوە هەوەی مانەوە ئەیا و مل ملانێ ئەکا ، لەگەڵ ناخی خەیا ، لەگەڵ ویژدانی خەیا ، لەگەڵ دەوروپشتی خەیا ، لەگەڵ خودای خەیا و لەگەڵ چارنووسی خەیشیا.. لە زەربەی هەرە زەری تەکستەکانیا دەیان ووشە وەک سیمبول بە هەردوو بەرەی خەر و شەڕ بەکار هاتووە: سپی ، عەشق ، گوڵ، ئەستێرە ، هەتاو ، خەندە ، بەهار ، ، کازیوە ، ئازادی،نان، بارامبەر بە دەک ، بوغز و کینە ، دەسەڵات ، ، قەفەس ، جەللاد ، شەو ، ترس ، هەور ، کەتر کوشتن ، سەهۆڵ بەنگان ، ...هتد..(گەر ئەوان شەو نەبونایە ..... ووناکی ئم ەڕۆ بە ئەمە ئەبوو..).....

بە بەرگری کردن لە ئینسان و ئینسانی بوونی کەشکان ، داریوش پەویستی بەوە نیە لە دیدی ئایدیەلۆجیەکی دیاری کراوەوە بەوانەتە ئینسان ، لای ئەو ئینسان ئینسانە و ناکرێ بە دوو سێ کەرتەوە ، بە بەرگری کردن لە هەژارێک یا کرێکارێک مەرج نیە کەمانیست یان "چەپ" بیت ، بە بەرگری لە خاک و خەڵک نەتەوە پەرستی خاڵی یەکەم نیە ،

لە نەهێشتنی سیستەرکانی
نەوان نەر و مە هەر ئەوروپاییەکان ناگرێتەوە ، بە قسە کردن لە سەر خودا و ئاین کافر و ئیلحاد بوون قسەی قڕ ، بە بڕگزا چوونەوەی ڕەگەزپەرستی ڕەنگی ئینسان ئاسایی سپی پێستەک بەرگری لە ڕەش پێستەک بکات : " تە سپی دە ڕەشی..من ڕەشی دە سپی.."…بە عاشق بوون ئیحساسات پەویستە نەک گیرفان ، بە لابردنی تاریکی ، تەنها دەنکە شقاتە بەسە بە داگیرسانی چرایەک،
ئەمانەش هەر هەمووی جبەجە ئەکرێ بەبێ ئەوەی پەیەوپەگرامی حیزب یان قورئانەکمان لە گیرفانا بێت….چەن دیکتاتەر و ستەم گەرکان مەسەلەی " کورسی" لایان خاڵی هاوبەشە ، ئینسانەکانیش مەسەلەی ئینسان بوونیان هاوبەشە ،ئیتر ڕەنگی ئینسانەکان و جوگرافیایان ئەسڕێتەوە ..هەر لە گوڕەوە سەیری بکەین ، خە لە "ئەفریکا"ش گوە ڕەنگاوڕەنگ.، دەکیش هەر دەکە لە هەموو شوێنەک، ..

من خەم لە ساڵی 1976/وە کە یەکەم جار کاسێتەکی داریوشم لە تەمارگای "بەناز" ی بەرامبەر بارگای ئەوکاتەی کەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە جادەی سجن/پیرەمەرد کەی تا ئێستا گوە ی لە ئەگرم لەگەڵ ئاشنا بوونی زیاترم بە زمانی فارسی زیاتر و زیاتر لە تێکستەکانی نزیک ئەبمەوە و ئاسان تر ئەچمە دونیای مل ملانێیەکانی ئینسان لەگەڵ خودی خەیا پێش خواکەی……..

ئەمەوە باس لەوێش بکەم کە هەندەک لە گەرانییەکان بە ئاسان تر ئەکرا بە کوردی بە لەکیس یانی ێیتم و مەسیقا و دیمەنی شیعرەکە ، بەڵام هەندەک لە تێکستەکان قورستر بوون ئەوێش سەبارەت بە زمانی شیعرەکە ، بە نمونە ئەو زمانەی " احمد شاملو" پەی ئەنوسە هەمان فارسی شاعیرەکی تری تازە دەرکەوتوو نیە ، بە حوکمی ئەوەی فارسیش خەی زمانەکی چە و قوە و فراوانترە لە کوردی بە تایبەتی لە ئەدەبیات و بە دەست نیشان کراوی شیعر ، بە وەرگەڕان ئەبە خەت بە ڕەگایەکی پە لە "تاسە"
حازرکەیت.. زەر "ووشە"ش کە لە کوردیشا هەمان مانای هەیە ، پەم باش بووە هەر بە فارسییەکە بمێنێتەوە و بە زەر چەکوش کاری تیانەکەم ….
سوپاسی ئەوە ئەکەم سوپاسم ئەکا ، و پشتی خەم ئەکەمە ئەوەی توانج ئەهاوێژێت ، چونکە گەر "ئەدەب" بە توانج فەرامەش کەم ئەبوایە ئەم پەڕاوێزە لەسەر تێکستی توانج بوایە نەک ئینسان……

_____

لە پێشکەشکردنی کتێبی " بۆنی گەنم"ەوە وەرگیراوە کە تایبەتە بە وەرگێڕانی کەمەک لە تەکستی گەرانیکانی "داریوش" لە فارسییەوە بۆ کوردی.....

ئاو لە هەموو شوێنکدا..
هێنراوەی : مارف عومەر گوڵ

ئاو لە دەستیدا !
لە مەنگیدا ، لە خوێدا ،
لە شێپڵاندا ، لە نیشتنەوێدا
لە بارواندا ، لە باوەشی کانیدا ،
یارای جوانیە لە ژیاندا .
ئاو لە ناحەزی دا !
لە خنکاندا ، لە لافاودا
لە قێرانی نەوان ئەم و ئەودا
لە وێرانکردنی سروشتدا ،
دیمەنە دڵکێشەکان دەباو دەوا
هاودەمی ناخۆشیە لە گریاندا .
ئاو لە بیاباندا !
دەستی باڵندەو ، باوەشی دار و دەوەنە
ئاو لە چیاکاندا ،
خوڵەمی قەبزەو ،
دایکی کانیلە و شەیدای جۆگڵەیە
بەگژ قەرت و قەدەغەدا دەچێتەوە .

سلێمانی / بەرەبەیانی
20/5/2020

مەسعود بارزانییەکان و نەتەنیی پرسی موچە.. رێبوار ڕەشید

لەو وڵاتانەدا کە سیستەمی دیموکراسیی بە بەهێزبردنی ناوخۆ پیادە دەکرێت ئەوا خزمەتی نێودەوڵەتی، پرسی داهات، پرسی بەرهەمهێنان و فرۆشتن و پرسی خۆشگوزەرانیی ئابووریی و پرسی مووچە لە هەرە خاڵە سەرەکییەکانن. هەموو جارە ماڤێکی دیکە لەم خاڵانەوە پێ هەڵە دەگرن.
ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دەسەزانی باشوور لە 30 ساڵی ڕابردووەوە ئاماژەیان بەو هەموو جارە قەیرانە داوە کە دەسەڵاتدارانی باشوور خەڵکی باشووریان دووچار کردووە. لەبەرەدا من دەمەوێت تەنیا پرسی مووچە بخەمە بەر باس.
مایک مۆنتەریۆ (MIKE MONTEIRO) لە ڕاپۆرتاژێکی زانستییەدا باس لەوە دەکات کە چەن گۆڤاری واڵ ستریت لە هێژی 24 ماڵگی حەوتی ئەم ساڵەدا (2020) هاتووە و بیست (20) مووچەی لە بەرزترین مووچەی سەرکەکانی دونیای پشکۆتووی بەاو کردووەتەوە. ئەو بیست 20 وڵاتە ئەو وڵاتانەن کە لە بە پێی زانستی سیاسیی و کریتیریای دیموکراسیین، دیموکراسیین، واتا بە پێی سیستەم و یاسا و هاسای دیموکراسیی بەهێزەوە دەچن. یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراسیی ئەوەیە کە لە خزمەتی نێودەوڵەتیدەوە هەتا بچووکترین سەودا هاتنوچوونی پارە بە حیساب و دەفتەرە، و تۆمار کراوە. ئەم دەوڵەتانە هەروەها گەورەترین لە پێشسازییەکانی جیهانن، دەوڵەمەندترین و بە بەرهەمترینشن.
زۆر گرینگە خوێنەر پێشوەخت تێبینیی بکات کە لە ڕاستییدا گۆڤاری واڵ ستریت گۆڤارێکە سەرنووسەرەکانی ڕووانگەی کۆنسێرڤاتیزمیان هەیە و ناوەندێکەیشی بەتایبەتیی باس سیاسییەکان لیبراڵیین، واتە بە هیچ شێوەیەک گۆڤارێک نییە بە تۆژینەوە و هەڵشنکردنەوەی خەباتی چینایەتیی و هاوژیانیی بەرابەرییانە، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا زۆر ڕەخنەگرانە لەو گەڵانکارییە نوێیە دەڕوانێت کە لە دەوڵەتانی دیموکراسییدا هوو دەدات و کە لە بڕی چێوە هەتا سەسیاللیبراڵەکان دەیانەوێت بڕی پێ بگرن تا نەبێت بە دیاردە.
ئەو گەڵانکارییە پرسی هێژی مووچەیە. ڕوونتر بدوێین، زۆرینەی خەڵک لەگەڵ ئەودان کە مووچەی بەرپرسانی سیاسیی لە ئاستی هەرە سەرەوەدا بە هێژەیەکی دیار و بە حیساب لەگەڵ مووچەی تەکەای گشتیی وڵاتدا بێتەوە.
لە وڵاتە دیموکراسییە پشکۆتووە پیشسازییە بەرهەمهێنەرەکاندا

ەژی مووچەی سەرکەماریی و سەرکۆزیرانی لە سێ و نیو کاتژمێر/ بەرابەرە هەکشاوە بە چوار جار و هەندیک جار بە پێنج جار لە مووچەی تەکەایی گشتیی. واتە ئەگەر مووچەی تەکەایی گشتیی هاووڵاتیی یەک دۆلار بێت ئەوان چوار/ چوارونیو یان پێنج دۆلار وەردەگرن.
زەرینەی خەکانی ئەم وڵاتانە ئەمە بە کەشێک دادەنێن و زەرینەی پارتەکانی ناو بازنەی چەپ و ژینگەدۆستەکان ئەمە بە گەانکارییەکی ترسناک دەبینن.ئەوە بە دروست دەزانرێت کە لەو پەیدا چوار بەرابەر/ جار زیاتر بێت.
مایک مانتەر دەێت زانیارییەکان بە ئەو توژینەوەیە بە شێوەی جیاواز دەستکەوتوون، وەکوو پەیجە هەسمییەکانی دەوەتەکان و فەندی نێونەتەوەیی دراو (International Monetary Fund) و کتێبی فاکتی جیهانیی سی ئای ئەی (CIA World Factbook).
من لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنمەوە بە ئەوەی خوێنەر لەو مەترسییە گەورەیە تێ بگات کە مەسعود بارزانی و دارودەستەکەی بە باشووری ساز کردووە.
سەرکی ئیرلەند لیۆ ڤارەدکار 234.447 هەزار دۆلار لە ساەکەدا وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە نزیکەی 19.537 هەزار دۆلار . ئەمە دەکاتە چوار و نیو جار لە مووچەی تەکەایی گشتیی لە ئیرلەند کە نزیکەی 4000 دۆلارە.
ج د پ/ پوختەی مەسرەفی نەتەوەیی بە هەر تاکەکەسێک لە ئیرلەند زیاتر لە 78 هەزار دۆلارە (بەرزترین لە ئوروپا!).

کاترین جاکسدۆتەر سەرکۆزیرانی ئایسلەند ساانە 242.692 هەزار دۆلار وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە 20 هەزار دۆلارێک. ئەم مووچەیە لە سەر هەر هاووڵاتیەکی ئایسلەند 73 سەنت، واتە سێچارەکە دۆلارێک، دەکەوێت. مووچەی تەکەایی گشتیی لە ئایسلەند نزیکەی 3.200 دۆلارە.
ج د پ/ پوختەی مەسرەفی نەتەوەیی بە هەر تاکەکەسێک لە ئایسلاند نزیاتر لە 49 هەزار دۆلارە
ستەفان لۆفڤەن سەرکۆزیرانی سوێد ساانە 244.615 هەزار دۆلار وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە 20.300 هەزار دۆلار. مووچەی تەکەایی گشتیی لە سوید نزیکەی 3,900 دۆلارە. ج د پ/ پوختەی مەسرەفی نەتەوەیی بە هەر تاکەکەسێک لە سوێد نزیکەی 56 هەزار دۆلارە.
لارس لۆکە راسموسن سەرکۆزیرانی دانمارک ساانە 249.774 هەزار دۆلار وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە نیزیکەی 21 هەزار دۆلار. ج د پ/ پوختەی مەسرەفی نەتەوەیی بە هەر تاکەکەسێک لە دانمارک 46.239 هەزار دۆلارە و مووچەی تەکەایی گشتیی مانگانە 7,500 دۆلارێکە. لارس

شش بڕابڕ زیاتر لە موچڕی تەکڵایی گشتیی وەردەگرێت.
چارلس میشێل سەرکۆزیرانی بەلژیک ساڵانە 264.964 هەزار دۆلار وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە نزیکەی 21 هەزار دۆلار. ج د پ/ پوختەی مسرفی نەتەوەیی بە هەر تاکێکسەک لە بەلژیک 42.497 هەزار دۆلارە. موچڕی تەکڵایی گشتیی مانگانە 5 هەزار دۆلارکە. واتە چارلس چوار بڕابڕ زیاتر لە موچڕی تەکڵایی گشتیی وەردەگرێت.
موچڕی مانگانەی سەرکۆزیرانی فەڕانسا، ئێدوارد فیلیپ، نزیکەی 18 هەزار دۆلار و ساڵانە ($220,505.00) کەمتر لە 221 هەزار دۆلار. سەرکۆماری ئیمانوئێل ماکرۆن، نزیکەی هەر 18 هەزار دۆلار وەردەگرێت ئەگەرچی بڕپرسیارێتییەکەی زیاتر لە سەرکۆزیرانە.
تێبینی بکەن کە هێڵەی ج د پ/ پوختەی مسرفی نەتەوەیی بە هەر تاکەکەسێک لە فەڕانسا لە 40 هەزار دۆلار زیاتر و موچڕی تەکڵایی گشتیی مانگانە نزیکەی 2800 هەزار دۆلارە.
جستن ترودو سەرکۆزیرانی کەنەدا ساڵانە 267.041 دۆلار وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە 22 هەزار دۆلار.
ج د پ/ پوختەی مسرفی نەتەوەیی بە هەر تاکەکەسێک لەکەنەدا 44.134 و موچڕی تەکڵایی گشتیی مانگانە 4.500 دۆلارکە. جستن نیزیکەی پێنج بڕابڕ زیاتر لە موچڕی تەکڵای گشتیی وەردەگرێت.
خاڤیار بێتڵ سەرکۆزیرانی لوکسمبۆرگ ساڵانە 278 هەزار دۆلار وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە 23 هەزار دۆلار کە نزیکەی 48 سێنت لە سەر هەر تاکێکی هاووڵاتیی دەکەوێت.
ج د پ/ پوختەی مسرفی نەتەوەیی بە هەر تاکەکەسێک لە لوکسمبۆرگ نزیکەی 94 هەزار دۆلارە و موچڕی تەکڵایی گشتیی مانگانە هەزار 6 دۆلارکە. خاڤیار نزیکەی 4 بڕابڕ زیاتر لە موچڕی تەکڵای گشتیی وەردەگرێت.
سەبەستیان کروز، سەرکی ئوتریش ساڵانە 328.584 دۆلار وەردەگرێت کە دەکاتە 27 هەزار دۆلارک. ج د پ/ پوختەی مسرفی نەتەوەیی بە هەر تاکەکەسێک لە ئوتریش نزیکەی ٤٦ هەزار دۆلارە و موچڕی تەکڵایی گشتیی مانگانە 4.500 دۆلارکە. سەبەستیان شش کەڕت لە هاووڵاتیی زیاتر وەردەگرێت.
ئەنجەلا مەرکەل ساڵانە 369.727 هەزار دۆلار موچڕ وەردەگرێت کە مانگانە 30 هەزار دۆلار دەکات. ج د پ/ پوختەی مسرفی نەتەوەیی بە هەر تاکەکەسێک لە ئەڵمان 46.719 هەزار دۆلارە و موچڕی تەکڵایی گشتیی مانگانە لە ئەڵمان نزیکەی 4500 دۆلارە. ئەنجەلا نزیکەی پێنج جار زیاتر لە موچڕی تەکڵایی گشتیی وەردەگرێت.
سکێت مەریسەن سەرکۆزیرانی ئوستڕالیا ساڵانە 378.415 دۆلار

وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە نزیکەی 31 هەزار دۆلار. ج د پ/ پوختەی مەسرەفی نەتەوەیی بۆ هەر تاکێکسەک لە ئوسترالیا 46.554 هەزار دۆلارە و مووچەی تەکەایی گشتیی مانگانە 7.400 دۆلارەکە. سکەت نزیکەی چوار بار زیاتر لە مووجەی تەکەای گشتیی وەردەگرێت.
ئوللی ماورەر سەرکی کۆنفیدراسیۆنی سویسرا ساڵانە 482.958 هەزار دۆلار وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە نزیکەی 40 هەزار دۆلار. ج د پ/ پوختەی مەسرەفی نەتەوەیی بۆ هەر تاکێکسەک لە سویس نزیکەی 56.473 هەزار دۆلارە. ئەمەبەت لە کۆنفیدراسیۆنی سویسرا مووچەی تەکەایی گشتیی هاوواڵاتیی نزیکەی 62 هەزار دۆلارە لە بڕاووردا لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی دیکەی ئوروپا کە 43 هەزار دۆلارە.
دۆلاند ترامپ ساڵانە 400 هەزار دۆلار وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە مانگی 33 هەزار دۆلار. ج د پ/ پوختەی مەسرەفی نەتەوەیی بۆ هەر تاکێکسەک لە ئەمریکا 54.440 هەزار دۆلارە و مووچەی تەکەایی گشتیی مانگانە لە ئەمریکا نزیکەی 4.800 دۆلارە. دەڵاندیش هەر شەش جار زیاتر لە مووچەی تەکەای گشتیی وەردەگرێت.
ANNONS

ئەم نموونانە پەمان دەڵێن کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراسییدا کە مافی مرۆڤ تا رادەیەکی باڵا بڕقەرارە سیستەمێک بۆ مووچە هەیە کە بۆگشتیی نزمەکی لیبرالیی چەسپاندوویەتیی، ئەویش بۆ بەردەوامیی لە ژێر ڕێخنەدایە چون بۆ نادادوەریی و نایەکسانیی و نابڕابەریی دادنرێت و داوا دەکرێت باشتر بکرێت، واتە کەمتر بکرێتەوە.
ئەم سیستەمی مووچەیە لە سەرەوە دیار ناکرێت بەکو لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەڵدەچنرێت. باسەکە دووبارە دەکەمەوە کە مووچەی سەرککەمارێک/ سەرکوزیرانێک عادەتەن چوار/ چوارونیو کەرت مووچەی تەکەای گشتییە، واتە ئەگەر مووچەی تەکەایی گشتیی هاوواڵاتیی سەد دۆلار بێت ئەوا مووچەی بەڕێوەبەرانی دەوڵەت، چوارسەد/ چوارسەد و پەنجا دۆلارێک دێتەوە. لە دەخی نائاساییدا شەش بڕابەر، واتە 600 دۆلار.
بەو هەموو مووچە ساختەیەوە کە لە باشوور هەیە مەحاڵە بزانرێت مووچەی تەکەایی گشتیی هاوواڵاتییەکی کارمەند چەندە، بەڵام مرۆڤ بە گشتیی دەتوانێت بڵێت کە دەسەاتدارانی باشوور خەوکیلیی، دوور لە هەر نەزم و حیسابێکی هاوچەرخ، مووچە بە خەیان دەبەخشنەوە و هاوکات "بەک" بە سەر خەڵکی ئاساییدا دەسەپێنن.
لە باشوور دەتوانین مووچەی تەکەای گشتیی مانگانە بە 800 دۆلار بقەبڵێنین، واتە مووچەی کارمەند/ فەرمانبەرێک کە خزمەتکی چەندین

ساڵ و کارزانییەکی تەمار کراوی هەبێت. ئایا مووچەی مەسعود بارزانی و کوڕان و برزاکان و خوشکەزاکان و وەزیرەکانی و پارلەمنتارەکانی لە سەر بناخەی مووچەی تەکرایی گشتیی مانگانەی باشوور دیاری کراون؟
ئایا سەرۆت و سامانی بگویز و نەگوزیان بە پاشکەوتی ئەو مووچەیەیە؟
بەگومان نا.
نەک پارەی مووچەی یەک ساڵی خەڵک، بەڵکو مووچەی سەد ساڵیان بە زیادەوە لە باخەڵی مەسعود بارزانی و خانەوادەکەیی و باقی دەسەڵاتدارانداین کە لە بازنەیەکی بە نەزم و بە حیساب و لە پەوندیەکی عەشیرەتیی کەیلایەتییدا سەپندراوە.
ئەوانەی دەیانەوێت باسی باشووریک بکەن کە لە سەر نەزم و حیسابێک بگەڕێت، دەبێت پێش هەر شتێک لە مووچە و سامانی مەسعود بارزانی و بازنەکەیەوە دەست پێ بکەن، دەنا مەحاڵە بتوانرێت لە سەر نەزمێک قسە بکردرێت.
دەبێت خوێنەر بە سەرنج بێت کە مووچەی سەرکەکەمار و سەرکۆزیرانی ئەو دەوڵەتانە کە چوار و پێنج بەرابەر وەردەگرن وەاتگەلێکن کە تەواو پیشەسازیین، پێشکەوتوون، خزمەتگوزارییەن و هەر کەسێک لە بەرپرسانی سیاسیی لە نەوان 10 تا 14 سەعات کار بە وەاتەکەیان دەکەن و کە بەڵاستیش بەرپرسیارن. واتە لە حاڵەتی بچووکترین هەڵەدا دەردەکرێن و وەزیفەکەیان لە دەستەندرێتەوە و لە زۆر حاڵەتدا هەرگیزاوهەرگیز بە لای سیاسەتدا ناچنەوە. هەروەها تێبینی بکەن کە ئەمانە کاتێک مووچەیەکی وا وەردەگرن کە ج د پ/ پوختەی مەسرەفی نەتەوەیی بە هەر تاکەکەسێک، واتە مەسرەفی بەرهەمیی بەرجەستە و خزمەتگوزاریی بە هەر تاکە کەسێک لە نەوان 45 هەزار دۆلار بە 60 هەزار دۆلار دایە.
لە باشووری ئەمەدا مەحاڵە بە خەڵکی ئاسایی دەر لە بازنەی دەسەڵاتداریی بگات بە یەک هەزار دۆلار. واتە سەرکانی ئەوان کاتێک چوار و پێنج بەرابەر وەردەگرن کە هیزی کەین و مەسرەفی خەڵکی گشتیی 45 تا 60 کەرەت زیاتر لە هی خەڵکی باشوورن.
چۆن خەڵکی ئازادیخوازی غەدرلێکراوی باشوور لەو فەوزا بەسروبنە تاڵانگرییەدا کە مەسعود بارزانی بە ناوی "حکومەتی هەرێمی کوردستان" بە سەریاندا دەیفرۆشتەوە دەتوانێت بەرامبەر بە بەغداد ڕابووەستن، چۆن دەتوانن لە دانوستاندن و لە هەکەکوتننامە و گرێبەستیی نوودوەتییدا سەرکەوتوو بن؟
مەحاڵە!
هەر کاتێک مووچەی ڕەسمیی سەرکی هەرێم (کە دیارە هەرێمی کوردستان

هەر نابێت سەرکی هەبێت، بەڵام ئەمە باسکی دیکەیە) لەو پێیدا سێ یان جوار جار هێندەی موچەی تەکەای گشتیی بوو، واتە 3.200 بۆ ئۆپێی 4.000 دۆلار، و هەروەها سامانی بگۆز و نەگۆزیشی بە پێی داهاتی کاری بێت، ئەو کاتە دەبینین کە هەر ئێستا بڕی سەد ساڵ موچەی خەڵکی باشوور هەیە، بە موچەی سۆشیالبگیریی و موچەی بێکاریی و موچەی ژنانی سکپڕ و منداڵدار و هتدوە.
خۆ پێچوانەکەیشی ئاگادارچی نازانستییە هەر دروست دەبێت، واتە ئاگادار داهاتی مانگانەی سەرکی سەرکان و سەرکی هەرێم و سەرکی حکومەت و هتدەکان سەدان هەزار دۆلار بێت، ئەوا دەبێت موچەی تەکەای گشتیی مانگانە بە خەڵک هەر چوار پێنج جار کەمتر بێت، واتە بیستها هەزار دۆلار بێت!
خوێنەر دەبێت زرنگ و بە سەرنج بێت کە کاتێک لە دونیای سیموکراسییدا دەبینین "سەرک" و "بەرپرسیاری سیاسیی" ئەوا باسی کەسانێک دەکەین کە ڕۆژانە دەخوازانە و هەروەها ناچارانە لە نێوان 10 بۆ 14 سەعات خزمەت بە وڵات بکەن، کە کارزان و لێهاتوو و کارامە بن، کە بە ئارەقدان و ڕەنجی شانیان و دەسزییان گەیشتبنە ئەو پلەیە، کە هەمیشە سپاسمەند بن بۆ ئەو متمانەیەی پێیان دراوە و لە ئاست خەڵک قەرزاربار بن و هتد، نەک دەستێکی بەسوادی دز و چەکن و بێئەدەب و پیسخۆری بەهۆنەری وەکوو ئەوانەی باشوورەکی گوستانیان کردوە بە گاتەجاڕی دەرودراوسێ و دونیا.
تا ئەم چرکەیە پرسی موچە لە باشوور هیچ پێوەندیەکی بە بەغدادەوە نییە و ئەم باسە گرینگ و بە سوودە، بەڵام جێی ئەرە نییە. ئاگادار بانکی ناوەندیی ئەمریکا و یەکیەتیی ئوروپایش بخرێتە بەر دەستی دەسەڵاتدارانی باشوور ئەوا هەر نایانەوێت موچەی خەڵک بدەن چون ئەوەن کە هەن!

ڕێبوار ڕەشید
28/12/2020

https://eu.usatoday.com/story/money/2019/04/21/20-highest-paid-world-leaders-president-trump/39352195

تێبینیی:

1. بەپێی ماددەی یەکەم برگەی (1) لەیاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2005) سەرکی هەرێم سەرکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە. (7/6/2005 یاسای ژمارە 1)
لە ماڤکانی سەرکایەتیی هەرێمدا هاتووە کە "سەرکی هەرێم

نوێنرایەتیی خەڵک دەکات لە ئاستی ناوخۆ و جیهاندا، پەوەندییەکان و هەماهەنگیی نێوان هەرێم و دەسەڵاتەکانی فیدراڵی عیراق لە ژێر سەرپەرشتیدایە. نوێنرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکات لە ئەنجوومەنی سیاسیی ئاسایشی نیشتیمانیی عیراق و لە راوێژکردن و دانووستاندن لەگەڵ حکومەتی عیراق".
هەروەها کە خەی "جێگرەکانی هەڵە دەبژێرێت" و "بەرپرسە لە پەسەندکردنی دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوەی تایبەت کە پێشنیار دەکرێت لە لایەن سەرکۆزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەسەندکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچن. سەرەک دەسەڵاتی گەلاندنەوەی هەموو یاسایەکی هەیە بە پەرلەمان، بە یەک جار، بە مەبەستی گفتوگۆی زیاتر و هەموار کردنەوە".

2. مووچەی تەکەایی گشتیی بە بڕاووردی مووچەکانی دیکە، خوارەوە و سەرەوە، بەکار دەبردرێت. وشەی "مووچە" لە پەوەندیی کارکردنی مانگانەدایە، دەنا داهاتی دیکە بە ئەوانەی کە بە تەواویی لە دەرەوەی کاردان، یان کە نەخشن و ناتوانن کار بکەن، یان بەکارن بە شێوەی جیاواز و لە ژێر ناوی جیاوازدا هەن و کە لە دەڤەرتانی خاوەن سیستەمی خشگوزرانییدا لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و مافی کار و مافی ژیاندا فەراهەم دەکرێن. هەروەها کەم نیین ئەوانیش کە لە جوارچێوەی کاری تایبەتیی وەکوو سەرکاری کارگا و کەمپانیا و بانکەکاندا زێر لە سەرکەکەمار و سەرکۆزیرانیش وەردەگرن و دیارە ئەمانە باسی دیکەن.

نامەیەکی کراوە بە ئەحمەدی مەلا.. سەباح نەنجدەر

کاکە مەلا سەاو: کەی بەرهەمە شیعرییەکانتم خوێندەوە، واتە: (خەمەش و بەرد)، کەکراوەی هەشت کتێبی شیعریتە، ناوەندی نەشنبیریی ئەندیشە هەفتەی پەشوو و چاپ و بڵاوی کردەوە، ئەگەر چیتر شیعریش نەنووسیت، مەژووی داهێنانی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئەزموونێکی تەواو هەستی و مەزنی شیعر دەپارێزی. بە هیچ

گومان و دڵ لێ دڵدانێک دەبم: بەشی زۆری شیعری ئێستای کوردی درۆزبووەوە، گەنجانکار نین، یان شیعری میللین. ئەگەر وەک شەوازیش میللی نەبن، وەک هەست میللین، لەم جۆرانەمان وەك بەردی دەم جۆگان زۆرن.
وا دەمەوبەیانە. بەرەبەرە تاریکی تەنك دەبێ. لەخوێندنەوەی دیوانەکەت تەواوبوویمە و خەم بێ پەشوازی باڵندە چاوەڕوانەکان ئامادە دەکەم. بەجریوە و جووکەوە باڵیان بەسەر ماڵەکەم لاردەکەنەوە و دڵنە حەوشەکەمەوە. ئاویان بێ دادەنێم و دانیان بێ دەکەم. ئەگەر زستان بێت ئاویان بێ گەرم دەکەم، هاوینیش سارد. جارجار دەنگیان تێکەڵ بەشمشاڵی قاڵەمەڕە دەبن. نەوای شمشاڵیش وەك شیعری پڕ ووناکی نهێنی، خاڵی بەهایە و لەگەڵم دێت و دەچێت و موومی لێ دەبزوێنێ.
وا باڵندەکان تێردەبن و لەدان دەکشێنەوە. باڵیان ڕادەوەشێنن، دەنگی شمشاڵەکە کپ دەکەم، لەنامەیەکدا ڕامانی سەرەکیم دەنووسم.
گرینگترین نەخش لێ ئەزموونی تێدا، زمانێ. زمان بوونی مرۆڤی تێدا دروست بووە و دروست دەبێت. نوێبوخشییش لەو وێنانەدا نییە، کە لێ ئەندازەیی و بنیادی وشەدا پێکیان دەهێنی و پێکت هێناون. لێ تەکنیکێ زمانییەکانتدایە، کە بێ گوێوتین بێ ئایندە ڕوانین بەکارت هێناون و بەکاریان دەهێنیت و کاراتردەبن.
دیوانەکەت ڕووبەرێکی مەحاڵ نییە، پانتاییەکی هەستەوەر، وەک تەکنیک ناسیم. بڕها و توانایی زمان لێ ئێستێتیکای تەکنیکدا ئاسێ و دوورییەکان وەردەگرێ و پێوانەی بێ دەکرێت. بێ قووڵاییەکان تێدەپەڕێ و پشت بێ پێکهاتێ زمانەوانییەکان دەبەستێت، تێی زمانێکی دووربینانێ دەچنێت، لەگەڵ ژیان دەگونجێ و بەرەو پێش دەچێت و تەمەکێ زیاتر دەکرێتەوێ.
زمان شەیتانی شیعرییەتی تێدا بەرجەستەیێ و بێ ناوبێ بەدوای هەموو تازێ و جوانییەک دەگەڕێت و کرانەوەیێکی زۆری هەیێ بێ ئەوانی دی، واتێ: بیندراو و بیستراو و نووسراو.
گۆینی پانتایی و بینا لێ ڕەحی گەرم و تەواو پارەزراوی داهێنەردا نەخش و نیشتەجێیێ. لێ دەخی هۆشیاریی تێندروستی گەنجانکارییەکاندا تەلیسمی نووسینی داهێنەرانێ دەکاتەوێ.
زمان بێ داهێنەر وەک قەناغی منداڵیی وایێ. زمان و منداڵیی دوو قەناغی بوون و دروستبوونن، بێ نووسینیش بابێتن. ئەو شتانەی لەم قەناغەدا دەیانبینی و هەستیان پێ دەکەیت، لێ ناخدا لێنوان زمان و ئاماژێ و شەوازی بینینی ڕووناکییەکی تازەدا دەبێتێ هەزی دەروونی و شەوێ زەرانبازییەک، هەندەک جار بێ تووڕەییەکی توند، هەندەک جاریش بێ نەرمونیانی لێ (گونجانێ هەستییەکان) و شوێنی

جیاجیادا لەدایک دەبن. پەیوەندییەکان هایە دەکەن و بەکارایی ئاسە و دوورییەکان دەبڕن، ئاسە و دووری تر دەکەنەوە. پرسیارێکە تەواو لەگەڵ خەماندایە و لە بیرماندا ون نییە. بە ڕەح کارلێکی لەگەڵ ئەزموونمان کردووە و لەمان دەپرسێتەوە. من چی بووم و ئێم چییە لە کردەی نووسینتدا، کە کردەی پەیوەندی بەردەوام بوویمە لە گۆشەی خودیتدا. ناتوانی واز لەو دنیابینییە بهێنیت، کە لە منداڵییدا وەرتگرتووە و وەریدەگریت.
کاکە ئەحمەد هەموو داهێنەرێک ناوەندێکی باڵا و خەبوونی داهێنانی هەیە، کارەکانی لەو ناوەندەدا دەردەچن و دەنەوە ناویشیەوە. ناوەندی باڵا و خەبوونی داهێنانی تەش (کتێبی شیعر)ە. بە دنیاییەوە هەرچ شیعرێك لەمودوا بنووسی، ئاماژەیەکی کتێبی شیعری تێدا بەرز دەبێتەوە.
سەاو و خەشویستی زەرم بە دیوانەکەت، کە ئەزموونێکی تەواو هەستییە. هەست کتێبێکی یەکجار فراوان و پڕ ڕووناکی نهێنییە. دەخی داهێنان دەکەوێتە ناو جەرگەی هەستەوە.

کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ هەولێر

زمانی قورئانەکەی کاک مەسعود.. مەحمود عەبدوڵا

درەکردن لاسایی سەزی دەرونە. افلاتون

مەسعود عبدالخالق یەکێکە لەنمونە دیارەکانی چەواشەکاری لەبواری فەلسەفەو مەژودا، ئەو پیاوە پەوایە دەبێت بەوانامە پاکانەی بەبکات، بۆیە بە گوترەی سەزی دەرون لەکەینەوە دەکات و قسەدەکات، لەپەناو سەزی دەرون اخلاقی زانستی دەخاتە ژێر پە. بەهەی پاشەکشەی ڕەشنبیران و جدی نەبونیان لە مەسەلەی فیکردا، زەمینەی چەواشەکاری بیرمەندانی ئیسلامی فراوانە. ئەمەش خیانەتی ڕەشنبیرانە.
ڕەشنبیرانێک کە پێیان وایە نابە دەمەقاڵە لەگەڵ کەس بکەین"هەتا گەدەمان تەک نچێت"، یاخود تەساموحمان هەبێت لەپلەی سفردا. بە جۆرێک لەجۆرە کان کولتوری پەست مەدەرنە زاڵبوە، ئیتر بە ئەوەی

بۆخۆمان بزانین لەدنیایەکی خاڵی لەئاقۆ دەژین. ئەمە بەهۆی ئەم پاشکۆیە تارمایی خوافیات گەماوەتەوە. وەک چۆن بەشایی سیاسی مەترسیدارە، بەشایی فیکریش مەترسیدارە، لە ئێستادا بەشایی فیکری هەیە و نەزانی پڕڕیسەندوە عەوام پڕڕست سەریان دەرهێناوە بەڵام خوافیات بەسەر دەکەنەوە. زۆرێش دەخۆشن کە نەقیزی ئاقڵانیەتیان لەسەر نییە و لە مەرگی خورافەدا هاتو چۆ دەکەن.

کاک مسعود تۆزێکی خراپە، بەجۆرێک کە ئابڕوی فەلسەفەشی بردووە. ئەم پیاوە لە فەلسەفە و مەژودا بەدوای سەزکانی خۆی دەگەڕێت نەک بەدوای ئاستیدا شتانێک دەڵێت کە خێشی باوەڕی پێنین،خۆئگەر باوەڕی پێبن ئەوا جگەی بزەییە. ئەم پیاوە زۆر بەچونی نازانستی و خوافی بەناوی زانست و ئەکادیمیبونەوە بەودەکاتەوە. بەڵام کاک مەسعود لای موریدەکانی کەسێکی خۆشویستە و هەر ئەوخۆشویستیی و پێ سەرسامبونە وایان لێدەکات بەهەموو دوعایەکی بڵێن ئامین! قسەکردن بە عەوام ، ئاسانە لەوانیە ئەوە بەسیاسیەک ئەوندە کێشە نەبێت،بەڵام بە ئەکادیمییەک کارساتە . لەگەڵ ڕێزم بۆ کاک مەسعود بەڵام"دڕیی زانستیش"هەر دڕیە . ئەگەر دڕیەکی ڕاستیش بێت ،لای ئەفلاتون دڕی ڕاست ئەوەیە کەسەکە نازانێت ئەوشتەی دەیڵێت ڕاست نییە ،ڕاستیش نزیکترین شتە لەزانستەوە .لەوانیە کەسێک شتێک بڵێت و پێی وابێت ڕاستە ،بەڵام لای کەسێکیتر ئەوشتە دڕیە. بۆنموونە یەکێک دەڵێت:"خودا لەقورئاندا دەفەرموێت ..."هەرشتێکی فەرموبێت گرنگ نیە،بەڵام هەر ئەوەی دەڵێت خودا فەرمویەتی ئەوەدڕیەکی ڕاستە.هیچ پایەکی زانستی و لۆجیکی نییە تەنیا باوەڕە. ئەوە بە کاک مەسعودو کەسێکی ئاسایش هەروایە .کاتێک دەبینین هەرکەس ئازادە چ بیروباوەڕێکی هەیە لە پێناو تەساموحە لەگەڵ مرۆڤ ،بەڵام کارساتە تەساموح لەسەر حیسابی حەقیقەتو ئاقڵ بێت .ئەمە لەوەدا ئازاد نین بیروباوەڕو سزی دەرونمان تێکەڵ بە زانست و فەلسەفە و مەژوو بکەین . هەڵەکانی ئەم پیاوە زۆرن،هەرکەس خوێندەواربێت دەزانێت کاک مەسعود لەتۆژینەوە کانیدا بڕیار نییە و بەدوای ئارەزوکانی خۆی دەگەڕێت. ئاشکرایە ئەمە چیمان دەوێت ئەوەمان دەستدەکەوێت ،بەڵام حەقیقەت تەنها لەناوکتێبەکانیش دانییە،لۆجیکی نوێ تەنها لەناو کتێبەکان بەحەقیقەت ناگەڕێت. لەم ڕۆژانەدا کاک مەسعود بابەتێکی بەناوکردوە لەوبابەتەدا دەیەوێت بیسەلمێنێت کە زمانی قورئان عەربی نییە،بەڵام من پێی دەڵێم زمانی قورئان عەرەبییە و قورەیشیش! هەندە بەگەڕ دەنێتەوە بە بەڵێی مەنتیقی فەهمی یان ئەرستەیی،کە ئەم مەنتیقەش مەنتیقی جەدەلە و بەکەڵکی ئەمە نایێت . چونکە ئەم لۆژیکە ئەمە بەس لای باوەڕداران

کاری پەدەکرێت و سەرچاوەی دڵگمابونە. پاساوی ئەوەیە عەرەب خەیان لەقورئان تێناگەن و قاموس بەکاردێنن بۆ تێگەیشتن وەک خۆکەکی کەم قسەی پەدەکات . بەڵام کاک مسعود بۆ ئاگایی لەوەی کە زمانی دڕق و زمانی ڕەژانە جیاوازە . ئەمە زەرجار بەخوێندنەوەی کتێبکی کوردی پەویستمان بە هەمبانە بۆرینە دەبێت و لەهەندە وشە تێناگەین بەڵام ئەوە واتای ئەوەنییە ئەم وشانە کوردی نەبن . هەندە وشە هەن دەمرن، تێنانێت لەنوسینیش دا بەکارنایێت بەڵام ئەوە واتای ئەوەنییە ئەم وشانە لەبونەوری فەزایی داکەوتبن . ئاشکراشە لەهەموو زمانکدا وشەی بیانی هەیە،لەقورئانیشدا هەروایە وشەی کوردی و سریانی و ...هەیە، بەڵام ئەوە بەم واتایە نیە کە ئەم زمانە زمانی میللەتکە نەبێت. زمان بەرهەمی بیری مرۆڤە ،یان وەک مەسعود مەحەمەد دەڵێت "زمان تەرجومانی هەشە".

من نامەوێ بیسەلمێنم کە کاک مەسعود هەڵەیە.چونکە هەربۆچی قورئانکەی خۆی هەڵەیە. لەقورئاندا هاتوە کە زمانی قورئان عەرەبییە!پاشان هەرلەقورئاندا هاتوە کە بەهەموو قەومەک پێغەمبارمان ناردووە بەزمانی خۆی!پاشان بۆشکی زۆری قورئان مشتومڕە لەگەڵ عەرەب بگشتی و قوڕەیش بەتایبەت کەواتا چۆن لە مشتومڕەکەی تێگەیشتن ئەگەر عەرەبی نییە .تێنانێت ئایەت هەیە وەک زمانی ئەبو جەهلە کاتک عەرەبکان شتکیان وتوە بۆتە ئایەت و لەقورئاندا جێگیراوەتەوە.ئەوە عەرەب بو بەزمانی عەرەبی وتیان ئەوەی محمد دەیەت ئەفسانەی پێشینانە !پاشان وەک وتمان زمانی قورئان تەرجومانی هەشی عەرەبە . کاک مەسعود دەیەوێت ئەواستیە بشارێتەوە"کە خودا قەرزاری زمانی عەرەبییە"ئەم هەڵەیەی بە ئەوەیە. بەڵێ خودا قەرزاری زمانی عەرەبە،قەرزاری خودی عەرەبە ،عەرەب نەبوایە قورئان نەدەبوو! ئەمە کوردین بەڵام ئەگەر "مادە"ک زیندوبێتەوە لەمان تێناگات.ئەوەمانای ئەوە نییە کە زمانی ئەمە هیچ پەیوەندی بە مادکانەوە نییە،بەڵکو مەسەلە ئەوەیە زمان گۆڕە دەکات ،هەندە وشە دەمرن و وشەی نوێ دێنەکایەوە. دەکرێ بەڵێن زمانی قورئان زمانکی مردووە، بەو واتایە کە لە گفتوگۆی ڕەژانە بەکارنایێت .پاشان قورئانی بەزمانکی شیعری نوسراوە.جا ئەگەر بەقسەی کاک مەسعود بێت ،شیعری سەردەمی جاهیلیش عەرەبی نین.

زمان ناتوانێت سەردەمکان ببڕێت چونکە بەرهەمی هۆشی گەلکە لەکات و شوێنکدا. بۆچی لەقورئاندا وشەی کامپیوتەر نییە،چونکە عەرەب لەکات و شوێنک دا ژیاوە لەسەردەمی قورئاندا، کە ئەوکاتە بۆ بیری ئەواندا نەهاتوە.ئەوکات تەنها ئەوشتانیان زانیوە

کەبەرهەستن وەک حوشتر و ئەسپ و شمشەر ،یان ئەوشتانەی کە نابەرهەست و باوبون وەک جنەکە . بۆیە ئاگەر بمانەوێت ئەو هەڵەیەی کاک مسعود بڵێت دەرخواردی خەڵک بدەین،دەبێ بڵێین قورئان دروێ و دەستکاری کراوە. بەڵام موریدەکانی شێخ قەت بیرناکەنەوە ، ژیانی ئەوان بەگوێرەی بیرکردنەوەی شێخ بڵێودەچێت،و بۆیەکی شێخ دەبینن.

ئەم پیاوە لەبابەتەکانیتریشدا هەروایە،بۆتایبەت لەمژودا،مژو بە پێی ئارەزو و تێگەیشتنی خۆی دەگۆڕێتەوە! کاک مەسعود کارساتێکی گەورەیە بەسەر بیرکردنەوەی انسانی کوردەوە . لە کۆتایدا دەبێت بڵێم خودی شەریعەتی ئیسلامی لەعەرەب وەرگیراوە . ئەوە عەرەب بو حەجی داهێنا و بەردە ڕەشکەی پیرۆز کرد،چوارمانگ جەنگی حەرامکرد ،بەڵام محمد هات هەندێ چاکسازی تێداکرد. خودی محمد تەواوی عەرەب لەخۆدەگرێت .سایکۆلۆژیای محمد سایکۆلۆژیای قەومەکە بەچاکو خراپەکانیەوە . جاران دەیانگوت محمد نەخێندەواربوە عەرەبی نەزانیوە،ئێستا ئێمەن نەخێر قورئان عەرەبی نییە . کاک مسعود دەیەوێت قورئان ڕزگاربکات لە لۆژیکی سەردەم،بەڵام ناتوانێت .

مەحمود عەبدوڵا

حاجی قادری کۆیی’ هەشتا لەناومانۆ.. هەمەت عوسمان

لە هەموو وڵاتێک، کاتێ تەنگژەیەک دروست دەبێ، کە ئاگاری ئەوەی لێدەکرێ ببێتە هۆی لێکترازانی چینەکانی کۆمەڵگا و بەجۆرێک هەریەک بکەوێ دژێک و ئەو ئەم ناخوێنێتەوە و ئەم گوێ لە ئەو ناگرێت… لەم کاتانەوتەزا و ئامۆژگاری ئەو کەسانە دێنەوە گۆڕێ و کە سەردەمێک لەمەوپێش، لە ڕۆژگای جەری نووسینەکانیانەوە بیان جەهەشتووین. ئێستا و لەم حاڵی ناحەزی ئەمەڕۆتە و شیعرەکانی(حاجی قادری کۆیی، پیرەمەرد، بێکەس، پشەو، موفتی پێنجوێنی…هتد) زۆرترینی ئەوانەن کە دژێی لەناومانن و ئاگاداری ورد و درشتیی ڕووداوەکانی ئەمڕۆن، ئەوش هەیەکەی بە ئەوە

دڵگەتەوە، کوردناس بوون و هەڵچووبوونە مەخی تاکی کورد، ئەوان زەرباش کەسایەتی و مەزاڵی کوردیان ئەزمونکردبوو! ئەو بەرباس خستەنەش بۆ ئەوێ بیری ئەمە بهێننەوە،کە دووبارەکی و حیساب بۆ یەک نەکرد، هەوێنی ئاژاوە و خۆشکردنی دڵی بێگانە و ئەغیارە… بەڵام کاتێ بەوە دەزانین کە هەموو شتەکمان لەدەستچووە و ئیتر دەرگا و هێگایەک بۆ گەڕانەوە نەماوە! ئەوەی ئەمە دەماناوێت لە چەند ستایەک شانۆکەوی شیعرێ ئامەژگاریەکانی بکەین؛(حاجی قادری کۆیی)یە… ئەو لە هەر کەس زیاتر ئەزمونی لە تاک نادادی و دووڕوویەتی و بۆ کەسی و نەبوونی و برسیەتی و گشت چەرمەسەریەکانی هەژگار هەبوو، هەموو ئەمانە کردبوویان بە مامەستا و دەروونناسێکی بلیمەت، هەر لایەکی ژیان بگرێ، ئەو قسەی لەسەر هەبووە. ئەو دەرکراوی دەستی (شێخ نەبی) و شێخ نەبیەکانی دیکە بوو، ئاخر تەنها لەبەرئەوەی ئەوەی نەدەوت کە ئەوان دەیان ویست بیڵێ، هەرچی مەلا و شێخ و ئاغاکانی ئەو سەردەم، مودمینی عەقیدەتێکی پاتکەرانە و بە بنەمابوون، لە هوانگەی ئەو سەردەم خوێندنەوەی بە سەردەمی دوای خۆشی دەکرد و هێگای ژگاری دادنا، بۆیە تەواو ئەوە دەرچوو کە ئەو وتی…

”هەتا وەک ئاگری بن کابن لەگەڵ یەک
ئەگەر تەفانبێ لەشکرتان بە پوشەک“

ئەو باش شارەزای مێژووی نەتەوەکەی بوو، دەیزانی کورد لەوەتەی هەیە، کوشتەی پیلانی ناوخەیی و گای بنەی خەیبە، دەیزانی گەر مەرانەی ناوخۆ لەگەڵ، کورد دەبەت بە خاوەنی هەموو شتەک، بەڵام کورد کوشتەی دەستی خەیەتی، بەیە چەن لە هابردوو نەیتوانیوە بگات بەهیچ، لە داهاتووش حاڵی لەوە باشتر نابێ، چونکە هەرچەند کورد خاوەنی شەکەری بەجەربەزەبووە و هێگاکانی تا ئۆپەڕەی نەرمیان نواندووە بەرانبەر دوژمن، بەڵام کە تینیان گەیشتبەتی، وەڵامەکی دەمکوتکەری دوژمنیان داوەتەوە.
لە هەموو مێژووی کورد، هەستیەک نابینی نووسرابێ، کورد خاکی فەان وەاتی داگیرکرد، کەچی هەمیشە خەی لەبەردەم لەتکردن و پارچەپارچەکردنبووە، سەرباری ئەمەش ئاەای ئاشتی و پێکەوەژیانی هەگرتووە، بەڵام هەکاری هەموو ئەم لەت لەت بوونەش، (قەواعید)نەبووە، بەڵکو(قاعید)ێ بە سەروپا و نەزانکانن؛ کاڤامانە سیاسەتیان کردووە و هەمیشە خۆ بچوکردنەویان بە لاوازترین ئەغیار کردووە، لەبەرانبەر دەستکەوتێکی بچوکی کەسیی…

”ئەو سەگانەی کە لەلای ئەمە وەزیر و کەلان

بەنە لای تۆ بەخودا نایکەیتە گاوان و شوان

ئەمە کەرمیزە دژمنین وارسی شەرعی نەبوین
هەموو عەبدی صەنەمن، باسی مەکە گەورەکەیان"

بۆچی، کەم ئاغا و میر و دەربەگ و ئابووری بزوتنەوە سیاسییەکان هەیە، خەیان لە بەرانبەر خەبات و بەرات ئاگرتبێ و ئازی نەبووبێتن کوردفرۆشی نەکەن! هەمیشە لاوان خوێنیان ڕشتووە لە پێناو زیاتر مانەوەی پیرە کاو عەقڵەکان! ئەوانەی چەندین ساڵ ئامادەن خوێنی گەنجان بڕژن، بەڵام لە چەند کاتژمێرێکی کەمدا، نیوە و هەموو خاکە خوێن لەسەرژاوە بدزنن، بۆ؟ و سەد پرسیاری بێ ئاسا بکە، وەڵامێکت دەستگیرنابێ! ئەمە لایەک؛ لایەکی دیکە، دەبێ میللەتیش هۆشیکی هەبێ، تا ئێستا ئەو بیرکردنەوەمان لا دروست نەبووە، لە ئاگری دژانی سەرکردە و سیاسییەکان، ووبەووی پرسیاری جددیان بکەینەوە و هەڵگرانەوەیەکی سەرتاسەریان لە دژ بکەین... چەندین سەرکردەی جیهان، لەپای دژانیان لە شەڕ و بێ دەستەوەدانی خاک، بە دەستی میللەتەکەی خەیان لەناوبراون. باشە تا ئێستا کام سەرکردەی کورد، چ لە مژووچ لە ئێستا، لەبەرانبەر ئەو دژانە گەورانەی کە دەیکەن و کردوویانە، لە گوێ کاتریان پێ وتراوە؟! کەشکێ ئەوپە سەرباری هەموو شکستێک وەک ڕزگارکەر و داینەمۆی بیری نەتەوایەتی مامەڵەمان لەتەک کردوون!

"دەفعەیەک ئیمتیحانیان ناکەن
تێبگەن زەهرە یا تریاکن"

کام تاقیکردنەوە؟ ئاگەر دەزگایەکی لەپرسینەوەی کارا و بوێر هەبووایە، ئەمەمان بەسەر نەدەهات، سەدان کەسیان لەناو یەک کوشت، هەزارانیان لە شەڕی بێگانە بە کوشتدا، لە هەر دوو بارەکە بە دژاویی گژانەوە! ئێستا لە کوێن؟ چی دەکەن؟ بەداخەوە میللەتیش (صم بکم) خەیان کردووە بە (کڕی شەربە)!

"ئەو کەسەی دەوەستەندی چاکە
بەندەیی ڕەمی؛ یانی ناپاکە"

ڕەحمەتت لێبێ حاجی بەختە و ڕاستگۆییت، ئەبێ حاجی چ سەروکارێکی لەگەڵ سەرکردەکانی ئەوسا هەبوو بێت؟! باشە گەر نەیبووە، چۆن زانیویەتی دەوەستەند هەمیشە پارێزگاری لە دەوەستەندی خەی کردووەتەوە و لای گرنگ نەبووە، میللەت و ڕەعیەت چی لێدێ؟ ئاخر ئەوکات دەوەستەند تەنها چینی دەسەڵاتدارەکان بوویتن، حاجی ئاگەر

نەچووبێتە دەرباری میرنشینەکانی ئەو ساش و ئاگاداری ورد و درشتی هۆوداوەکانی ناو کۆشک نەبووبێت، بەڵام لە(ئەنجام)ی کار، ئەوەی درککردووە! ئەو کە لەسەرتاوە نەیزانیوە، بەڵام خۆ ئەنجامی کار هەموو دەیزانن و ئەویش زانیویەتی، بەڵام زانینی حاجی فەهمانەتربووە لە کەسە سادەکان، ئەو بە چاوەکی ڕەخنەگرانەوە لە هۆوداو و پێشهاتەکانی ڕوانیوە، تەنانەت پێی وابووە تەنها بە قەڵەم هیچ ناکرێ بە گەڵەانکاری، بەڵکو دەبێ چەکیش هەماهەنگبێت لەگەڵیان، واتا چەک و قەڵەم پێکەوە شانبەشان بڕۆن هەر هۆوداوەکی نەخوازراو ببنەوە، ئەوەتە دەڵێت:

"بێ شیر و خامە دەوڵەت پایدارە
ئەمن خامەم هەیە و شیر نادیارە"

ئەم خوێندنەوەیەی حاجی بۆ تاکی کوردی کوردووە و تیایدا سەرکەوتووبووە، بۆ هەمان شێوەش (محمد ماغوت) بۆ تاکی عێراقی کردووە، واتا هەردووکیان زانیویانە کاتێ نووسینەکانیان پارێزکا و نرخی دەبێ، کە خەیان مردن و داهاتوو ڕاستەقینەی قسەی ئەوانی سەلماند. ئەوەتا حاجی بەووی ئەوە دەخاتە ڕوو:

"ئەو قسەیەی ئێستا عەیبی لێدەگرن
ئەو دەمێش دێ کە ئەوە بەی دەمرن

هەر چلۆنێ ئێشاڵێتی فەرموو
وەک کەمامەت هەمووی وەها دەرچوو"

کورد لە چاوی حاجییەوە(هەتا نەینە لە تەبقەق، ناڵێ ئەهاهو سەدەق)، ئەوەی ئەو وتی، ئێستا دێ بە دەڵێی دەبینین چۆن دەتێ دی. لەم ساتە ناسکەی ئێستا، ل هەموو کات، تاکی کورد لەک دوورن و دوژمنی خوێندنەوەی یەکن، ئەوەندەی بە خوێنی سەری یەک تینوون، ئەوەندە تامەزرۆی خوێنی بەگانە نین، بەڵێ کاتێ؛ لەسەفەری خوێندنەوەی دیوانی حاجی دینەوە، تێدەگەین (نەبی ماوێلەی) یەکان چ کەسێکیان دەرکەردووە! قەدری چ گوهەرێکیان نەزانیوە! دەستاتدارانی ئەوسای کێ، چۆن پشتیان لەحاجی کردووە و هۆویان بە (شێخ نەبی) خۆشبوو! بەهەمان شێوەش ئێستاش ئێمەی (شێخ نەبی) کارایە، بەڵام لە بەرگ و دەم و چاوی نوێ، ئێستاش ئەو ڕەحە دژ بە جوانییە لە کێڵە هەیە و دەیبینین.

سەرچاوە// سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی،1986

مەڤێ ئامانجدارێکان کێن؟، مەڤێ بێ ئامانجێکان کێن؟.. ئەحمەد کامەران

زۆر بەکورتی دەمەوێت باس لەم دووجۆرە مەڤانە بکەم کە لەسەر ئەم گەی زۆیە بوونیان هەیە…

مەڤێ بێ ئامانجێکان کێن؟ راستیەکەی نابێت بگوترێت، کە ئەم جۆرە مرۆڤانە کەسانێکی خراپن یان هەرشتێکی دیکە. چوونکە لە کۆتاییدا ئەمانیش مەڤن و خاوەن پێگەی خۆیانن لەنێو کۆمەڵگاکاندا، بەڵام ئەوەی جێگای داخە کە ئەم جۆرە مرۆڤانە تەنها لە شتێ لاوەکیەکانی ژیان تێگەیشتوون، واتە خاوەنی هیچ پێژۆو سیستەمێکی ئەکادیمیانە نین بۆ ژیانیان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرترین کاتەکانیان بۆ شتێ بەکەڵک و لاوەکیەکان بەسەر دەبن، تەنها وا دەزانن کە ژیان بریتیە لە رابواردن و سێکس و خواردن و خواردنەوە و …هتد

مەڤێ ئامانجدارەکان کێن؟زۆرجار دەگوترێت کە گوایە مەڤێ ئامانجدارەکان ،هەموو رابواردنێک لەخۆیان قەدەغەکردووو سەرقاڵی کۆمەڵێک بابەتی دیکەن ، راستیەکەی نەخێر ، مەڤێ ئامانجدارەکانیش هاوشێوەی مەڤێ بێ ئامانجەکان ئەوانیش رادەبوێرن و چێژ لە ژیان وەردەگرن بەڵام چۆن؟ مەڤێ ئامانجدارەکان خاوەنی ئەتەکێت و پێنسیبی تایبەت بەخۆیانن بۆ ژیان ، واتە سەرجەم سێکتەرەکانی ژیانیان لە رێگای کاتەکانیانەوە رێکخستووو ، گرنگی بەهەموو شتێک دەدەن کە لە فەلسەفەی ژیان دا هەیە، واتە تەنیا خۆیان بۆ شتە لاوەکی و کرچ و کاڵەکان نابەستنەوە، بەڵکو بەدوای شتە نوێیەکان و سەرسوڕهێنەرەکانی ژیان دەکەون.

ئیتر خۆت بۆیار بدە کە لەکامیانی؟

ئەحمەد کامەران

هایکو.. ببوار غریب

لوتکەیەکی بەرز،
هەیەکی پیر؛
چاوەکانم کز دەبینن!

تەم ومژە،
نابینێت کەوی حاڵم؛
چاوی دێت!

لەزمەی باران،
لەژوورەوە سەرینەکەی تەڕ؛
دایکی شەهید!

گەشتەکی دوور،
سەبەری پیرە دارەک؛
ماندو بەپەوە!

لەدامێنی چیادا،
کەوەک دەگری؛
قاقای هاوچێک!

باران دەیشوا،
با دەی نێژە؛
جەستەی گەڵا!

بەدزی ئەستێرەکانەوە،
جارجار لەکانی دەڕوانێ؛
مانگ !

ئای دەژنێ یادە وەریت،
دەی مردووم؛
بەشکەی خەیاڵ!

دەڕپە فرمێسکی سوێر،
یادەوەریەکی شیرین؛

لەژگارەکی تا!

بە هە ناسیەکی گەرم،
ملیان ناوە بە هە ناسە ساردیەوە؛
کەچبەر!

بەوتاییەوە،
یادەکی شیرینی بیرخستەوە؛
گوڵە ژاڵە!

چاودێر ،
بەسەرماڵی دەوەنەکانەوە؛
دارچنار!

خەشترین ئاوازی هە یە،
شەبی حەیران دەکا؛
خوڵەی چەمەک!

بەشەوقەوە چاوەڕوانە،
بەنی یەکەم باران بکات،
زەوی وشک وتینو!

بەژێر پیرەدارەکدا،
شوانەک تە دەپەڕە؛
بەنی چاو سەدای شمشاڵ!

تینوی پرژە ماچە،
خاک لەوی وشک بووە،
نازدەکات سەبەر!

پیشەیان چەشە باننەدە؟ کاکە

زاموا.. پەری عەبدوڵا نامق

ڕەخنە:

واڵاس ستیڤنس ی شاعیری ئەمریکی لە شیعرێکی جواندا بابەتی شیعر دەخاتە خزمەت ڕەفتارە ناوازەکانی باڵندەیەکی زەر زیرەکەوە کە ناوی (ڕەشباڵندە)، کە بە ئینگلیزی (بلاك بەرد)ە و تەهەکەشی دنیای مرۆڤ و پەیامەکانی شاعیرو ساتی دەروونی تایبەتی خۆی دەکات ، ئەم باڵندەیە وەك ئاوێنەی ئاوی دەنگێکی سیحراوی نەغمەخوانی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا نزیکە لە ژینگەی مرۆڤەوە (بە تایبەتی بە ئاوانەی لە سەروو دەریای ناوەڕاستەوە دەژین) کە لە جوانی سروشت رادەمێنن چەندان وانەی بەسوود و ڕەفاری سەرنجڕاکێشی لە دیقەت دەدەن، ئەم باڵندەیە زیاتر لە ئەوروپا و باکوری ئەفریقاو ئەمریکا، نیوزلندا و ئوستراڵیاو بەشێکی ئاسیاو ئەفریقا دەبینرێت و جۆرەکانیشی هاوشێوەو نزیکی یەکن، بە تایبەتی ئەوانەی لەو وڵاتانەدا دەژین و نزیکییان لە دنیای باڵندەکانەوە هەبێت دەزانن کە ئەم باڵندەیە خاوەنی سیفاتی تایبەتەو جیای دەکاتەوە لە باڵندە ئاست نزم و کەم بەهرەکانی تری وەك چۆلەکەو ڕیشۆکە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و ئاسۆفە ئەوەیە کە سەرلەبەری ئەم شیعرە جوانە و ئەم باڵندە ناوازەیە کە لەم شیعرەدا هاتووە لە لایەن کاك زاموا محەمەدەوە بەهۆی وەرگێڕاوەو کراوە بە ڕیشۆکەو لە ماڵپەڕی گەلاوێژی ڕۆژی ٧ی دیسەمبەری ٢٠٢٠دا لە بەشی هونراوەدا باوکراوەتەوە..

ناونیشانی شیعرەکە ئاوهایە:

Thirteen Ways of Looking at a Blackbird

لەڕاشدا زەر ئاشکرا دیارە کە ناوی باڵندەی بلاك بەردی بەکارهێناوە کە بە کوردی دەکاتە ڕەشباڵندە، بەڵام کاک زاموا کردوویەتی بە ڕیشۆکە، لە کاتێکدا ڕیشۆکە لە ئینگلیزیدا بە گشتی پێی دەگوترێت:

ستارلینگ Starling

لەڕادا ئەمەی خوێنەران بە ئاوەی زیاتر چەواشە نەبین و بتوانین چەند لە بارەمەتە جیهانییەکان ببینین، باشتر وایە ئاوانەی دەیانناوێت کاری وەرگێڕان بکەن وردەکاری بۆن و لەکێنەوە بە بارەمەکان بکەن و لە ئاستی زانستی وەرگێڕانکانیان دنیا بن: بە پێداچوونەوەی چەندان جارەو نیشاندانی کەسانی تری شارەزا بە دنیابوونەوە، ئەنجا گەڕ ویستیان لەبەت بیخەنە بەر چاو و چێشی خوێنەران و لەکدانەویان، ئەگەر نا ئاوا فەوزا دوای فەوزا لە بناغەوە بوون و ناسنامەو مەعریفە هەدەتکێنێت و سەرە داوی

ڕەسەنایەتی و راستییەکانمان لە بزر دەبێت و هیچمان نابێت بە هیچ، خۆ لە راستیدا بەخشین و ئەدەبیات و داهێنان و جوانکاری هەر پەزلەدان نییە بە دابەزاندنی وێنەیەکی شێخسی کەشخە بە جگەرەوە لەگەڵ بابەتکاندا یان بەکارهێنانی بە سەرنجدانی خوێنەران و وەک یەکلامکردنی هزرمەندبوون بەکاربێت!
بە هیوای سەرکەوتن بە کاک زاموا، بە دنیابوونەوەش وا لەردا ئەم بەستەری هەردوو بابەتە وەرگێڕاوەکەی کاک زامواو شیعرە ئینگلیزیەکەی خودی شاعیرە:

پەری عەبدوڵا نامق

_____

یەکەم/ وەرگێڕانی زاموا محەمەد
galawej.com/2020/12/2020-12-07165041.html
دووەم/ شیعرەکە لە سەرچاوە ئەسڵیەکەیەوە:
www.poetryfoundation.org/poems/45236/thirteen-ways-of-looking-at-a-blackbird

---

لەقینی بەردەکان" و شکانی دەکان.. نووسینی: دلێر کەریم

خوێندنەوەیەك بە ڕەمانی "لەقینی بەردەکان"ی سەلام عومەر

ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی و ڕەمان بەتایبەتی ئەرکێتی دەستمان بگرێت و بمانخاتە بەردەم دیان تەفکرین و بەدواداچوون و ئامان، ئەگەر وانبێت واتا نەیتوانیوە جێگەی خۆی بکاتەوە و نووسەری بەرهەمەکە تەنها نووسیوەتی و وەك ئەو سەدان بەرهەمەی تر کە پێشتر هەبوون، تەنها کاتییان پێوە بەهەدەردراوە و بوونەتە بەرهەم نەك زادەی بیرکردنەوەی قووبن. دواجاریش کە دەبنە بەرهەم و ناودەنرێن بە کتێب تەنها قەبارەیەکیان هەیە و لە ڕووی فیزیکییەوە شوێنەك دەگرن لەسەر کتێبخانەکان و نابنە بەرهەمەك کە شوێن لە دە و دەروون و زاکیرەمان بگرن. لەڕاستیدا بەرهەمە باشکان شوێنیان دە و دەروونی خوێنرانە نەك ڕەفی کتێبخانەکان، بەرهەمی ئەدەبی گرنگ وەرگرتنی

ژمارەی سپاردنەکەی نییە هێندە گرنگ نەزاندی خۆنەرانی بەرهەمان وەرگرت.

"لەقینی بەردەکان" بەرهەمێکی ئەدەبی سالی 2020 کە لەگەڵ خوێندنەوەیدا دەستی گرتم و بردمییەوە بۆ ڕۆژانی خوێندنی زانکۆ، هەموو یادەوەرییە تاڵ و شیرینیەکانی بەم گەڕاندەوە، ڕێنگە خوێندنەوەی ئەو ڕەمانە نەبایە زاتی ئەوەی نەکردایە یادەوەرییەکانم وەک پەیمانێکی یەک یەک هەڵدەمەوە.
جوگرافیایی ڕەمانەکە هێندەک دیمەنی هەولێر و هێندەکی قەڵادزێیە، مۆژووەکەی دەگەڕێتەوە سانی پێشتر کە هێشتا مۆبایل نەبوو، خۆشویستی ڕاستەقینە خەی لە چرپە و نامەی دەستنووس دەبینیەوە. ناونیشانی ڕەمانەکە " لەقینی بەردەکان"، بە منی گەرمیانی لەسەرتاوە واتگەشتم لە قین واتا لە ڕقی بەردەکانە، تا وردە وردلەگەڵ ڕەچوونم بۆ نەویدا تێگەشم جووڵە و لەقین یان لە ڕینەوەی بەردەکانە.
سەرتای ڕەمانەکە وەسفێکی چیایی سەفینە و کورتە مۆژوویەکی لە خەباتی کوردایەتی دەگێڕێتەوە و دەڵێت :

"سەفین بەقەت ژمارەی تاشە بەردەکانی تەپ و گوللەی بەسەردا باریوە کەچی هەر لەجێی خەی وەستاوە و نەلەقیوە"، چیرۆکەکە باس لە خۆشویستی ڕاستەقینەی نێوان مرۆڤەکان دەکات کە نوسەر لەناوەڕاستی چیرۆکەکەوە بۆ شێوەی "فیدباك" دەمانگێڕنێتەوە بۆ سەرەتای ڕووداوەکان و دواتر لەو شوێنەی ناوەڕاست دەستپێدەکاتەوە تا کۆتایی دیمەنی ڕووداوەکە دەمانبات، بەگشتی دیمەنەکانی خەمناکن و ڕێنگە نووسەر بۆ مەبەست ویستبێتی پەمان بڵێت : قەدەری سیاسی و خۆشویستی و هەموو کارێك لەم نیشتیمانەدا هەر خەمناکە.
قوتابیانی بەشی زانستی جیلەجی " زانویناسی" هەولێر لە چیایی سەفین دەبن بە توێژینەوە، دواتر "بەردێك" دەلەقێت و دەخزێت و ئاویش دەبێتە هۆکاری تەقینەوەی کانییەك و بەردەکان هەڵدێتەکێنە. چیرۆکی ئەو تەقینەوەیە هەموو کوردستان دەگرێتەوە.لەکاتی کوتنی یەکێك لەتاوەرەکان بەسەر قوتابییەکی جیلەجی بەناوی "ڕزگار " گیان لەدەستدەدات.
لەم نەوەندەوە نوسەر دەمانباتەوە سەرەتایی ڕووداوەکان، ڕزگار لە زەدی خەی قەڵادزە، بەچەند ساڵێك پێش هاتنە زانکۆی لە هەولێر عاشقی کچێك دەبێت بە ناوی "نازدار"، بەناو مردنی ڕزگار بە بەردی چیایی سەفین دەبێتە زیندووکەرەوەی چیرۆکی مردنی نازداری خۆشویستی لەکاتی یاریدا بەردی دەستی منداڵێك بڕیدەکەوێت و

دەیکوژێت، ئەو وادەکات هەمووان وەك شەیتانێك لێبڕ بڕوانن و پێناسە و چیرۆکی سەیر سەیر بەناوی شوومی بڕدەو بگێڕنەوە، نوسەر بەناوی بڕدتاشکەوە پەمان دەدات:

باشە قوەمساغێك بەکڕیەتی بڕد بەکاردێنێ و خەڵکی پەدەکوژێ بڕد خەتای چییە و چیبکا؟
هاوڕێیەکی ئزگار بەناوی قەندیل کە ئاگاداری چیرۆکی خەشوەیستیەکەی ئزگار و نازدارە زیاتر لەهەمووان نیگەرانی مردنی ئزگارە و دەبێتە بکڕەکی کارای ئووداوەکانی دوای لەقینی بڕدەکان.
قەندیل دوای مردنی ئزگار ئاپڕتەکی دەخوێنێتەوە کە لە چیایی سەری ڕەش ئامادەی کردووە، دەبینێ لە کۆتایدا **نوسراوە :**
ئەم نامەنین بەناو بڕد هەر دەمێنێ .
لەڕەوە قەندیل کە هاوڕێی گیانی بە گیانی ئزگار دەبێت و خەڵکی هەمان زێدن کە قەنادزێن، لەگەڵ وێڵی کە کوێکی هەولێرێ و پێکەوە سیانێیەکی گونجاون و تێکەڵاوی خەزانیان دەبێت، دوای مردنی ئزگار بەبڕد و زانینی چیرۆکی مردنی نازداریش بە بڕد، بیر لەوە دەکاتەوە چیرۆکێك بنووسێت بەناوی لەقینی بڕدەکان.
چیرۆکی مردنی نازدار بە بڕد هێندێ بە ئزگار کاریگەر دەبێت کە زەرجاران دەچێتە سەر گۆڕەکەی و دەگرێت، دایکی کچێکە و دولبەری خوشکی دەیبینن و تێدەگەن کە ئەم کوڕە خەشوەیستی کچێکیان بووە، دواتر کە تاریك دادێت و هەردوو خەزانەکە بە شوێن ئێندامانی خەزانەکەی خەیانەدا دەچن و دەبینن لە سەر گۆڕی نازدار بووراونەتەوە.
ئەم ئووداوە خەزانەکان دەخاتە بڕدەم لێکدانەوە و تێامانێکی زۆر، نوسەر دەیەوێت بڵێ کەمێگای کوردی کەمێگایەکە بوردی دەچنێ بنچینەی ئووداوەکان و هەموو هەنگاوێك باجێکی قورسی هەیە.
شەوێك ئزگار خەون دەبینێت بە نازدارەوە، کورتەی خەونەکەش ئەوەیە نازدار گۆڕەکەی و چواردەوری گۆڕەکەی ئاودەدات و خەریکی چاندنی گوڵە. دواتر ئوون دەبێتەوە کە چارەنووسی مردنی هەردووکیان بڕدە و زەری پەناچێت لەتەنیش گۆڕی نازدار گەڕێك دەکەن و ئزگاری تێدا دەنێژن.

دوای مردنی نازدار، ئزگار و قەندیل زیاتر هەگری یەکدێبن و بە یەك هەناکەن. هەردووکیان لای باوکی ئزگار کە ناوی ئەخێ بەیاغچییە دەستدەکەنە کار و ئاشنای ئیشکەیان دەبن.
دواتر گۆڕی نازدار لەسەر داوای باوکی نازدار هەڵدەگرن، باوکی ئزگاریش ئامۆژگاریان دەکات بە ئەوەی پارەی ئەوکارە وەرنەگرن،

دیارێ لە کوردستاندا ئەو تەکنەاوی هەگریێی لەنەوان گوندکاندا هەیە وەك شارکان کاە نەبووتەوە و هاوخەمی بوون گەشتووتە دوا پلەی خۆی.
نوری ددانسازی باوکی نازدار پەدانی ەەەکی تەگەیشتووانیە بە مرۆڤك کە ەەز لە دوو گەنج دەگرێت و بە کوێی خۆیان ئەژماردکات لە کاتکدا دەزانێت یەکەکیان شەیدای کچە جوانەمەرگەکەی بووە، بەەام ئەوەی لای منی خوەنەر سەرنج بوو چۆن دەبێت دەیەك هەبێت بە قەبارەی شارچکەیەك کە دوکانی بەیاغچی و ددانسازیشی تەدابێت؟ ئەمە لە زەدی منی خوەنەر کە گەرمیانە ئەستەمە، بەەام بە زەدی نوسەر ئەوە یان هەەیەك هەیە لە بابەتکەدا یان ئاساییە و لەوە بوونی هەیە.

یەکەك لە دیمەنە نایابەکانی ئەم ەەمانە باسکردنە لە لالی گەنجە جوان و تەسجیل بەدەستە مەستەکەی ئەوارانی دە، کە گەرانی هونەرمەند حەمەجەزا و شیعرەکانی پەشمو لەدەدات و دەەە :
نامەکانت یەکیەك ماون …
ەزگار و قەندیل ئەوارێیەکی خەش لەگەە لالی بەسەر دەبەن، لەرەدا نوسەر پەماندەەەت ئەوە مەست و عاشقەکانن قەدری مرۆڤکانی هاوتای خۆیان دەگرن و لە بریەنەکانیان دەکەەنەوە تەدەگەن، کاتەك ەزگار دەستدەکات بە گریان لالی پەی دەەەت ئەوگەنجە عاشقە ئەگینا مرۆڤکان بە ئاسانی دەستناکەن بەگریان.
لە دانیشتەنەکانی مەستەکاندا زەرترین ەاستی دەوترەن، بەیە دەزانن لالی بەم هەگربوونەی بە حەمەجەزا و عارەق خواردنەوە بەهەکار نییە بەیە پرسیاری لەدەکەن ئەتە بە ژیانت وا بەسەر دەبەیت؟
لالی دەستدەکات بەگەەانەوەی ئەوەی یەك ساەان بووە باوکی مردووە و دایکی بەخەوی کردووە، دواتر خاە و مامەکانی هاوکاریێان دەکەن، لە پەلی سەی ناوەندی عاشقی کچەك دەبێت کە باوکی کچەکە بەعسی دەبێت.
بەعسی بوون دەبێتە هەکاری نەهامەتییەکانی لالی و دایکی لەنەخشخانە دەمرێت و خاە و مامەکانی ەازی نابن لالی کچە بەعسییەك بهەنێت. جارەکیتر جەنگی نەوان خۆیستی و نەیارەکانی دەستپەدەکات و لالی دەەە ئەو کچە و خانەوادەکەی ەەگری لەدەکەن، بەهەی مردنی دایکی و دابڕان لە خوەندن و پشتکردنە خاەە و مامەکانی پەیمانگای لەکیسدەچێت و دەبێتە مەستەکی نمرە یەك و خۆشویست و ەەمزی عاشقانی ناوچەکە، باوکی کچەکەی دەداتە برازایەکی و خاەی لالیش دەبێتە پەشمەرگە و ەوودەکاتە شاخ. بەەام جارەکیتر نوسەر لەرەدا ناوی لالی دەگەەتەوە بە وەلی کە کەسایەتیەکی ترە و جارەك ەەی پەندراوە لەم حیکایەتەدا.

دولبەری خوشکی نازدار کە ئاگاداری خۆشەویستی نەوان ژگار و نازدارە و هەموو نامەتایبەتەکانی خوشکەکی لایەتی، لەگەڵ نامەیەکی خەیدا ئەیداتەوە دەستی ژگار، باسی ورد و درشتی پەیوەندییەکیان و ئەو هەستانەی تەدایە کە دوای مردنی نازدار لە کەللەی ئەمیشی داون. دواتر ژگار چاوی دەچێتە سەر یەکەم نامەی خۆشەویستی خەی کە بە نازدار نوسیبووی.
نوسەر دەیەوێت بڵێت هەموو فەلسەفەکان کە باس لەیەک تیری عەشق دەکەن و دەڵێن ئەوانەی یەکەم کەسن دەچنەوە دەڵەوە لەخەا نەهاتوون. دەکرێ مرۆڤێک چەندجارەک عاشق بێت بەڵام هەرگیز ناتوانێت سەرتاکانی لەبیربچێت، بریندکانی هەموو عەشقەکان وەک یەک نین، هەندکیان بە زەردەخەنەیەک ساڕێژ دەبن و هەندکیان قەت ساڕێژ نابێت.
ناوی هەردوو قوتابی ژگار و قەندیل لە هەولێر دەردەچێت و دەبنە دوو قوتابی ژیر و زیرەکی بەشی جیلەجی، نوسەر زەر شارەزایانە وەسفەکی گەران ئاسایی هەولێر و قەڵای هەولێرمان بە دەکات، نەک بە منی قوتابی زانکۆی سەڵاحەدین، بگرە بە کەسکی نەشارەزای ئەو جوگرافیاش گەنجینەیەکی پڕ زانیاری و لەزەت بەخشە. لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، ساتەک بە ڕووداوەکان دەتەنگ دەبووم و ساتە دیمەنەکانی هەولێر لەکاتی یەکەم سالی زانکۆم دەهاتە پێشچاو کە خەم و هاوڕەکانم لەدەبوونە ژگار و قەندیل.
لەهەولێر ژگار و قەندیل چیدی بەتەنیا نامێننەوە و هاوڕەیەکی تریان بە پەیدا دەبێت بەناوی وەلی، وەلی لەهەمان بەشە لەگەڵیان بەڵام لەبەشی ناوخەیی نییە و دانیشتووی هەولێرە، جارەکیتر چیرەکەکان بچەیەک بەیان دەکرێن و دەگێڕنەوە، لە مستبووندا ڕاستیەکان باسدەکرێن و لە خەم و ئازارەکانی خەیاندا وێنای یەکتر دەکرێن، وەک هەمنی شاعیر دەفەرموێت : لەی حەرام بێت ئەو کەسەی دەردی کەم.
تائێرە ڕووداوەکان دەن، دواتر سەرداوی ڕووداوەکان دەبێتە حیکایەتی دوای ڕۆکەوتی ڕووداوەکان، چونکە نوسەر ئەم ڕووداوانەی لەدوای کەوتنی بەردەکان گەڕایەوە، لەڕەوە جارەکیتر دوای چنینی بەشی یەکەمی تابلۆکە دەتە سەر چنین و نەخشگردنی بەشی دوای لەقینی بەردەکان و مردنی ژگار.

دیمەنەکان وەها دەستپێدەکەن:
دوای مردنی ژگار گەستانەکە زیاتر قەرەباڵخ بوو، جاران یەک خەزان بچووبایەنە سەر گەڕی نازدار ئەستا خەزانی ژگاریش بە ڕۆگای گەستانەوە بوون، چیرەکی دوو عاشق کە تەنها شەش مانگ یەکیان

خۆشویست و نەوان مردنیان تەنها ساڵێك بوو، هەکاری هەردوو مردنیش بەرد بوو، بووبوونە وەردی سەر زمان و باسدەکران.

ئەم چیرۆکە نزیکە لە چیرۆکی فاتیلەی مەهاباد قەرەداغییەوە کە باس لە خۆشویستی نەوان پێشمەرگەی قارەمان دکتۆر ئاتیلە و فاتیمەی کچە شۆخ دەکات، دەڵێت لە دوای لە دەساڵ دکتۆر ئاتیلە لە پاڵ هەمان ئەو تاوەرە بەردەدا شەهید دەبێت کە براکەی پێش دە ساڵ لەوەدا شەهید دەبێت، ئەوەی فاتیلە ئاستیە و هەوێداوە و نوسەر نووسیەتیەوە، بەڵام هەوداوەکانی نەو لەقینی بەردەکان چیرۆکن و زادەی خەیاڵی نووسەرن.
دوای مردنی هەزگار قەندیل تەنها دەبێت و تەنها وەلی هاوڕێی دەبێتە خەمخۆرنی، لەولاشەوە دولبەر کە خوشکەکەی و هەزگاری دەزگیرانی خوشکی بەستیان لە بەیبوو، تەنها مابووەوە.
قەندیل جارێك لە سینەما فیلمی هیندی بینیبوو بەناوی "شوعلە"کە باس لەدوو هاوڕێی زۆر نزیك دەکات، بەیار دەدەن بە هەموو هەوداوەکی نەخوازراو یەکەکیان بچێت، بە ئەو مەبەستەش شەر و خێت دەکەن و یەکێك لەکەسەکان بەردەوام مل بەمەترسیەکانەوە دەنێت و خۆی هووبڕوویان دەبێتەوە. لەیەکێك لەشەڕەکاندا دەکوژرێت، کاتێك هاوڕێکەی بەمردووی لەباوەشی دەنێت و دەستی دەکرێتەوە دەبینێ پارچەی دەستی هاوڕێکەی کە هەمیشە شەر و خێتی پەدەکرد هەردوو دیووی شەر دەبەت، لەوە تەدەگات بە هەمیشە برادەرکەی شەری هەڵبژاردووە. تەدەگات ئەو چی برادەرکی دەسەزی لەدەستداوە، قەندیلیش بە مردنی هەزگار بیر لەو دیمەنانە دەکاتەوە و دەچێتە دەرەوەی سینەما و وەلیش بەدوایدا، ئیتر جارێکیتر ناچنەوە سینەما و کەتایی هەفتەکان دەگەڕنەوە قەبادزە و سەر لە گەڕە هاوڕێکیان و عاشقەکەی دەدەن.

لە چەند دیمەنکی نەوان دولبەر و وەلی و قەندیل و سەرنج خستنە سەر کراسە خوناویەکەی هەزگار چەند جارێك بەهەڵە ناوی هەزگار دەنێ بەرباسان، کە نەدەبوو هومانکی بەو شۆڕیە ئەوەی تەدابووایە.
هەردوو هاوڕێ دیانەوە کەی یادەوەریەکانی هەزگار ببەنەوە بە زەدی خۆی و دەست بەژیان بکەنەوە، نوسەر جاریکیتر لە گەڕانەوەکانیدا هەڵدەداتە هونەرمەندکان و پارچەیك لە نەغمەکانی حەسەن سیساوەیی دەکاتە هەوێنی گەڕانەویان.
دوای تەواوکردنی خوێندن قەندیل داوای دولبەر دەکات و دەبێتە هاوسەری، شایی و هەشبڕەك دەگەڕێتەوە ئەو زەدەی دەمەك ساڵە لێی تەراوە، گەرچی کەی هەمانکە تراژیدیە و لەم نەوەندەدا هەندێك خۆی هادەپسکێنێ تا خەمکان بەوێنێتەوە، بەڵام لەم نەوەندەدا وەك

ئەوەی قەدەری مرۆڤەکان هەمووی وا بێت بە بەرد بمرن، بەردێك بەردەبێتەوە و مەرد منداڵێك دەکوژێت، ئەویش هەمان ئەو منداڵە دەبێت کە چەند ساڵێك بەردی هاوەشت و نازداری جوانمرگ کرد.
لەکۆتایدا وەڵامی هەموو سەرنجەکانم، دەستخۆشی لە سەلام عومەری نوسەری ئەمانی لەقینی بەردەکان دەکەم، کە لە زەر وەستگەی ئەمانکەدا خەمم تەدا بینییەوە، لە زەر دیمەنی گیانەوەی وەلی و قەندیل بە کەوی هەیبەسوێتاندا ئەو ئێژانەم هاتنەوە یاد ئەمەش لە زانکە دەگەڵاینەوە، بەڵام بە قەڵادزە نا، بە گەرمیان.
بەم دەرکەوت هەڵەین تەنها چەند کەسێک بەڵێمان نووس بزانین، دەکرێ بەرهەمەکان بخوێندرێنەوە تا بزانین چی نوسراوە، لەقینی بەردەکان لە سەرەتاوە تا کۆتای بەمن گرنگ بوو، دەم لەگەڵ لەقینی بەردەکاندا دەڵەقی و لەسەر گیانەکان فرمێسکم دەڕشت،
بیرم دێتەوە بە گیانەکانی هەولێردا گوزەرمان دەکرد و لە دیمەن و دارو درەختەکانی ئادەماین، بیری زێدی خەمانمان دەکرد و بە فرمێسکەکانمان نامەمان بە ماڵەوە دەنووسییەوە، ئەوەی هەبوو هەمان ئەوەی نەو ئەمانکە بوو، بەهیوای بەرهەمی جوانتر.

کریستین هێگ رابەری چیرۆکنوسانی منداڵانی ئیسلەندا.. رەزا شوان

خاتو (کریستین هێگ گوناسدوتتر) بەناوبانگترین و خۆشەویسترین چیرۆکنوسی منداڵانە لە ئیسلەندا. بە رابەری چیرۆکنوسانی چیرۆکی منداڵان ناسراوە. کریستین هێگ لە (٢٤/ نۆڤەمبەر/١٩٦٣) لە شاری (ریکیافیك) ی پایتەختی ئیسلەندا لەدایک بوە. لە منداڵییەوە هەگری خوێندنەوە و نوسین بوە.
کریستین هێگ، لە ساڵی (١٩٨٣) قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە داقوتابخانەی ئامادەیی ریکیافیک تەواو کرد. لە ساڵی (١٩٨٤) دا لە (زانکۆی بەرشلونە)ی ئیسپانی و لە (١٩٨٥) دا لە (زانکۆی ئیسلەندا) زمانی ئیسپانی خوێند. دواییش لە ساڵی (١٩٨٧) دا لە (زانکۆی یەتا) لە (سەت لیک ستی) لە ولایەتە یەکگرتوەکانی

ئەمریکادا بەوانامەی بەکالۆریۆسی لە (راگەیاندن و لە زمان و ئەدەبی ئیسپانی) دا وەرگرت. لە ساڵی (١٩٩٤) یشدا، لە قوتابخانەی ئیسلاندا، بەوانامەی (رابەر) یی وەرگرت.
کریستین هەگە بەجگە لە نوسین وەکو نووسەرێک، گەلێ کاری تریشی کرد، لەوانەش:
ماوەیەک وەکو رابەرێکی گەشت و گوزار کاری رابەری ئەو تاریستانەی دەکرد کە بە گەشتکرن دەهاتن بۆ ئیسلاندا. بۆ ماوەیەکیش کاری میواندارێی لە ناو فڕۆکەیەکی هەڵی ئاسمانی ئیسلاندادا کرد.
ماوەیەکیش پۆیامنێری هەواڵی تەلەفزیۆنی ئیسلاندا بو. لە ساڵی (١٩٨٧-١٩٨٨) وەکو پێشکەشکارێکی هەواڵ و بەرنامە، لە ئۆزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئیسلاندا کاری کرد. بۆ ماوەی (١٢) ساڵیش وەکو ڕۆژنامەنوسێک، بەبۆ دابڕان کاری ڕۆژنامەگەری کرد. بۆ شەوێکی سەرکی و تایبەتیش لە بەشی نوسینی هەواڵەکانی ڕۆژانەی دەرەوە، لە کەناڵی دوی تەلەفزیۆنی ئیسلاندا کاری دەکرد.
ماوەیەکیش لە ئەنجومەنەکانی بەڵەدیەکانی کەمەڵەی ژینگە پارێزی ئیسلاندادا کاری کرد. لە ساڵی (٢٠١٤ ـ ٢٠١٨) سەرکی یەکێتی نوسەرانی ئیسلاندا بو.
کریستین لە ساڵی (١٩٩٧) ەوە تا ئەمەو، چیرۆک و ڕۆمان بۆ منداڵان دەنوسێت. یەکەمین چیرۆکی بۆ منداڵان لەژێر ناوی (بینای من زۆر خۆشتم دەوێ) لەڕەوە و لە میانەی ئەم چیرۆکەوە ناوبانگی دەرکرد. تا ئێستا زیاتر لە چل ڕۆمان و کورتە چیرۆکی بۆ منداڵان نوسیون و چاپیکردون و بەهاویکردونەتەوە. گەلێ بابەتی خوێندنەوە و پەروەردەیی بە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی ئیسلاندا نوسیوە. گەلێ بابەت و سیناریۆشی بۆ تەلەفزیۆنەکان و کورتە فیلمە سینەمایییەکان نوسیوە.
کریستین هەگە نوسەرێکی نوخوازێ و هەردەم هەوڵی نوخوازی و داهێنان و ریچکەشکێنی دەدات. بەهام لەگەڵ ئەوەشدا بەی ناشارێتەوە، کە سودەکی زۆری لە فەلکلۆر و لە کەلەپوری میللی ئیسلاندا وەرگرتوە و کاریتکردون و لە چیرۆکەکانی بۆ منداڵان ڕەنگیان داونەتەوە. زیرەکانە سودی لە هەقایەتە میللییەکان وەرگرتون، کە دەربارەی خەو و دەو و جادو و پاڵەوانی ملهوڕ و سەرکەشی و دەعبای ئەفسانەیین.
کریستین لەم بارەیەوە دەڵێت:"ئەوە ڕاستە کە ئێستا فەردەکات کە بەرەو داهاتو هەنگاو بنێت. بەڵێ پێویستە هەموو چیرۆکە کۆنەکان بەسەربکەینەوە و لە ژیانەدا بیانپارێزین. بە شێوە و شێوازێکی نوێ بیانگێڕینەوە و بیانگەیەنینە نەوە تازەکان"

کریستین هەگ، وەکو چیرۆکنوسێکی بەتوانا و سەرکەوتو، وەکو رابەرێکی بواری چیرۆکی منداڵان، خەی سڵماند و ناساند. کەسایەتی و کارەکتەرکانی چیرۆکانی هەمیشە خەیاڵکەری باشن. ناوەڕۆکی بابەتکانیشی بە شێوازێکی زیرەکانە و بە زمانێکی تەڵ و پاراو و ناسک و شیرین داشتون. لایەنی چۆنگیشی پشتگوێ نەخستوە. منداڵان و گەورەکان لە خوێندنەوەی چیرۆکانی چێژێکی زۆر وەردەگرن.
کریستین دەڵێت:" پەرتوکی ئەوتە دەنوسم، کە بە هەمو کەسانی خۆزان بگونجێن"
کریستین هەگ، لە نوسینکیدا، کە لە ئینترنێتدا بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت:" بازدان لە ڕۆژنامەوە بۆ خەیاڵ، لە گەڵانەوەی چیرۆکی راستیەوە بۆ داهێنانی، قورس نین. چونکە چیرۆک لە هەمو شوێنکدا بە دورمانەوەیە. چیرۆکەکان بە درێژایی شەو و ڕۆژ بەناو خەڵکیدا گوزەردەکەن. خەڵکی بە بەردەوامی چیرۆک دەگێڕنەوە. ئەم کارەش لە دو کەس زیاتری ناوێت. چیرۆکخوان و گوێگری دەوێت"
کریستین هەگ هەست بە پەوەرد باباکانی چیرۆکی سەرکەوتو دەکات. کە خوێنەرانی بە ئامانجکراو پەویستیان پێی هەیە، تا پەیام و رستەکانی سەر لاپەڕەکان سەرنجیان رابکێشن. بە پەویستیشی دەزانێت کە دەبێت ناوەڕۆکی چیرۆک زیندو و نایاب بێت.
پەرتوکەکانی کریستین، ئامانجی پێکردنەوەی بەشایی نێوان نەوەکانی لەخۆگرتون.
کریستین هەگ هاوسەرگیری کردوە، سێ کچی هەیە و لە ریکیافیک دەژین. شایەنی باسە، ئەو چیرۆکانەی کە بە منداڵان دەیاننوسێت، لە پشا بە کچۆکانی دەیانخوێنێتەوە و دەیەوێت سەرنج و را و تێبینییەکانی کچۆکانی دەربارەی چیرۆکەکانی بزانێت.
کریستین هەگ، تا ئەمڕۆش، نوسینی هەمە بابەتە بە گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەنوسێت.
ئەمانە ناوی هەندە لە پەرتوکە چاپکراوەکانین بە منداڵان: بینای من زۆر خۆشتم دەوێ، گازگ لە چناگەکانی بینا، کیکەی نهەنگ لە گۆشتکدا بە دەوری جیهاندا، ملیونێک بەرد و ترسک لە دەڕکەدا، مەی دیدەوان، لەبەر روناکی مانگ، ئیسماعیل.
کریستین هەگ لە ساڵی (٢٠١١)ەوە تا ئەمڕۆ، ئاگاداری شەڕی ناوخۆی سوریا هەیە، کە بە هەزاران کەسی بێتاوان و بێدەرەتانی سوریا، لە کورد و لە عەرەب، بونە بە قوربانی و باجی ئەم شەڕە خوناویە دەدەن. بە هەزاران خەزان، بە تایبەتیش کورد، بە زۆر لە زێدی خۆیان دەرکران، یا لە ترسان سەری خۆیان هەڵگرتن و

ئاوارەبونە و بونە بە پەنابەر لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی تری جیهان. بە ئەوەی بە ئاسودەیی و بەترس بژین. تەنانەت چەند خەزانەکی سوری گەیشتونەتە ئیسلەندا.
کریستین هەگە، لە چیرۆکی "ئیسماعیل" دا، کە لە ساڵی (٢٠١٧) دا نوسیوەتی، کە ئیسماعیل کارەکتەرێکی مەردمندالی خەیاڵی هەڵهاتوی شاری "حەڵەب"ی سوریایە. بوە بە پەنابەر لە ئیسلەندا، کریستین لە میانەی ئیسماعیلەوە، باس لە کوڕەوەری و نەهامەتییەکانی پەنابەرانی سوریا دەکات. باسیش لە خەزانەکی پەنابەری سوریا لە ئیسلەندا دەکات، کە چەن تەکەڵە بە کەمەگایەکی تازە بوە و چەن هەندەکات و خەیان دەگونجێنن و خەیان پێکدەهێن.
کریستین هەگە دەڵێت:" خەم نەچومەتە ناو کەمپی پەنابەران، بەڵام ئیسماعیل و کەس و کاری ئیسماعیل لە هەمو گۆشەکانی شەقامەکانی ئەوروپادا دەبینم" دەشڵێت:"هەشتا چیرۆکی ئیسماعیل تەواو نەبوە و ماوەتی کە زیاتری لەسەر بنوسم"
کریستین هەگە، لە ماوەی کارکردن و نوسین بە منداڵان، چەندین ڕزلێنان و خەڵاتیان لە ئیسلەندا و لە وڵاتانی باکوری ئەوروپادا پێشکێشیان کردون، بێ ئەو پەرتوکانەی کە بە منداڵان نوسیوین و چاپیکردون، لەو خەڵاتانەش:
چەند جارێک خەڵاتی پەرتوکی ساڵ بە منداڵانی تەمەن (٦-١٢) ساڵان، لە لایەن ئەنجومەنی فەرکاری ریکیافیکی لە ئیسلەندا پێشکێشیان کرد. هەر لە ئیسلەندا چەند جارێکیش خەڵاتی باشترین پەرتوکی ساڵ بە منداڵان پێشکێشیان کرد. خەڵاتی وڵاتانی ڕۆژئاوای باکوری ئەوروپا بە ئەدەبی منداڵان پێشکێشکیان کرد. خەڵاتی نوسینی باشترین سیناریۆی بە کورتە فیلمێک وەرگرت. لە لایەن پەرتوکخانەکانی قوتابخانەکانی وڵاتانی باکوری ئەوروپاشەوە خەڵاتی باشترین پەرتوکیان پێبەخشی.
)([illegible] ئیسلەندا یەکێکە لە دوەوڵاتانی باکوری ئەوروپا. ڕوبەرێکی (١٠٣) هەزار کیلەمەتری دوجایە. ژمارەی دانیشتوانی (٣١٠) هەزار کەسن. خاوەنی کەنترین پەڵەمانە لە جیهاندا. بە گەکان بەناوبانگە و کانیاوی کانزایی ئاوگەرمی زۆرە.

(*) پایتەختی ئیسلەندا (ریکیافیک) ە. پارەکەشی ناوی (کرۆنە).

ڕزا شـوان
نـڕوێـج: ١/ ١/ ٢٠٢١

مـبـایل.. سـڵام عومـر

کـتـرکی سپی نـامـبـڕم هـبـوو
مـبـایل سـڕی بـی
⋆ ⋆ ⋆
ئـیدی مـبـایل نـاهـێـت
شقارتـە
بـکـوتـە حـوشـو بـانی مـاڵان
⋆ ⋆ ⋆
لـزتـی میوانی کتوپـو
نـزیک بـوونـەوەی خـۆشـویستان
مـبـایل بـردی
⋆ ⋆ ⋆
ئـەلـبـومـکانم هـەنـدێ پـیر بـوون
خـڕیکـە دەمـرن
ئـەویش
مـبـایل ڕزاندی
⋆ ⋆ ⋆
مـبـایل
قـەڵـەمی پـارکـڕو
کـاغـەزی نـوسین و
زەرفی نـامـەی
هـاویشتـە مـزگـەخـانـەوە
⋆ ⋆ ⋆
پـولـکی بـڕیدم مـاوە
دەڵـێم
لـە مـبـایلـکـەمی دەم.

بودجەی ٢٠٢١ – .. نەوزاد بەندی

باشندەکان ئیتر کەچ ناکەن
ئاخر باڵیان پاشکەوت کردن ..
بەفر
پەنجەمان
لە گە ناخا
ئاخر لە گەخستنیان پاشکەوت کردن ..
باران
سەرشان و
قژمان تەە ناکا ..
شەماڵ فەنکایی
ناگونژتەوە
لە ئەلفەوە بە با ..
شەو ناتوانێ
بلوسە ەشەکەی
بدا بەسەە ئاوایيدا ..
خەو لە توانایدا نەماوە
پەووی چاوەکان گرەدا ..
ەووبار قوەگی نووساوە و
خوەەی نەماوە ..
چا ناتوانێ لەگەە شەکر
تەکەەاو بێ ..
خەر کە هەەدە ،
تیشکەکانی ناگەن بە کەس ..
قژی نیگرەی هەور
خاو بەتەوە و ..
یەک دەەپ باران هەەناگرێ ..
هەمیشە سەوزبوون
لە سنەوبەر زەوت کراوە ..
هەمووی پاشکەوت کراوە

ن . بەندی